
ژیانی منداڵی و نیوسەدە خەبات
١٩٦٦-٢٠١٧
نوسینی
حەمە ڕەزا ئیبراهیم قەرەداغی
(حەمە ڕەزای کادر)
ژیانی منداڵی و نیوسەدە خەبات
حەمە ڕەزا ئیبراهیم
٢٠١٧

# ژیانی منداڵی و نیوسەدە خەبـــــات

١٩٦٦ ـــــــ ٢٠١٧

نوسینی
حەمە ڕەزا ئیبراهیم قەرەداغی
﴿ حەمە ڕەزای کادر ﴾

ناوی کتێب:  ژیانی منداڵی و نیوسەدە خەبــات
نوسینـــی : حەمە ڕەزا ئیبراهیم ﴿ حەمە ڕەزای کادر ﴾
تـــــایپ: بەناز
هـەڵەچـن : نوسەر
دیــزایـــن: شاخەوان
چـــــاپ : چاپی یەکەم  ـ  سلێمانی  ساڵی ﴿ ٢٠١٧ ﴾

( دوبـارە هەڵەچنین و  ئامادەکردنی بۆ سەر تۆڕی ئەنتەرنێت
زریـان سەرچنـاری / خوشکەزای نوسەر ٢٠١٨ )

**پێشکەشە بە گشت شەهیدان و هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانم.**

**پێشکەشە بە خێزانەکەم و منداڵە کانم.**

**پێشکەشە بە نەوەی دوارۆژ.**

**پێشکەشە بە هەموو خوێنەرێکی بەڕێز.**

# پێشەکی

بەدرێژایی مێژوو کورد نەتەوەیەکی چەوساوەو ستەمدیدە بووە. دراوسێکانی و وڵاتانی دیکەش لە کەمکردنەوە لە مافەکانیو هێرشکردنە سەریو تەماعکارییان لەبەرامبەریدا بەردەوام بوون. ئەم گەلە لەزۆربەی قۆناغەکاندا پارچەپارچەو پەرتەوازەو بێدەوڵەت بووە. تاکەکانی ئەم نەتەوە بەشمەینەتە هەردەم نموونەبوون بۆ گیانفیدایيو قارەمانێتی و خەباتو کۆڵنەدان. خەباتێکی تایبەتو نموونەیی کە چەمکێکی وەك (**پێشمەرگە**) ی کرد بە ناونیشانی.

پێشمەرگە چەمکێکە هەڵگری خەمو ئازارەکانی نەتەوەیەو، لەپێناو ژیانێکی ئازادو سەربەخۆدا هەموو هەوڵێکی بۆ جوانکردنی ژیانەو خۆی لەو نێوەندەدا بەخت دەکات، لەبەرامبەر مەرگدا هیچ باکی نییەو پێشیدەکەوێت نەك هەر ئەوە بەڵکو لەبنەڕەتدا لەپێناو مەرگێکی سەربەرزانەدا دەژی، مەرگێك کە ژیان ببەخشێتە نەتەوەیەك هەر ئەوە لەبنەڕەتدا و، ئایندەی شکۆمەندو پرشنگدار بکات. لێرەوە کوردبوونی ڕاستەقینە واتە پێشمەرگەبوون، واتە پێشمەرگایەتی هەڵگری ئەوپەڕی دڵسۆزییو خۆیەکلاکردنەوەیە بۆ نەتەوە، بەخشینی ژیانو گیانەو، دەسبەرداربوونە لە شادیو خۆشیەکانو، خۆخستنەبەردەم مەترسییو نەهامەتیەکان. کەم نین ئەو کەسە کۆڵنەدەرانەی هەموو ژیانی خۆیان بە پێشمەرگایەتی بەخشیوە، دیارە هیچ لەخۆبوردوییو بوێرییو دڵسۆزییەك، هیچ شانازیی و شکۆمەندییەك لە پێشمەرگایەتی مەزنتر نییە. لەمەش بەولاوە، بەڵکو لەڕاستیدا ئەوەی هەندێك لە کەڵە پێشمەرگەو قارەمانە نەمرەکانی ئەم

نیشتمانە کردویانە بەڕادەیەك سەرسامکەرە گەر بێتو ئێمە خۆمان وەك کورد لەناویدا نەژیاباینایە لەوانەبوو باوەڕمان پێ نەکردبایەو بەداستانی ئەفسانەیی‌و چیرۆکی خەیاڵیی ناوزەدمان بکردایە. هیچ زیادەڕەویی نییە گەر بڵێین ڕەنگە قارەمانێتی بێ وێنەی زۆرێك لە پێشمەرگەکانی مێژووی خەباتی ئێمە، لە توانای سینەما یان ئەدەبدا نەبێت بیکاتە فیلم یان ڕۆمان‌و بتوانێت لەم نێوەندەدا مافی خۆی پێ بدات ئەوەی لێرەدا مایەی نیگەرانیی‌و لەهەمانکاتدا سەرسوڕمانێکی زۆرە، ئەوەیە کە ئەم نەتەوەیە وەك تاك‌و وەك پێشمەرگە، دڵسۆزیی‌و ڕاستگۆییەکەی لەسنورێکی گەلێك باڵآدایە وەك ئاماژەمان پێکرد، بەڵام زۆرجار لە ئاستی سەرکردەی سیاسیدا، یان لە گەیشتنە دەسەڵاتی سیاسیدا، دەبێت بەبونەوەرێکی دیکەی لە پێشمەرگە نەچوو جیاواز لە خودی خۆی‌و نامۆ بەبوونی پێشتری خۆی! هیوادارم ئەم هەڵوێستە نێگەتیڤ‌و چاوەڕواننەکراوە لە پێشمەرگایەتی پەشیمانمان نەکاتەوەو، ڕوبەڕوی بێئومێدیمان نەکات.

یەکێك لەو پێشمەرگە قارەمان‌و کەموێنانەی ئاماژەمان پێکردن، لە کەسایەتی خاوەنی ئەم ژیننامەیەدا بەرجەستەیە، کاك حەمە ڕەزا نیو سەدە تەمەنی خۆی بە سەختترین ژیان‌و ترسناکترین ڕوداو بەخشی، لێوانلێو لە خەبات‌و گیانفیدایی‌و کۆڵنەدان. ئەوەی لە یادەوەرییەکانی ئەم پێشمەرگە قارەمانەدا بەئاشکرا خۆی نمایشدەکات ڕاستگۆییە لە گێڕانەوەداو وردەکارییە لە تۆمارکردنی ڕوداوەکاندا، بەو پێیەی کەبەسراونەتەوە بە بەروارو شوێن‌و ناوو ناونیشانی خۆیانەوە، واتە دیکۆمێنتاریی‌و بەڵگەدارن. لەهەمان کاتدا زمانی ئەم نوسینە چڕو پوختەو درێژدادڕیی‌و زۆر لەخۆکردنی پێوە نیە، خاوەنەکەی تەنیا ئەوەندەی کاغەزو قەڵەم خستۆتەگەڕ کە خستنەڕوی

ڕوداوەکان خوازیاری بن‌و زیادڕەویی نەکردووە. بێگومان ژیاننامەو یاداشت‌و یادەوەری کەسانی لێهاتو بایەخێکی زۆری هەیەو، سودو بەرهەمی خوێندنەوەیان تەنیا لە چێژو کاتبەسەربردندا کورتنابێتەوە، بەڵکو خاوەنی چەندین وانەو پەندو زانیارین، لەپاڵ ئەوەشدا کە دەبن بەبەشێك لە مێژوی دیکۆمێنتکراو.

خەسرەو مەحمود

٢٠١٦/٢/٢٢

ژیـان نامـەی تێکۆشـەرێکی ئـەم کوردسـتانە لـە منداڵییـەوە تائێسـتا کـە مـاوەی ٥٠ سـاڵ خـەبات بـێ دابـڕان لـە بزاڤـی کوردایـەتی، لـە هـەردوو شۆڕشـی ئەیلول و نوێدا، چ لەناو ڕیزەکانی ڕێکخستن، چ لە خەباتی سەختی شاخدا وەك پێشمەرگەیەك. لـە سـاڵی ١٩٦٦ لەڕیزەکانی قوتابیانـدا کـە لـە قۆنـاغی ناوەنـدی بووم لە ناوەندی جمهوری تا ساڵی ١٩٧٠ ، واتە تا بەیانی١١ ی ئازار، دواتـر بـوونم بە ئەنـدامی پـارتی تـا هەرەسـی ١٩٧٥، هـەر لـەو سـاڵەدا پەیوەنـدیم کـردەوە بـە ڕیزەکـانی کۆمەڵـەی (مارکسـی لینـینی) کوردسـتانەوە لـە ڕێگـەی بـرای بـەڕێزو تێکۆشـــەرم (کـــاك عومـــەر غەریب)ـــەوە، دواتـــر کـــارکردنم لـــەناو (یـــەکێتی نیشتیمانی)دا واتە شۆڕشی نوێ.

وە بەشداری کۆنفرانسی (دوو و سێ)ی کۆمەڵەم کردوە، دواتر کە کۆمەڵەو شۆڕشگێڕان بوون بە یەك بەشداری کۆنگرەی یەك و دووی (یەکێتی)شم کردووە. دواتر بەشداری کاریگەرم هەبوو لە ناو باڵی ڕیفۆرمدا، و پاڵێوراوی باڵی ڕیفۆرم بووم بۆ مەڵبەندی شارەزوور، لەدوای بە ئەنجام نەگەیشتنی ڕیفۆرمەوە بزوتنەوەی گۆڕان دروست بوو، هەر لەسەرەتاوە بەشداری کاریگەرم کرد وەك هەڵسوڕاوێکی گۆڕان چ لە ئەوروپا و چ لە کوردستان، وە یەکێکم لە هەڵسوڕاوی ناو ڕایەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان و ، بەشداری یەکەم کۆنگرەی بزوتنەوەی گۆڕان بەناوی کۆنگرەی نیشتیمانی بزوتنەوەی گۆڕان بەدروشمی (بەرەو بەنیشتیمانکردنی دامەزراوەکان و حکومەتی هاوڵاتی) ، ئێستاش وەك ئەندامی جڤاتی گشتی کار دەکەم.

١- ناو: حەمەڕەزا ئیبراهیم ئەحمەد (ناسراو بە **حەمەڕەزای کادر**)

٢- لە دایك بووی : ١٩٥٠ سلێمانی، قەرەداغ.

٣- پلەی خوێندن: دەرچووی ناوەندی ١٩٦٧-١٩٦٨

٤- خێزاندار و خاوەنی ٨ منداڵ، خاوەنی ٥ خوشکم و هیچ برایەکم نییەو واتە تاقانەم.

باوکم ناوی( ئیبراهیم ئەحمەد خدر)ە بەگوێرەی نفوسی ١٩٤٧ بەڵام لە ڕاستیدا ناوی (ئیبراهیم ئەڵڵاوەیسە) بەگوێرەی نفوسی کۆن کە لە دایك بووی ١٨٨٨ لە قەزای پێنجوێن، دۆڵی شلێر، دێی لارەدەر. لەکاتی گرانی گەورەدا هاتووەو لە قەرەداغ گیرساوەتەوە، دواتر ماڵی دایکیشم کە ناوی (ئافتاو مارف ئەحمەد گوڵەنگی)یە کە بەهەمان شێوە خەڵکی دۆڵی شلێرەو لەدایکبووی دێی عەودالان (عەوالان)ە، لە قەرەداغ هاوسەرگیریان کردووە، باوکم پیاوێکی خواپەرست و ڕاستگۆ بووەو هەمیشە دالدەی هەژارانی داوەو زۆر قسە خۆش و سوعبەتچی بووە. کەسێك، پیاو یان گەنج ئەگەر ناڕەحەت بووایە یان گرفتێکی بوایە سەردانی ئەکردو ڕێنمایی ئەکردو بەگوێرەی توانا چارەسەری گرفتەکانی ئەکرد.

هەموو ئێوارانێك دوای بانگی ئێوارە دوای هەموو کەس لە مزگەوت دەهاتە دەرێ، بۆ ئەوەی بزانێ یەکێك هەیە کە غەریب بێت یا خانەخوێ ی نەبێت بۆ

ئەوەی بیهێننەوە بۆ ماڵەوە. باوکم زۆر ڕێزی لە هەژاران دەگرت و یارمەتی دەدان. کاتێك کە شیوعیەت گەیشتبووە ناو قەرەداغ یەکسەر پەیوەندی پێوەکردن و ئەوەندەی من بزانم تا ساڵەکانی ١٩٦٣-١٩٦٤ بە فیعلی پەیوەندی هەبووە. لەگەڵ خوالێخۆشبوو شێخ مستەفای شێخ نەجیب سوعبەتی زۆری بووەو زۆر یەکتریان خۆشویستووە، ڕۆژێك شێخ بە باوکم ئەڵێت بلە ئێرانی! ئەویش دیارە پێی ناخۆش ئەبێت بۆیە پێی ئەڵێت من بۆت ئیسپات ئەکەم و دەیسەلمێنم کە ئێرانی نیمو ئێوە ئێرانین، چونکە ئەصڵی شێخانی مەردۆخی لە ئێرانەوە هاتوون . پاش چەند ڕۆژێك ئەگەڕێتەوە پێنجوێن کە ئەوسا ناحیە بووە سەر بە قەزای هەڵەبجە بووە لە ١٩٣٢/٣/٢٧ دەفتەر نفوس دەرئەکات، ئەگەڕێتەوە ئەڵێ یا شێخ سەیرکە من ئێرانیم یان ئێوە، ئەویش ئەڵێ بلە بەڕاستی ئێمە ئێرانین نەك تۆ.

## ﴿ چوونم بۆ قوتابخانە ﴾

وەك هەموو منداڵێك لە تەمەنی ٦ ساڵیدا چومەتە خوێندنگا لە خوێندنگای سەرەتایی کوڕان لە قەرەداغ کە لەو سەردەمەدا قوتابخانەیەکی زۆر خۆش بوو.

١ - ئەوەی بیرم بێت بەڕێوەبەری قوتابخانەکە کاکە حەمەی حاجی ڕەزا بوو، پیاوێکی باش و دڵسۆزی قوتابیەکان بوو.

٢-کاك مستەفای کاك فەخری. پیاوێکی خۆش کەیف دڵسۆزبوو دوای مامۆستا محەمەد ئەم بەڕێزە بوو بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی قەرەداغ.

٣-مامۆستا شێخ حسێن شێخ مستەفا برای شێخ جەعفەر کە مامۆستام بوو، کە زۆر دڵسۆزو باش بوو بەرامبەر خوێندکارەکان ، خۆشی قەرەداغی بوو.

٤-مامۆستا قادر مستەفا مامۆستایەکی بەڕێزو بەوەفا بوو.

٥-مامۆستا حسن حاجی احمد مامۆستایەکی زیرەك و بەتوانا.

٦-مامۆستا محمد امین شریف جافەرانی مامۆستایەکی هێمن و لەسەرخۆ بوو.
٧-مامۆستا نامیق سدیق مامۆستایەکی بەتواناو دڵسۆز بوو.

ئەم بەڕێزانە بەگشتی خەڵکی قەرەداغ بوون.

ئەم قوتابخانەیە سێ کارگوزاری هەبوو، مستەفای خوشکان و مام ئەحمەد و مارف عارف، کە شۆڕشی ئەیلول دەستی پێکرد ماڵمان باری کرد بۆ سلێمانی،

چونکە من و خوشکەکانم قوتابی بووین، بۆیە باوکم هەرزوو ناردینی بۆ سلێمانی، بۆ ئەوەی خوێندن تەواو بکەین.

لەو سەردەمەدا خواردنی وەك شیر، پەتاتەی کولاّو و هەندێ خواردنی تریان ئەدا پێمان، لەگەڵ پێلاّو و پۆشاکیش، ئەوەی هەژاربوایە جلوبەرگ ، ئەوی باشتر بوایە پێلاّویان ئەدایە.

من بە منداڵی زۆر چاونەترس بووم، شوانێکمان هەبوو ناوی مام (حەمەمین) بوو زۆر تێکەلاّو بووین پێی ئەوتم (کا وەستا) شەوانە کە زۆر جار ئەهات چیرۆکی بۆ ئەگێڕاینەوە. کاتی بەهاران کە وادەی ئەوە ئەهات حەیوان زاوزێی ئەکرد پێی ئەوتم بەیانی وەرەوە بۆ (ژاژیلە) یان (قەرەقاجاوی) یان زۆر شوێنی تر کە لە قەرەداغەوە بە سەعات و نیو دوو سەعات دوور بوو، من دوای مەکتەب بەتەنیا بەڕێ ئەکەوتم بێ ترس کە تەمەنم لە ٧ ـ ١١ ساڵان بوو، ئەڕۆیشتم بەو دەشتەدا تا ئەم دۆزییەوە، زۆر جار بارانیش ئەباری. کاتێك سەیرم ئەکرد چەند مەڕێك یان بزنێك کار یان بەرخیان بوو بوو، دوو بەرخ یان دوو کار یان یەك بەگوێرەی زایین. بەباوەش ئەم هاوردەوە بۆ قەرەداغ و پێی ئەوتم هی چ ماڵێکە. لێرەدا ئەمەوێت زیرەکی ئەو شوانە باس بکەم کە بەلای کەمەوە ٢٠٠ ـ ٣٠٠ سەر حەیوانی لابوو ئەیزانی کام مەڕ یا بزن هی چ ماڵێکە. عادەت وابوو هەر ماڵێك بەرخۆلە یان کارژۆڵەیان بۆ بچوایەتەوە چەند

هێلکەیەك یا عانەیەکیان دەدا بەو کەسەی بۆی ئەبردنەوە، منیش بەم حاڵە زۆر خۆشحاڵ دەبووم.

وەك لە پێشدا باسم کرد لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلول ماڵمان هاتە سلێمانی و لەگەڕەکی خەبات نیشتەجێ بووین و چوومە قوتابخانەی خالدیە لە گەڕەکی دەرگەزێن، بەلأم لەگەڵ دەست پێکردنی ساڵی نوێی خوێندن چومە سەرشەقام بەتەنیشت ناوەندی (جمهوری)یەوە، و ئەو کات بەڕێوەبەرەکەی ناوی (عەبدوڵلا میدیا) بوو، کاك (مستەفا فەخری)یش هاتە ئەو قوتابخانەیەو وانەی ئینگلیزی پێ ئەوتین. پۆلی پێنج و شەشی سەرەتاییم لەوێ تەواو کرد، ساڵی ١٩٦٣ دەرچووم بۆ یەکی ناوەندی و چومە ناوەندی جمهوری کەتەنها یەك دیواریان بەین بوو. کاتێك چوومە ناوەندی جمهوری کۆمەڵێك برادەری لێبوو وەك کاك کەمال عەلی و کاك ئازادی سەگرمە، بەڕێوەبەری خوێندنگاکە مامۆستا (بابا عەلی شێخ لەتیف) کە پیاوێکی زۆر هێمن و دڵسۆز بوو بۆ خوێندکارەکان، مامۆستا محەمەد کە کیمیای پێ ئەوتین، ساڵی ١٩٩٤ کە من بوومە لێپرسراوی کۆمیتەی دووی کاسبکاران، بەڕێزیشی وەك کارگێڕی کۆمیتە کاری ئەکرد، پیاوێکی زۆر زیرەك و جددی بوو لەکاتی وانە وتنەوەدا زۆر باشی تێئەگەیاندین. لە زەمانی (جەلالی و مەلای)یدا ئەوەی بڕوانامەی سێی ناوەندی هەبوایە ئەکرا بە (نائب مفەوەز) کاك سەلأح و کاك جەزای ئامۆزای ئاسۆ قەڵەو لەگەڵ کاك ئیسماعیل کە لەم دواییەدا ئەفسەر بوو لە مرور و ئێستاش لە ژیاندایە. چونە ئەو دەورەیە بۆ نائب مفەوەزی. ساڵی ١٩٦٣ کە

زەمانی زەعیم سدیق بوو (منع التجول) واتە: قەدەغەکردنی هاتوچۆ، دەرچوو ئێمە ماڵمان لەشوێنی مەزاتخانەکەی سلێمانیدا بوو بەشی سەرجادەی کاوە کە دوو ماڵ بوو، ئێمە لە ماڵی حاجی عەلی کرێچی بووین، منداڵ بووین، لەگەڵ کوڕەکەی حاجی عەلی کە ناوی سەلاّح بوو لە دیوارەکەوە سەیری جادەکەمان دەکرد تەقەیان لێکردین و زۆر ترساین، سێ ڕۆژی پێچوو خەڵکی زۆر گیراو زۆرێکیش شەهیدکران و کۆمەڵێکیش لە شوێنی حامیەی کۆندا کران بە ژێر خاکەوە، کە ئێستا (پارکی ئازادی)یە. من منداڵ بووم دوای تەواو بوونی قەدەغەکردنی هاتوچۆ، چووم بۆ بەر بەلەدییەکە کە زۆر نزیك بوو، دوکاندارەکان کە دوکانیان کردەوە هەرچی سەوزەو میوە هەبوو گشتی خراپ بوو بوو، و گۆشتی هەرچی قەساب هەیە بۆگەنی کردبوو هەمویان فڕێدا، چونکە لەو سەردەمەدا سەلاجەو شتی وانەبوو. و دوای ١٩٦٣ ماڵمان گواستەوە بۆ گەڕەکی خەبات کە ماڵی دوو خوشکم لەوێ بوو، واتە ماڵی باوکی شەهید نەجم و ماڵی باوکی شەهید جەمال. ساڵی ١٩٦٣ بوو هێشتا ماڵمان لەماڵی حاجی عەلی بوو واتە شوێنی مەزادخانە کۆنەکەی سلێمانی لەپۆلی یەکی ناوەندی بووم هێشتا منداڵ بووم وەك ئاماژەم پێکردوە جۆرەکانی ئیشم زۆر کردوە.

گەنجێك هەر لەو ماڵە دابوو ئێوارەیەك پێی ووتم بەیانی زوو هەستە ئەچین بۆ کرێکاری سەقف تێکردن ﴿کۆنکرێت مسەلەح﴾ جاران وەك ئێستا بەخەباتە و ئامێری پێشکەوتوو نەبوو ئەبوایە بەتاس ئەو سەقفە گەورانە

کۆنکرێت بکرایە. پەیژەی گەورە دائەنرا کرێکارەکان بەڕیز لەسەر پەیژەکە ڕائەوەستان لەخوارەوە بۆ سەرەوە زۆر بەخێرایی ٢ کرێکار لەخوارەوە چیمەنتۆیان ئەکردە ناوتاسەکان کرێکارێکیش بەخێرایی تاسەکانی ئەدایە دەست کرێکارەکانی سەر پەیژەکە، ئەیانکردە سەقفەکەوە کرێکارێکیش زۆر بەخێرایی تاسەکانی لەسەرەوە فڕێ ئەدایە خوارەوە بەگشتی کارێکی زۆر سەخت بوو ئەو برادەرە بەمنی ووت تۆ تاسەکان فڕێ بدەرە خوارەوە ئەبوایە هەموو کرێکارەکان دەستکێشی لاستیکیان لەدەست بوایە بۆ پارێزگاری لەدەست و پلیان بۆئەوەی چیمەنتۆکە نەی سوتێنێت، بەڵام شانسی من دەستکێش نەبوو ٥ بۆ ٦ کاتژمێر کارکردن  تاسەکانم فڕێ ئەدایە خوارەوە کارێکی زۆر سەخت و ناخۆش بوو، بەڵام خۆڕاگری خۆم و دان بەخۆدا گرتنم وای کرد تا کۆتایی ئیشەکە بەردەوام بم، بۆ ئەو کارە سەختە ڕۆژانە ﴿٤٠٠﴾فلس ئەدرا بە کرێکارەکان، بەڵام بڕیار وابوو ﴿٣٥٠﴾ فلس بدە بەمن. وەستاکە کە زانی زۆر هیلاك بووم ﴿٤٠٠﴾فلسیشی دا بەمن وەك پیاوەکان زۆرم پێ خۆش بوو کەمێك لەهیلاکی و ئازارەکانمی کەم کردەوە ڕامکرد بۆماڵەوە بۆ ئەوەی مژدە بدەم بەدایکم. بەڵام لەماڵ نەبوو، لەدەرگای ژوورەکەدا دانیشتم تومەز زۆر هیلاك بووم خەوم لێکەوتبوو. دایکم هاتەوە خەبەری کردمەوە و دەستەکانمی بینی لم و چیمەنتۆ کونی کردبوو هەندێکیان خوێنی لێ دەهات دەستی کرد بەگریان و ووتی بەدەردمان بێت ئیتر ناهێڵم بچیت بۆ ئەم ئیشە. خوێنەری بەڕێز سەیرکەن بەو منداڵییە هەرچی جۆری کارکردنە دەستم بۆ بردوەو

کردوومه. لەلایەك نەبوونی و پێویستی لەلایەکی ترەوە تواناو خۆڕاگری خۆم هەندێك لەو ئیشانەی کەمن کردومن لە تەمەنێکی دیاری کراودا بەهەموو کەسێك نەدەکرا.

لەو سەردەمەدا خوشکەزاکانم پێیان دەوتم (**لالە**) بە واتای خاڵە، دوای ئەوە گەورەو بچوکی ئەوی بیناسیمایە پێی دەوتم لالە. بەڵام ئێستا یەك برادەرم ماوە تەمەن درێژ بێت کەپێم ئەڵێت لالە ئەویش (حەمە ئەمینی حەمەی مروەتە) زۆریشم پێخۆشە.

هەر لەو ساڵەدا واتە ١٩٦٣ لەگەڵ (ئەنوەری عەبدوڵڵا ڕەباتی) کە هاوڕێم بوو، خۆی و براکانی ئەگەڕاین بەشوێن هێلانە چۆلەکەدا بۆ ئەوەی بەچکەکانی دەربهێنین، بۆیە چوین بۆ ژێر پردەکەی زێڕینۆك، ئەنوەر پشتی بۆ دانام و منیش دەستم کرد بە بەینی شێلمانی پردەکە کە هەردوو دیووی بۆش بوو کاتێك دەستم پیا کرد بۆ چۆلەکە لەجیاتی چۆلەکە ماری تێدا بوو دای بە دەستمەوە، کاتێك دەستم دەرهاورد یەکسەر ئاوساو شین بۆوە. دارو لاستیکێکم پێبوو یەکسەر لاستیکەکەم لێ کردەوە و لەسەرو شوێنی پێوەدانەکەدا بەستم و دەستمکرد بە هەڵمژینی. چونکە لەمەکتەب خوێندبوومان ئەگەر مار یان دوپشك پێوەی دای ئەبێت لەسەرو پێوە دانەکەوە ببەسترێت. وتم ئەنوەر من دەچم بۆ نەخۆشخانەو تۆش بچۆ بە کەسوکارم بڵێ مار پێوەی داوەو چوە بۆ نەخۆشخانە. دیار بوو ئەنوەر نەیوێرابوو کە بڵێت

لەگەڵ مندا بووەو مار پێوەی داوە، وتبوی ئەڵێن لە تانجەرۆ مار پێوەی داوە، هەرچی خزم و ناسیاو هەیە هەمووی بەرەو تانجەرۆو دەوروپشتی گەڕابوون بێسوود بوو، برادەرێك وتبووی ئەی بۆ نەچین بۆ نەخۆشخانەو هەواڵێك بپرسین، کاتێك هەواڵیان پرسی بوو وتبویان بەڵێ ئەو گەنجەی مار پێوەی داوە لە نەخۆشخانەیە.

لە پردی زێڕینۆك تا سەرشەقام بە ڕاکردن بەرەو خەستەخانە ئەچووم، زۆر بێتاقەت بوو بووم دەستم زۆر قورس بووبوو، ئەوسا تەکسی نەبوو بەس عەرەبانەی دوو ئەسپی هەبوو پێیان ئەوت(یایلی) لەنزیك سەرشەقام دەستم لە عەرەبانەیەك ڕاگرت کە سوارم بکات بۆ نەخۆشخانە وتم چەند ئەکات وتی ٥٠ فلس، بەڵام من ٢٥ فلسم پێبوو و سواری نەکردم، پێم وت مار پێوەیداوم بەڵام سواری نەکردم. بەناچاری بە پەلەو جاربەجار بەڕاکردن بەرەو نەخۆشخانەیەك لای ئەسحابەسپی پێیان ئەوت (خەستەخانەی ناوەڕاست) شانسی من کاتێکی زۆر خراپ بوو، چونکە شەڕی پێشمەرگەو جاشی هەرکی و سورکی بوو، برینداریێکی زۆر لەنەخۆشخانە بوو، بۆیە زۆر بەناڕەحەتی جێم کرایەوە. (٢٥) بیست و پێنج ڕۆژ مامەوە، گیانم یەك پێستی فڕێدا، مارەکە زۆر گەورە بوو، پێیان ئەوت (کوڵەوەیباب) دواتر کوشتبویان و هاوردبویانەوە بۆ گەڕەکی خەبات.

ماڵمان هەر لەگەڕکی خەبات بوو ساڵی ١٩٦٤ جەژنی ڕەمەزان بوو چاکم لەیادە لەو جەژنەدا دایك و باوکم و خزمان جەژنانەیان داپێم کە ئەوسا باو بوو﴿١٥٠﴾فلسم کۆکردەوە ئەوسا باوبوو لەجەژنانـدا یاری(لگاو)یان دائەنا منیش چوم بۆ گومرگە سوتاو، دەستم کرد بە لگاوکردن ﴿٤٥٠﴾فلسم بردەوە پارەکەم بو بە ﴿٦٠٠﴾ فلس تەماح گرتمی و بەردەوام بووم بە ماوەیەکی کەم هەموو پارەکەم دۆڕاند، کورد واتەنی: **تەماح ئەگەر سەری نەخۆی سەرت دەخوا**، ئەو ٣ ڕۆژەی جەژنە یەك عانەم پێ نەبوو، کەتەنها یەك چلورەی پێ بکرم نەم دەوێرا بەکەسوکار بڵێم ئەوەندە تەئسیری لێکردم بەو منداڵی یە سوێندم خوارد هەتا ماوم قومار نەکەم، تا ئێستاش بەردەوامم لەنەکردنی، بۆیە هیوادارم ئەو کەسانەی کە قوماردەکەن سود لەو بەسەر هاتەی من وەربگرن.

لە هاوینی ١٩٦٤ دا لەگەڵ باوکم چووم بۆ بەغدا بۆ ماڵی خاڵم لەڕێگەی دەربەندیخانەوە کاتێك گەیشتینە بازگەی تونێلەکە داوای پێناسەیان لەباوکم کرد، باوکمیان گرت چونکە ناوی (ئیبراهیم ئەحمەد) بوو سەیارە ڕۆیی و ئێمە بەجێ ماین ، پاش چەند سەعاتێك پیاوێك هاتوو باوکمیان نیشاندا وتی ئەو نیە، دواتر چوینە دەربەندیخان سواری سەیارە بووین بەرەو بەغداد، پاش یەك دوو ڕۆژ کۆمەڵێك خزم ووتیان بۆ نایەیت بچین بۆ باخچەی ئاژەڵان لەوبەری بەغدا لە عەلاوی، من بەجل و بەرگی کوردی و ڕانکوچۆغەی شاڵەوە خەڵك زۆر سەیری دەکردم هەندێك خۆشحاڵ دەبوون هەندێکیش ڕقیان لەو

جلەکوردییە بوو . زۆر ماینەوەو بێ تاقەت بووم چەند جارێك پێم ووتن بابڕۆین بەڵام نەهاتن منیش ڕقم هەستاو بەدزی ئەوانەوە هاتمەوە، من نەشارەزا و ڕێگاکەیش دورودرێژ لەعەلاوی یەوە بۆ ﴿باب شێخ﴾ ئەگەر کەسێك شارەزابێت دەزانێت ئەو بەینە چەندە دوورە، زۆر گەڕابوون بەدوام دا بێسوود بوو. منیش کەمێك زمانی عەرەبیم دەزانی چونکە لەو سەردەمەدا وانەی عەرەبیمان دەخوێند . تەنها ئەم دوو وشەیەم دەوت بەهەرکەس بگەیشتمایە ئەم ووت ﴿وین طریق باب الشیخ؟﴾ ئەوانیش بەئیشارەت ڕێنماییان دەکردم لەسەعات﴿٨﴾ی ئێوارە وە بەڕێوە بووم زۆر ماندووبوم وەزۆریش برسیم بوو زمانیشم نەدەزانی بەڕاستی بەدەم خۆشە لەشاری بەغدا وون بیت و شارەزا نەبیت. ئەوەندە سەرم گێژی دەخوارد دوو سێ جار نزیك ماڵەکە ئەبوومەوە نەم ئەدۆزی یەوە دواجار ﴿١٠﴾ خولەك دانیشتم و پشوم دا کاتژمێر ﴿١٢:٣٠﴾دەقیقەی شەو ماڵی خاڵم دۆزیی یەوە.

کە ماڵمان هاتە سلێمانی و چومە خوێندنگا، پاش نیوەڕوان بەبەردەوامی کارم ئەکرد، هەر لە فرۆشتنی لوقم و مەسکەت و دواتر نان فرۆشتن لەبەر بەلەدیەکە، و حەماڵی کردنی زەمیلە، تا ساڵەکانی ١٩٦٠-١٩٧٠ وا بزانم دواتریش حەماڵی زەمیلە هەبوو و ئەوکەسانەی شتیان ئەکڕی پیاو یا ژن کە وەزعیان باش بوو حەماڵێکیان ئەگرت و شتەکانی ئەکردە زەمیلەکەو لەگەڵ حەماڵەکەدا ئەڕۆیشتەوە، زۆر جار ئەو کەسانە ئەبونە مەعمیل و ناسیاو، ئیتر شتەکانیان ئەدایێ و خۆی نەئەهاتەوە، تۆش شارەزای ماڵەکەبوو بوی و بۆت ئەبردەوە،

ئـەویش (٢٠ ـ ٣٠ ـ ٥٠ ) فلسـی پـێ ئـەدایت کەلەبـەرێکی بـۆ ئـەگرتی. کاتێـك گەڕەکی حاجی ئاوا ئاوەدان کرایەوە لەساڵی ١٩٦٥، نزیکـەی ١٠ ــ ١٥ مـاڵی لێبـوو یەکەم جار ئێمەش لەگەڵ ماڵی کاك (مەلا ئەحمەد دەلوجە)و مـاڵی مـامی. دوو خـاڵی خاڵـە حسـێن و خاڵـە حسـن سەروپارچـە ئـەرزمان کـڕی و کردمـان بـە خانوو.

سـاڵی ١٩٦٧ ــ ١٩٦٨ خوێنـدنم تـەواوکرد لـە (ناوەنـدی جمهـوری) ئـیتر کـە خوێندنی من هەرئەوەندە بوو. زۆر جار لە بەهاراندا لەگەڵ کاك مەلا ئەحمـەد و مام و خاڵەکانی ئەچوین بۆ گۆل بـڕین لـە تانجـەرۆ، هەرچـەندە مـن لـە چـاو ئەواندا منداڵ بـووم و ئـەو کارەشـم نـەکردبوو بـەلاّم ئـەوان یارمـەتییان ئـەدام، ڕۆژانە (١٥٠) فلس بوو، دواتر لە گەڕەکی حاجی ئاوا کارگەیەکی گەچ دروسـتکرا لـە شـوێنی ئێسـتای گـەڕەکی زێڕینـۆك، دوو مـانگیش لـەوێ کـارم کـرد کـە زۆر ناڕەحەت بوو تۆزوخۆڵی زۆری هەبوو، کە گەورەتریش بـووم وردە وردە دەسـتم کـرد بـە کرێکـاری، زۆر جـار لەگـەڵ (شـەهید ئـەکرەم) ناسـراو بـە (ئیمـام) و شـەهید (محەمـەد عەربـەتی) و (عومـەری حـاجی محەمـەدی دسـکەرە) وە بـۆ پیازهەڵکەندن، کاتێك کە وشك ئـەبوو سـەلکەکەی بـە شـاخی حـەیوان دەورمـان ئەدایەوەو هەڵئەکەندراو ئەبوایە پیازەکـە برینـدار نەبوایـە، بـۆ ئـەوەی لـەکاتی هەڵگرتندا خەسار نەبوایە، و دروێنەی کەتانیشم کردووە کە ئێستا نەماوە، زۆر نزم بوو وەك نیسـك، بـە داس ئەبوایـە پـاکۆت بدایـەو مـەڵۆ مـەڵۆ داتبنایـە. لـە سـاڵی ١٩٦٨، هـاوین بـوو لەگـەڵ کـاك حسـێن کـە فۆرگاسـنێکی ٣ پسـتۆنی پێبـوو

کێشەی گەنممان ئەکرد، واتە ئەو گەنمە کە دورابوەوە مەلۆ بوو یان شارا ئەمانکردە عەرەبانە بە سێلك، ئەمانبرد ئەمانکرد بە خەرمان ، دواتر ئەکوترا بە جەنجەڕ بۆ ئەوەی گەنم یان جۆ لە کایەکەی جیا بکرێتەوە، دواتر شەن ئەکرا. ئەو ڕۆژە کاك حسێن بانگی کردم وتی وەرە، وتم چییە؟ وتی ڕادیۆکە زۆر سەیر قسە ئەکات، عەرەبی باش نەئەزانی، من بەهۆی خوێندنەوە باشتر بووم، کاتێك چووم بەعسیەکان ١٧ / ٧ / ١٩٦٨ کودەتایان کردبوو بەسەر (عەبدولڕەحمان عارف) دا زۆر پێمان خۆش بوو. زۆربەی هاوینەکان لای حاجی ئیبراهیمی شەربەت فرۆش باوکی ئیسماعیل تەپڵ، شەربەتم فرۆشتوە لەگەڵ کۆمەڵێك برادەرم، زۆربەی کۆلان و بازاڕ گەڕاوم، (ساردەو شیرینە شەربەت یا کەریم یا الله) وامان ئەوت، پەرداخێك بە( ٥ فلس) و گەورەتر بە (١٠ فلس).

ساڵی ١٩٦٨ لە بازاڕ گرتمیان و بردمیان بۆ ئیستیخبارات بەرامبەر ئەمنە کۆنەکە بوو، دواتر لێم پرسین وتم ئەوە چیە من خۆ هیچی خراپم نەکردووە، وتیان تۆ شیوعیت، بەلام من حەزم لەدرۆ نەئەکردو زۆر حەزم لە ڕاستی بوو، پاشان جوابم نارد بۆ (حاجی قادر)ی زاوامان کە پۆلیس بوو ئەویش (ئەنوەری خەجێ)ی ئەناسی کە مفەوەز بوو، ئەویش ئامر ئیستخباراتی ناسیبوو، بۆیە بەریان دام و منداڵیش بووم، ئیتر نازانم کێ وە چۆن ئیخباری کردبووم. دواتر هەر بەتۆمەتی شیوعیبون پارتیش گرتمی، کە ئەندامی پارتیش بووم، چونکە لە کۆبوونەوەیەکدا بەرهەڵستیم کردو ڕەتی قسەکانیانم دایەوە، ساڵی ١٩٦٩ ــ

١٩٧٠ خانوویەکمان لە ماڵە پۆلیسەکان لە پشتی نەخۆشخانەکەی گەڕەکی خەبات لەبەردەم گردی سەیوان لە خوالێخۆشبوو وەستا ڕەزای مرور کڕی ، کە پیاوێکی زۆر باش بوو.

## ﴿ ژیانی سیاسی و پێشمەرگایەتی ﴾

وەك پێشتر ئاماژەم بۆ کرد کە قۆناغی ناوەندیم لە جمهوری تەواو کرد، ساڵی ١٩٦٦ کە لە دووی ناوەندی بووم پەیوەندیم بە (یەکێتی قوتابیان)ەوە کرد تا ساڵی ١٩٦٨. و ساڵی ١٩٦٨ یش پەیوەندیم کرد بە ڕێکخستنەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان)ەوە لە ڕێگەی خوالێخۆش بوو (حەمە سەعید حاجی مەحمود دەرەویانی)یەوە کە ماڵی لە گەڕەکی حاجی ئاوا بوو، لەگەڵ کاك (مەلا ئەحمەدی دەلوجە) و (عاصی مام غەفور) دوای بەیانی ١١ ی ئازار یش پاش ئەو برادەرە من و کاك مەلا ئەحمەد پەیوەندیمان کرد بە خوالێخۆش بوو (کاك ئەحمەد گرێدەر)، ئەو لێپرسراومان بوو، وەك ئەوەی من بزانم ئەو هەڤاڵە ئیعدام کرا. دوای ئەویش دوو برا هەبوون ماڵیان لە گەڕەکی هۆمەرمەندان بوو لە سلێمانی و نانەوایان هەبوو، ئەو بەڕێزانەش (کاك کەمال و کاك جەمال)، دوای ئەوانیش گوێزراینەوە بۆ لای بەڕێز خوالێخۆش بوو (کاك ئەشرەف قارەمانی) کە شۆفێری ئۆتۆمبێل بوو، و بە وەرگەڕان کۆچی دوایی کرد، پیاوێکی زۆر دڵسۆزو ئازاو بەهیممەت بوو، ئەو کات دوو کوڕی گەورەی هەبوو

که له ئێمه منالّتر بوون، دوو گەنجی بەتواناو زیرەك کە ئەوانیش کاك کەمال کە مدیر ناحیەی عەربەت بوو لەسەر لیستی ئیسلامییەکان، کاك جەمالیش جێگری وەزارەتی ناوخۆ بوو لەسەر لیستی ئیسلامییەکان ئێستاش هاوڕێین و یەکترئەناسین.

ڕاستەوخۆ دوای بەیانی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ خوالێخۆش بوو محێدین ڕەحیم بانگی کردین و پاش چەند گفتوگۆیەك شەرەفی ئەندامێتی پێداین من و محەمەد و فائق عەبدوڵلاڕەباتی برای کاك فەتاح ڕەباتی ئەگەر یادیان مابێت لەئوتێل هەورامان.

جارێکیان کۆبوونەوەمان هەبوو لە مالّی کاك ئەشرەف، قەرار بوو کاك مەلا ئەحمەدیش ئامادەبێت بەلاّم نەهات ، ئەو کات کاك مەلا ئەحمەد مالّیان لە حاجی ئاوا بوو، وتم ئەگەر چاوەڕوان بکەن ئەچم بەدوایدا بانگی ئەکەم، کاتێك چووم لە مزگەوتەکەی حاجی ئاوا نوێژی ئەکرد، وەستام تا لە نوێژ بوەوە، زۆرم لەگەلّ ووت کە کۆبوونەوەمان هەیە ئەبێ بێیت، بەلاّم بێسوود بوو، زۆر توڕەبوو دیاربوو تاقەتی نەمابوو، دوای گفتوگۆی چوار سالّ کە هیچ ئەنجامێکی نەبوو، لە نەورۆزی ١٩٧٤ پێشمەرگە چوونەوە شاخ و زۆربەی پۆلیس و فەرمانبەرو کرێکارو جوتیارو بەگشتی بەشێکی زۆربەی مامۆستاو هونەرمەندان شاریان بەجێهێشت، منیش وەك کرێکارێك و ئەندامێکی پارتی کە بوبومە ئەندامی شانەی سەرەکی چومە قەرەداغ و لەدێی سەرکۆ نیشتەجێ

بووم، كە تەنیا ساڵێك بوو هاوسەرگیریم كردبوو ماڵی خەزورم لەدێی سەركۆ بوو.

لە دوای ساڵی ١٩٧٠ و بەیانی ١١ ی ئازاری قەرارێك دەرچوو كە موالیدی(١٩٤٠ ـ ١٩٥٠)ی ئەگرتەوە پێیان ئەوت (لیجنەی سەلام)، عەفو ئەكرا لە ئەركی سەربازی. من كە لەدوای ١٩٧٠/٣/١١ چووم بۆ سەربازی ناردمیان بۆ مەركەز تەدریبی عەسكەری كەركوك، ٤٥ ڕۆژ ماینەوە، دوای ئەو ماوەیە گوێزرامەوە بۆ مەعەسكەری كۆیە و ماوەی مانگێك مامەوە بەسەر شاخەوە، دواتر هاتینە خوارەوە بۆ (مەقەر فەوج) وە دەورەیەكی مغاویرییان بۆ كردینەوە كە ژمارەمان ١٤٠ كەس ئەبوو.

من یەكەمی دەورەكە بووم كاتێك( قائید فیرقە) هات بۆلامان دوای دەورەكە یەك سەلامم بۆكرد ﴿١٠﴾ڕۆژ ئیجازەی دامێ وە چەند برادەرێكی كوردم لەگەڵدا بوو یەكێك لەوانە (صدیق عبدالرحمان) كە خەڵكی ناحیەی دارەمان بوو و (سالاری كوێخا مەجید) كە خەڵكی بەكرەجۆ بوو، یەكێكی تر ناوی (محەمەد) بوو وابزانم ئاسنگەر بوو. كاتێك قەراری تەسریح كەوتە جێبەجێكردن منیش بەر ئەو قەرارە كەوتم و لێبوردنی سەربازی گرتمییەوە. گەنجێكی قەرەداغی كە ناوی (محەمەد عەلی) ناسراو بە (محەمەدی عەلی حەمە كەڕ) كە بەیەكەوە سەرباز بووین موالیدی ١٩٥١ بوو شمولی نەكرد، زۆری پێناخۆش بوو.

له ساڵی ١٩٧٣ هێشتا هەر گفتوگۆ تەواو نـەبوو بـوو پۆلیسـێك نامەیـەكی بۆ هاوردبووم گوایە بچم بۆ تەجنید بانگیان كـردووم ، منـیش بڕیـارم دا بچـم بـزانم چـیە بـەس دایكـم زۆر پاڕایـەوە كـە دەمانچـەكەم نەبـەم كـە ئەچـم بـۆ دایەرەی تەجنید بەقسەم كرد، (كاك ساڵەح) كە زاوامان بـوو لەگـەڵم هـات ئـەو كـات موالیـدی ١٩٥٤ ئـەگێرا زۆر قـەرەباڵغ بـوو عـەریفێك لـە هۆڵەكـە شـتی ئەنووسـی پرسـیارم لێ كـرد و نامەكـەم داپێـی، ئـەویش لێـی وەرگـرتم و وتـی دەفتـەری خدمەكـەم بـدەرێ و دامـێ و بـانگی كـردم بـۆ ژورێـك، منـیش چـووم نـەمزانی سـجنم دەكـات، خـۆی هاتـە دەرێ و دەرگاكـەی داخسـت و سـەربازێكی بانگ كرد ، بە عەرەبی وتی: (لا تخلي يطلع) واتە: نەیەڵی بێتـە دەرێ، ئـەویش وتی باشە. بەڵام ئەوەی باش بوو دەرگاكـەی بـە كلیـل دانەخسـت، دواتـر ئاگـادار بـووم تەلـەفونی ئـەكرد، دیـار بـوو بـۆ هـاتنی ئینزیبـات بـوو بێـت بم گـرن و ڕەوانەی عەسكەریم بكەنـەوە بـەو هۆیـەی كـە گوایـە قـەراری (لیجنـەی سـەلام) شمولم ناكات، بۆیە بڕیارم دا كە ڕابكەم، (ساڵح)ی زاوام نـەی دەزانـی چـی بكـات و خۆی نەكرد بە خاوەنم وەك وتم زۆر قەرەباڵغ بوو لە پڕ دەرگاكەم كـردەوە و سەربازەكەم دا بەسەر مێزەكـەی عەریفەكـەدا و بـە خەڵكەكـەم وت ڕێـم بكـەن، ڕام كرد دوو ڕیز قادرمـە بـوو كـردم بـە دوو بـاز لـەو كاتـەدا جامانەكـەم كـەوت بەڵام هەڵمگرتەوە و ڕام كرد بۆ پشتی تەجنید كە پێـی ئـەڵێن گـەڕەكی پیرمـە سـوور و ڕایـان كـرد بـە شـوێنما، بـەڵام مـن زۆر خێراتـر ڕام كـرد ، یـەك دوو فیشـەكیان تەقانـد بەسـەرمدا. ئـا لـەو كاتـەدا ژنێـك لەبـەردەرگا دانیشـتبو وتـی

کاکە ئەوە خێرە وا ڕادەکەی؟ وتم ئەی نابینی سەرباز بە شوێنمەوەیە، هەرچۆنێك بێت ڕام کردو ڕزگارم بوو.

دواتر بە واسیتەی برادەرێکەوە دەفتەر خدمەکەم وەرگرتەوە لێیان نووسی بوو(لا یَشمل بَیان ١١ی ئازار)، منیش کاتێك وەرمگرتەوە زۆر بە جوانی (لا)کەم سڕیەوە و سەردانی بەغدادیشم پێ کرد کە ماڵی خاڵم لەوێ بوو، دوای هەرەس کە هاتینەوە ١٩٧٥ (لا)کەم نووسیەوە و بە قەرارێکی تر ترسیح بووم ، پاش چەند مانگێك ناردمیانەوە بۆ زوبەیر. دواتر بەبڕیاری ﴿٥٥﴾ ساڵی ١٩٧٥ تسریح کراین.

وەك پێشتر ئاماژەم پێدا کە ١٩٧٤ چوومە قەرەداغ کاتی بەهار بوو، خەڵك خەریکی گۆڵ بڕینی مەرەزە بوون، باوکم لە قەرەداغ دوکانی هەبوو، وەك لەسەرەتادا کە باسی باوکم کرد پینەدۆز بوو، شتی وشکەشی دا ئەنا، لەوکاتەدا بوو پێی وتم بۆ ناچی بۆ سلێمانی و هەندێك خاکەناز بهێنی پارە ئەکات. هێشتا بەتەواوەتی شەڕ دەستی پێنەکردبۆوە، سەیارەش هاتوچۆی نەئەکرد، چونکە ئەو بەهارە پردی تانجەرۆ لافاو بردی، و ڕێگەی پچڕی تەنها بە سەڵتی یا بە وڵاخ ئەپەڕیتەوە، منیش گەڕامەوە سلێمانی و چووم بۆ ئاسنگەرەکان و(٥٠) پەنجا خاکەنازم کڕی و دوو کیلۆ چا و دەمانچەیەکی لامەی بچوکیشم هەبوو و ئەویشم پێ بوو، هاوردمە گەڕەکی حاجی ئاوا دراوسێیەکمان هەبوو، کوڕەکەی کە ناوی عەبدوڵلا بوو گەنج بوو گوێ

درێژێکی هەبوو، گوێدرێژەکەمان بارکردو لەگەڵم هات تا لەئاوەکەی تانجەرۆ پەڕاندمییەوە، ئەو گەڕایەوەو منیش گوریسم کڕیبوو خاکەنازەکانیش لە گوێنیەکی سپیدا بوو، وەك کۆڵی هەورامی دام بەکۆڵمدا بەگوریسەکەو بەو جۆرە بۆ هەڵگرتن باشتر بوو. وەزنی( ٥٠ ) پەنجا خاکەنازەکە زیاتر لە( ٥٠ ) کیلۆ ئەبوو، کەوتمە ڕێ بەرەو قەرەداغ لە (شاخی گڵەزەردە)و بەو هەورازە سەختەدا و دواتر بە پشتی تیماردا، بەڕاستی کارێکی ئاسان نەبوو زۆر زەحمەت بوو، کۆڵەکەش قورس بوو، ڕێگاکەش دوور بوو ئاویش کەم بوو بۆ خواردنەوە. کاتێك نزیك عەسر گەیشتمە قەرەداغ لای باوکم و خەزوریشم لەوێ بوو، زۆریان بەلاوە سەیر بوو چوون و هاتنەوەم شەو ڕۆژێك و هەڵگرتنی ٥٠ خاکەناز هەروا ئاسان نەبوو، کاتێك تەماشای پشتمیان کرد لێوار و دەمی خاکەنازەکان چەقیبووە پشتم و شوێنەکەی دابڕی بوو هەر ئەوە بوو نەیبڕی بوو.

ساڵی ١٩٧٤ دوای شەڕبوونەوە لێپرسراوی ناوچەی قەرەداغ (ساڵە پیر) بوو، لێپرسراوی پاراستن (شێخ محەمەدە سور)ی سۆڵە بوو، لێپرسراوی ڕێکخراو گەنجێك بوو بەناوی (سەرکەوت)، چەند کۆبوونەوەیەکی ڕێکخراو ئەنجامدراو منیش بەشداربووم لەو کۆبوونەوەیەدا، هەندێك شتی وا باس ئەکرا کە زۆر لە ئەقڵ دوور بوو، منیش ڕەتم دانەوەو وتم هەڤاڵان ئەمە وانییەو ئەمە ڕاستیەکەیەتی. بەلاّم ئەم ڕاستیانەی من وتم بووە ئاگرو چووە گیانم، بۆیە پاش یەك هەفتە، شەوێك لە نیوە شەودا هاتنە سەرکۆو گرتمیان، وتم ئەوە

چیه؟ وتیان تۆ شیوعیت، لەو سەردەمەدا هەرچی قسەی ڕاستی بکردایە یان ڕەتی قسەکانی ئەوانی بدایەتەوە بە چەند تۆمەتێك ئەگیرا. لەو سەردەمەدا من شیوعی نەبووم بەلاّم ڕاستگۆ بووم ئەو مەسئولەی کە گرتمی خوالێخۆش بوو(حسن عەلی قادر)عەلیاوایی کە ئەو کات سەرلق بوو، و پێشمەرگەیەك ناو ماڵەکە ئەگەڕاو دەستی ئەکرد بەناو شوشەی (شەکرو چا)کە داو ئەیکرد بەدەمیا، وتم ئەوە چییە؟ وتی بزانم زەهر نییە. لەو سەردەمەدا ئەقلّی ئەو برادەرانە هەر ئەوەندە بوو منیش پێم ووت کاکە خۆ ئەوە ئەگەر زەهر بێت ئەتکوژێت، دەمانچەکەشیان بردم و بردمیان بۆ ناوچەو لەویّ سجنیان کردم، دوای من خوالێخۆش بوو (جەباری حاجی مستەفا)یان هاورد ئەویش بەناوی شیوعیەوە کە گەنجێکی خۆڕاگرو بەهیممەت بوو. زۆر هاوڕێم بوو خزمیشم بوو، زۆرم خۆش ئەویست. پاش چەند ڕۆژێك فڕۆکە هات و بۆمبارانی ناو شارو بارەگای ئەکرد، ٢ پێشمەرگە شەهید بوون، کەس نەبوو بیان شوات، وتم من ئەتوانم بیانشۆم، هەردووکیانم شۆردو لە دێی سەرکۆ بەخاك سپێردران، هەردووکیان خەڵکی کەرکوك بوون، تا ئێستاش گۆڕەکەیان هەر لەوێن، کەسوکاریان نەیان بردنەوە. پاش ماوەیەك باوکم هات و هەواڵی ئەپرسیم و ئەی ووت تەنها ئەو کوڕەم هەیە بۆ گیراوە؟ با چاوم پێی بکەوێت، گوێم لێبوو بەلاّم ڕێگەیان پیّ نەئەدا دواتر بردمیان بۆ جافەران و لە مزگەوتەکەدا سجنیان کردین، دوای بۆردوومانی فڕۆکەی بەعسی فاشی لەناو ناحیەکەدا کە بووە هۆی شەهیدبونی دوو پێشمەرگە. سیّ برایان گرت لە قەرەداغ و هاوردیان

بۆ لای ئێمە  لە جافەران بەتۆمەتی ئەوەی کە لەکاتی بۆردوومانی تەیارەکاندا ئەم سێ گەنجە بە پەرۆ بەرزکردنەوە بە دەستیانەوە ئیشارەتیان بۆ تەیارەکە کردووە کە مەقەرەکان بۆردوومان کات، بەو واتایەی کە ئەوان بەو پەرۆیە مەقەرەکانیان  پیشانی تەیارەکە داوەو بەم تۆمەتە گیران، ئەوەیە ئەقڵی شۆڕش و لێکدانەوەی زانستی سەرکردایەتی ئەو ناوچەیە، ئەو برایانەش (عەلی و ئەمین و حسن) کوڕی کاك ئەحمەد کە ناسرابوو بە ئەحمەدە شەل.

دوای ئەو (کاك رووف عەبدوڵڵا ڕەمەزان) کە پیاوێکی هەژار بوو تەنها تاوانی ئەوەبوو کە پۆلیس بوو چوو بوو موچەکەی لە سلێمانی وەرگرتبوو، تاوانی ئێمە تەنها ئەوەبوو کە بۆم باس کردن وە چەند کەسێکی تریان هاورد ژمارەیان گەیشتە ١٠ ــ ١١ کەس.  پاش نزیکەی مانگێك بەتەمابوون بەرەو سجنی (ڕایات و خەلان) بمانبەن، ئەو سەردەمە هەرچی بچوایەتە ئەو سجنانە زۆر بەدەگمەن نەجاتی ئەبوو، نمونەش دوای هەرەس ئەوەبوو کە زۆربەی زۆری ئەو سجنانە  کوژران و قەتڵ و عام کران. لە جافەرانەوە بەڕێ کەوتین و ٦ پێشمەرگەمان لەگەڵ هات بەرەو ڕایات بمان بەن، خوا ئەیزانی بەچەند ڕۆژ یا دەردی سەر ئەگەینە ئەوێ، زۆریش ئەترساین، گەیشتینە نزیك دێی (سەرزەل) لەپڕ تەیارە هات دەستی کرد بە بۆردوومان و دوای ڕۆیشتنی تەیارەکان کۆیان کردینەوە ئەوسا سەردەمی تەیارەی (مێك)ی روسی بوو زیاتر بە (٦٠) تیر بۆمبارانی ئەکرد یا ناپاڵم. بە ڕێکەوتین سەیرم کرد سوارێك بەسواری ئەسپێك بەرەو ڕووی ئێمە دێت، چەند پێشمەرگەیەکیش بە پیادەیی

بەدوایدا دێن، لە یەکێك لە پێشمەرگەکانی ئەوانەی لا خۆمانم پرسی ووتم: ئەو سوارە کێیە؟ وتی: ئەوە عەزیز قازیە. جێگری ئامرهێزە، ئەو کات ئامر هێز (سالح پێ داوی) بوو. چووم بەرەو ڕووی پێشمەرگەکان ڕێگرییان لێ کردم، کاتێك بانگم کرد ووتی بابێت، وتی ها چیت ئەوێت؟ وتم بەڕێز ئێمە سجنین ئەمانبەن بۆ سەرەوە، پێش سەعاتێك تەیارە بۆردوومانی کردین، و ژیانی ئێمە و پێشمەرگەکانیش زۆر لە مەترسیدابوو، هەریەکەمان بەتۆمەتێك گیراوین، من داوا لە جەنابت دەکەم چاو بخشێنە بە ئەو نامەیەی نوسراوە ئەگەر تاوانەکانمان وایە کە قابیلی کوشتن بین بمانکوژن لێرەدا باشترە، خۆ ئەگەرنا لەوە زیاتر ئەزیەتی ئێمەو پێشمەرگەکانیش مەدەن، هەرلەوێدا فەرمانی دا کە بمانگێڕنەوە بارەگای هێز کە لە جافەران بوو، چەند ڕۆژێکی تر ماینەوە دواتر چەند کەسێك هاتن و ناوەکانیان پێ بوو، لەو کاتەشدا بارودۆخی ناوچەی قەرەداغ باش نەبوو، بەرەو خراپی ئەچوو، لە چەند لایەکەوە جاش و جەیش ئەهاتن و بازنەی ئابلۆقە تا ئەهات تەسکتر ئەبووەوە. ناومان خوێندرایەوە کراین بە دوو بەش، لەدڵی خۆمدا وتم: بەخوا چاك خۆم بەدەستی خۆم بەڵام بۆ خۆم سازاند. دواتر بە من و چەند برادەرێکیان وت ئێوە ئازادن بەڵام جاشێتی نەکەن. من هێشتا دەمم گەرم بوو، وتم ئەگەر ئەوانەی (سالە پیر) بە قەڵێك ئەیکردن بە ئەندامی پارتی جاشێتی ئەکەن من جاشێتی ناکەم! ئەگەر نەمرین یەك ئەبینینەوە. وتیان دیارە تۆ زۆر زمانت درێژە، پاش چەند ڕۆژێك پێشمەرگە پاشەکشەی کردو جەیش و جاش و

چەکداری شیوعی هاتن، لەکاتی پاشەکشەدا چەند ئۆتۆمبێلێکی پۆلیس بەجێما کە هاوردبوویان، و چەندەها پارچە چەك و کەل و پەلیان بەجێهێشت، و من گەڕامەوە سەرکۆ بۆ ماڵی خەزوورم لەگەڵ دووبرادەری تر، ١٣ چەکی ماهیرو یانزە تیرمان شاردەوەو پێم وتن کە پێشمەرگە دەگەڕێتەوەو ئەم پاشەکشەیە کاتیە. پاشان چەند چەکدارێکی شیوعی هاتبوون، ئاشکرایە کە حیزبی شیوعی لە ساڵی ١٩٧٤ تا ساڵی ١٩٧٩ هاوپەیمانی حیزبی بەعس بوو تا ئەو کاتەی کەوتە گرتن و ڕاونانیان. ئەو ڕۆژە من لەماڵ نەبووم چەکەکانیان تەسلیم بە شیوعیەکان کردبوو وتبوویان (حەمە ڕەزا)ش چەکی لایە، بانگیان کردم و وتیان تۆ چەکت لایە وتم بەڵێ، کە زانیم دوو براکەی تر تەسلیمیان کردووە ئەو دوو برادەرە نەیانووتبوو ١٣ چەك بە هەمووman شاردوومانەتەوە. بەڵام من پێموتن برام ئەگەر وتویانە ١٤ یان زیاترە ئەوا لای منە ئەگەر نا هەر ١٣ چەك بووە، پاش وتووێژێکی زۆر ئینجا وازیان لێهێنام.

ساڵی ١٩٦٨ وە ١٩٧٤ لەسەر شیوعیەت گیرام، ئەم جارەیان شیوعی محاسەبەی کردم! لەو سەردەمەدا باوکم دوکانی لە قەرەداغ بوو. جوابم نارد بۆ باوکم بەشکو لای حیزبی شیوعی وەرەقەیەکی سەماحم بۆ بکات چونکە ئەو کاتە بۆ ماوەیەك خەڵك بە قافڵە هاتوچۆی دەکرد وە بۆماوەی ٧ حەوت ڕۆژ چاوەڕوانم کرد بەڵام جوابی نەبوو بۆیان نەکردم . هەرچەندە باوکم برادەری (کاك دکتۆر فارس) بوو کە سەرکردایەتی حیزبی شیوعی بوو ژمارەیەك لە لێپرسراوەکانی ئەناسی. بۆیە بەناچاری و بەنهێنی و بەپێ گەڕامەوە بۆ

سلێمانی، من کۆڵم نەدا بەگەیشتنەوەم بۆ سلێمانی  دایکم ماڵی حازر کرد کە بچین بۆ پێنجوێن. لەو سەردەمەشدا بردنی هەندێك كەل و پەل پێویستی بەوەرەقە هەبوو بۆ بازگەکان بۆ ناوچەی کانی پانکە، چونکە ئەو ناوە ئازاد بوو و پێشمەرگەی لێبوو. بۆیە چووم بۆ لای (حاجی عەلی نەمەڵی)  برای (کاك مەجید و کاك عەبدوڵلا ) بوو کە هەردووکیان کادری حیزبی شیوعی بوون ئەویش بەناوی عەبدوڵلای برایەوە پسوڵەیەکی کردبوو گوایە هەندێك کەلوپەلی بۆ ئەبات بۆ دەربەندیخان. پاش دوو ڕۆژ پسوڵەی کردو دایکم کەلوپەلەکانی بردبو لە (بێستان سوور) دایگرتبوون دواتر چوو بوون بۆ کانی پانکە. ئەبوایە خۆشم لە سلێمانیەوە بە پێ بگەمە لایان. بەیانی زوو ڕێکەوتم بەنهێنی و لا ڕێگەدا عەسر گەیشتمە کانی پانکە ئەوان لەوێ چاوەڕوانی من بوون و بەرەو (سەیدسادق) بەڕێ کەوتین  بە سەیارە  لە سەیدسادق  چاوم بە (کاك حسێن ویلەکەیی) کەوت، پاش چاك و چۆنی سەیارەیەکی بۆ گرتم و چوینە پێنجوێن، چەند ڕۆژێك لەوێ ماینەوە، دواجار چووم بۆ لای خوالێخۆش بوو (محێدین ڕەحیم) ناسراو بە هەڤاڵ جوجەڵە، چونکە بەهۆی (نورەدین)ی برایەوە هەموو خێزانەکەیانم ئەناسی و هاتوچۆم ئەکردن، لەوکاتەدا خەڵك ئەبرا بۆ ئۆردوگای سەولاوە وە باوکی (محەمەد ڕەحیم) لێپرسراوی ئۆردووگاکە بوو. هەرچەندە وەرگرتن لە ئۆردوگاکە زۆر کەم بوبوەوە ، بەلام بەهۆی مام ڕەحیم کە باوکی کاك محەمەد بوو سەیارەیەکمان گرت و چوینە سەولاوە و لە چادرێکدا جێ نشین بووین، و ماڵی دوو خوشکم

لەوێ بوون خوالێخۆش بوو (حاجی قادر باوکی شەهید جەمال) و (سالح سلێمان) کە مامی خێزانەکەم بوو. هەردووکیان پۆلیس بوون و ڕایان کردبوو. پاش چەند مانگێك گوازراینەوە بۆ (ئۆردوگای کامیاران) کە لەوێ لە خانوودا بووین و وەزعمان خۆشتر بوو. لە (ئۆردوگای کامیاران) چەند برادەرێکی خۆشەویستم لەوێ بوون لەوانە (کاك عومەر غەریب و جەبار غریب و ڕەوف غریب) وە ئۆردوگای کامیاران لەو کاتەدا (مامۆستا حسێن) لێپرسراوی ئۆردووگا بوو. بۆ تەنزیمکردنی ئۆردوگا کە چەند کەسێکیان دانا بەناوی (انضباط) منیش یەکێك بووم لەو کەسانە بەڵام من دانرام بۆ بازگەی ناو شاری کامیاران کرماشان بۆ ئەوەی ڕێگری بکەین لە کوردەکان و پێشمەرگە نەچنە (توکل ئاباد). کە لەنزیك کرماشان بوو لەوێ ماینەوە لە بەهاری ١٩٧٥ شۆڕشی کورد هەرەسی هێنا بەهۆی ڕێککەوتنی عێراق و ئێران لەسەر تواندنەوەی شۆڕشی کورد، ڕێککەوتنەکەش لەنێوان (شای ئێران و سەدام حسێن و هاواری بۆمیدییەن) سەرۆك کۆماری ئەوسای جەزائیر. لەگەڵ ئەمەشدا کۆمەڵێك کەموکوڕی و عەشرەت و عەشرەتگەری و ناڕێکوپێکی شۆڕش و بێ سەروبەری پشت بەستن تەنیا بە هاوکارییە دەرەکییەکان. دوای ئەو هەرەس و نەمانی شۆڕشە خەڵك و پێشمەرگە زۆر سەرگەردان بوون و ، خەڵك و پێشمەرگەم ئەدی ئەگریان و هات وهاواریان بوو، لەو کاتەدا (کاك عومەر غەریب)م بینی و وتی با بگەڕێینەوە یەکترئەبینین.

کاك عومەر پیاوێکی گەورەو خۆڕاگر بوو. خەڵك بوون بە سێ بەش، بەشێکی زۆری بەرەو کوردستان ئەگەڕانەوە، بەشێکی تریشی لە ئێران نیشتەجێ بوون، ئەوەشی مایەوە بەرەو هەندەران، ئەم بەشەی بەشە کەمەکە بوو، من کەمێك دواکەوتم، باوکم و خوشکە گەورەکەم هاتن بۆ کامیاران بۆ لام، بۆیە دواجار بڕیارمدا بگەڕێمەوە بۆ سلێمانی، بۆیە لەگەڵ ماڵی (ساڵح)ی زاوام سەیارەیەکمان گرت تا ئەو بەر ئاوەکەی باشماخ، لەبەرەی (پێنجوێن)یش سەیارە وەستا بوو لۆری بارهەڵگرو سەربازی عێراقی لێ بوو، و هەر چەندماڵێك ئەخرانە ناو سەیارەیەك و بەرەو سلێمانی ئەبران بۆ مەلعەبەکە. بەڵام یەك یەك پیاوەکانیان بانگ ئەکردوتحقیقیان لەگەڵ ئەکردن، ئێمە و سێ ماڵی هەولێری خرانە لۆرییەکەوە کە ڤاڵڤۆیەکی لۆری بوو سایەقەکەشی عەرەبی موصڵاوی بوو، باوکم عەرەبیەکەی زۆر باش بوو، وتم بەشکوم قسەی لەگەڵ شۆفێرەکە بکەیت و بەهەندێك پارە ڕازی بکەیت کە نەمانبات بۆ مەلعەبەکەو لە ڕێدا لە گەڕەکی خەبات کە ماڵمان لەوێ بوو دامان ببەزێنێ، ئەویش پێنج دیناری دابوویە ڕازی کردبوو لەبەر ماڵی خۆمان لەگەڵ ماڵی خوشکەکەم دایبەزاندین، و لەو موشکیلەیە دەرباز بووین، دوای هاتنەوەم بێکاربووم تەنها جار جار کرێکاریم ئەکرد، من (سەعید بەگ)ی تاپۆم ئەناسی کە ئەوسا مودیری تاپۆی سلێمانی بوو، هاوبەش بوو لە یانەی فەرمانبەران، بۆیە لەو یانەیە بووم بە باخەوان و لەوێ کارم ئەکرد دواتر گەڕام بەشوێن (کاك عومەر غەریب)دا تا لە مانگی( ٥ ی ١٩٧٥ )دۆزیمەوەو ماڵیان لە بەکرەجۆ

بوو، ئیتر پاش ٢ ـ ٣ سەعات پیاسەکردن و باسکردن (**کۆمەڵە**)ی پێ ناساندم، هەر لە ١٩٧٥ وە بومە لایەنگری (کۆمەڵە)، کاك عومەر لە پشتگیریەکەدا بەدرێژی باسی لێوە کردووە، کاك عومەر پیاوێکی زۆر شارەزا بوو لەبواری رێکخستن و کاری رێکخراوەیدا. زۆر بە وریایی کاری لەگەڵ دەکردین لەو هەلومەرجە ناسکەی دوای هەرەس. خەڵکی زۆری ئەناسی لە سلێمانی و پێنجوێن و هەڵەبجەی شەهید، لەبیرمە کاتی گیرانی (**خاڵە شەهاب**) و هاورێکانی و تەسلیمکردنیان بە بنکەی پۆلیسی بناوەسوتە زۆر نارەحەت و دلگران بوو، ووتی ئەگەر زووتر بەمنیان بووتایە رەنگە بمتوانییایە بەهۆی ناسینی هەندێك لە پۆلیسەکان بەرم بدانایە، چونکە لەو کاتەدا نەزانراو بوو کە ئەو گیراوانە کێن و وەك هاولاتییەکی ئاسایی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا ئەکرا.

من رۆژی ١٩٧٦/٦/١٧ لەکارگەی شەکر دامەزرام وەك کرێکار، بۆیە لە ساڵی ١٩٧٦ دا شەرەفی ئەندامییەتی کۆمەڵەم پێ بەخشرا، پاش خوێندن و شارەزابوونم لە زۆر لایەنی رێکخراوەی کۆمەڵەدا و پاش تاقیکردنەوە بوومە ئەندامی کۆمەڵە. دوای دروستبوونی کۆمیتەی هەرێمەکان لە کۆمیتەی یەك کارمان دەکرد لە کەرتی یەك. دواتر لە (کەرتی شەهید جەماله رەش)، من لە یەکەم پەیوەندیم لە ساڵی ١٩٧٥ تا چونە دەرەوەم ١٩٨١ (کاك عومەر غریب) لێپرسراوم بوو، لە ساڵی ١٩٧٦ کاك حسێن و پلەکەی پێ ناساندم کە پیاوێکی زۆر دڵسۆز بوو یەکێك بوو لە کۆنە جەلالیەکان، دواتر لەگەڵ (کاك عەدنان شاسوار) لە هەمان ساڵدا لەیەك شانەدا بووین، سەرەتا ناوی نهێنی بە ژمارە

بوو دواتر کرا بە نازناو. یەکەم کەس کە پەیوەندیم پێوە کرد (محەمەد ئەمین حاجی عەلی) بوو کە خەڵکی بەکرەجۆ بوو لەکارگەی شەکر کرێکار بوو، پیاوێکی ئازاو لێهاتوو نهێنی پارێز بوو، دواتر لە ساڵی ١٩٨٠ بوومە ئەندام کەرت و پۆلێکی باشمان لەبەکرەجۆ هەبوو ئەو سەرپەرشتی ئەکرد، بەداخەوە ساڵی ١٩٨٢ چوو بۆ سەربازی لەسەیارە وەرگەڕا بوو کۆچی دوایی کردبوو ، دواتر بوومە ئەندامی شانەی سەرەکی و لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٦ دا کاك عومەر ئەم هەڤاڵانەی پێ ناساندم، (سەید عەبدوڵڵا باراوی) کە لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سید صادق کاری ئەکرد، پیاوێکی زۆر نەترس و نهێنی پارێز بوو.
خوالێخۆش بوو (شێخ ساڵح) کە دوکانی بایعی هەبوو بەرامبەر نەخۆشخانەی ناوەڕاستی کۆن و دواتریش وەك ئەندام کەرت لە کۆمیتەی دووی کاسبکاران کاری ئەکرد، پیاوێکی چاك و دڵسۆز، و پیاوێکی تر کە زۆر دڵسۆز بوو ناوی (مام حاتەم) بوو دوکاندار بوو لە بەکرەجۆ لەم دواییانەدا وەك بیستم دوو کوڕی شەهید بووە ، یەکێکی تر (حاجی حەمە فەرەج) و (کاك عوسمان عەسکەریی) کە دوو پیاوی بەهیمەت و چالاك و دڵسۆز بوون لەو سەردەمەدا و هەردووکیان ماڵیان لە گەڕەکی خەبات بوو، من خۆیشم هەر لەو گەڕەکە بووم . دواتر (حەمە کوردستانی) باوکی شەهید بەختیار کە پەیوەندییان بە سەید عەبدوڵڵاوە هەبوو. بەگشتی ئەو خێزانە خێزانێکی زۆر شۆڕشگێڕ بوون و دوو کچی بە ناوەکانی (شلێر و بێخاڵ) کەزۆر ئازاو چاونەترس بوون. پاش ماوەیەکی تر لە ساڵی ١٩٧٧ دابوو کاك عومەر زۆر بڕوای بە من بوو بۆیە زۆر

بایەخی پێ ئەدام و ئەویست پێش بکەوم، ڕۆژێك بە پێکەنینەوە بە خۆشییەوە پێی ووتم کۆمەڵێك خوێندکاری زانکۆ پەیوەندیان پێوە کردووم با لە پۆلەکەی تۆدابن زۆر ئاگاداریان بە، ئەو هەڤاڵانەش :

١- کاك فازیل ژنبرایی کاك ئەحمەدی زەڕەنگەر کە ناسرابوو بە (زانا)

٢-هاوڕێ جەبار (زمناکۆ)

٣-جەلال وەستا کەریم(خەلات)

٤-هاوڕێ وریا سور

کە لە زانکۆ کاری ئەکرد لە چاپخانەی زانکۆ زۆر شتی بۆ چاپ ئەکردین و هاوکارێکی باش بوو بۆ ئەم پۆلە خوێندکارە بۆ ئەوسەردەمە زۆر گرنگ بوو وە ئەم هاوڕێیانە زۆر دڵسۆز و خۆڕاگر بون و هیوایەکی باشیان بەمن بەخشی. لە دوای ساڵی ١٩٧٦ ـ ١٩٧٧ ڕژێم کەوتە داگرتن و ڕاگوێزانی دێهاتەکانی کوردستان بۆ ئەوەی شوێنی پێشمەرگە کەم بکاتەوەو هاوکاریی بۆ ئەوان نەهێڵێت، لە لایەکی ترەوە بۆ ئەوەی دێهاتیەکان لە ئۆردوگا زۆرەملێکاندا نیشتەجێ بکات و دەستەمۆیان بکات. ئا لەوکاتەدا کەوتینە بەیان هەڵواسین و دیوار نوسین، نیوەی گەڕەکی خەبات و جادەی (سەرکارێز) لای دواناوەندی کوردستان و تا ئەگاتە بەرخانەقا بۆ مەبەستی نوسین و بەیان هەڵواسین ، بۆیە لە سێ شانەوە دوو دوو بانگم دەکردن ، واتە ٦ کەس بۆ ماڵی خۆمان و بۆ ئەوەی یەك نەناسن، ڕوپۆشم بۆ کردن بۆ ئەوەی سەروچاوی یەکتر نەبینن،

تەنها ئەو دوانە نەبێت کە لە یەك شانەدان. وە لەدوای نیوەشەویش ئەوانەی دوو دوو یەکتریان ئەناسی دابەشم کردن بۆ نوسین و دوای تەواو بوونیشیان دوو دوو بیّ ئەوەی یەکتر ببینن ڕەوانەم ئەکردنەوە. دوای شەهید بوونی (بورهان مستەفا مەعروف) لە ڕاگەیاندنی یەکێتی بە بۆردوومانی فڕۆکە لەسەرکردایەتی، کە برای (شێخ نوری) بوو، کەرتەکەمان ناونا کەرتی (شەهید بورهان) کە ساڵی ۱۹۷۹ بوو. دواتر کەرتەکەمان زۆر فراوان بوو، بۆیە ساڵی ۱۹۸۰ کردمان بە دوو کەرت، کەرتی شەهید بورهان کە (شێخ نوری) سەرپەرشتی ئەکردو کەرتی شەهید دلێر من سەرپەرشتیم ئەکرد، جیا لەو دوو کەرتەش کەرتی شەهید کرێکار بوو کاك سەلاح سەرپەرشتی ئەکرد. ئەو کەرتانە ڕێکخراوێکیان پێك ئەهێنا کە کاك عومەر غریب سەرپەرشتی ئەکرد. ئێمەش ئەندامی ڕێکخراو بوین. بۆ مێژوو ئەینوسم  کاك ئەحمەدی زەڕەنگەرو کاك شێخ کەمال زەڕەنگەر بووبوونە بانکی کۆمیتەی یەك و غەیری ئەوەی کە ئەندامی کۆمەڵەش بون و دوکانەکانیشیان بووبوونە شوێنی یەکتربینین، مەترسی زۆریان لەسەربوو وەك بارەگای نهێنی لیّ هاتبوو. چی پارەیەکمان پێویست بوایە بۆ شار یان شاخ لەو دوو برادەرە دڵسۆزە ماندوو نەناسە وەرئەگیرا زۆرجاریش بە کەم و کوڕی ئەدرایەوە. کاك بەهزاد کە ئەویش دوکانی زەڕەنگەری هەبوو پەیوەندی بەو کەرتەی منەوە هەبوو، زۆرجاریش ئەچوومە دوکانەکەی و ڕاپۆرتی بەزمانی عەرەبی ئەنوسی، و پیاوێکی تری ماندوو نەناس و خۆڕاگرو بەهیمەت و سەدان کۆبوونەوەمان لەماڵیان ئەنجام

داوه، ئەویش کاك (ئەحمەد عەوێز) کە لەو سەردەمەدا ژنی نەهێنابوو دایکی و خوشکێکی لەگەڵیا ئەژیان، بەڕاستی ئەوانیش زۆر وره بەرزو بەهیمەت بون، بەوردی چاودێریان ئەکرد لەکاتی کۆبوونەوەکاندا. هەرسالّی ﴿١٩٨٠﴾ بوو (**حەمەجەزا**)ی گۆرانی بێژ فەرمانی گرتنی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بۆ دەرکرا و هاتەوە سلێمانی لەماڵی خوالێخۆش بوو (محمد کوردستانی) خۆی شاردەوە و ڕێکخراوی سلێمانی ئاگاداریان کردم کەچارەسەرێکی بۆ بدۆزمەوە بۆ بردنە دەرەوەی بۆ ناوچەی (قزلەر). منیش بە جێبێکی لاندلۆڤەری خەتی بەکرەجۆ ـ سلێمانی کەشۆفێرەکەیم ئەناسی پێم وت، وتی زۆر باشە کراس و پانتۆڵێکی لەبەرکردو وێنەیەکی سەدامم دا لەگیرفانەکەی و ٢ فەردە دەرمانیشم خستە ناو جێبەکەوە. کاك حەمەجەزا زۆر ترسا شۆفێرەکە وتی مەترسە لەڕێیەکی باشەوە دەڕۆین تەنها یەك شوێن هەیە کە کەمینی لێبێت هەرسێکمان سەرکەوتین و بەڕێکەوتین لەشێرکوژەوە بەرەو دۆڵەڕووت لەوێشەوە بەرەو قزلەر، باش بوو تووشی هیچ کەمینێك نەبووین بەسەلامەتی گەیاندمە ماڵی (کاك کەریم سلێمان) کە برادەری خۆی بوو پیکاپێکی سووری هەبوو ئیتر من گەڕامەوە.

کاك مەلا ئەحمەدی دەلوجە ساڵی ١٩٧٧ پێم وت بۆ ئەوەی پەیوەندی بکات بەڕیزەکانی کۆمەڵەوە ترسم لێی نەبوو، چونکە خزمم بوو هەم زۆر برادەرم بوو بەلاّم لەو سەردەمەدا ڕەتی کردەوە وتی زۆرمان لە پارتی سوود وەرگرت نۆرەی یەکێتییە. دواجار زانیم کە لەگەڵ کاك( ئەحمەد عەوێز) لە

(نەهێشتنی نەخوێندەواری) ئەخوێنن، بۆیە بە کاك (ئەحمەد عەوێز)م وت کە کاك مەلا ئەحمەد پیاوێکی زۆر چاکەو ترست لێی نەبێ و ورده ورده قسەی لەگەڵ بکە، دواتر توانیبووی قەناعەتی پێبکات. یەکێکی تر کە لەدوای ١٩٧٩ پەیوەندی بەمنەوە هەبوو (شێخ عوسمان هەڵەدنی) بوو، لە برادەرەکانی عاجز بووبوو دواتر منیان نارد بۆ لای و قەناعەتم پێکرد تا هاتنە دەرەوەمان بۆ پێشمەرگایەتی. شێخ عوسمان کە لە کۆنەوە پەیوەندی هەبوو. یەکێکی تر لەو پیاوانەی ئەبێت باس بکرێن ئەوی(ش کاك شێخ کەمالی برای شێخ جەمال) باخچەیی، کە پۆلیس بوو پەیوەندی بە ئێمەوە بوو چەندین جار ناسنامەی پۆلیسی بۆ ئەو برادەرانەمان ئەکرد کە ئیشی ناو شاریان ئەکردو چالاکییان ئەکرد، زۆر جار دەمانچەکەیشمان بەکار ئەهێنا، و کچێکی برازای کاك شێخ کەمال و شێخ جەمال لە زانکۆ بوو ئەندام پۆل بوو لەکەرتەکەی من. پۆلێکی گەورەشمان هەبوو لە بەکرەجۆ کە (حەمەئەمین حاجی عەلی) سەرپەرشتی ئەکرد، پۆلێکی چالاك بوو. وەك لەپێشەوە ئاماژەم بۆ کرد.

ڕۆژێك کۆبوونەوەی ڕێکخراومان هەبوو لە ماڵی کاك سەلاح، من و شێخ نوریش سواری تەکسییەك بووین و بەرەو ماڵی کاك سەلاح بەڕێکەوتین ، و ڕاپۆرتی مانگانەشمان پێ بوو دەستمان کرد بە قسەکردن ، من لە پێشەوە سوار بوو بووم لای خاوەن تەکسییەکە، تەماشام کرد دەمانچەیەك لەبەردەمییا بوو، تێگەیشتم کە پیاوی حکومەتە، بۆیە دەستم برد بۆ دواوە بەدزییەوە ئاگادارم کردەوە کە قسە نەکات، لەبەر ئەوە دوو کۆڵان پێش ماڵەکە داوای دابەزینمان

کـرد وەرزگارمـان بـوو دواتـر بـۆ کـاك عومـەرم گێڕایـەوە، زۆر بـە حـەزەرەوە کۆبوونەوەکەمان تەواو کرد، باش بوو هیچ ڕووی نەدا.

لە ساڵی ١٩٧٩ ش توشی مەترسییەکی گەورە هاتم کاتێـك لـە مـاڵی کـاك عومـەر ١٢٠ بـەیانم پـێ بووخسـتبوومە پشـتم و جلـی کارگـەم لەبـەردا بـوو شەکراویی بوو، بەپێ ئـەهاتم و کاتێـك گەیشـتمە فولکـەی مـەلا کـەمال بـەرەو گـەڕەکی خـەبات سـەیرم کـرد ئـەو نـاوە هـەمووی عەسـکەر بـوون کـە (مـلازم موحسین)یشی تیابوو. بانگی کردم چووم بۆ لای، گیانم هەر شەکر بـوو، داوای ناسنامەی لێکردم، هەویەی کارگەم دایە، داوای دەفتەری نفوسی لێکردم دامـێ، دواتـر داوای دەفتـەر خدمـەی عەسـکەری لێکـردم. پـێم وت پـێم نییـە، وتم: (سیدی انت مو تجنید) یەك زللـەی قـایمی لێـدام چاوم بروسـکەی لێـدا، وتـی: (روح گەواد ابن گەواد)، لـەدڵی خۆمـدا وتم بـەقوربانی زللـەو جوێنەکـەش بم، ڕام کردو ڕزگارم بوو ڕۆیشتم، ئێستاش ئەو زللەیەیم لەبیر ناچێت.

پاشـان خـەباتی شـارو شـاخم لـە ١٩٨١ بەسـتەوە بەیەکـەوە و چـومە هـەرێمی ٥ ی قـەرەداغ، چـوومە دێـی مێـوڵی و (دلاوەری ئەحمـەد مەجیـد) و (شـێخ کامیـل)م دی. لـەکاتی چـوونە دەرەوەمـان لەگـەڵ (کـاك عوسمـان عەسکەری) دوو سندوق فیشەك و نزیکەی ١٠ ڕوومانەمان لەگەڵ خۆمـان بـرد کە لـە مـاڵی کـاك (ئەحمـەد عـەوێز) دامنـا بـوو بـە سـەیارەکەی کـاك (حسێن وێلەکەیی) بردینی تا پشتی عـەزیزئاوا، ئـەو ساڵەش بـەفرێکی زۆر بـاری بـوو

لەنزیك قازان قایە بووین ، جاش لەسەنگاو و بازیانـەوە هـاتبوون، وە ئێمـەش خۆمان حەشار دابوو، بۆ ئـەوەی ئەگـەر شـەڕیش ڕووی دا دەمـەو ئێـوارە بێـت لەترسی کۆپتەر، ئەوەی یادم بێت (کـاك شـێخ جەعفـەر و کـاك دلاوەر و کـاك ئـەنوەر دۆلانـی و کـاك شـێخ کامیـل) ئامـادەبون و نزیکـەی ٣٠ پێشـمەرگە ئـەبووین، مـن و عوسمـان هێشـتا چـەککمان وەرنـەگرتبوو چـونکە نامـەی ناوەندی کۆمەڵەم پـێ بـوو ئـەبوو بچووما یە بـۆ ناوەنـدی. باشـبوو شـەڕ ڕوی نـەداو پێشـمەرگە بـلاوەی لێکـرد مـن لەگـەڵ عوسمـان عەسـکەری و چـەند پێشمەرگەیەك بـەرەو دێـی تەنگیسـەر ڕۆیشـتین بـارانێکی زۆر بـوو، چـەمەکە هـاتبوو، کاتێـك لـە ئاوەکـە ئەپەڕینـەوە تاکێـك پـێلاوم ئـاو بـردی و بـۆم نەگیرایەوە تا گەیشتینە گوندەکە یەك تاك پێلاوم لە پێدا بوو، دواتر جوتێك پێلاوم پەیـدا کـرد. چوینە ماڵێـك لـە دەرگـام دا وتم ماڵەکـە میوانتـان هەیـە، کاتێك بینیم پیرەژنێك هات بـەرەو ڕوومـان وتـی: تـەرەماشمان هەیـە ، زسـتان بـوو بـەفر لەئـەرزا بـوو دەردی حـەیوان و برسـێتی حـەیوانی زۆری کوشـتبوو لەسەرە نوێلکەکە چەند حەیوانێك مردار ببوونەوە هی ئەم ماڵـە بـوو، چـەند حـەیوانێکی تریشـیان لـە ماڵـەوە بـوو نـەخۆش بـوون ، بۆیـە وا بـە تـوڕەیی وەلامی داینـەوە، منـیش بـە پێکەنینـەوە وتم پـورێ گیـان بـەم زسـتانە مـادەم تەڕەماشتان هەیـە بـەخوا دێمـە ماڵـەوە نـاڕۆم. چوینە ماڵەوە دەسـتمان کـرد بـەهاوکاریکردنی دارشـکان و زۆپـا داگیرسـان، دواتـر پـورێ کـەمێك هاتـەوە سەرخۆی، و کۆمەڵێك قسەی خۆشم بۆ کـرد دەسـتی کـرد بـە پێکـەنین و وتـی

بەخوا تۆ لە کوڕی بێوەژن ئەچی بۆیە ئەوەندە ئەزانیت، دواتر نەیهێلا بۆ ئێوارەش بڕۆین و مریشکی بۆ سەربڕین و خزمەتێکی باشی کردین. دواتر داوام کرد مەفرەزەیەك ڕێکخراو چەند کەسێکی وەك ئێمەش ئامادەبووین بەرەو سەرکردایەتی بەڕێ کەوتین، بەفرێکی زۆر باریبوو لە ڕاستی (قولەرەسی) پەڕینەوە، شێخ زاهیر برای شێخ کامیل شارەزا بوو. لەبەرواری ١٣ / ٢ / ١٩٨٢ (کاك شێخ محمد)یشمان لەگەڵدا بوو پێش کەوتبوو، کە گەیشتینە نزیکی جادە چەند کەسێك لەپێش منەوە بوون و وتیان دانیشن ، منیش و ئەوانەی لەدوای منیشەوە بوون دانیشتین، نزیکەی نیو سەعات ماینەوە، تومەز ئەوانی تر لە جادە پەڕیونەتەوەو ئێمە بەجێ ماوین، ئەوانەی پێش من ئاگادار نەبوون کە پەڕیونەتەوە، کاتێك لەوبەر سەیر دەکەن ئێمەیان لەگەڵدا نین، دواتر چەند کەسێك گەڕانەوە بەدوامانداو ئێمەش پەڕینەوە بەرەو سەرکردایەتی لە(سەفرەو زەرون)ەوە دواتر بەرەو (هەرزنە). ئەبوایە بەسیم لەزێکە بپەڕینەوە لەبەری کوردستانی خواروو بۆ کوردستانی ڕۆژهەلات. دوو دوو ئەچوینە ناو بێشکەیەك و بەحەبل هەردووکیان ئەبەستین و لەوبەر واتە بەری ئێران ڕایان ئەکێشاین و ئەپەڕینەوەو ئەو خەتە یەکسەر ئەچووە دێی هەرزنە، ئەو ڕێگەیە ڕێگەی بازرگانیش بوو شتیان لێ دەپەراندەوە لەمبەر بۆ ئەو بەرو بەپێچەوانەوە. من کۆڵێك کتێب و دەرمانم پێبوو لە جانتایەکی بچوکدا لە (بێتووش) شەوێك ماینەوە، بەیانی بۆ نان خواردن دابەش بووین، چوینە ماڵێك من

تەنها یەك چام خواردەوەو ژنی خاوەن ماڵەکە زۆرم لەگەڵ خەریك بوون کە چای تر بخۆمەوە بەڵام من زۆر حەز لە چا ناکەم و نەم خواردەوە، ژنەکە دیاربوو عاجز بوو ووتی: بەخوای دوێنێ پیاوێکی زۆر باش میوانمان بوو ٩ چای خواردەوەو نەیوت بەزیاد بێت. دواتر بەرەو (بێوران) ڕۆیشتین و چوینە ماڵێك لەگەڵ (کاك عوسمان عەسکەری) ، منداڵێك سەری شکابوو ئیلتیهاباتێکی زۆری کردبوو. منیش بۆم پاککردەوە دیتۆڵم پێ بوو لە شوشەیەکی بچوکداو چەند دەنکە حەبێکی ئیلتیهابم پێدا کە وتم هەرجارێك لەتێکی بدەنێ. ڕۆیشتین تاگەیشتینە ناوەندی کۆمەڵەو تازە شەڕەکەی (قازان) بوو بوو کە شەهید (ئەنوەر حەسەن) و هاوڕێکانی شەهید بوو بوون. ئەو ڕووداوەش بۆ ئەو سەردەمە کارەساتێکی جەرگبڕ بوو. دواتر(**مام جەلال**) بانگی کردین، ئەو کات لە ڕێ لەگەڵ (کاك عومەر غەریب و شێخ کەمال و شێخ ئەحمەد و جەلال دیموکرات و کاك شێخ ئەحمەدو کاك بەهزاد) یەکمان گرتەوە، (**مام جەلال**: ووتی زۆرم پێخۆشە کە کۆمەڵێك کادری وەك ئێوە هاتوونەتە دەرەوە بۆ هۆشیار کردنەوەی پێشمەرگەو جەماوەری ناوچەکە، و زۆریشم پێناخۆشە ، لەلایەکی ترەوە کە ڕێکخستنەکان لێیان گیراوەو توشی شەلەل بوون).

لە ساڵی ١٩٨٢ بڕیار درا هەرێمەکان بکرێنە تیپ و سنورەکانیان جیا بکرێنەوەو سنوری هەر تیپێك کەرتێکی ڕێکخستنی بۆ دیاری بکرێت. کەرتی ڕێکخستنی قەرەداغ کاك (کەمال عەلی) بۆ دیاری کراو منیش وەك ئەندام

کەرت دیاری کرام . کاك عوسمان لە سەرکردایەتی توشی نەخۆشی گرانەتا بوو لە نەخۆشخانەی (قوڵە هەرمێ) نزیکەی هەفتەیەك مایەوە، لەوکاتەشدا دوو پێشمەرگەی برینداری شارەزووریان هێنا بوو کە هەردووکیان ناویان ئەحمەد بوو.( ١- ئەحمەد سویلەمیش و ٢- ئەحمەد شوان) کە دوو پێشمەرگەی قارەمان بوو لە ١٩٨١ لە شەڕدا بریندار بوو بوون. عوسمان بارودۆخی زۆر خراپ بوو خەوی نەبوو من بەدیاریەوە بووم، شەو زۆرم خەو ئەهات پەنجەی ئەکرد بەچاوما بۆ ئەوەی نەخەوم، پاشان وردە وردە بەرەو باش بوون ئەڕۆیشت و لە نەخۆشخانە دەریان کرد. دوو بە دوو کەوتینە ڕێ بەرەو قەرەداغ دوای ئێمەش کاك (کەمال عەلی) کەوتبووە ڕێگا بەرەو قەرەداغ، لە ڕێگادا زۆرم پەلە ئەکرد بۆ ئەوەی زوو بگەڕێمەوە، هێشتا وەزعی کاك عوسمانیش زۆر باش نەبوو، هەرچۆنێك بێت نزیك سلێمانی بووینەوە و لە ڕاستی (قولەڕەسی) ویستمان بپەڕینەوە، عوسمان لەسەر جادەکە خۆیدا بەزەویداو وتی ناتوانم بڕۆم بەجێم بهێڵە، شەویشە لەوسەر جادەیە سەیارە دێت و دەڕوات بەس لایتەکان دیارن، نازانی سەیارەی عەسکەرییە یان نا، بۆیە بەناچاری بەخێرایی ڕامکێشا تا گەیاندمە ئەو دیوو جادە لە ڕاستی (بەکرەجۆ)و ناو دارستانەکەو هەرچۆنێك بێت هەندێك ئاوم بۆ پەیدا کرد، پاش حەسانەوە بەڕێکەوتین چەکیشمان پێنەبوو من تەنها دوو ڕوومانەم بە نیتاقێك لە پشتا بوو. پاشان ڕێککەوتین و ئەو شەوە چوینە جێشانە مالی کوڕێکی برادەرم لەوێ بوو. لە ئازاری ١٩٨٢ کەرتی ڕێکخستنی قەرەداغ

دروستکراو هەرێمی ٥ گۆڕرا بـەتیپی ٥٥ ی قـەرەداغ. مـن لـەو بـەروارەوە واتـە بەهاری ١٩٨٢ بومە ئەنـدامی کـەرتی قـەرەداغ و لێپرسـراوی پـۆلی شـارەزوور. سـنوورەکە لـە (زرگـوێز)و (گوێزەڵـە)وە بـەو بنـارەدا تـا سـنوری (بیرکـێ و سێدارەو چنارەو تـا قـەرەگۆل و عەربـەت و زەڕایـەن و نەسـرو باریکـە) و لـەو سنورەشدا کەرتێکی سەربازی بـەناوی کـەرتی ٢ ی شـارەزوور کـە کـادری ئـازاو چـاونەترس و دڵسـۆز (شـەهید حەمـە سـەعید حـاجی غـەریب سـێتەڵانی) لێپرسراوی بوو، پیاوێکی هەتا بڵێی عاقڵ و گونجاو بوو لە گەڵمدا، و نزیکەی ٦ ساڵ لەو سنورەدا بەیەکەوە بووین. (کاك ئاسۆ قەڵەو) ئەنـدام پـۆل بـوو لای مـن کـورێکی ڕووخـۆش و چـالاك بـوو وەدوای ئـەو (کـاك ئـازاد فازیـل) وەك ئەندام پۆل هات کادرێکی چالاك و ماندونەناس بوو.

لە ڕۆژی ١٩٨٢/٦/٢٤ لە ٦ شەشی بەیانییـەوە تـا پێنجی ٥ ئێـوارە شـەڕ ڕووی دا لەو بنارە دا کە لە (کانی هەنجیر)و هەردوو (کۆرە)و تـا (ئاوەکەڵـە)شـی گرتەوە، کە جاشێکی زۆرو سەربازێکی زۆر هاتبوون، لەدوای نیوەڕۆوە شـەڕەکە زۆرگەرم بوو، زۆربەی دەغڵ و دانی ئەو نـاوەش بـەهۆی تەقـەو هاوەنـەوە گـڕی گرت. لـەو شـەڕەدا کـاك مـەحمود سـەنگاوی و شـەهید حەمـە سـەعیدو شـەهید شـاهۆ و عەبـدوڵڵا دسـکەرەیی و جەمالـە سـورو شـەهید مـام والـی و چـەند فەرماندەیـەکی تـری ئـەو کەرتـە بەشـداربوون، شـەڕێکی دەسـتەو یەخـەو نابەرامبـەر لـەڕووی ژمـارەو چـەك و تەقەمەنییـەوە، لـەو شـەڕەدا ڕەشـاش بڕنەوێکمان هەبوو قەباغی تیا پچڕا، بەڕاسـتی ئەگـەر سـەیرت بکردایـە سـەرت

سورِ ئـەما لـە قارەمـانێتی ئـەو فەرمانـدە و پێشمەرگانە، کـە چۆن بـەرەنگاری هێزێکی گەورەو پـڕ تفـاقی داگیر کـەران ئەبوونـەوە، کاتێك شـەڕ کۆتـایی هـات ئێمە دوو شـەهیدمان هـەبوو: ١- شـەهید عـەلی عومـەر کـە لێپرسـراوی مالیـەی کـەرت وبـوو. پـاش ٢٠ سـەعات بـە برینـداری لـە مـاڵی خۆمـان لـە دێـی دووکـان گیـانی سـپارد، هەرچـەندە دکتـۆر یاسـین زۆر هـەوڵی لەگەڵداو فیشـەکەکە بـەر سەری کەوتبوو، گشت دەمارەکانی سەری بڕیبوو و دکتۆر بـۆی دووریـەوە بـەڵام بێسوود بـوو، چـونکە برینەکـەی زۆر ترسـناك بـوو. پـاش شـەهید بـوونی، مـام عومەری باوکی تراکتۆرێکی هێناو برایەوە دێی کانی هەنجیر و لەوێ بـەخاکمان سـپارد، پاشـان کـوڕێکی بـەناوی کامـەران بـۆ گـەل و نیشـتیمان بەجێهێشـت. و شـەهید عـەلی بـرای شـەهیدی هـەرگیز نـەمر مامۆسـتا سـتار بـوو لـەکاتی ١٩٩٦/٨/٣١ لـە لایـەن پارتییـەوە لەگـەڵ شـەهیدانی نـەمر ئەمجـەد حـاجی غـالی بـرای کـاك حامیـد ئەحمـەد سویلەمیشـی وەك وتـرا بـە چـەقۆ شـەهیدیان کردبـــــوون، زۆر بەشـــــێوەیەکی ناشـــــرین و نامرۆڤانــــــە.

٢- شەهید ڕەفیق باریکەیی کە تەمـەنی ١٧-١٨ سـاڵ بـوو، گـەنجێکی زۆر ئـازا بـوو چاو نەترس بوو، هەفتەیەك پێش ئەوەی شەڕ ڕوو بدات بەیەکـەوە چووین بـۆ ماڵیـان ، لـە گەڕانـەوەدا دایکی وتـی حەمـە ڕەزا توخـوا ئاگـات لـە ڕەفیـق بێـت چـونکە منداڵـە. منـیش وتم خـوا ئاگـای لێبێـت. بـەڵام لـەو شـەڕەدا فیشـەکێ بەرقاچـی کـەوتبوو شـکابوو وەك پێشـتر ئامـاژەم پێـدا شـەڕەکە زۆر سـەخت و نابەرامبـەر بـوو دەغڵێکی زۆر سـوتا بـوو، پێشـمەرگە کـەمێك پاشەکشـەی کـرد

هەرچەندە زۆر نـەبوو ، بۆیـە شـەهید ڕەفیـق وای زانیبـوو بـەجێ مـاوە ، بۆیـە فیشەکێکی نابوو بەسەری خۆیـەوە و خـۆی شـەهید کردبـوو، کاتێـك گەڕاینـەوە بینیمان . دیارە شـەهید بـوونی شـەهید ڕەفیـق شـێوەی شـەهید بوونەکـەی زۆر دەگمەنەو بۆئەوەی دەست دووژمن نەکەوێت، سەیرمان کـرد ٤ مـەخزەنی پـڕو ڕوومانەیەکیشی پێبوو، هەزار سلاّو لە گیانی شەهید ڕەفیق و گشت شـەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان، دواتر ئەویش بە خاك سپێردرا. پاش چـەند مانگێـك دوای ئەوەی لە شارەزوور بووین شـەو لـە دێـی ئاوەکەڵە بـووین لەگـەڵ کـەرتی دووی شارەزوور، ئەو سـەردەمە بنـاری شـارەزوور بـوو بـوو بـە دوو بەشـەوە، لـە ئاوەکەڵە بەرەو دەربەند فەقـەرەو تـا خـوارەوە بـەرەو تانجـەرۆ بـۆ کـەرتێك کـە خوالێخۆش بوو نورەدین سەید قادر سەرپەرشتی ئـەکرد، کەرتەکـەی تـریش لـە ئاوەکەڵە بەرەو کۆرەو کانی هەنجیر بۆ خوارەوەو دسکەرەو زەڕایەن کەرتی دوو، شەهید حەمە سەعید سەرپەرشتی ئەکرد. ئەو شەوە هەسـتمان کـرد جموجـۆڵ هەیە وە ڕەنگە هجووم بکرێت، حەزەری زۆرمـان وەرگـرت و ئـەبێت و زۆر وریـا بین. ئەو ڕۆژە لە عەسـردا مـام دەروێـش شـێخ حەمـە ئـەمین عازەبـانی لەگـەڵ کەریمی ئامۆزای مام دەروێش بەتـەمای ئیجازە بـوون ، شـەهید حەمـە سـەعید پێی وتین ئەم شەو لە کۆرە بن زۆر ئاگاداربن ئەگەر بەیانی هـیچ نـەبوو بـڕۆن، کاتێـــك بـــەیانی ســـەعات ٥ پێـــنج هەڵســـاین هەســـتمان کـــرد جـــاش بەشـــاخی خنجەرەوەیە، جاش و جەیش و تۆپخانەیـەکی زۆریشیان هێنابوولـە دسکەرەو جولانەو خەرجانە دامەزرابوون، جگە لە جاشەکانی شارەزوور کە جاشی حەمـە

کەریم حاجی سالْح و بایزو حەمە خان و جاشی چەمچەماڵ و گەرمیان و فەتاح بەگ بوون، فەتاح بەگ خۆی لە دێی دسکەرەدا سەرپەرشتی جاشەکانی ئەکرد. و چەندین دەبابەو تۆپخانەو کۆپتەریش بەشدارییان لەو شەڕەدا کرد، کە لە سەعات ٧ ی بەیانی بۆ ٥ ئێوارەی خایاند، لەسەرەتادا ئێمە ١٥ پێشمەرگە بوین وردە وردە پێشمەرگە کۆبونەوەو کەرتەکەی نورەدین لەلای مەرکەزەکەی ئاوەکەڵەو پشتی دێی دەربەند فەقەرە دامەزرا بوون، کەرتی دوویش لەناو دێی ئاوەکەڵەو شاخەکەی پشتی دامەزرابوو . بەتایبەت ڕیزی پێشەوەی خانوەکان دیوارەکانی کونکرابوون ، بۆ ئەوەی بەباشی چاومان لەدەرەوە بێت هەندێك پێشمەرگەش لەگەڵ بیکەیسیەکە بوون بە پشتی ئاوەکەڵەوە بۆ پارێزگاری لە پێشمەرگەکان دامەزرابوون، سەرەتا من خۆم لە لای بیکەیسیەکە بووم کە مەلا عوسمان عەدەدی بیکەیسیەکە بوو، چونکە هەر خۆیشی لە ڕەبایەکانی پشتی چنارە هاوردبووی، واتە سەربازی عێراقی بوو هێنابووی بۆ کەرتی ڕێکخستنی قەرەداغ. هێرش دەستی پێکردو بەردەوام پێنج کۆپتەریش بۆمبارانی دێ و شاخەکانی ئەکرد، ئەو شوێنەی کە گومانی بوایە پێشمەرگەی پێوەیە، بڕیار درابوو کەس تەقە نەکات تاتەواو جاش و عەسکەر دێنە پێشەوە بۆ ئەوەی زیانێکی گەورەیان لێبدەین، بەلاّم پێش ئەو پلانە لای مەرکەزەوە تەقە دەستی پێکرد، لای نیوەرۆش مەفرەزەیەکی حیزبی شیوعی کە تۆفیقی فەتحولاّ سەرپەرشتی ئەکرد لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك ڕەشاشێکی حەفارۆفیان پێبوو سینی لەسەر بوو٥٠ فیشەکی ئەگرت و فیشەکی بی کەی سی

ئـەخوارد، ئـەوەش پاڵپشـتێکی بـاش بـوو، ئـەویش لەبـەینی ئاوەکەڵەو دەربەنـد فەقەرە دامەزران ، تۆفیق پیاوێکی ئازابوو زۆر شارەزابوو، لـە چـەندین قۆڵـەوە هێرشی جاش و جەیش ئـەکراو پێشمەرگە ئـەی شـکاند، وەك وتم مـن بەسـەر شـاخەوە بـووم لەگـەڵ مـەلا عوسمـان کـە بیکەیسـیەکەی لابـوو وە مـن بـە بەردەوامی ڕادیـۆم پـێ بـوو کاتێـك خستمە سـەر مـەوجی ئێـف ئـێم قسـەکانی ئەوانم گوێ لێ بوو ، بە مەلا عوسمانم وت تەقە لە کۆپتەرەکان مەکە تـا تـەواو نزم ئەبنەوە ، نەیان ئەزانی چەکی قورسمان پێیـەو بەسـەر شاخەوەیە، کاتێـك زۆر نزیـك بـوەوە وتم دەی کـاتی خۆیـەتی، مـەلا عوسمـان زۆر ئازایانـە یـەك شریتی تیا خاڵی کـردەوە، کۆپتـەرەکان زۆر بـەرز بوونـەوەو دوورکەوتنـەوە. لـە ڕادیۆکەوە گوێم لێبـوو وتـی سیدی انـا انصابێت وتـی مـن پێکرام، برینـداربوو بـوو، هـەتا ناوەکەشـی وت کـەناوی ئیـبراهیم بـوو. دوای ئـەوەی کۆپتـەرەکان نەیانتوانی زۆر نزم ببنەوە پێیان ڕاگەیاندن کە لە بەرزیی ١٥٠٠ مەترەوە تەقـە بکەن. واتە ترسی کۆپتەر کەم بوەوە، دوای ئـەوە مـن هاتمـە خـوارەوە کەدەمـەو عەسر بوو بۆ ناو دێی ئاوەکەڵە. بۆ ناو پێشمەرگەکان کە هەر دوو دوو سێ سێ لـە ماڵەکانـدا دامـەزرابوون، زۆر بەورەیـەکی پـۆڵاین و خۆڕاگرییـەوە بـەرەنگای هێرشەکانی داگیرکەران ئەبونەوە، شەڕ تا کاتژمێر پێنجی ئێوارەی خایاند، بـەو هـەموو جاش و جـەیش و تۆپخانـەو دەبابەیـەوە زەڕەیـەك لـەورەی پێشـمەرگە قارەمانـەکانی نەهێنایـە خـوارەوە، و نەیانهێشـت نزیـك دێیـەکان بکـەون، بۆیـە

سەعات ٥ بەتەواوەتی شکان و بەڕاکردن بۆ سەرجادەی قیر، فەتاح بەگیش لە دێی دسکەرە لەناو دەبابەدا ڕایکردبوو.

هێزەکەی دوژمن لەبەردەمی دێی ئاوەکەڵەدا دوو تەرمیان لێ بەجێمابوو، کە یەکێکیان ناوی ئەنوەر بوو ئەوی تریان ناوەکەیم لەبیر نەماوە. بەڕاستی کاتێك تەماشای زۆریی ژمارەیی دووژمن و دەبابەو تۆپخانەو کۆپتەری دوژمنت ئەکردو ژمارەی کەمیی پێشمەرگە کە ٣٠-٣٥ پێشمەرگە ئەبون، بەچەکی سوك لە چاو چەکی ئەواندا تەنها یەك بیکەیسی و ٣-٤ ئاربیچی چۆن ئەو هێزە زەبەلاحە پڕ چەکەیان تێکشکاند، ئینسان توشی سەر سوڕمان ئەبێت، ئەو شەڕانە شەڕی بیرو باوەڕوو خاك و نیشتیمان بوون ، بۆیە پێشمەرگەو خەڵك بەیەکەوە پەلاماریان ئەدا. لە سنوری ئێمە دوو بریندار هەبوون، پارچەی بەردو هاوەن بوون، یەکێکیان (کاك ڕەوف)ی کادری کۆمەڵایەتی کەرتی دووی شارەزوور بوو کە پیاوێکی ئازاو بەهیمەت، ئەویشیان پێشمەرگەی ئازاو نەبەز حەسەن کە خەڵکی کانی هەمزە بوو- کاتێك شەڕ تەواو بوو زۆر دڵخۆش بووین لەو شەڕە نابەرامبەرەدا کە شەهیدمان نەبوو، شەڕەکە زۆر بەرفراوان بوو بۆیە نەمانزانی بوو کە کەریم ئامۆزای مام دەروێش شەهید بووە بە هاوەن. بە پێویستی ئەزانم لێرەدا باسی قارەمانێتی خەڵکی ئەو بنارە بکەین، بەتایبەتی ئەو دێهاتانەی شەڕەکەی لێوە نزیك بوو بەتایبەتی دێی ئاوەکەڵەو دەربەندفەقەرەو هەردوو کۆڕە، ئەوەی چەکی هەبوو وەك ئێمە شەڕی کردوو ئەوانی تریش نان و خۆراکیان ئامادە ئەکرد. سوپاس بۆ خوا لەو شەڕە گەورەو

نابەرانبەرەدا یەك هاولاّتی شەهید نەبوو، لەو سەردەمەشدا هەرکەسێك لە دێ کـان چـەکی هەبوایـە هێزێـك ڕێکخـرا بـوو بـەناوی هێـزی پشـتگیرییەوە کـە دەورێکی زۆر باشیان هەبوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی دووژمن.

لــە ١٩٨٢/١٠/١٢ هێزەکانمــان کۆکرانــەوە، بــۆ هاوکــاری حیزبــە کوردیــەکانی کوردستانی ئێران بەرێ کەوتن بەناوی هێزی پشتیوان، من وەك کادری سیاسی ناوچەکە نەبرام وە شەهید حەمە سەعیدیش ماوەیەکی زۆر لە دەشتی هـەولێر مـابوەوە، ئـەویش لـە ناوچـەکەدا مایـەوە لەگـەڵ مـن و چـەند پێشمەرگەیەك. فـەرمانێك لـە لەسـەرکردایەتی کۆمەڵـەوە دەرچـوو بـوو، ئـەبێت ئەنجومـەنی گونــدەکان بەشــێوەی هەڵبــژاردن دروســت بکــەین. کۆبوونــەوە بەســەرجەم گوندەکان بکرێت و سودو ئەرکەکانی ئەنجومەنیان بۆ ڕوون بکەینـەوە. دەسـتم کرد بە کۆبوونەوە بە هاوکاری شـەهید حەمـە سـەعید کـە فەرمانـدەی کـەرتی عەسـکەریی بـوو لـە شـارەزوور، لەگـەڵ پۆلێـك پێشـمەرگەی قارەمـان توانیمـان سەرجەم گونـدەکانی سـنوری کـەرتی دووی شـارەزووری کـۆن کـە نزیکـەی ٤٠-٥٠ دێ ئــەبوو کۆبوونــەوەیان پــێ بکــەین، پــاش کۆبوونەوەکــەش بەدەنگــدان ئەنجومــەنیان هەڵئەبــژارد بەشــێوەیەکی دیموکراتیانــە، ئەگــەر گوندەکــە گەورەبوایـە  ئـەوا ٥ و ئەگـەریش بچوکیش بوایـە ٣ سـێ کـەس، تـەنها گونـدی چـنارەی ڕێگـەی دەربەنـدیخان نـەبێت کەنـەیان ویسـت ئەنجومـەن هەڵبـژیرن، بەهۆی نزیکی چەند ڕەبابییەکی عەسکەری لەنزیك دێکەیان. مەفرەزەکانمان بۆ ناوشار لە ساڵی ١٩٨٢ شەهید حەمە سەعید لەگەڵ تیپی ٥٧ مەوعیدیان دانـا کـە

ئەوانیش لای خۆیانەوە دەبێت بەڕێبکەون و لەناو شاردا یەکبگرین بۆ ئەوەی چالاکییەکی گەورە ئەنجام بدەین کە دەنگ بداتەوە بەلاّم بەهۆی بوونی کەمین لەسنوری تیپی ٥٧ ئەوان نەیان توانیبوو بێنە ناوشار. ڕەبایەکی جەیشی ناشەعبی لەبینای خوار ناوەندی جمهوریەوە هەبوو دوو ئاربیچی لێ درا بوو بە تەقەیەکی زۆر ، دوو کوژراو چەندین بریندایان هەبوو ، ئێمەش پاش ئەو چالاکییە بەسەلامەتی گەڕاینەوە . لەگەڕەکی خەباتەوە کاتێك خەڵك پێی زانین خەڵکێکی زۆر هاتن بۆ لامان ، لە کاتی گەڕانەوەشدا خواردنیان کردبووە ناو زەرف ئەیاندایە پێشمەرگە، نەیان ئەزانی هەستی خۆشی خۆیان چۆن دەربڕن بەرامبەر پێشمەرگە قارەمانەکان، وشەی پێشمەرگە زۆر پیرۆز بوو لەو سەردەمەدا، سوێندیان بەگیان و وشەی پێشمەرگە ئەخوارد. بەلاّم بەداخەوە کاتێك دوای ڕاپەڕین گەڕاینەوە حکومەتی خۆماڵی دروست بوو، ململانێی حیزبی وای کرد کە خەڵك پێشمەرگەی لەبەرچاو کەوت، بەکرداری ناشیرین بەناوی پێشمەرگەوە، جیانەکردنەوەی باش و خراپ فەرق نەکردنی جاش و پێشمەرگە، کە لەهەندێك مافدا مافی جاش و مستەشارەکان لە پێشمەرگە زیاترە. واتە ئەوەی پشتگیری لە ڕژێمی داگیر کەر ئەکردو ئەنفال و کیمیابارانی ئەکرد، لەگەڵ خەبات و قوربانیدانی پێشمەرگە یەکسانیان کردەوە کە نەدەبوو ئەوها بوایە، بەپێشمەرگەی ڕەوا نەدەبینی کە خانەنشینی وەك خۆی بۆ بکەن، پاداشتی ڕۆژانی سەخت و قوربانیدانی بدەنەوە. بەلاّم جاش و مستەشارەکان کاری باش و پلەی خانەنشینیان بە مقدم و عەمید و لیوا بۆکراوە، واتە سالاّنی

خیانـەتیان بـە خـەبات بـۆ نوسـراو هەنـدێك جـار تـای تـەرازووی ئـەوان لـە پێشـمەرگە قورسـترە، چـەندین سـاڵە ئـەمری موستەشـارە ئـەنفال چـییەکان دەرچووە کـەژمارەیان ٢٥٨ کەسـن، ئەمانـە سـەر بەیـەکێتی و پـارتین و تەسـلیم بـەدادگایان ناکـەن، ئـاخر ئـیتر چـۆن خـەڵك متمانـەی بـەم دەسـەڵاتی کوردییـە بمێنێ لە پێناو بەرژەوەندی حیزبی و شەخصی ئابـەو جۆرە پاداشـتی خـەڵك و پێشمەرگە بدەنەوە.

لـە سـاڵی ١٩٨٢ چـوینە عەربـەت و مـن لەگـەڵ شـەهید حەمـە سـەعید چـوینە مـاڵی برادەرێـك لەماڵـەکانی خـوارووی عەربـەت کـە هـی فەرمانگـەی کشـتوکاڵ بـوو. شـەهید حەمـە سـەعید نەیدەهێشـت مـن بچـم بـۆ چـالاکی لەگەڵیاندا، چەندین جار کە ئەچوین بۆ چالاکی بەدزی ئەوەوە ئەچووم، دواتـر لەنزیك شوێنەکە خۆم ئاشکرا ئەکرد ئەویش لەبەر دوو هۆ بوو، یەکـەم ئـەیوت برام لەم ناوچەیەدا تۆ کادیری سیاسیت و بابمێنیتەوە سودت زیاترە بۆ شۆڕش نەك شەهید بیت، چونکە شوێنی کادر درەنگ پڕ ئەبێتەوە، ٢ تۆ تەنها خۆتی و ٥-٦ منداڵت هەیە با ئەو منداڵانە سەرگەردان نەبن و تۆ برای ترت نییە چاوی لێیان بێت. لە عەربەت بارەگایەکی جێشی ناشەعبی لێ بوو لـە قوتابخانەیەکدا دوو ئاڕ بی جی درا لە مقەرەکەو گەڕاینەوە بـە سـەلامەتی، جارێکی تـر چوین بـۆ عـارف ئـاوا کـە کارگەیـەکی هنـدی لێبـوو، چـەند ڕەبایـەکی لێبـوو چـەند دۆشکەیەکی ١٢.٥ ملم ی لێ بوو، برادەرێك هات لەگەڵمان کە خۆی لـەوێ ئیشـی ئـەکرد، شـوێنەکەی لـە نزیکـەوە پیشـان دایـن و گەڕایـەوە، مـن لەگـەڵ شـەهید

حەمە سەعید بووم ئاڕ بی جی یەکەی لەگەڵ خۆی هاوردو کلاشینکۆفەکەی خۆیشی دابەمن ، وتی یەك ئاڕ بی جی ئەنێم بە ڕەبایەکەوە تۆیش بە کلاشینکۆف یەك مەخزەنی پێوەنێ، ئاڕ بی جی یەکەی لێ دا بەباشی پێکای و دۆشکەکەی شکاندبوو، کە بەیانی برادەرەکە چوو بوو بۆ ئیش زانیاری تەواوی بۆ ناردین و سەربازێکیش کوژرابوو.

زستانی ١٩٨٣ جەولەی شارەزوور دەستی پێ کرد و تیپی ٥٥ی قەرەداغ، ئێمەش وەك کەرتی ڕێکخستن بەشداریمان کرد و پەلاماری شاخەکانی پشتی ئەحمەد برنەمان دا، کە چەند ڕەبایەیەکی جاشی سووکی پێوە بوو، بەلاّم لەوە ئەچوو زانیارییان هەبووبێت ، بۆیە چەند جاشێکی کەمی پێوە بوو، چەند جاشێك بەدیل گیرا و هەندێکیش ڕایانکردبوو، دواتر جەولەکەمان دەستی پێ کرد لەگەڵ تیپی ١٥ی شارەزوور و ١١ی هەورامان، بەسەرپەرشتی شەهید شەوکەتی حاجی موشیر ڕۆژی ٢٠-٣-١٩٨٣ چوینە دێ ی بیەرەشکە نزیك سید صادق، سەر لە بەیانی پێشمەرگەکان یاری دوو گۆلیان دەکرد. هەندێك پێشمەرگەش لە مزگەوتەکەدا بوون ڕاکشابوون، لەپڕ تەیارەیەکی کۆپتەری بارهەلگر هات دیاربوو ئاگاداری ئەوە نەبوو کە پێشمەرگە لە بیە ڕەشکەیە و بۆ ئێمە نەهاتبوو، بە نزمی هات دیارە کاری خۆی هەبوو. پێشمەرگە شلەژاو بەخێرایی دوو گۆلیان چۆڵ کرد و خۆیان بەست. بەلاّم ئێمە لە حەوشی مزگەوتەکە هاتینە دەرەوە و شێخ حسێن تەکیەیی بە بی کەی سی تەقەی لەکۆپتەرەکە کرد، وە شەهید حەمە سەعید یەك ئاڕ بی جی پێوەنا من و

شێخ حەمە ئەمین عازەبانی بە کلاشینکۆف تەقەمان لێکرد دیاربوو بەسەختی پێکرا و گڕی تێبەربووە لە نزیک سید صادق کەوتە خوارەوە. دواتر خستبوویانە سەر سەیارەیەکی فلات و بردبوویانەوە بۆ سلێمانی. بەبەرچاوی خەڵکەوە دواتر لە مۆڵگە سەربازیەکانی ئەو ناوە درایەنەبەر هاوەن و دۆشکە.وە ئیتر بەباشی پێشمەرگە دامەزرا نەك ڕژێم هجووم بکات، سێ پ.م بە کۆلانێکا ئەهاتن بۆ لای ئێمە، لە ڕەبایەکانەوە دیاربوو، ئەو سێ هەرگیز نەمرە شەهید هەژار دەرەویانی و شەهیدی نەمر فەرهادە درێژ و جەلیل ڕەفیق کانی ساردی ، لە بەینی هەردووکیاندا بوو فیشەکی دۆشکە دای لە پشتی سەری و شەهیدی کرد، هەزاران سلاو لە گیانی ئەو شەهیدانە و گشت شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان. ئەو شەوە نەورۆز بوو ونە حکومەت و نەجاش پەلاماری نەداین و تەنها شەهید جەلیل شەهید بوو، خەڵك و پێشمەرگەش زۆر دڵخۆش بوون بە کەوتنە خوارەوەی کۆپتەرەکە. کاتێك شەهید جەلیلمان شۆرد لە مزگەوتەکە و کفن و دفنمان کرد تەنها (٥٠٠) فلس واتا نیو دیناری ئەو کاتەی پێ بوو.زۆربەی پێشمەرگەکان بە گیرفانی بەتاڵەوە شەڕیان ئەکرد و گیانی خۆیان بەخت دەکرد، نە بۆ پارە و نە بۆ پلە بوو تەنها بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان بوو. ئەو کەسەی بەڕاستی پێشمەرگە بووە و تا ئێستاش ئامادە نییە خەبات و ماندووبوونی خۆی بفرۆشێت بە پارە و پول هەمیشە کەسێکی خاوەن هەڵوێست و بە ئەمەك و بە ویژدانە. پاش شۆردنی شەهید جەلیل تراکتۆرێك ئامادەکراو لەگەڵ مەفرەزەیەك ڕەوانەی کانی سارد کرایەوە و لەوێ

بە خاك سپێردرابوو، هەزاران سڵاو لەو شەهیدە باوەڕدارە. ئەو جەولە و مانۆڕە (٤٥) ڕۆژی خایاند، دواتر گەڕاینەوە سنوری خۆمان، منیش چومەوە بۆ ماڵەوە لە دێی دوكان، پاش یەك ڕۆژ لە گەڕانەوەم دیار بوو بەرەی جوود هێرشیان كردبووە سەر مەڵبەندی ٤، كە خوالێخۆشبوو دكتۆر كەمال خۆشناو لێپرسراوی مەڵبەند بوو، دەریان پەڕاندبوون و چووبوونە سەر شاخ، پیلانیان دانابوو كە دەست بەسەر مەڵبەندی سێ و دووشدا بگرن و دواتر پەلاماری سەركردایەتی بدەن، پاشانیش بەرەو مەڵبەندی یەك بێن، ئەو مەڵبەندەش خۆی تەسلیم ئەبێت و شەڕ ناكات، ئەو كۆنوسە كە لەلایەن بەرەی جودەوە نووسرابوو واژۆی پارتی و شیوعی و حسكی لەسەربوو، بۆیە یەكێتی نیشتمانی زوو هەستی كرد و كەوتە خۆی و هێزی كۆكردەوە، ئێمەش لە قەرەداغ بانگكراین بۆ مەڵبەند و پێیان وتین كە وەك كەرتی ڕێكخستنی قەرەداغ خۆمان حازر بكەین ، سەرجەم كادرەكان و زۆربەی پێشمەرگە كۆكرانەوە و بە سەرپەرشتی كاك سامان گەرمیانی بەڕێكەوتین، و چەند شەو و ڕۆژ بەڕێوەبووین، بۆ ئەوەی لەكاتی خۆیدا بگەینە سەركردایەتی، زۆر بە كەمی پشوومان دەدا. ڕۆژی ٢٨-٤-١٩٨٣ گەیشتینە سەركردایەتی كە لە قاسمەڕەش بوو، مام جەلال كۆبونەوەیەكی پێ كردین و زۆر قسەی بۆ كردین، نزیكەی ١٠٠٠ پێشمەرگە كۆبوینەوەو كاك عباسی ڤیدۆ تەصویری دەكرد. مام جەلال لە كۆتایی قسەكانی دا وتی پشت بە خوا ئێوە سەركەوتوو دەبن و بەڕێ بكەون، منیش پەڕەی تەحریفیەتیان هەڵدەدەمەوە، بەڕێ كەوتین تا گەیشتینە ڕەزگە

و ماره دوو به سەرپەرشتی (کاك نەوشیروان)، که (مام جەلال) و مەکتەبی سیاسی ئەویان دیاری کردبوو. دیاربوو حکومەتی عێراقی ئاگاداری ئەو جموجۆڵە بوو بۆیە کە لاماندا پشوو بدەین ڕژێمی بەعس لە قەلاّدزێوە کەوتە تۆپباران کردنی ئەو شوێنەی کە هێزەکانمان پشوویان تێدا دەدا، بۆ ماوەی زیاتر لە دوو سەعات بە تۆپی قورس تۆپبارانی کردین، لەو تۆپبارانەدا ٧ شەهید و نزیکەی ١٥ بریندارمان هەبوو. ئەوەی بیرم بێت ج ت کە ناوی بێستوون بوو لەناو شەهیدەکاندا بوو، شەهیدێکی تر کە تۆپەکە ڕاستەوخۆ لێی دابوو تەنها سەر و سنگی مابوو، ناوی سەدرەدین بوو . شەهیدێکی ترکەناوی کامیل بوو وابزانم گەرمیانی بوو، داوای لێ بووردن ئەکەم ماوەیەکی زۆر دوور و درێژە چونکە پێشتر نەم نووسیووە تەنها ئەمانە لە زهنی خۆمدا ماون. پێش بۆردومانەکە بە چەند دەقیقەیەك برادەرێك کاك نەوشیروانی بانگ کرد و کەمێك لە شوێنەکەی خۆی دورکەوتەوە، کە نزیك بوو لە من و خوالێخۆشبوو کاك شێخ ئەحمەدی ڕەحمەتی کە لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی قەرەداغ بوو. یەك تۆپ بە ڕێکەوت دای لە شوێنەکەی کاك نەوشیروان کە بەتانییەکی عەسکەری خەت خەتی سەوز و سپی تیابوو، جهازەکەشی دانابوو لەو شوێنەی دا و جهازەکەی شکاند و پێم وابێ ئەسپەکەشی کوشت. لەو کاتەدا کە هێشتا تۆپباران بوو پێشمەرگەیەك کە خەڵکی هەنارەی سەنگاو بوو ناوی خالید بوو بریندارببوو بوو و هاواری ئەکرد، پارچە تۆپێك دابووی لە پشتی ، منیش چووم دام بە کۆڵمدا و بردمە شوێنێك کە تۆپ نەیدەگرتەوە، دووبارە

گەڕامەوە کە برینداریکی تر ڕزگار بکەم، کاک شێخ جەعفەر لێم توڕەبوو و وتی مردوت بمرێت هێشتا تۆپباران تەواو نەبوە، خۆت بشارەوە تا تەواو ئەبێت، من ڕۆیشتم کاتێک چوومە خوارتر شەهیدی هەرگیز نەمر (مامە ڕیشە) لەگەڵ کۆمەڵێك قارەمانی تر چەند شەهید و برینداریکیان بردبوە بن بەردێکی گەورە، کە تۆپ نەیئەگرتەوە، دوای تۆپبارانەکە ولاخ پەیداکرا لەو دێهاتانە و شەهید و بریندارەکانیان بردەوە بەرەو سەرکردایەتی، بەڕاستی ڕۆژێکی زۆر ناخۆش و سەخت بوو، کۆمەڵێك پێشمەرگەی قارەمانی تیا شەهیدبوون.دووبارە کەوتینەڕێ بەرەو قەرناقاو و پشت ئاشان، لە ڕێگەی جیهازەوە (کاك نەوشیروان) ئاگاداری حیزبی شیوعی کرد کە ئێمە شەڕی ئەوان ناکەین، خۆیان بەدور بگرن، بەلام ئەوان سوربون لەسەر شەڕکردن و قسەی بێ سەروبەر.پێی ڕاگەیاندن کە ئێمە هاتوین تەنها بارەگاکانی خۆمان ڕزگار ئەکەین بەلام دیاربوو ئەوان بڕیاری شەڕی ئێمەیان دابوو و پاشگەز نەبوونەوە. ئەو نوێنەرەی حیزبی شیوعی کە ئیمزای لەسەر ڕێکەوتنی شەڕ لەگەڵ یەکێتی کردبوو، خوالێخۆشبوو ئەحمەد بانی خێلانی بوو کە دواتر بە دیل گیرا. گەیشتینە یەکەم بارەگای حیزبی شیوعی کە لەو کاتەشدا لێمان نەدا و تێپەڕبووین، بەلام ئەوان زۆر نامەردانە لە کۆتایی هێزەکەیان دا و پێشمەرگە و کادرێك کە ناوی وریا بوو شەهید بوو، خوالێخۆشبوو غەریب عەسکەری و چەند پێشمەرگەیەك بریندار بوون کە ڕومانەیەك فڕێ درابوە ناویان، بۆیە ئیتر بڕیاری شەڕ و ئازادکردنی بارەگاکانی خۆمان و شکستهێنان

بــه پیلانەکــەی بــەرەی جــود مــان دا، ڕۆژی ١٩٨٣/٤/٢٩ لــە ســەعات دووی پــاش نیـوەڕۆ تـا سـەعات ٦ ی ئێـوارە  زۆربـەی ئـەو بارەگایانـە چواردەوردران کـە بـۆ پارێزگــاری لــە بارەگاکــانی ســەرکردایەتی بــەرەی جــود دانرابــوون دەســتیان بەسـەردا گیرا ئـەو شـەوە پشوومان دا و بـەیانی زوو شـەڕ دەسـتی پـێ کـرد، تـا ئێـوارە تـەواوی بنکـە و بارەگاکـانی بـەرەی جـود کـۆنترۆڵ کـرا و مەقـەرەکانی خۆمان دانایەوە. شاخەکانی قەندیل و دەوروپشتی بەفرێکی زۆری لێ بوو. بـاقی هێزە شکاوەکەی بەرەی جود لە قەندیلەوە بەرەو خانەی ئێران کەوتبوونـە ڕێ، پێشتر برادەرێك کە ناوی سەید ئیبراهیم بـوو حسك گرتبـووی کـە (ف.ك) بـوو بە ڕێکەوتن ئازادکرا و هاتەوە، پـاش ماوەیـەکی کـەم چـەکی کـردەوە شـان و لـە هەمان ڕۆژدا دەستی کردەوە بە بەرگری لە ناوچەکانی خۆی کە شارەزابوو. لـەو شـەڕانەدا دیلێکـی زۆر هـەبوو کـە کـەریم محمـد و ئەحمـەد بـانی خێلانـی کـە سـکرتێر و لێپرسـراوی مەکتـەبی عەسـکەری، خوشـکە فریشـتە لێپرسـراوی یـەکێتی ژنـانی حیزبـی شـیوعی و چـەندین کـادر و پێشـمەرگەی لایەنـەکان. کۆمـەڵێك خێـزان و ژن و منداڵیشـی لێ بـوو داوایـان لێ کـرا کـە بـۆ کـوێ ئـەچـن ئازادن  و هاوکاری ئەکرێن بۆ ناردنەوەیان. ئەوەی یـادم بێـت هـەر خێزانێـك ١٥ دیناری پێ درا. دوای ڕزگارکردنی شوێنەکانی خۆمان و دانانی بارەگاکان و بـاقی هێزەکانمان گەڕاینەوە ناوچەی خۆشناوەتی و دەستمان کرد بە جەوڵە کـردن، و بارەگامان لە دێ ی زیارەت دانـا. جوابێـك هـات گوایـە سلێمان بیرێـژی کـە سـەر تیپی یەکێتی بوو تەسلیم بە ڕژێم دەبێتەوە، و چوین گەڕاین زانیمان لەوێ یـە

له نزیك سەری ڕەش له نزیك ڕەبایـەكانی بـەعس خۆی حەشـارداوه لـه بیرێـژ. ئەو كات لەگەڵ مامه ڕیشه یادی بەخێر چووینه ئەوێ بەدوایـدا ئـەوەی لـەیادم بێت كاك سوهاد و كاك مەلا خالید مەلا عەبدوڵلاّ و عەبـدوڵلاّشمان لەگەڵدابوو لەگـەڵ كەرتەكـەی مامـه ڕیشـه، بـەلاّم دیـاربوو هـەواڵی زانیبـوو و زۆر نزیـك بوبووەوه لەناو سەری ڕەش. چاكم له یاده من و شەهید مامەڕیشه لەگەڵ چـەند پێشمەرگەیەك دامەزراین و شۆربای نیسكمان خوارد، دواتر گەڕاینـەوه و چـەند مانگێك ماینەوه.ناوچەی خۆشـناوەتی زۆر خـۆش و دڵگیربـوو، بـاخ و باخـاتێكی زۆر و میـوەی زۆری هـەبوو، ئێمـه وەك كـەرتی ڕێكخسـتنی قـەرەداغ لەگـەڵ كەرتەكەی شەهید مامه ڕیشه له زیارەت له مـاڵی ئـازاد زیـارەتی بارەگامـان دانـا كـه ف.ك.ی خۆمـان ببـوو بـه حسـك. جەولەیـەكی زۆریشـمان كـرد. خـواردنی سـەرەكی خۆشـناوەتی خـواردنی سـاوەر بـوو بـه جۆرەهـا شـێوه. چـەند مانگێـك برنجمـان نـەدی، چـەند جـارێكیش كـه یاپـراخیـان دەدایـنـێ سـاوەر دەرئەچـوو، دەمێـك بـوو برنجمـان نـەخواردبوو. مـن و شـێخ ئەحمـەد لەگـەڵ عەبـدوڵلاّ چووینه ماڵێك برنجیان لێ نابوو و زۆرمان پێ خـۆش بوو.بـەلاّم خـاوەن ماڵەكـه داوای لێبوردنی كرد و وتی بـەخودای هەرچـەنده سـاوەر كـه زەریـف بـوو بـەلاّم نەمان مـابوو بۆیـه برنجمـان لێ نـاوه. ڕۆژێكـی تـر لـه ماڵێـك دامـەزراین لەگـەڵ خوالێخۆشبوو كاك شێخ ئەحمەد و مەلا خالیـد و عەبـدوڵلاّ. ماڵەكـه منـداڵێكی جوانیان هەبوو، دایكی منداڵەكه لەچكی كردبـوو كـه نـەی ئەویست دەموچـاوی دەركەوێت، بەحاڵ چاوی دیـار بـوو، لـه كـاتی هاتوچۆدا بەڕێكەوت لەچـكەكەی

بـەربووەوە و سـەیرمان کـرد ڕیشـی هـەبوو و وەك پیـاو ئەیتاشـی، دیـارە لـەو سەردەمەدا وەسایلی چاك كردنی دەموچاو وەك ئێستا نەبوو، یەك لـە بـرادەران وتی من چێشتی دەستی ناخۆم، منـیش وتم كـەم لـە چێشـتخانە نانـت خـواردوە كە پیاو چێشتی لێ ناوە. سەیر لـەوەدابوو كاتێـك مێردەكـەی هاتـەوە، سـەیرمان كرد پیاوەكـە ڕیـش و سمێڵی نـەبوو واتـە بـە كوردی پێـی دەوترێـت (كۆسـتە). كاتێـك كـە بارەگاكانمـان لـە زیـارەت و سماقۆڵیـەكان و ئـەو ناوچـانە دانـا و لـە جەولـەكردن كـەوتین، و نزیـك بـوو لـە هـەولێرەوە، لـە زیـارەت شـۆفێرێك سەیارەیەكی پیكابی  جێمسیی پێبـوو نـاوی مـام بـاپیر بـوو، ناردمـان زەخـیرە و گۆشـت و مریشـكی بـۆ هێنـاین و زۆر تامـەزرۆی مریشـك بـوین. لـە زیـارەت لـە بارەگاكـە خەفـەریات مـان دانـابوو بـۆ خـواردن دروسـتكردن مـن نەمئـەزانی خواردن دروست بكەم بۆیە لەگەڵ كاك سوهاد پێكهاتم ئـەو خواردنەكـە لێ بنـێ و منیش قاپ و مەنجەڵەكان بشۆم. شـەهیدی هـەرگیز نـەمر (چیا) ج.ف.ك لای شەهیدی نەمر مامەڕیشە زۆر زیرەك و چاونەترس بوو، و كەوتـە مـار گـرتن و كوشتن و زۆرجاریش پێشـمەرگەكانی پـێ ئەترسـاند، خـەڵكی زیـارەت لـەناو دێ گەر ماریان بدیایە یەكسەر بانگیان دەكرد، چیا ڕاكە ئەوە مارە وەرە بیگـرە.زۆر جار دەمی مارەكەی بە تیپ ئەپێچا و لەناو پێشمەرگەكاندا بـەری ئـەدا، ڕۆژێـك كاك شەرافەدین كە خەڵكی قەرەداغ و لـە كـەرتی ڕێكخسـتن لەگەڵمانـدا بـوو لـە هـەیوانی بارەگـادا خـەوتبوو، لـە قـاتی سـەرەوە چیا بـە دزیـەوە لـە دەرلنگـی شــەڕواڵەكەیەوە مــارێكی دەم بەســتراوی خســتە نێــو شــەڕواڵەكەی، كاتێــك

بەخەبەر هات پڕ بەدەم هاواری کرد و ڕاپەڕی، ئەگەر کۆڵەکەی ناوەڕاستی هەیوانەکە نەبوایە کە باوەشی پیاکرد ئەکەوتە خوارەوە و شوێنێکی ئەشکا.

بەزمی چێشت لێنان: ئێواران نیو سەعات پێش نانخواردن بەدەوری مەنجەڵەکەدا دەست ئە گیرا و پێشمەرگەکان هەڵئەپەڕین، وابزانم پورزا تاریق جوزەلەی بۆ لێئەداین، بەڕاستی شتێکی ئەوەندە خۆش و جوان بوو لەو ناخۆشی و ناڕەحەتیەدا قەت لەبیرناچێتەوە.

زۆر لە (زیارەت) ماینەوە و زۆربەی ئەوانەی ژن و منداڵیان هەبوو هاتن سەردانیان کردین، و چەند شەوێك لامان مانەوە، ٥-٦ مانگ ماینەوە و منیش خێزانەکەم و دایکم هاتن بۆ لام. کوڕێکی خوشکەزام برای (**شەهید نەجم**) بەناوی (**حەمە سەعید**)، دانیشتین و دەستمان کرد بە قسەکردن، یادی بەخێر مامەڕیشەش منداڵەکانی هاتبوون و بەیەکەوە بووین. لە پڕێکدا مامەڕیشە وتی باجی ئافتاو تۆ بۆچی ڕوناکت بۆ خۆت هێناوە یان بۆ کاکە حەمە ڕەزا، بچۆ دەرەوە لەگەڵ خێزانەکەی من بۆسەرکانی. شەهید هەرگیز نەمر حەمەی تەلە ناسراو بە (شاهۆ) ئەویش لە سماقوڵی بون، دایکی خێزانەکەی بۆ هاوردبوو، زۆر پیاوێکی ڕوخۆش و سوعبەتچی بوو، من و کاك شێخ ئەحمەد و چەند برادەرێك چووین بۆ سەردانی. بڕیار وابوو بەیانی خێزانەکەی بڕواتەوە، دەوری عەسرێکی درەنگ بوو وتی ئەرێ برا بۆ ناڕۆنەوە بەیانی دایکم خێزانەکەم ئەباتەوە.

هەر ئەو ساڵە واتە ١٩٨٣ لە هاوینەکەیدا لە جادەی خانەقا بەهۆی وەرگەڕانی سەیارەوە (**جەمال تایەر**) کە لێپرسراوی ناوەندی کۆمەڵە بوو

شەهید بوو، بەڕاستی شەهیدبونی ئەو کەڵە پیاوە لەو سەردەمەدا زیـانێکی زۆر گــەورەی لــە کۆمەڵــە و یــەکێتی و گەلەکەشمانــدا، بەڕاســتی شــوێنی ئــەو تێکۆشــەرانە زۆر بەزەحمــەت  پــڕ ئەبێتــەوە. پــێش شــەهیدبوونی بــە چــەند ڕۆژێك وەك کەرتی ڕێکخستنی قەرەداغ کۆبونەوەیەکمان سازکرد لەگەڵیـدا پێـی ڕاگەیاندین کە ڕێزی زۆر لە (خەلیفە حەمـەمین) بگـرین چـونکە پیـاوێکی زۆر تێکۆشەرە. ئەم سەرگوزشتەی خەلیفەی  بۆ گێڕاینەوە کە لە ساڵەکانی ٧٨ ــ ٧٩ لە سلێمانی گوڵەبەڕۆژەی فرۆشتووە. چۆتە نانەواخانەیەك لە فولکەی نـالی کـە من خۆیشم نانم لێکڕیوە، ئینزیباتێکی عەسکەری کە جاران باو بوو لـە هـەموو فولکەیەك ئینزیبـاتێکی لێبـوو، بـە سووتفە ئـەویش هـاتوە و نـان وەربگرێـت و کلاشــنکۆفەکەی لەســەر مێزەکــە دانــاوە، خەلیفــەش فرســەتی هێنــاوە کلاشــنکۆفەکەی فڕانــدووە و ڕای کــردووە و بــۆی دەرچــوە و نــەگیراوە، و پەیوەندی بە شەهید جەمالەوە بووە بۆیە هەرچۆنێك بێت دەیگەیەنێتـە مـاڵی شەهید جەمال ئەوکات پێشمەرگە مـانگی (٥) دینـاری هـەبوو و بـە ئێمـەی وت کە مانگی (١٠) دیناری بۆ سـەرف بکـەین. خەلیفـە حەمـە ئـەمین لـە سـاڵەکانی ١٩٦١ بـە دواوە و لـە شۆڕشـی ئـەیلول بەشـداری کـردوە، و لەگـەڵ (مـام جـەلال) بـووە، بۆیــە مـام جـەلالی زۆر بـاش ئەناسـی. کاتێـك هاتـە دەرەوە دوایـی چـوە قــەرەداغ لای علــی تۆفیــق بــوو بــە جــاش، پــاش ماوەیــەك کلاشــینکۆف و دەمانچەکەی هاورد، بـەلام بەداخـەوە یەکسـەر دەمانچـەکەیان لێسـەند ! پـێش ئەوەی شۆڕشی ئەیلول دەست پێ بکات من ئەمناسـی چـونکە لـە قـەرەداغ شـوان بوو، خۆی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو. تا دوای ئـەنفالیش هاتـە ئێـران و لەوێ مایەوە تا ڕاپەڕین. بەڕاستی (کاك جوامێر دەرەویـانی) کـە پێشمەرگەبوو خۆی و خێزانی زۆر یارمەتیان ئەدا و زۆربەی کات لای ئـەوان بـوو، بـە داخـەوە

ئەم پێشمەرگە دێرین و قارەمانە کە کۆچی دوایی کردووە. ئیتر نە برادەر و نە ڕاگەیاندنی یەکێتی و نە کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان بەهیچ جۆرێك باسیان لێوە نەکردووە.

هەرلەکاتی گفتوگۆی ساڵی ١٩٨٤ دەورەیەکی کادرانیان بۆ کردینەوە لەسیروان، دەورەیەکی سیاسی و ڕۆشنبیری و هەمەلایەنە بوو کەماوەی ٤٥ ڕۆژی خایاند، دوای ئەوە ئیمتیحانیان کردین ٨١٪ م هاورد ئەو دەورەیە ٣٢ کادر بەشداری یان کرد کەکادری هەموو ناوچەکانی تیابوو، ئەم ناوانەم بیر ماوە:

١- کاك شێخ ئەحمەد

٢- کاك عوسمانی حاجی مەحمود

٣- کاك ئازاد جوندیانی

٤- فەیلی برای ئازاد جوندیانی

٥- کاك بەهزاد

٦- کاك لوقمان شاسوار

٧- کاك عبدول کەریم هەڵەدنی

٨- مامۆستا سەیفەدین

٩- مامۆستا باپیر

١٠- حەمە ڕەزای کادر

داوای لێبوردن دەکەم ناوی هەموو برادەرانم لەبیر نەماوە .

سـالّی ١٩٨٥ پـێش ئـەوەی ببم بـە ڕێبـەری سیاسـی، ئەنـدامی کـەرتی ڕێکخستنی قەرەداغ بووم. ئەبوایە دەورو تەسلیمم لەگەڵ کاك (مـەلا ئەحمـەدی دەلوجە) بکردایە ، مەوعیدم دانا کـەبیبینم ، زسـتان بـوو لافـاو زۆر بـوو پ.م. (محەمەدی مام نامیق)م لەگەڵدا بـوو، بـەرەو (داریـزاین) ئەچـووم بـۆ لای کـاك مەلا ئەحمەد، چەمێکی زۆر گەورە هەبوو ئاوی زۆر هاتبوو لـە بـەینی داریـزاین و چەمی سمۆر ، من ویستم پـێڵاو دانەکـەنم و بـازم دا، بـەڵام نەگەیشتمە ئـەو بەر قاچم کەوتە ئاوەکەوە، تومەز کەوتۆتە بـەینی دوو بـەرد کـە کـەوتم بـەلادا قاچی ڕاستم هەردوو لولاقەکەی شکا، باران و بەفریش ئەباری، هەرچۆنێك بـوو بـەهاوکاری موحەمـەد هاتمـە دەرەوەو لـە گـوێ چـەمەکەدا دانیشـتم، و بـە محەمـەدم وت تـۆ بـڕۆ بـەجێم بێڵـە، بـڕۆ ولاخێـك و پیاوێـك لـە چـەمی سمـۆر لەگەڵ خۆتا بێنە، ئەو کاتـەش ترسـی (حیزبـی شـیوعی) و (ئـالای شـۆڕش)یـش هەبوو، محەمەد ڕۆیشت زیاتر لە کاتژمێرێکی پێچوو، منـیش بـە قاچـی شـکاوو بـاران و بـەفر لـە لایـەك، ئەگـەری هـاتنی شـیوعی یـان (ئـاش)یـش هـەبوو، بـەو جـۆرە مامـەوە تاهاتـەوە سـواری گوێدرێـژیان کـردم و بردمیـان بـۆ داریـزاین ، چومە ماڵی کاك حسێن، پیاوێکی زۆر باش و مـاڵێکی بەئەمـەك لـەوێ مامـەوە ، جـوابم نـاردبوو (حـاجی قـادری زاوام) خـوا لێـی خـۆش بێـت زۆری خـۆش ئەویستم، لەگـەڵ خـۆی (حـاجی ئەمینـە سور) گـۆڕ هەڵکەنیشی هێنـا بـوو لـە ئەصلاً خەڵکی دوکانی قەرەداغ بوو کە ماڵی خۆیشمان لەوێ بـوو، بـاوکی (عـەتا چاوشینی) هونەرمەند. دەستی کـرد بەگرتنـەوەی قاچـم بـەڵام زۆر خـراپ شـکا

بوو، بۆیە بەزەحمەت ئەگێڕایەوە. پاش یەك دوو ڕۆژ بردمیانەوە بۆ دووكان. من زۆر مەمنونی ژن كوڕو كچی كاك حسێنم كە زۆرم پێوە ماندوو بوون، خزمەتی زۆریان كردم و وەك ماڵی خۆم وابوو. پاش چەند مانگێك جەراحێكی تریان هێنابووە دێی ئاوەكەڵە لە ماڵی (كاك غەفور) كە ژنەكەی ئامۆزای (حاجی قادر)ی زاوام بوو، واتە خزم بوو، بردمیانە ئەوێ كاكی جەراح سەیری قاچی كردم وتی ئەم شكاویە باش نەگێڕاوەتەوە و خوار بووە، بۆیە پێوستی بە شكانەوە هەیە، وتم زۆر باشە دەی دەست پێ بكەو بیشكێنەوە. وتی ئێستا نابێت ئەبێت هەفتەیەك دوگو شتی وای لێبنرێ بۆ ئەوەی خاو بێتەوە، دوای ئەوە بیشكێنمەوە، بەڵام من وتم هەر ئێستا بیشكێنەرەوە چونكە زۆر وەڕەس بوو بووم، دكتۆر نەبەزیش لەوێ بوو وتی با دەرزیەكی ئازارت لێدەم، وتم نامەوێت بەس جگەرەیەكم بۆ داگیرسێنن، كابرا ووتی: باشە با بەدوو كەس بتگرن ووتم كەسم ناوێت خۆم قایم لە پوزما گرتم و كابراش سوڕی دا شكاندیەوە، قرچەی هات زۆر ژانی كرد، بەڵام من دەنگم نەكرد، دوای ئەوە كابرا دەستی كرد بە ڕاكێشان و گرتنەوەی، هەستم ئەكرد ئێسقانەكە واشكاوە ناگێرێتەوە، ئەویش یەك دوو مانگی خایاند هەر چاك نەبوو، دواتر لە ڕێگەی ڕێكخراوەوە ئیشیان بۆ كردین، من و ٤ ــ ٥ پێشمەرگەی تر كەبمانبەن بۆ ئێران. لە ڕێگەی ج.گ موستەشارێكەوە كە لە (دارەڕەش) مەقەریان بوو جێبێكی قیادەی پێبوو هاتە نزیكی (ولیان) سواری جێب قیادەكەیان كردین. وتی نابێت كەس چەك بهێنێت بەڵام من وتم دەمانچەكەم ئەهێنم بێ چەك

به سلێمانیدا تێپەڕ نابم، وتی قەینا دەمانچەیەکی ستارو ٣ شانەم پێبوو من و پ.م جەلیل ناوێك كە لەدەستەی کاك سامان گەرمیانی بوو، فیشەکێ لەسەریدا بوو، زۆر بەزەحمەت ئەڕۆیشت، ٢- پ.م عوسمان قاچێکی بڕابوەوە. ٣- حەمید پارچە چووبووە پەناگوێی و ملی خوار کردبوو لە شەڕی یەکەمی سەنگاو ٤- پێشمەرگەیەکی تری گەرمیان پارچە هاوەن دابووی لە شانی و شکاندبووی ناوی وەلی بوو، کۆمەڵێك پیاوی بەهیمەت و قارەمان، نازانم ئێستا ئەو تێکۆشەرانە لەکوێن، چیان بۆ کراوە، کۆمەڵێك هاوڕێی باش بوون لە ڕێگادا ج.گ فەوجەکە ڕووی دەمی کردە من و وتی: کاك حەمە ڕەزا ئەگەر حکومەت بمان گرێت کام لامان تاوانبارین؟ وتم: تۆ چونکە لە ڕێگەی چەکدارییەوە کە پیاوی ڕژێمی خیانەتی لێ ئەکەیت، بەڵام ئێمە بەڕوونی چەکمان هەڵگرتووەو بەرامبەری ئەجەنگین، پێشتر لە گوندی (باخان) لە فەوجەکەیمان دابوو، دوو سەیارەشیان سوتاو چەند کەسێکیان لێ کوژرابوو. گلەیی کرد ووتی ئەها ئێمە چەند کاری باشیش ئەکەین، دواتر گەیشتینە کەنەکەوە لەوێ سەیارەیەکی لاندکرۆزەری ٧٩ ئامادە کرابوو، کابرا جێبەکەی جووت کرد بە لاندکرۆزەرەکەوەو دەرگاکانیان بۆ کردینەوە، خێرا چوینە لاندکرۆزەرەکەوە کابرای موستەشاریش دەبەیەك و سۆندەیەکی بەدەستەوە گرتبوو و بۆنیتی سەیارەکەی هەڵدایەوە، و بە حساب بەنزینی لێ بڕاوە تا کارەکانمان تەواو کرد و خواحافیزیمان لێ کرد، ئەوەش هەندێك کاری چاکی جاشەکان بوون. نازانم کێ بوو ناوەکەیم بیرنەماوە زۆر سوپاسی ئەکەم زەحمەتی زۆری لەگەڵماندا

بینی. ئەو لاندکرۆزەرەش وەك وتیان (ئەکرەمی وەستا گورونی کەبابچی) ئامادەی کردبوو. تا گەیشتینە دێیەکی بناری (سۆتکە). بەردەوام باران بوو، لەوێش سواری تراکتۆرێکیان کردین و پارچەیەك نایلۆنیان دا بەسەر مەکینەکەدا بۆ ئەوەی تەڕ نەبین و دیاریش نەبین. ئەو سەردەمە لەگەڵ ئێران وەزعمان باش نەبوو، بۆیە پسولەی (حسك)یان بۆ کردین و داخلی ئێران بووین، دواتر بە سەیارە بەرەو ئورمیە ﴿ڕەزائیە﴾کەوتینە ڕێ ، ماوەی مانگێك لە نەخۆشخانە مامەوە، قاچم عەمەلیات کرا، دوو پارچە پلاتینیان بۆ دانام، دکتۆرەکەیشم ناوی (عەلی ڕەزا زادە)بوو. لە ئوتێل ڕەزا برادەرێکم ناسی هاوکاری زۆری کردم، زۆر سوپاسی دەکەم، لێپرسراوی عیلاقاتی پارتی بوو ناوی (تەها بەرواری) بوو، بردمی بۆ لای دکتۆر و سەردانی ئەکردم دوای عەمەلیاتەکەش جلەکانیشی بردبوو لە ماڵ بۆی شۆردبووم، زەحمەتی زۆر پێوە بینیم. دواتر من گەڕامەوە شار بە شار تا گەیشتمە سەرکردایەتی و ناوەندی کۆمەڵە، دواتر چوومە مەقەر(ی کاك شۆڕش اسماعیل)، و لەوێش سەیارەیەکی بۆ پەیداکردم، پیاوێك لەوێ بوو خەڵکی (گردەبۆر) بوو، کوڕەکەی گیرابوو، کاك شۆڕش وتی ئەم پێشمەرگەیەم بۆ بگەیەنە دەستی (کاك هەڵۆی ئەحمەد کوردە)، وەرەوە کوڕەکەت بۆ بەرئەدەم، منیش قاچم تا ئەژنۆم لە گەچدا بوو. سواربووم لە گەڵیدا ئێوارە گەیشتینە (گردەبۆر)، سەر جادە پڕ بوو لە ڕەبایەی جاش و عەسکەر زۆر ترسام، وتی مەترسە هەمووی خزمی خۆمن. بەیانی زوو هەڵی ساندم خۆی کاتەکەی دەزانی، لە جادە پەڕاندمیەوە و چووینە (حاجی

ئاوا)، هەواڵی (کاك هەڵۆ)مان پرسی و دۆزیمانەوە، (کاك هەڵۆ)ش نامەیەکی دا بەکابرا بیدات بە کاك شۆڕش، کە منی داوەتە دەست کاك هەڵۆ بۆ دڵنیایی، کاك هەڵۆش ڕەوانەی کردم بۆ بەری بازیان، لە دێی (باوەفەتیە)وە بۆ (هەنجیرە)، لەوێشەوە وردە وردە بۆ بازیان، تا گەیشتمە دێ ی (زێکە) لە ماڵی (شەهید فایەق)، کە دوای گەڕانەوەی من شەهید بوو، کە برای خێزانمە، ڕۆژی دواتر تراکتۆرێکیان بۆ گرتم بەرەو (جافەران) و لەوێشەوە بەرەو (دوکانی قەرەداغ) کە ماڵمان لەوێ بوو، ئەم ڕۆیشتن و هاتنەوە و قاچ شکانە و گرتنەوەی چەندجار و هەم شکانەوەی بە نەشتەرگەریی ڕزگارم بوو، بەینی دوو ولاّت بە ولاّخ و سەیارە بەس بەدەم خۆشە. پاش یەك مانگ توانیم وردە وردە بەپێ بڕۆم.

کاتێك تیپی ١٧ی زمناکۆ دروست کرا (کاك جەمیل هەورامی) بە لێپرسراوی تیپ، و شەهید (مام هێرش) بە جێگری تیپ و منیش بە ڕابەری سیاسی تیپ و (کاك جەمال دیموکرات) کە کادرێکی زۆر باش و سەرکەوتوو بوو گواسترابۆوە بۆ سنووری ئێمە، دانرا بە لێپرسراوی ڕێکخستنی کۆمەڵە، وە خوالێخۆش بوو (کاك ئەحمەد ڕەشید گەلاڵی) کە پێشمەرگەیەکی ئازاو شارەزا بوو لەبواری کۆمەلاّیەتیدا، کرا بە لێپرسراوی کۆمەلاّیەتی ناوچەکە، وە (کاك سەلاّح جومعە)ش کرا بە لێپرسراوی ڕێکخستنی شۆڕشگێڕان لەو تیپەدا.

# دروستبوونی تیپی ١٧ ی زمناکۆی ١٩٨٦ ـــــ ١٩٨٧

لەو کاتەدا (کاك جەمیل) لە ئێران بوو وابزانم بۆ چارەسـەری گورچیلە چوو بوو، (مـام هێـرش) سەرپەرشـتی تیپەکـەی دەکـرد تـا ئـەو گەڕایـەوە، پـاش ئـەوەی (مـام هێـرش) شـەهید بـوو لـە شـەڕی (چـەرمەگا)دا (مـەلا ئەحمـەدی دسـکەرە) کرایـە ج.ت. تیپـی ١٧ ی زمنـاکۆ کۆمـەڵێك کەسایەتی و کـەرتی زۆر چـالاکی هـەبوو کـە سـەری تیپەکـەیان و یەکێتیشـیان لـەو سـەردەمەدا بـەرز کردبـووەوە. کـەرتی ٣+٤ ئـەم دوو کەرتـەخوالێخۆش بـوو (مامـە عەلـە ڕەش) لێپرسراوی کەرتی چوار، شـەهید مـەحمودی مامـە عـەزە لێپرسـراوی کـەرتی ٣ بـوو ، بەڕاسـتی کۆمـەڵێك خزمـی خۆیـان و پێشـمەرگەی قارەمـانی تێـدابوو، هەرشـوێنێك سـەخت بوایـە ئـەو دوو کەرتـەیان بـۆ ئـەنارد، هەمیشـە شـوێن دەستیان دیار بوو، کەرتی یەك کە (کاك حەمە قاشتی) فەرماندەی کەرت بـوو ، کـەرتێکی تـر کـە (کـاك عـەلی ڕەشـید) فەرمانـدەی بـوو، (کـاك عـەلی چـەلەبی) فەرمانـدەی کـەرتیی تیـپ بـوو. کـەرتی دوویـش کەشـەهیدی هـەرگیز نـەمر شەهید (ئاوات تریفەیی) فەرماندەی کەرت بـوو. دوای شـەهید بـوونی (شـەهید هـەژار)و هاوڕێکـانی سـاڵی ١٩٨٥ ــ ١٩٨٦ هـیچ تیپێـك مـەفرەزەی نـاو شـاری نـەکردبوو دوای دامەزرانـدنی تیپەکـەو گەڕانـەوەی (کـاك جـەمیل). لـەو سەردەمەشدا کە ئەبوایە تیپەکان بۆ خۆیـان پارەیـان پەیداکردایـە بـۆ یارمـەتی پێشـمەرگە، بۆیـە بـەرەو سـلێمانی ڕێککـەوتین کـاك جـەمیل وەك سـەرتیپ و منـیش وەك ڕابـەری سیاسـی و کـاك عـەلی ڕەشـید وەك فەرمانـدەی کـەرت،

چەندین پێشمەرگەی قارەمانی تریش کاک عەلی چەلەبیش وەك فەرماندەی کەرتی تیپ بەشداربوو وەك وتم بە ئەمری لێپرسراوی دارایی کە (کاك عومەر فەتاح) بوو، ئەبوایە تیپەکان خۆیان بەخێو بکردایە، چوینە گەڕەکی خەبات و ١٣ جاشمان گرت، کاك یاسن ساڵح کە پێشتر تەسلیم بوبوەوە بەلاّم پەیوەندی بەڕێکخستنەوە هەبوو ، هات پێی وتم کە جاشێك لە ماڵەوەیە لای مزگەوتی خەبات، کاتێك چووم زۆر گەڕام نەمان دۆزیەوە، دواتر یاسین جوابی ناردوو وتی ئەو شەوە لە بەرمیلێکی بەتاڵدا کە لە حەوشەکەدا بوو چوبووە ژێر بەرمیلەکەو خۆی شاردبوەوە. یەکێك لە جاشەکان چەکداربوو یەکێك بەمنی ووت، کاتێك پێم وت و لێی توڕە بووم خوشکەکەی وتی هیچی لێمەکەن بەخوا ئەچم چەکەکەی ئەهێنم، ماوەیەکی پێچوو چەکەکەی هاورد لە ماڵی (ئامر سریە)کەی بوو، لە گەڕەکی حاجی ئاوا، کلاّشینکۆفێکی صینی قۆناغداربوو، سەیارەیەکی ڕینۆی تەکسیمان گرت وتیان هی جاشە، بەوەشەوە لە ڕێگەی کانی باوە بردمان نەمان ئەتوانی لایتەکانی هەڵکەین، کاك جەمیل لێی ئەخوڕی منیش لە پێشەوە لەگەڵیا سواربووبووم، بۆ ئەوەی جادەکە ببینین پێشمەرگەیەك لە پێشەوە جامانەکەی بەدیوە سپیەکەیدا دابووبەپشتیا، زۆر تاریك بوو لە پڕ شلّپە هات تومەز خۆمان دابوو بە بۆدیە گەلاّبەیەکدا کە فڕێ درابوو، کەمێك ئازارمان بوو گیانمان بەوە بوو کە هێواش لێ ی ئەخوڕی، لەبەر تاریکی لایتەکانی شکا بەلاّم کۆڵمان نەدا هەر بردمان تا گەیشتینە گوێ چەمی تانجەرۆ، کاتێك ڕۆژ بوەوە خاوەنەکەی سەنەویەکەی هاورد جاشەکە

تـەنها شـۆفێری بـوو، بۆیـە سـەیارەکەمان پێدایـەوەو داوای لێبوردنمـان کـرد لـە خاوەنەکەی.

لـەدوای چاکبونـەوەی قاچـم کـە هێشـتا ئـازاری زۆری تیـابوو، وردە وردە ئەڕۆیشتم، ڕۆژێك (کاك بەختیاری مەلا عیزەت) هات بۆ لام کە ماڵم هێشـتا لـە دێ ی دوکـان بـوو، کـاك بـەختیار کـادرێکی شـارەزاو خـاوەن ئـەزمون بـوو، ئـەو کاتانە بەرپرسی ڕێکخستنی پێشمەرگەکانی مەڵبەنـد بـوو، کـاك بـەختیار وتـی **(کاك جەبار فەرمان)** ناردومی بۆ لات کە ئاغـای حورمـەتی و چـەند پاسـدارێك بەریتـە شـوێنێکی بـاش وەك ڕەصـەد، کـە لـە ئێرانـەوە بۆردومـانی سـەربازگەی (کانی سارد)ی نزیك دەربەندیخان بکەن، منیش وتم زۆر باشـە. مـن لـەو کاتـەدا کە ڕابەرسیاسی بوم بارەگای تیپ لە (بەلەکجاڕ) بوو وەبارەگای ئـەوانیش لـەوێ بوو، بەهۆی ئـەوەی کـە مـن لـە شۆڕشـی ئـەیلول مـاڵم لـە ئێـران بـوو کـەم کـەم فارسی تێئەگەیشتم، بۆیـە وەك عیلاقـاتیش لەگـەڵ پاسـدارەکان کـارم ئـەکرد. حورمـەتی و سـێ پاسـداری تـر و کـاك بـەختیارو کـاك عـەلی حسـێن کـە ئەوسـا کـادری ڕێکخسـتن بـوو هـەروەها نـاردم کـاك حەمـە قاشـتی هـات کـە ف.ك بـوو، ئـەوان لـە مـن شـارەزاتربوون لـە ناوچـەکەدا چـونکە خۆیـان خـەڵکی ناوچـەکە بوون. لە شاخەکانی ناو تاق چوینە قوتەی بیرەکە کە زۆر بـاش مەعەسکەرەکە دیـاربوو، حورمـەتی وتـی ئێـرە زۆر باشـە. بـە جیهـاز دزڵـی ئاگـادار کـردەوە و شوێنەکەی بە باشی بۆ دیاری کردن. لە ناو دزڵیەوە تۆپەکەی ئەتەقانـد و ئـەی وت (اللـه اکـبر) ئـەمانیش لێـرە لای ئێمـە ئـەیان وت : (خومـەینی رەهبـەر).

ژمـارەی تۆپـەکان گەیشـتنە ٣٥ گوللـە تـۆپ ، زەرەر و زیـانێکی زۆری گەیانـدە مەعەسکەرەکە و کوژراو و برینداری زۆریـان هـەبوو. ڕژێمـی بـەعس وایئـەزانی ئێمە ڕەسەدین بە شاخی (زەردە)وەین و ئـەو شـاخەی کولاّنـد، ڕەنگـە ١٠٠ تـۆپی لێ دابێت . دواتر هاتینە دێی (ئیمام قادر) کە مـاڵی خـاڵوانی کـاك عـەلی حسـێن بـوو، کـاوڕێکم بـۆ کـڕین و لـەناو دار و شەخسـەکە کـە دارسـتانێکی گـەورە بـوو دەسـتمان کـرد بـە گۆشـت برژانـدن، چـەند سـەعاتێك خـەریك بـوین. دواتـر گەڕاینەوە بەلەکجار. هێشتا ماڵم لـە دێ ی دوکـان بـوو لـە ١٩٨٦ دا دێ ی دوکـان لەلایـەن تۆپخانـەی ڕژێمـەوە بۆردومـان کـرا، منـیش لەبـەر منداڵـەکان لـە هـەر دێیەك بوینایە کونە تەیارەم بۆ دروست دەکردن. لـە دوکـانیش لـە پشـتی مـاڵی خۆمان کونە تەیارەیەکی باش و قایمم لە یاڵەکە بۆ دروست کردبـوون. کـە ١٠ ــ ١٢ کەسـی ئـەگرت. زۆر باشـم لـە یـادە لـە کـاتی قەصـفەکەدا خـۆم لەسـەربانی هەیوانەکە پیاسەم ئـەکرد و سـەیری شـوێنی تۆپـەکانم ئـەکرد بـزانم ئـەدات لـە کوێ، یـەکێك لـە خـوارەوە زۆر بـە پەلـە ئـەهات و بـانگی ئـەکرد بـە جادەکـەدا ئەهات ، کە لەبەردەم ماڵی ئێمەوە بەرەو (دوکەرۆ) ئەڕۆشت، پیاوێکی زۆر قسە خۆش و سوعبەتچی بوو، وتی کونە تەیارەتان هەیە؟ وتم بەڵێ. زیاتر ڕای کرد، منـیش وتم مـەلا پـڕە لـە ژن و منـداڵ، دیـاربوو بـێ هیـوا بـوو ، وتم وەرە ژێـر زەمینەکـە، خانووەکـە دوو قـات بـوو، وتـی نایـەم، وتم دەی باشـە وەرە لای مـن ڕاوەسـتە بـزانین چـی ڕوئـەدات و تۆپـەکان بـەرکوێ ئەکـەون. وتم: بـۆ نایـەی؟ وتی: حەمە ڕەزا تۆ زۆر بێ ئەقڵیت من وەك تـۆ بـێ ئـەقڵ نـیم و بـەرەو دێ ی

(دوکەرۆ) ڕای کرد، بۆردومان بەرەو تەواو بوون دەڕۆیشت کاتێك ئەو ڕۆیشت، تۆپێك تەقی و پارچەیەك دای لە هەیوانەکە کە من وەستابووم. یەك دوو بست لێمدوور بوو، دەستم لێدا گەرم بوو، دوایی بیرم لە قسەکەی مەلا هیدایەت کردەوە، چەند تۆپێك دای لە دێ ی دوکان بەڵام زیانی گیانی نەبوو، تۆپێك دای لە ماڵی (مەلا وریا) کە پێشمەرگە و عەدەد بێسیم بوو لە تیپی ٥٥ کە نزیك بوو لە ماڵی ئێمە. دوای ئەو قەصفە ئیتر دێ ی دوکانمان بەجێ هێشت و چوینە دێ ی دوکەرۆ. لە سەروی دێکەوە شوێنم چاککرد لە پەنا بەردێکی گەورە لەبەر بۆردومانی تۆپ و تەیارە. نزیکیش بوو لە کانیەکەوە و ئەو شوێنە زۆر قایم بوو و ترسم نەبوو کاتێك کە بەجێیان ئەیەڵم، دوای ئەوە چوین بۆ شەڕی (دودارە) و تا هاتمەوە ماڵەکەمان لەوێش سوتا. ماڵی پێشمەرگەیەك کە ناوی (برایم سیارەیی) بوو منداڵێکی زۆر عەجولی هەبوو، باروتی فیشەکی داکردبوو، هەردولاشمان کەپرمان کردبوو، گەلاًکەش وشکبوو ئاگری نابوو بە باروتەکەوە و هەردوو کەپرەکە سوتابوو. هیچمان بۆ دەرنەچوو. لە خوارماڵی ئێمە ماڵی (کاك حامید و کاك ئەحمەدو شەهید ئەمجەد)یش لەوێ بون، بە ڕێکەوت کە (حمە زیاد)یش لەوێ ئەبێت خێزانەکەم هاوار ئەکات لە لایەك منداڵ دەربکات بۆ ئەوەی نەسوتێ و لەلایەك ماڵ نەسوتێ، وتبوی تەنها دەمانچەکەی نەسوتێ ئیتر قەی ناکات: کاتی پێشمەرگایەتی کە ئەچوین بۆ شەڕ دەمانچەکەمان لە ماڵ دائەنا (حەمە زیاد) زۆر پیاوانە ڕائەکات ئەڵێ لە کوێدایە و شوێنی دەمانچەکەی پێ ئەڵێت، پیاوانە

دەمانچەکە دەرئەکات و چەند قتویەك شوشە دۆشاو بە گەرماکە یەك لە دوای یەك تەقیبوەوە وایان زانیبوو ڕومانەیە. کەوێکی زۆر جوانم هەبوو کە زۆر شەڕانی بوو، ئەگەر بەرم بدایە پەلاماری هەمووومانی ئەدا، (کاك بەهزاد و کاك سوهاد) و ئەو برادەرانە ئەیانوت ئەگەر کەوەکە بەرەڵا بکەیت نایەینە ماڵت، ئەو کەوە جوانەش لە ئاگرەکەدا سوتا و فریای دەرکردن نەکەوتبوو. (ڕەنجدەر)یش و (سەرکەوت)یش زۆر مندالْ بون، دایکیان زۆر بە نارەحەت دەریکردبون چونکە ئاگرەکە زۆر بەهێز بووە. هەر باش بووە منداڵەکانیش نەسوتابون، ئەم نارەحەتی و تۆپباران و ماڵ سوتانەش یەك مشتە لە خەروارێك.

# داستانی ڕزگاری

**١٣-١٩٨٧/٤/١٤**

زۆربەی زۆری هێزەکانی (یەکێتی) هی هەر چوار مەڵبەندەکە کۆکرایەوە ئامانج لێی پاکردنەوەی دەوروپشتی سلێمانی بوو بۆ پاراستنی سەرکردایەتی که له سەرگەڵوو و بەرگەڵوو بوو. ئەو شەوە لە سەعاتی سفردا دەستی پێ کرد، قەیوانی بچووك بۆ ئێمه دانرا بوو ئەوەی لە یادم بێت برای تێکۆشەر ڕەوفی یاسه ف.ك بوو، مامۆستا سۆران لێپرسراوی مالیەی تیپی ٥٥ی قەرەداغ، شەهید کاوە سۆڵەیی و شەهید ئارامە بچووك کە دەورێکی زۆر قارەمانانەی بینی لەو شەڕەدا. برادەرێکیان دا پێمان وەك دەلیل وابزانم ئامر مەفرەزە بوو لە تیپی ٣١ی سلێمانی و ناوی عەبدوڵلا بوو. لە سەعاتی سفردا لە هەموو لایەکەوە پەلاماردان دەستی پێ کرد، سەرەتا کە ئێمە پەلامارمان دا ئاربیجیەك درا لە قولەیەك کە مابووی بۆ ڕەبایەکە، بۆیە تۆزێك زەحمەت بوو و درەنگ دەستی بەسەرداگیرا، ئەو پێشمەرگەیەی تیپی ٣١ بە داخەوە شەهید بوو و (جوامێر دەرەویان)یش ئەژنۆی بریندار بوو، پاش ماوەیەك دەستمان گرت بەسەر ڕەبایەکەدا و چەند جاشێکیش کوژرا و لاشەکانیان لەبەردەستدا بوو. بڕیار درابوو پاش ٢٤ سەعات ئێمە واتە پێشمەرگە بەرگری بکات و پاسداری ئێرانی دێت لێمان وەردەگرێت. زۆر گەڕاین لە درزە بەردێکدا ﴿RBG﴾ی یەك شاردرابۆوە بەبەرد داپۆشرابوو ئەوەی لە یادم بێت دوای کۆنترۆڵ کردنی شوێنەکان ٥ شەهید و ٧ بریندارمان هەبوو. ئەو ناوچانەش کە دەستیان بەسەردا گیرابوو ١٢١ ڕەبایە و مەقەڕ سریە و مەقەڕ فەوج گیرابوون، زیاد لە ٢٠٠ ـ ٣٠٠ پارچە چەك گیرا و دیلێکی زۆریش هەبوو. چەند ڕۆژێك

لەوێ ماینەوە و هێرش و تۆپ بارانی ڕژێم ئەوەندە سەخت بوو نە ئەتوانرا بەرگری زیاتر بکرێت، هەتا بە کیمیاویش لە دۆڵی (قزلەر) و ئەو شاخەشی دا، بۆیە بڕیاردرا پاشەکشێ بکەینەوە، چەندین هاوڵاتی و پێشمەرگەش برینداربوون بە کیمیاوی.

هێزی پێشمەرگە زۆر ئازا و بە هیمەت بوون لە پەلاماردانەدا، باوەڕناکەم کەس غەیری پێشمەرگە ئەو توانایەی هەبێت، بەلاَم لە بەرگریدا نەیدەتوانی بەرگری تەواو بکات، ئەویش بەهۆی چەك و تفاقی شەڕەوە کە لە چاو هی دوژمندا زۆر سوك و بێ بەرانبەر بوو. لە سەرەتای شەڕەوە تا پاشەکشەمان کرد نزیکەی یەك هەفتەی خایاند، ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێژەی شەهیدەکان زیادی ئەکرد، ژمارەی شەهید گەیشتە ٩٤ شەهید و دەیانی تر بریندار بوون، شەوێك زۆر سارد بوو و خەویشمان ئەهات، بە کاك ڕەوف و کاك سۆرانم وت سەرماکە خۆشە یان بچینە ناو کۆنە ڕەبایەکە؟ ئەگەر تۆپێك لێمانبدا خۆشترە، باشە با بچینە ژوورەوە ڕەبایەکە زۆر نزم بوو سەریشی جەمالیۆن بوو و تەنها مەترێك بەرزی بوو. کە تۆپ لە دەوروپشتی ئەدا خۆڵەکە ئەکەوتە سەر جەمالیۆنەکە، زۆر ناخۆش بوو بەلاَم لەسەرماکە خۆشتربوو. بە ڕۆژدا بە بەردەوامی تەیارەی کۆپتەر بۆردومانی پێشمەرگەی ئەکرد، سەیرمان کرد شاخەکانی (کێوە سوور و دووبرا و کۆڕەنگ) ئەم شاخانە زۆر بە سەختی بۆردومان ئەکرا و هێرشیان لەسەر بوو، وتم کاك ڕەوف با بە بیکەیسی تەقە لەو تەیارانە بکەین بەشکو بۆردومانەکەیان لەسەر کەم بێتەوە، ئێمە هەر یەکەی لە سەنگەرێکدا بوین و قەیوانی بچوك ڕوبەرەکەی کەم بوو بیکەیسی یەکمان پێ بوو. عەدەد بیکەیسیی یە کەمان شەهید سالار برای کاك سەردار عەینەك بوو پیاوێکی زۆر قارەمان بوو کە کۆپتەرەکە ویستی بۆردومانی کۆڕەنگ بکات دوو سەلیەمان

پێوەنا، ڕاستە کەمێك دورکەوتەوە بەلاّم زانیان لە کوێوە تەقەیان لێ کراوە، بۆیە پاش ماوەیەك پیلاتۆزێك هات ٤٠ ساروخی نا بە قەیوانی بچوکەوە کە ئێمەی لێ بووین، هەموو قەیوانی بچوکی گرتەوە و لە خۆڵدا غەرقی کردین، کەسمان بەتەمای کەسمان نەبووین، کاتێك سەیرم کرد قەیوانی گەورە مەلا ئەحمەدەی دەلوجە و غەفوری عەریف حەمە ئەمین بەرەو لای ئێمە ڕائەکەن لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی تر بە هانامانەوە بێن، بزانن چەند شەهید و بریندارمان هەیە، بەلاّم پێش ئەوان هاوارم کرد کێ شەهیدە ؟ کێ بریندارە؟ کەس بریندار نەبوو، گشتمان سەلامەت بوین ، کاتێك کە فڕۆکەکە لێی داین من و کاك سۆران بە پێوە بوین ، هەریەك لە سەنگەرێك نزیکی یەك بوین و فریای دانیشتن نەکەوتین . منیش هاوارم کردە کاك مەلا ئەحمەد و برادەران و وتم مەیەن هەموو سەلامەتین، کاتێك بڕیاری پاشەکشە درا قەیوانی بچوك دوای هەموو شوێنەکان پاشەکشەیان پێ کردین، دواتر چوینە خوارێ ئێمە لە دێ ی قزلەرماینەوە، پێشمەرگە سەروڕیشی زۆر هاتبوو چوم یەك دوو دەستە گوێزان و مەکینەیەکی ڕیشتاشینم کڕی و دەستم کرد بەسەر و ڕیش تاشین، پێشمەرگەکان ئەوی بیرم بێت (کاك مەلا ئەحمەدی دەلوجە، مامۆستا سۆران و صباحە قەڵەو و ئازاد فازیل) و چەند پێشمەرگەیەکی تر بۆ ئەوەی پاك و تەمیز بن. وەك وتم بەچەکی کیمیاوی لە قزلەر و دەوروپشتی دابوو. خەڵك شەهید و بریندار بووبن. شەو حەرەسیات دەرکرا، یەکێك لە پاسەوانەکان کاك سەباح بوو، ئەوکات لە ڕێکخراو لە لای (کاك ئاسۆی شێخ نوری) بوو، دیاربوو پێ ی عەیب بوو بڵێت کیمیاوی لێ ی داوم ، چونکە پێشمەرگە ئەوەندە خۆڕاگرو خاکپەرست بوو لە کاتی نەخۆشی و ئازاریشدا پێ ی عەیب بوو بڵێت ناتوانم. شەو بە هێواشی چوومە دەرەوە سەیری دەوروپشتم کرد سەباح

تفەنگەکەی بەدەستەوە بوو وەستابوو، چوم و هاتم دەنگی نەکرد، پێم وت سەباح بۆ قسە ناکەیت کە من هاتم وتی بەخوا چاوم لێت نەبوو، ئەوجا بۆی باس کردم کە کیمیاویەکە کاریگەری لەسەر چاوی دروست کردووە و چاوی باش نابینێت، و پێم ناخۆش بووە بڵێم بە حەرەس دام مەنێن نەك پێم بڵێن ئەترسێ. ئیتر پێشمەرگەیەکم هەڵسان و سەباحم نارده ژورەوە بۆ ئەوەی بخەوێ و ئیسراحەت بکات. ڕۆژێك هەر لە چەمی پیرکە چوین جل و سەروملمان بشۆرین، کاك سەباحیش هات خۆی هەڵکرد چووە ناو ئاوەکەوە، کاتێك سەیری ناو ئاوەکەم کرد دیم مارێك هات منیش لە مار نەدەترسام ، پەلامارم دا و گرتم. بەرەو لای سەباح فڕێم دا کە چەند مەترێك لێم دوور بوو و ئالاً بە قاچ و قولیا، قیژاندی و ڕای کرد، بەلاّم مارەکە لە قاچی بوەوە و ئازاری بە سەباح نەگەیاند، سەباح لەناو ئاوەکەدا کەوت و گشت گیانی تەڕ بوو.. ئەوەی لە یادم بێت لە داستانی ڕزگاریدا پۆلێك پێشمەرگە دانرابون بۆ گرتنی شاخی ئەزمڕ، بەلاّم پاش شەڕێکی خوێناوی و بەرەنگاریەکی قارەمانانە ٧ پێشمەرگە شەهید کرابون، پاشەکشەیان کردبوو و تەرمەکانیش کەوتبونە دەست دوژمن، یەکێك لەوقارەمانانە کە بیرم بێت کادرێکی وشیار و بە توانا (شەهید شێخ جەمیل) بوو.

# داستانی گڵە زەردە

## ٥ ـــ ١٩٨٧

پاش گەڕانەوەمان لە داستانی ڕزگاری پاش ماوەیەکی کەم ٥ ــ ١٩٨٧ داستانی گڵە زەردە دەستی پێ کرد، ئەو ڕەبایەی بۆ ئێمە دانرابوو لە سلسلەی گڵەزەردە تەنیشتی کلاو گورگ بوو سێ کوچکەی ناوبوو. ڕەبایەکە هی ساڵانی حەفتاکان بوو و زۆر قایم بوو. دیوارەکانی بە بەرد چنرابوو، پانی ١,٥مەتر و نیوێك بوو، RBG یش نەی ئەبڕی و ئەوی لە یادم بێت هەرکی و سورچی تیابوو، پێش چوونمان هەندێك هەڵوێستی جوامێرانە و پێشمەرگانەی شەهیدی هەرگیز نەمر (عەبدوڵلا ڕەباتی) هەیە کە پێویستە ئاماژەی پێ بکەم، بە شایەتی کاك مەلا ئەحمەدی دەلوجە و کاك سۆران کە ئێمەش خۆمان ئامادەکردبوو لەگەڵ برا فەرماندە و پێشمەرگەکاندا پەلامار بدەین. شەهید عەبدوڵلا زۆرمان لەگەڵ خەریك بوو کە نابێت ئێمە بچین و ئێمە کادرین و بە شەهیدبونی ئێمە شەلەل دروست ئەبێت و لە ناوچەکە و پێشمەرگە زۆر شتی لەم بابەتە باسکرد. هەروەها وتی بە گۆڕی شەهیدان بە خوێنی خۆم ئێوە ئەپارێزم. بەڵام پێش هجومەکە کاك مەلا ئەحمەد بانگ کرا بۆ ئەسناد ئەگەر بریندار هەبێت دوری بخەنەوە یان شتێ پێویست بکات ئەمان ئامادەی بکەن. وە کاك سۆران لێپرسراوی مالیەی تیپی ٥٥ بوو ئەویشیان بانگ کرد. کاك عەلی حسێن کە ئەو کات ئەندام پۆل بوو و ئێمە بەشدار بووین لە گرتنی ڕەبایەکەدا و فەرماندەی عەسکەری ئەو ڕەبایە ف.ك ڕەوفی یاسە و شەهید عەبدوڵلا ڕەباتی و چەند ئامر مەفرەزەیەك لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگەی گیان لەسەر دەست دانراین بۆ هجوم وەك وتم شەهید عەبدوڵلا زۆر ناڕازی بوو بە چونکە

ئێمە. بەڕاستی ڕەبایەکە زۆر سەخت بوو، هەر یەکەم ئاربیچی پووشەکە گڕی گرت و ئێمە لەلایەن جاشەکانەوە کەشف بوین و ئەبینراین، دەست کرا بە تەقە و شەڕی دەستەویەخە و ئەوان لەناو ئەو ڕەبایە قایمانە و ئێمەش ڕوبەڕوی بەرەو ئەوان ئەمان وت: تەسلیم بن! ئەیانوت: هەڕۆ گەوادینە. و ئەو ڕەبایەی لای ئێمە دوای گشت ڕەبایەکان گیرا، چونکە لە سەعات سفر و لەناکاو پەلاماردران زۆری نەبرد یەکەم شەهید کە خۆی پەیمانی دابوو بە خوێنی خۆی بمانپارێزێت (شەهید عەبدوڵلاٚ ڕەباتی) بوو، من و کاك عەلی حسێن پەلامارماندا و لە ئاگرەکە دورمان خستەوە و خەریك بوو بسوتێ، دوای ئەو (شەهید تۆفیقە ڕەش) کە بەڕاستی پێشمەرگەیەکی چاونەترس و قارەمان بوو، سێهەم (شەهیدحەسەن) خەڵکی تەکێ یان بالەکەجار بوو و گەنجێکی چاو نەترس بوو. بەڕاستی بە خوێنی ئەو پۆلە شەهیدە نەمرە وچەندین بریندار توانیمان ئەو ڕەبایە بگرین. بۆ بەیانی کۆپتەر هاتە سەرمان و دەست کرا بە تەقەکردن. ئەوی لەیادم بێت هەر ئەو شەوە شەهیدی فەرماندە و هەرگیز نەمر (شەهید دلێر)مان شەهید بوو، پێش شەهید بوونی هات سەری لە ئێمەدا و کاك ڕەوف پێ ی وت شیرزە دیاری وتی ڕەوف خۆیشم هەستی پێ دەکەم. و ئەو داستانە ئەم تیپانە بەشداریان تیاکرد: ٥٥ قەرەداغ، ٥٧ سەگرمە، ٥١ گەرمیان وە ٥٣ شێروانە. ٢ پیکاب گیرا سورێك و سپی یەك، سورەکە بە شەهیدی فەرماندە و قارەمان شەهید حەمە ڕەش بوو. تەنها مەقەڕی فەوجەکە مابوو، بەلاٚم بۆمان نەگیرا، بەلاٚم زنجیرە شاخی گڵەزەردە بە تەواوی پاککرایەوە، وابزانم ئەو فەوجە هی مستەشار حسێن مەساح بوو. وا باسکرا و ئەوەی لەیادم بێت شەهید یاسین و شەهید حیکمەت لەوێ شەهید بوون ، حەمە بۆر و وەستا غەفور و مەلا یادگاریش لە برینتدارەکاندا بوون.

# داستانی دوو داره

شەوی ٥-٦/٧/١٩٨٧ پاش داستانی ڕزگاری و گڵەزەردە بەسەرکەوتویی بیر لەوە کرایەوە کە چالاکی یەکی تر ئەنجام بدرێت و گەورە بێت و دەنگ بداتەوە و ورەی دوژمن بڕوخێنێت، بڕیاردرا مەعەسکەری دوودارە و ڕەبایەکانی دەوروپشتی کۆنترۆڵ بکرێت کە نزیک جادەی قیری سلێمانی دەربەندە، و نزیك گوندی (میرەدێ)، سەرجەم تیپەکانی گەرمیان و سەگرمە و قەرەداغ بەشداری بکەن. وردە وردە خۆمان کۆکردەوە و بەرەو نزیك لە مەعەسکەرەکە و دابەشکردن و دیاری کردنی پێشمەرگەکان بۆ هجوم، بەڵام دیار بوو ڕژێم بەم جموجۆڵەی زانیبوو، ئیتر نازانم لەناو پێشمەرگەوە یان خەڵکەوە ئاگادار کرابۆوە، گەیشتینە نزیك دێی بێگن بناری شاخ، فەرماندەی قارەمان و برای خۆشەویستم (کاك سەلام کوێخا عەزیز) مار پێوەی دا ئەمەش بۆ خۆی خەلەلێك بوو... ئەو کات من ڕابەری سیاسی تیپی ١٧ی زمناکۆ بوم. ئەوی هەستمان کرد هێزی ڕەبایەکان و فەوجەکەش زۆر زیادی کردوە. وە هێزەکان جیاکرانەوە بۆ ڕەبایەکان و مەقەڕی فەوج کە نزیك کارگەی قیرەکە بوو، زۆر ناڕێکوپێکی هەبوو لە ناردنی هێزەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان، تیپی ١٧ ی زمناکۆ پێش هەموویان گەیشتە شوێنی خۆیان و دەست کرا بە پەلاماردان کە هێشتا نیوەی هێزەکان نەگەیشتبوونە شوێنی مەبەست و لە سەعاتی سفر فریا نەکەوتین کە ئەمە گەورەترین خەلەل بوو کە بووە هۆی سەرنەکەوتن و پاشەکشەمان هەتا کەموکورتی لە دابەش کردنی تەقەمەنیشدا هەبوو. وەك وتم تیپی ١٧ی زمناکۆ دانرابوو بۆ ڕەبایەکانی پشتی چنارە، زۆر سەخت و قایم

بوو و ئەڵغام ڕێژ کرابوو، ئەم ڕەبایەیە بەسەرپەرشتی برای خۆشەویستم فەرماندەی قارەمان (شەهید مەحمودی مامە عەزە) بوو کە لە پەلاماردا هاوڕێی کەم بوو یەکێك بوو لە فەرماندە ئازا و سەرکەوتوەکانی ئەو سەردەمە، فەرماندەی کەرت بوو.

تیپی ١٧ بێ دواکەوتن لە سەعاتی سفردا هێرشی کرد، تەنها ئێمە دەست بە کاربووین و لە هیچ لایەك تەقە نەکرا ، بۆیە قورسایی کەوتە سەر برادەرانی ئێمە و لە گشت ڕەبایەکانی ترەوە دراینە بەر دۆشکە و هاوەن، بێ ئەوەی ئەڵغام و هێزیش زۆر زیادی کردبوو.

بۆ کارگەی قیرەکە کۆمەڵێك پێشمەرگەی قارەمان و چاو نەترس دانرابوون بە سەرپەرشتی هاوڕێی خۆشەویستم (شەهید سەعید حاجی غەریب) دەستی پێ کرد، کاتێك کە هجومیان کردبووە سەر کارگەی قیرەکە دوژمن پێش ئەوان ئاگاداربون و بە ئاشکرا پەلاماردرا نەك لە ناکاودا، وەك پێشتر ئامـاژەم پێ کرد ڕژێم بەو پەلامارەی ئێمەی زانی بوو و خۆی ئامادەکردبوو، چەند ئاربیجیەکیان نا بە فەوجەکەوە بەڵام نەتوانرا کۆنترۆڵ بکرێت، بە ناچاری پاشەکشەیان کرد و لە کاتی گەڕانەوەدا پێشمەرگەیەکی گەرمیان بەناوی (حاجی عەلوان) شەهید بوو.

دوای ئەوەی کە نەتوانرا هیچ شوێنێك کۆنترۆڵ بکرێت بە شەهید و بریندارێکی زۆرەوە پاشەکشەمان کرد. کەس هەواڵی ئەو پێشمەرگانەی کە لەگەڵ شەهیدی نەمر (مەحمودی مامە عەزە) بوون نەئەزانی، چەند کەس شەهید و چەند کەس بریندارە یان ماون. ئەوی لە یادم بێت ئێمە وەك تیپی ١٧ی زمناکۆ زۆرترین شەهید و بریندارمان هەبوو، کە ٨ شەهید و ١٠-١٢

بریندارمان هەبوو. هەموو تیپەکان گەڕانەوە و (کاك قادر و مام ڕۆستەم) گەڕانەوە مەڵبەند لەگەڵ باقی فەرماندەکانی تر، من لەبەردەکەڕ مامەوە بۆ ئەوەی سۆراغی بریندار و شەهیدەکان و ونبوەکان بکەم، بەڕاستی پێویستە لێرەدا باسێکی ئازایی و پیاوەتی (کاك فارس) بکەم، گەنجێکی زۆر قارەمان و بە ورە بوو و چەندین گوللە ﴿RBG﴾وفیشەکی بۆ هاوردین و بەشداری کرد، بەڕاستی زۆر بەهیمەت بوە. تا ڕۆژی دوایش لەگەڵماندا مایەوە و من و (کاك عەتای حاجی حەمە ئەمین)م لەگەڵ بوو کە ف. مەفرەزە بوو، ئەو شاخانەی ناوتاق و پێش ڕەبایەکان ئەگەڕاین بە دوربین، سەیرم ئەکرد بەشکو سۆراغیان بکەم، نزیك بوینەوە لە شوێنی شەڕەکە، کە شۆڕبوینەوە بۆ دۆڵی ناوتاق فارس زۆر شاز بوو ئەمان ویست بچینە سەر کانی و ئاوەکەی ناوتاق، لامان وابوو ئەگەر یەکێك مابێت بێگومان بۆ لای ئەو ئاوە دەچێت.

لە دورەوە چەند کەسێکمان بینی لەسەر کانی و ئاوەکە ، کە نزیك بوینەوە زۆر دڵخۆش بوین کە شەهید مەحمود و چەند پێشمەرگەیەکە. شەهید مەحمود پارچەیەك بەر قوڕگی کەوتبوو و بریندار بوو بەلاَم سەخت نەبوو. توانیبووی لەو شەڕ و ناخۆشی یە خۆی بە بریندارى سێ پێشمەرگەی برینداریش دەربکات و ڕزگاریان بکات، چەکی هەمووشیان بپارێزرێت و لەگەڵ خۆی بیانبات و دوریان بخاتەوە. بەڕاستی قەڵەم و وتن لە ڕاست پیاوانی وەك شەهید مەحمود ناتوانێت وەسفی ئازایەتی و نەبەردی و ڕاستگۆیی بکات.

کاتێك کە پاشەکشە ئەکەن شەهید مەحمود بەرەو دێی (عازەبان) واتە خوار جادە لەو چەمەدا پێشمەرگەکان ئەشارێتەوە و ئەچێت گوێدرێژێك پەیدا ئەکات و ئەیهێنێ، بەهەر حاڵ دوبارە شەو بەو بریندار و چەك و چۆڵەوە

پەڕییەوە و دوبارە بەرەو بنار و هاتبوە سەر کانی و ئاوەکەی ناوتاق. یەکێك کە بریندارەکان شەهید ئەبێت کە خەڵکی دێی ئاوە سپیە ناوی (جەبار مام قادر) بوو، کوڕێکە ئازا و بە واتای وتە پێشمەرگە بوو. تەرمەکەشی دەرکردبوو. بریندراری دووەم (حەمە شۆڕش) ج.ف.ك بوو لای کاك (حەمە فاستی) برینەکەی زۆر قورس نەبوو، بریندراری سێهەم کە خوشکەزای خۆم بوو جەمالی حاجی قادر کەوتبووە ناو کێڵگە ئەڵغامەکەوە و سنگی سوتابوو، سێ چوار پارچەش لە سەری دا بوو، نەیئەتوانی بە پێ بڕوات ، خۆشی بەسەر وڵاخەوە بۆ نەئەگێرا ئەبوا دەستی پێوە بوایە. بەڕاستی پیاوێکی زۆر بە ورە و نەترس بوو، شەهید مەحمود وتی کاك حەمە ڕەزا زۆر بە جەمالەوە ماندوو بووم، ئەبو بەردەوام دەستم پێوەی بێت، لەم داستانەدا خەسارەتێکی بەشەری و مەعنەوی زۆرمان کرد، ٧ پێشمەرگەی قارەمانی ترمان لەناو ڕەبایەکە و دەوروپشتی شەهید بوون، تەرمی ئەوانە دەست جاش و مغاویر کەوتن و تا ئێستاش شوێن و ئەسەریان نیە و کەس نەی زانی لە کوێ کران بە ژێر خاکەوە، ساڵی ١٩٩١ لەدوای ڕاپەڕینە مەزنەکەش زۆر گەڕان و زۆر شوێن کە گومانی لێ ئەکرا بە شۆفڵ هەڵدرایەوە، بەڵام هیچ شوێنەوارێکیان نەبوو. هەزاران سڵاو لە گیانی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و ئەم پۆلە شەهیدە هەرگیز لەبیر نەچوە. ئەمەش ناوی شەهیدەکانە:

١- شەهید فاتیح ئامر مەفرەزە بوو.

٢- شەهید عوسمان حاجی عەزیز برای عەلی چەلەبی.

٣- شەهید ئومێد محەمەد.

٤- شەهید دارا ڕەشید.

٥- شەهید ئەحمەد حەسەن.

٦- شەهید نەزیف حمە کەریم.

٧- شەهید جەبار قادر.

٨- شەهید حاجی عەلوان.

سالی ١٩٨٧ ڕابەری سیاسی تیپی ١٧ی زمناکۆ بووم، ماڵمان چوە (بەلەکەجاڕ) و بارەگای تیپیش هەر لەوێ بوو، ماڵی (کاك جەمیل) یش لەوێ بوو کە سەر تیپی ١٧ی زمناکۆ بوو، ماڵی شەهید شێرکۆ جدی و کاك دکتۆر فایەق و ماڵی کاك سەردار فەرەج و چەند ماڵێکی تر نزیك بووین لە یەکەوە. لەو کاتەدا شێخ مەحمود برای کاك شێخ ئەحمەد ئەویش لە مەشجەب بوو نزیك بوو، زۆر جار بە تەیارە و تۆپ و ڕاجیمە ماڵ و بارەگاکەمان بۆردومان ئەکرا. پێشتر مەڵبەندی لێ بوو، بەلاّم مەڵبەند گوازرایەوە ناو قۆپی بۆ سەرحەوز و ئاوەکەی (وەزیارە) کە ئێستا سەیرانگایە، وە مەقەڕێکی حیزبی دەعوەی ئیسلامی لێ بوو، وابزانم لێپرسراوەکەیان ناوی (حاجی ئەبو عەلی) بوو. هەر لەو ساڵەدا واتا ١٩٨٧ بۆ یەکەم جار بە تەیارە بەلەکەجار و بارەگا و منداڵەکانمان بە چەکی کیمیاویی بۆردومان کران، من خۆم لەو کاتەدا لە جەولە بووم لە دێی (نەوتی) بووم لەگەڵ کاك مەلا ئەحمەد دەلوجەیی و کاك سۆران کە هەردووکیان ماڵیان لەوێ بوو، سەیری تەیارەکانمان ئەکرد و زانیمان بارەگا و ماڵەکانمان بۆردومان ئەکات، کاك مەلا ئەحمەد وتی: حەمە ڕەزا بۆ ناڕۆیتەوە نەك منداڵەکان بەرکەوتبن، منیش وتم: برام فەرقی منداڵی من و ئەوانی تر چی یە؟ و هەرچی بێت تازە ڕوی داوە و بەیانی ئەچمەوە. کاتێك بۆ بەیانی گەڕامەوە منداڵەکان و زۆربەی ئەوانەی لەوێ بوون کەم و زۆر بەر

کیمیاوی کەوتبون و ژەهراوی ببون و چاویان زۆر خراپ بوو و سوربوبونەوە و ئاویان پێوە نە ئەوەستا. دوو کەسیش لە چەکدارەکانی دەعوە مردبوون و زۆریان بەرکەوتبوون. چەند کەسێکی گوندەکەش بەرکەوتبوون. بەڕاستی کاك دکتۆر فایەق ڕۆڵێکی زۆر پێشمەرگانە و دکتۆرانەی باشی دیبوو، کە هەستی کردبوو بۆردومانەکە کیمیاوی یە هاواری کردبوو لە کونە تەیارەکان وەرنە دەرەوە و پەڕۆی تەڕ بگرن بە دەم و لوتتانەوە و بەرەو بەرزاییەکان بڕۆن، دواتریش کە گەڕابونەوە بەبەردەوامی چارەسەری بۆ ئەکردن و ڕۆژانە جلوبەرگی پێ ئەگۆڕین و قەترەی ئەکردە چاویان، پاش هەفتەیەك وردە وردە بەرەو باشی ئەچوون، ئێمە بە بارەگای تیپ و ماڵەکان مۆلیدەیەکی کارەبامان هەبوو چەند سەعاتێك بە شەو ئیشمان پێی دەکرد. یەکەم ڕۆژی دوای کیمیاویەکە کەمۆلیدەکەمان داگیرسان منداڵەکان وتیان: باوکە ئەم کارەبایە بۆ تاریکە وەك جاران نی یە؟ من هەستم کرد چاویان کەم ئەبینێت و کاریگەری کیمیاویەکەیان لەسەرە، وتم: باوکە گیان خۆمان وامان لێ کردوە کە کزبێت لەبەر چاوی ئێوە، پێشمەرگەیەك کوڕێکی زۆر چاك سەرپەرشتی مۆلیدەکەی ئەکرد کە ناوی (عەدنان) بوو و خەڵکی خانەقین بوو، من لەو کاتەدا منداڵەکانم ورد بوون کاتێك کە ڕایان کردبوو بۆ دەرەوەی ماڵەکان کاك شێخ مەحمود زۆر یارمەتی ڕوناك و منداڵەکانی دابوو، کوڕە بچوکەکەی کردبووە باوەش و ڕای کردبوو. دوای ئەوە جارێکی تر تەیارە هاتبوو، ڕەنجدەر منداڵ بوو و ٥ ـ ٦ ساڵ بوو، بەسەر دارێکەوە بوو لەبەردەمی ماڵەکەماندا لە ترسا خۆی فڕێ دابوو ئەنیشکی دەرچوو بوو، دکتۆر فایەق چاکی کردبۆوە و بۆی گرتبۆوە. لەو سەردەمانەدا هەموو ماڵێك یان زۆربەی ماڵەکان کونە تەیارەیان دروست ئەکرد بۆ پاراستنی ماڵ و منداڵیان، منیش ئەچومە هەر دێیەك پێش

هەموو شت ئەگەڕام لە شوێنێکی باشدا کونە تەیارەیەك دروست بکەم. لە (بەلەکجاڕ)یش بن ئەشکەوتێکم چاك کردبوو کاتێك دەنگی تەیارە بهاتایە ڕایان ئەکردە ناوی. ئێمە منداڵی ورد و شیرەخۆرەمان هەبوو. بۆیە کە ڕۆژ ئەبۆوە ڕوناك ئەیبردنە ناو کونە تەیارەکە بۆ یاری وشتی وا. منداڵەکان ئەهاتنە دەرێ و لە نزیك کونە تەیارەکە یاریان ئەکرد. دۆشکەیەك بە پشتی ماڵی ئێمەوە بوو بۆ پارێزگاری کە پێشمەرگەیەك لەوێ بوو ناوی (فازیل شێخ عەلی) خەڵکی دێی سەرکۆ بوو، پورزای خەسووم بوو، بە منداڵەکانی ئەوت مەترسن هەرچی تەیارەیەك بێت ئەیخەمە خوارەوە، بە داخەوە ساڵی ١٩٨٨ لەکاتی ئەنفالەکە لە (کونەکۆتر) لە بناری قەندیل شەهید بوو. ڕۆژێك منداڵەکان ڕا ئەکەنە کونە تەیارەکە و منداڵی ناو بێشکەکەشی لێ بوو سەیر ئەکەن مارێك لە کونە تەیارەکە دایە و زۆر ترسا بوون، وەرن سەیرکەن لە دەرەوە لە ترسی تەیارە ڕادەکەنە ژوورەوە لە ژووریش لە ترسی مار ڕا دەکەنە دەرەوە. سەیرکەن بزانن. ماڵ و منداڵی خەڵك و پێشمەرگە لە چی ڕەزالەتێك و ناخۆشیەکدا بوون، خوێنەری بەڕێز سەیرکەن کێ کردی و کێ ئەیخوات ئێوە قەرار بدەن. بەناز کچە گەورەکەم بوو پەلاماری بەردی دابوو و مارەکەیان کوشتبوو و ڕزگاریان ببوو.

من زۆر حەزم لە باڵندە وئاژەڵ بوو، لە هەر شوێنێك بومایە ڕێگەم هەبوایە ڕامئەگرتن. (بەلەکەجاڕ) شوێنێکی بەرفراوان بوو بۆ ئەو شتانە. بەبەردەوامی پێش چوونە دەرەوەیشم (کەو)م هەبوو، لە بەلەکەجاڕ کەو و مریشك و کەڵەشێری جوانم هەبوو، ئێسترو سەگ و کەروێشك و قەلم ڕاگرتبوو، زۆر دڵم پێ خۆش بوون، منداڵەکانیش حەزیان ئەکرد ، تەنها ڕقیان لە پاککردنەوەی شوێنەکەیان بوو.

لـه ڕۆژی ١٦-٣-١٩٨٨ کـه شـاری هەڵەبجـە و دەوروبـەری بـە چـەکی کیمیـاوی بۆردومـان ئـەکرا. مـن لەگـەڵ (شـەهید سـالاری حـاجی قـادر) کـە فەرماندەیـەکی ئـازا و ڕووخـۆش و قسـەخۆش بـوو، لـە دێـی کـۆرەی گـەورە لـە بنـاری شـارەزوور لـە بـن دارە گەورەکـەی سـەر یاڵەکـەی بـەردەم ماڵـەکان بێسیمێکیان لابوو، بۆ ئەوەی پەیوەندی بە شەهیدی هـەرگیز نـەمر (شـەوکەتی حـاجی موشـیر)ەوە بکـەین. ڕۆژی دواتـر لـە مەڵبەنـدەوە ناردیـان بـە دوامـدا و گەڕامەوە و چوومە مەڵبەند، خوالێخۆشبوو (کاک جەبار) لێپرسـراوی مەڵبەنـد بوو لەگەڵ بەڕێز کاک (عومـەر فـەتاح). پێیـان وتم: لەگـەڵ ئـەم پاسدارانە کـە نزیکـەی ٣٥ کـەس ئـەبوون و فەرماندەکـەیان (ئاغـای حورمـەتیی و حـاجی مەسعودیی) بوو. بۆ ئەوەی بیانبەم لە نزیك جادەی سـەرەکی سلێمانی هێزیـان ئەبرد بۆ هەڵەبجە، بردمن لە نزیك زەڕایەنی کۆن لەو دەوروپشتەدا، بۆ ئـەوەی ئەگەر هێزی حکومەت بەرەو لای ئێمە، واتە جادەی زەڕایـەن بێـت لێـی بـدەین، بۆ ئەوەی فشار دروست بکـەین. شـەوی ١٨/١٩-٣-١٩٨٨ هاوردمنـە دیـوی شـارەزوور لە قەرەداغەوە بۆ شارەزوور ، من داوام لە (کاك مەلا جەبار) کرد کە ماڵیـان لـە کۆرەی گەورە بوو لەگەڵمان بێت و هاتینە نزیك جادە و زۆر گەڕاین من و مـەلا جەبار لەگەڵ ئاغای حورمەتی و حـاجی مەسعودیی بـۆ ئـەوەی شـوێنێکی بـاش هەڵبژێرین کە شەڕی تیا بکەین و کەمین دابنێین. بەینی ڕەبایەکانی ئـەو سـەر جادەیە زۆر نزیك بوو هەر دوو سـەد مـەتر ڕەبایەیـەك هـەبوو، تـەنها شـوێنێك من بەلامـەوە بـاش بـوو بەرانبـەر گۆڕسـتانەکەی (داری قـەلان) کـە بـەینی دوو ڕەبایـە بـوو (٣٠٠) مـەتر دەبـوو، بـە نهێنـی چووینە سـەر جادە و بـە تـەواوی سـەیری شـوێنەکەمان کـرد، بـە ئاغـای حورمـەتیم وت: لێـرە باشـتر دەسـت ناکەوێت. بـەڵام ئـەو بڕیـاری نـەدا و وتـی: ئەگـەر لێـرەدا تەقـە بکـەین و شـەڕ

درووست بێت زیانی زۆرمان ئەبێت، بەهۆی زۆری ڕەبایە و بارەگاکانەوە کە ئەیان ڕوانی بەسەر جادەکەدا، بۆیە ئەو شەوە گەڕاینەوە دێی کانی هەنجیر و زۆر ماندوو بوین، هەندێك لە پاسدارەکان بە پاڵ ئەمهاوردنەوە، ئەوەندە هیلاك بوون، لەوێ من بەجێمهێشتن و گەڕامەوە دێی (سۆڵە) کە تیپی خەنجەری لێ بوو، (کاك سەرحەد)یش لەوێ بوو کەسەر تیپ بوو، ئیتر لە ٢٠-٣-١٩٨٨ بە دواوە حکومەت لە دەربەندیخانەوە هێزی کۆ ئەکردەوە. لە دێی سۆڵە دەنگۆیەك بلاّوبۆ وە کە ڕژێمی بەعس کیمیاوی بەکارئەهێنێت، بۆیە وردە وردە خەڵك ماڵومنداڵی دەرئەکرد و بەرەو شارەزوور و سلێمانی ، خۆم کاك سەرحەدم دی و قسەم لەگەڵی کرد و پێی وتم بەڵێ دڵنیام حکومەت کیمیاوی ئەدا لە دێهاتەکان و لەم دەور و پشتە.

شەوی ٢٢-٣-١٩٨٨ لە دێی دوکانی قەرەداغ بووم لە ماڵی کاك شێخ ئەحمەد شێخ غەریب –چەند ماڵە پێشمەرگەیەك لە دێی دوکان بوون و مەقەری تیپی (٥٥ی قەرەداغ)یش لەوێ بوو، **(کاك ئاوات قارەمانی)** سەرتیپ بوو. ماڵی کاك بەهزاد و کاك زۆراب و چەند ماڵێکی تیش لەوێ بوون، کە باش بیرم نایەت. نزیك سەعات شەشی ئێوارە ٢٢/٢٣-١٩٨٨ بە ڕاجیمەی کیمیاوی لە دێی (سێوسێنان)ی دا زۆر بە خەستی و زۆربەی خەڵك وایان زانی بوو بۆردومانی تۆپبارانە و چوبونە کونە تەیارەوە ، بۆیە زەرەرێکی زۆری دابوو و ٦٧ شەهیدی هاولاّتی و پێشمەرگە هەبوو کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون، و دەیان کەسیش بریندار بوون ، ئەو گازانەی یان ئەو جۆرە کیمیاویەی بەکاری هێنابوو

١-خەردەل کە سوتێنەر بوو.

٢- ئەعساب كە كاریگەری لەسەر مێشك و بیری مرۆڤ هەبوو.

٣- سیانید كە ئەم گازەش خنكێنەر بوو.

هەر ئەو شەوە كاتژمێر نزیك ١١ی شەو بەهەمان شێوە لە دێی (دوكان)یشی دا بەڕاجیمەی چلی كیمیاوی خەڵكێكی زۆر بریندار‌بوون، كچێك بەناوی (گەردە محمد) خوشكی حەسەن بیكەیسی شەهید بوو.

من (بەكری حاجی عەبدوڵلاّ)م لەگەڵدا بوو كە پێشمەرگەیەكی زۆر باش بوو لە دەستەكەی (كاك جەمیل) بوو. ئەمانویست بەرەو دێی دوكەرۆ بڕۆین بۆ لای مەكتەبەكەی دوكان لەو پەڕ دێوە كۆمەڵێك پیاو و ژن و منداڵ كە ڕایان كردبوو گەیشتبوونە قەراغی دێ بەرەو دوكەرۆ، بانگیان كردم ئەیان ناسیم كە فریایان بكەوم، حاڵی خۆیشم زۆر باش نەبوو و بەركەوتبووم. كاك ڕەزا خۆی و ژن و منداڵیان لەگەڵ كاك مەحمودی دوكاندار وەزعیان باش نەبوو، بەتایبەتی ژنەكەی كاك ڕەزا و كچە گەورەكەی ساروخێك دابووی لە ژووریكیان بەڵام نەتەقیبۆیەوە، كچێكیان لەو هۆدەیەدا بوو حاڵی باش نەبوو، ئەی هاوار خودایە من خۆم حاڵم باش نی یە چۆن فریای ئەمانە بكەوم، بەكریش وەزعی باش نەبوو. هەر ئەوەندەم توانی ئەو كچە كە ناوی (ژیان)بوو و ئێستا ژنی (مەهدی پورە ئافتاو)ە كردمە كۆڵم كە تەمەنی (١٦-١٧) ساڵ ئەبوو و بەرەو دوكەرۆ، زۆر لە كاك ڕەزا توڕە بووم چونكە ئەچوو بەگژ ژن و منداڵەكانیا و لێشی ئەدان. نەیئەزانی شپرزە بوو كە حاڵی منداڵەكانی تەواو نی یە، مەحمود لەگەڵ من هات لایتێكی (٦) پیلی پێبوو و ئەیدا لە ڕێگاكە، چونكە زۆر تاریك بوو، من زۆر بە زەحمەت ڕێگاكەم ئەبینی تومەز كیمیاویەكە وای كردبوو چاوم باش نەیئەبینی، وتم: مەحمود بچۆ لە دوكان

پیلی تازە بێنە، وام ئەزانی پیلەکان سکوت بون، چوو هاوردی و ئەویش هەر وابوون. بە هەر حاڵ نارەحەتی زۆرمان بینی ئەو شەوە و سەدان شەوی تر، بەلاّم زۆر خەڵکی سوك و ماندونەبوو ئێمەیان کردە پەیژە و بەسەرماندا سەرکەوتن. هەر چۆنێك بێت ئەوکچە و کوڕێکی سێ ساڵەم گەیاندە دێی (دوکەرۆ) ماڵی کاك حسێن و دایە ئامین ماڵێکی زۆر کوردپەروەر و دڵسۆزبوون. خەڵکی دوکەرۆ زوو بەرەو (دوکان) بەڕێ کەوتن بۆ ڕزگارکردنی باقی خەڵك کەوتنە ڕێگە. لە ڕێگا پیاوێکی دووکانی کە ناوی (کاك عومەر) بوو جامباز بوو ئەویش وەزعی باش نەبوو، وتی کاك حەمە ڕەزا چی بکەم؟ وتم زوو ڕاکە بۆ دوکەرۆ و دەموچاوت بشۆ و جلەکانت بگۆڕە، خەڵکێکی زۆر ڕوویان لە دوکەرۆ کردبوو.

سەرو ملی زۆربەیانم شۆرد، جلی پیاوەکانم گۆڕی، بە ژنەکانم وت جلی ژنەکان بگۆڕن، من سەریانم شۆردوە، ئەم حاڵەتە تا سەعات نزیکەی ٢،٥ ی شەوی خایاند، دواجار زۆر ماندوو بووم، چاوم زۆر بەرەوکزی دەچوو، بۆیە چووم سەری خۆم بە ملا شۆرد و جلم گۆڕی، کاتێك هاتمە دەرەوە چاوم باش شتی نەئەدی، کاك حسێن وتی حەمە ڕەزا کوڕم بۆ ناچی بۆ دیوەخانەکە بەرانبەری ئەو ژوورە بوو، وتم کاك حسێن چاوم نابینێت بە گریانەوە دەستی گرتم و بردمیە دیوەخانەکە. ئەو شەوە باوکی کاك مەلا ئەحمەدی دسکەرە مام غەریب و باوەژنەکەی و خوشکێکی لەوێ بوون. کە چوومە دیوەخانەکە بە کوێری بانگی دایە ئامینم کرد، وتم بەیانی کە حەیوانتان دۆشی هەریەکێك نیو پەرداخ شیریان بدەنێ چونکە زۆر باشە. کە بەیانی هەستام کەمێك باش ببووم، بەرپێی خۆم ئەبینی. دایە ئامین بەقسەی کردم شیرەکەی دابوونێ و ئەوانیش وەزعیان بەرەو باشی ئەچوو. لە دوکەرۆ گوێدرێژێکیان داپێم و

سواری بووم و لەگەڵ کاك بەکر کەوتینـە ڕێ بـەرەرو (سێوسـێنان) و لەوێشـەوە بەرەو بارەگای تیپ لە دێی (بەلەکجار). کاتێك گەیشتینە نزیك دێی (مەسۆیی) و لـەوێوە بـەرەو سێوسـێنان کـە سـەیرم کـرد هـەر خەڵکـە و ژن و پیاودەسـتی منداڵی گرتووە و ڕائەکەن، کەس ئاگای لە کەس نییە، هـەر کـەس ئەیـەوێت ژن و منـداڵی بگەیەنێتـە نـزیکترین شـار لـە ترسـی کیمیـاوی. کاتێـك گەیشـتینە سێوسێنان ولاتێکی چۆڵ و وێران و سوتاو یاخوا کەس بەو جۆرە هیچ شـوێنێك نەبینێت، کۆمەڵێك ژن و منداڵ و پیاوی بێ تاوان لە ماڵ و کۆڵانەکاندا شـەهید بـوو بـوون. مـاڵی کـاك (ئەحمـەد ڕەشـید گـەلاڵی) لـە سێوسـێنان بـوو و چـووم کەسیانم نەدی، بـەلام ٥-٦ تـەرم لـە حەوشـەکەیاندا بـوو و شـەهید بـوو بـوون، چونکە حەوشەکەی ئەوان کونە تەیارەی تیـابوو، دیـار بـوو بـۆ ئـەوێ چوبوون، بـەلام نەگەیشـتبوونە کونـە تەیارەکـە و شـەهید بـوو بـوون. ئێمـە بـەرەو بەلەکەجار ڕۆیشتین بـۆ بارەگـای تیـپ و وەك وتم مـاڵ و منداڵیشـم هـەر لـەوێ بـوون. کاتێـك گەیشـتمە مـاڵ حـاڵم بـاش نـەبوو و چاویشـم بـاش نەیئـەبینی، سالاری برای کاك سەردار فەرەج و سەردار خۆی کاك شێخ مەحمود بەرەو پـیرم هاتن، دایان گرتم لەسەر گوێ درێژەکە، سالار خێرا دەستێ جلی هاورد و ئـاو لـە حەمامەکـەدا هـەبوو و سـەر و ملـم شـۆرد و خـۆم گـۆڕی، کـەمێك هاتمـەوە سـەرخۆم ، یـاخوا ئـەوەی بەسـەر ئـەو خەڵکـە و منـیش هـات و یـاخوا کـەس نەیبینێ. منداڵەکانم نەدی کاتێك کە سێوسێنان بۆردومان کرابـوو، زۆربـەی ژن و منداڵ دوورکەوتبوونەوە، منداڵەکان لەگەڵ شەهید جەمالی خوشکەزام بـەڕێ کەوتبوون بەرەو دێی سـەرکۆ، کـەماڵی خـەزورم لـەوێ بـوون. خوێنـەری بـەڕێز بیهێنە بەرچاوی خۆت بە باران و تەڕ و تووشی لە ترسی چەکی کیمیـاوی ئـەو ژنـە هـەژارە بـە شـەش منداڵـەوە لـە دێـی بەلەکـەجار بـۆ دێـی سـەرکۆ ئـەبێت

حاڵیان چۆن بێت بە چی زەحمەتیەك گەیشتبن. کە گەورەکەیان ١٠ ساڵ بووە، گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتانە وەك ئەفسانە وایە، خەڵکانێکی ترو ترسنۆك کە لەو کاتەدا دیار نەبوون لاف و گەزاف بە شۆڕش و پێشمەرگایەتیەوە لێ ئەدەن، خوێنەری بەڕێز ئێوە بڕیار بدەن کەسانێك لە هیچەوە بوون بە لێپرسراو و حوکمڕان کە سەرما و گەرمایان نەدیووە. ئەمەش حاڵی خەڵکانی ماندوو، زۆری وەك ئێمە هەیە کە کەس لێیان ناپرسێ.

شەوێك دوای بۆردومانی سێوسێنان واتا ٢٣/٢٤-٣-١٩٨٨ بۆردومانی ماڵ و مەقەڕەکانی ئێمەش دەستی پێ کرد، ئەو شەوە کاك سەردار و کاك شێخ مەحمود و سالار لای من بوون لە ماڵی ئێمە، ماڵەکەمان پشتی بە گابەردێکی زۆر گەورە بوو، تۆپ ڕاستەوخۆ نەیئەگرتەوە، بەلاّم ئەمە ساروخی ٤٠ ی کیمیاویە. ویستیان ڕابکەن نەمهێشت، وتم با بۆردومانەکە تەواو بێت دواتر ئەچینە دەرەوە، پشتی ماڵەکان کە شاخ بەردێکی بەرز بوو زۆر هاوارم کرد کێ لە ماڵ و مەقەڕە وەرنە دەرەوە کیمیاویە، بەرەو بەرزایی بڕۆن و پەڕۆی تەڕ بگرن بە دەمولوتتانەوە، ماوەیەك پێش بۆردومانەکە وشیار عەدەد جیهاز لەسەربانی مەقەڕ قسەی ئەکرد. زۆرم بانگ کرد جوابی نەبوو، زانیم شتێکی لێ هاتووە. کاتێك بەرەو نەخۆشخانە ڕۆیشتم دکتۆر فایەق و دکتۆر ناصیح لەوێ بوون، تەداوی برینداره‌کانی سێوسێنانیان ئەکرد، بەڕاستی ئەو دوو دکتۆرە لەو کاتەدا زۆر ئازایانە بێ پشوودان تەداوی و خزمەتی بەرکەوتەکانیان ئەکرد، بەڕاستی شایانی ڕێز و سوپاسن لە چاو کەمی دەرمان و دەرزی، هیمەتی زۆریان کرد و گیانی زۆر کەسیان لە مردن ڕزگار کرد کە یەکێکیان خۆم بووم. کاتێك سەیرم کرد و هەواڵم پرسی زانیم هەندێك پێشمەرگە دیار نین و نەگەیشتونەتە نەخۆشخانە. زۆر ناڕەحەت بووم

هەرچەندە وەزعم زۆر خراپ بوو بەلاَم کورد وتەنی غیرەتم قبوڵی نـەکرد، وتم ئەچم بە شوێنیاندا بۆ مەقەڕ، وەك لێپرسراویش تەنها منی لێ بووم، بڕیـارم دا بگەڕێمەوە بزانم مـاون یـان شـەهید بـوون، دکتـۆر فایـەق و دکتـۆر ناصـیح زۆر قسەیان بۆ کردم و وتیان برام خۆ ئەمە شەڕە تفەنگ نیـە ئەمـە کیمیاویـە، بـە هەڵمژینی ژیانـت لەدەسـت ئـەدەیت، مـن هـەر سـوور بـووم. دکتـۆر فایـەق وتـی مـادام هـەر ئەچـی ئـەم قاتـە بارانیـە بکـە بـەرت، جامانەکـەت تـەڕ بکـە و لـە دەموچاوی بئاڵێنە، بۆ ئەوەی کـەمێك پارێزگاریـت بکـات، کـەس نـەبوو لەگـەڵم بێت، وەزع زۆر ناخۆش بوو، خەڵك و پێشـمەرگەش زۆر لـە کیمیـاوی ئەترسـان، تـەنها یـەك پێشـمەرگە کـە نـاوی (کـاك عـەدنان) بـوو زۆر پیاوانـە وتـی ئەگـەر هـەردوکمان بشـمرین دێـم لەگـەڵت. کاتێـك چـووین نزیـك بارەگـا بووینـەوە (سابیرە بچکۆل)م بینی کە لای (کـاك جـەمیل) پ.م بـوو. کیمیـاوی لێـی دابـوو ، وەزعی زۆر باش نەبوو، وتی خاڵە چی بکەم؟ بـە زمـانی خوشـکەزاکانمەوە پێـی ئەوتم خاڵە، جۆگە و ئاوێك نزیك بوو وتم ڕاکە لای جۆگەلەکـە و دەسـت و دەم و چاوت بشۆ، بەلاَم ئاو نەخۆیتەوە، کاتێك گەیشتینە مەقەڕ ئەم پێشـمەرگانەی لێ بوو. هاتبوونە دەرەوەی بارەگاکـە وەسـتابوون و حەپەسـابوون نـەیان ئـەزانی چی بکەن و چاوەڕێی قەدەر بوون:

١- حەمە بۆر فەرماندەیەکی زۆر ئازا و قارەمان بوو.
٢- محەمەد سێوسێنانی ف.م
٣- جەمال
٤- ساڵح
٥- ئەحمەد

حاڵی هەر چواریان زۆر باشتر بوو، بەڵام (ئەحمەد) پەکی کەوتبوو. وتم عەدنان برام تۆ ئەم چوارە کە خۆیان ئەڕۆن بیانگەیەنە نەخۆشخانە، منیش وردە وردە ئەحمەد بە کۆڵ دەهێنم. بەڵام با لە جۆگە ئاوەکە سەروملیان بشۆن، بەڵام ئاو نەخۆنەوە، عەدنان ئەوانی برد، منیش ئەحمەدم کردە کۆڵ، حاڵی زۆر خراپ بوو، حاڵی خۆیشم زۆر خراپ بوو. بەرەو ئاوەکە ئەڕۆیشتم بەڵام دیار بوو حاڵم زۆر خراپ بوو، جامانە تەڕەکەشم بە دەموچاومەوە بوو کەوتم و ئەحمەدیشم لە کۆڵا بوو، پاش چەند دەقیقەیەك هۆشم هاتەوە، دووبارە کردمەوە کۆڵم تا گەیاندمە جۆگەلەکە، لە ناو جۆگەلەکەدا ڕامکێشا و بەردێکم خستە ژێر سەری، بۆ ئەوەی ئاو نەچێتە لوت و دەمی. باش بوو عەدنان زوو ئەوانی گەیاندبووە نەخۆشخانە، بەڵام من زۆرم پێ چوو، کاتێك نزیك بوومەوە هەورازێکی زۆر سەخت بوو پەکم کەوتبوو، کەس نەهاتبوو بە دوامدا، بۆیە دەستم کرد بە تەقەکردن و جوێندان کە بێن بە هانامەوە، کەس لە کەسی نەئەپرسی، کاتێکم زانی (دکتۆر برایم) معاون دکتۆر بوو گەیشتە لام، تفەنگەکەی بۆ هەڵگرتم و دوبارە ئەحمەدم دایەوە بە کۆڵما، زۆر بە ناڕەحەتی تا گەیشتینە نەخۆشخانە. من بە گەیشتنم بێ هۆش بووم و هیچ ئاگام لە خۆم نەبوو تەنها گوێم لە قسەکان ئەبوو، یاخوا ئەوەی بەسەر من هات بەسەر هیچ کەسێك نەیەت، وەك باسیان ئەکرد نزیکەی ١٠ دەرزیان لێ دابووم و تا بەیانی زمانم هاتبۆیە دەرەوە، چاوم بۆ نەئەنوقا، هەندێك لە برادەران ئەگریان بەدیارمەوە. پاش سەعاتێك مێشکم کەوتە کار بەڵام کەسم نەئەدی و چاوم نەئەنوقا وزمانم هەر لە دەرەوە بوو، وەك بۆیان ئەگێڕامەوە گوێم لێ بوو ئەیان وت بەخوا ئەمیش شەهید ئەبێت، دیار بوو زاکیرەم کەوتبوە ئیش ، ئاگام لە گشت قسەکان بوو، لە دڵی خۆمدا ئەموت بەخوا نامرم

ورەم زۆر بـەرز بـوو. کاتێـك ڕۆژ بـوەوە بەتـەواوی هۆشـم هاتـەوە و چـاوەکانم ڕۆشـناییان تێکەوتـەوە، ئـەو کـات بینـیم چـەند برینـدارێك لـە دەوری مـنن. شـەهیدی فەرمانـدە و قارەمـان (محەمـەدی خەلیفـە مەدحـەت) برینـداربوو و خوالێخۆش بوو (حەمە لەتیف) بە هاوەن بریندار بوو بوون، ئیتر حکومـەت لـە هـەر چوار لاوە هێرشـی ئـەکرد، و بازنـەی شـەڕ نزیـك و بچـوك ئـەبۆوە، واتـە تەسك ئەبونەوە، کاتێك گەڕاینەوە بۆ بارەگای تیپ، سوپا هـاتبوە (سێوسـێنان و گومەتە و مەسۆیی)، کە دەبابـە و سـەیارەکان بـە چـاو ئـەبینران، دکتـۆر فایـەق بڕنەوێکی دەستکەوت لە (مەشجەب) بێ فیشەك، زۆر گـەڕاین بـەدوای فیشـەکدا ٤٠ فیشـەکمان دۆزیـەوە، وتـی ئـەم چـل فیشـەکە بەشـی دوو ڕۆژ شـەڕ ئـەکات، پیـاوێکی زۆر بەهیمـەت بـوو. لـەو کاتەشـدا کـە هاتینـەوە مەقـەڕ، زۆر مـەراقی ئـەوەم بـوو کـە بـزانم عـەدەد بـێ سیمەکە چـی لێ هـاتووە، دەورویشـتی مەقـەڕ گەڕام کە کرابوو بە خەندەق، تومەز کاتێك بۆردومانەکە بوو هاتۆتە خواری لە سەربان لە خەندەقەکەدا خـۆی شاردۆتەوە بـەلاَم کیمیـایی بـەرەو ئـەرز دێـت و ئەنیشێت ئەویش لە چاڵێکدا بـوو زۆر کـاری لێ کردبـوو، هـەر لـەوێ دا شـەهید بـوو بـوو. بـانگی دکتـۆر فایـەق و بـرادەرانم کـرد یارمـەتیم بـدەن، بـەلاَم تـەنها دکتۆر فایـەق هـات لـەو کاتەشـدا کۆپتـەر ئەگـەڕا بەسـەر ئێمـە و مەقەڕەکانـدا. هەرچۆنێك بێت بردمانە لای مەشجەبەکە نزیك ماڵی ئێمە گڵەکـەی نـەرم بـوو و پاچ و خاکەنازم هاورد، هەرچەندە وەزعیشم زۆر خراپ بـوو بـەلاَم هـەر ورەم ئەدایە بەرخۆم هەر بە جلەکانیەوە بەتانیەکم لە مـاڵی خۆمـان هـاورد و تێـوەم ئاڵاند و بەسـتم وەك کفـن لـە سـێ شـوێن، خسـتمانە ئـەو گـۆڕەوە و دامانپۆشـی وەزعـم زۆر خـراپ و زۆر تـوڕە ئـەبووم، تومـەز غـازی (اعصـاب) لێـی داوم. نەمئەتوانی دان بـە خۆمـدا بگـرم بەدەسـت خـۆم نـەبوو. کـاك (عومـەر فـەتاح)

جیهازێکی تەلەفونی کۆنی دابوو پێم بۆ ئەوەی لام بێت، کاك (شێرکۆ جدی) یادی بەخێر داوای لێکردم کە جیهازەکەی بدەمێ ، ئەویش نەیئەزانی کە من وەزعم خراپە، دوبارەی کردەوە و منیش جیهازەکەم دا بەسەریدا. وەك وتم جەیش هاتبوە (گومەتە و سێوسێنان)، دەبابە و سەیارە بەباشی دیار بوو. تەنها من نەمئەدی، ئەگەر یەکێك ڕۆژی تەواو نەبێت بەڕاستی هەر وەك من ئەبێت، مانەوەی من شتێکی سەیر و باوەڕ پێ نەکراوە، ئەو هەموو کیمیاویەی لێیدام، و ئەو هەموو کەسەشم دەرکرد بە کۆڵ، ئەوەتا ماوم و یادەوەریەکان ئەنوسمەوە. کاك عەلی ڕەشید لەگەڵ دکتۆر فایەق بەخۆی و برنەوەکەیەوە وتیان تەقە لەو دەبابە و عەسکەرانە بکەین. من وەك وتم چاوم لە هیچ نەبوو خۆم بەست و لەگەڵ ئەواندا ڕۆیشتم. کاتێك نزیك بوینەوە بەرد و تاوێرێکی گەورەی لێ بوو وتیان ئەبێ بەڕاکردن بچینە پەنای ئەو بەردە زلانە لەوێ وە تەقەیان لێ بکەین، ئەشبێت بەڕاکردن بچین بۆ ئەوەی بەدیمان نەکەن و تەقەمان لێ بکەن. من بە کوێری ڕامکرد و گەیشتمە بن تاوێرەکە، بەلام ئەوان نەیانتوانی چونکە قەسفەکە زۆر بوو، گەڕابونەوە بێ ئەوەی بە من بڵێن، بەتەنها مامەوە، ئەی خودایە من چۆن بگەڕێمەوە نە چاوم باشە و نە وەزعی دەروونیش.

لەناکاو گوێم لە دەنگە دەنگێك بوو لە نزیك منەوە تێم خوڕین کوڕە کێن. تومەز مەفرەزەیەکی حیزبی شیوعی بوو کە (مەجید دوکانی)یان لەگەڵدا بوو و ناسیمن، ئەوان نەیانئەزانی ئاوام بەسەر هاتووە. بە کوردیەکەی فریاد ڕەس هاتن و ڕزگاریان کردم و ووتیان خۆت دەرمەخە ئەوە دەبابەکانە با نەت بینن. وتم بە (شەهید مەجید) بەڕاستی پیاوێکی زۆر قارەمان بوو من کیمیاوی دووجار لێی داوم و دەبابە وسەیارە نابینم. ئەگەر ئەتوانن

بمگەیەننەوە مەقەڕ کە نزیك بوو لەو شوێنەوە. پیاوانە لەگەڵما هاتن و بە سەلامەتی گەیاندمیانەوە. کاتێك بە (دکتۆر فایەق و کاك عەلی)م وت بۆ بەجێتان هێشتم؟ بەڵام ئەی ئێوە نەتان وت دێین بۆ نەهاتن؟ یان بۆ ئاگادارتان نەکردمەوە، دیار بوو لەبەر چڕیی بۆردومانی دەبابە و هاوەن نەیان توانی بوو بێنە لای من. ئازایی منیش کە نەئەترسام ڕەنگە نەبینینی دەبابە و سەیارە و جاش و جەیش بووە، بۆیە هەر ملم ئەنا بۆ پێشەوە تا (شەهید مەجید) و برادەرەکانی دەریانکردم. ئیتر برادەران هەرچی چەك و تفاقی پێشمەرگایەتی زیادە هەبوو بردیان و لە شاخ شاردیانەوە. وردەوردە دەست کرا بە پاشەکشە بەرەو ناو قۆپیەکان و لەوێشەوە بۆ گەرمیان، من باش نەم ئەتوانی بڕۆم بۆیە سواری ئێسترەکەم بووم، برای هەمیشە لەیادم (سابیرە بچکۆل) ئێسترەکەی ڕائەکێشا و وتی: بەجێت ناهێڵم بۆ هەر شوێنێك بڕۆین بەیەکەوە ئەبین. ئێوارە بوو تاریك داهاتبوو بەرەو دێی (تەکیە) ئەڕۆیشتین بۆ ئەوەی لە دەربەند تەکێ وە سەرکەوین. لەناکاو گوێم لە دەنگە دەنگ لە بن بەردێکی گەورە وەك ئەشکەوت و چرایەکیش ئەسوتا تێم خوڕین کوڕە کێن؟ ئەگەر پێشمەرگەن ئینسحاب بەرەو گەرمیان دەستی پێ کردووە با بەجێ نەمێنن، کۆمەڵێك پێشمەرگە بوون وتیان: کاك حەمە ڕەزا خۆمانین، با ئەم دەستە کۆنکەنە تەواو بکەین ئێمەش دێین. ئەم برادەرانە بوون:

١-عومەر قادر گوڵەباخ ٢-عەلی ڕەشید

٣-حەمە زیاد ٤- شێخ سەردار.

خوێنەری بەڕێز !

سەیرکەن لەم کاتەدا و لەم وەزعە ناهەموارەدا ئەم پۆلە فەرماندەیە بێ ئەوەی بشڵەژێن زۆر لەسەر خۆ جوابیان دامەوە، ئێوە حوکم بدەن بڕیاری

خۆتان لەسەری بدەن. داوای لێبوردن دەکەم ناوی کەسی ترم بیرنەماوە. بۆ مێژوو ئاگام لەم بەسەرهات و گفتوگۆیەی کاك عومەر فەتاح بوو بەرانبەر بە پێشمەرگەیەکی زۆر قارەمان و ورە بەرز کە لە ساڵی١٩٦٨وە بەردەوام پێشمەرگە بووە تاکو ئێستاش. بە کاك عومەری وت: کاك عومەر من ئەوە سێ جار لە شەڕدا قەراخمان چۆڵ کردوە، با مشوری خۆمان بخۆین و خۆمان ئامادە بکەین و شپرزە نەبین.

وتی برام حیزبەکانی تر چی بریندار و پیر و ماڵ و منداڵیان هەیە ڕەوانەیان کردوە و دەریان کردوون. لە وەڵامدا کاك عومەر وتی: تۆ پیاوێکی ترسنۆکی و ئەترسی. بە ویژدانتان پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتی بەتایبەتی ئەوانەی قەرەداغ و گەرمیان و ئەو بەرییەکان ئەوی (مام دەروێش) دەناسێت کێ بیستوویەتی ئەو قارەمانە قەت ترسابێ ئێوە حوکم بدەن. بۆیە ئەو قسانەی ئەو بەڕێزە وای لەو شێرە پێشمەرگەیە کرد کە بڕیاری تەسلیم بوونەوە بدات و تەسلیم بوەوە. دواتر بەرەو دیوی بناری سەنگاو ڕۆیشتین لە هەموو لایەکەوە هجوم دستی پێکردو زیادی ئەکرد و چڕ ئەبوەوە، پاش شەڕێکی دەستەویەخە و خوێناوی کە پێشمەرگەکان کردیان بەتایبەتی پێشمەرگەکانی گەرمیان، دوبارە بڕیاردرا ئینسحاب بەرەو ناو شاخەکانی قۆپی بکەین و بگەڕێینەوە. خەڵك شڵەژابوو و نەیان ئەزانی چی بکەن، ئەیانویست بگەنە ناو شار و شارۆچکە و ئۆردوگا زۆرە ملێکان ، هەندێکی تریان لە شاخ و دۆڵ و شیوەکاندا خۆیان قایم ئەکرد، وا ئەزانرا کە وەك جاران ئەم هجومە کاتیە و ئەگەڕێنەوە، لە دێی (دەرەوار) بووین و لێپرسراوان کۆبونەوەیەکیان کرد و بڕیاریان دا کە ڕێگری لە خەڵك بکەن بۆ ئەوەی نەچنە شارەکان ، و زۆربەی خەڵکیان گل دابوەوە، تایەی سەیارە و مەکینەکانیان تەقاندبوون بۆ

ئەوەی نەڕۆن، ئا ئەمە هۆکارێکی زۆر گەورە بوو کە ژمارەی ئەنفالی زیاد کرد. هەر لە دێی (دەرەوار)بوین ناردیان بە شوێن (فایەق ئاغای هەزارکانی)دا هات پێیان وت: بەهیچ جۆرێك نابێت نەخۆت و دەوروپشتت بچنەوە ناو ڕژێم و تەسلیم بنەوە، ئەویش لە وەڵامدا وتی: ئەها برا ئا بەو خوایە تا ئێوە شەڕ بکەن و بەرگری بکەن من ناڕۆمە خوارەوە یاخود ئێوە چۆڵی نەکەن. قسەکەی ئەو پیاوە بوو چۆڵمان کرد و گەڕاینەوە ناو قۆپی ئارد و ئازوقەی زۆری مەڵبەندی لێ بوو، ئەمریان کرد کە پێشمەرگە ناوساجی بکات بۆ ٤ ـ ٥ ڕۆژ چونکە ڕێگەمان دورە، کاتێکمان زانی دەنگی کۆپتەر هات هەموو شڵەژاین، دەست کرا بە هات و هاوار ئاگر بکوژێنینەوە و مەیەڵن دووکەڵ هەبێت ، بەڕێکەوت هاتبوو بۆ سەر ئێمەش نەبوو، یاخوا هیچ هێزێك نەشکێت و ورە بەرنەدا.

لە دێی دەرەوار مەقەڕێکی حزبی دەعوەی لێ بوو نزیکەی ٢٠٠ چەکداریان هەبوو، (کاك قادر) چوو قسەی لەگەڵ کردن کە ئێمە ئەڕۆین و ئەتوانن لەگەڵ ئێمە بێن. چونکە ئێوە ناتوانن بەرگری بکەن و هێزەکانی دوژمن زۆرە، لە وەڵامدا وتبوویان: ئیمام فەرموویەتی و وەعدی داوە بە زووترین کات ئەگەینە لاتان و بە کۆپتەر ئەتان گوێزینەوە، ئەوی من ئاگادار بم ئەو هێزە ٥٠ ــ ٦٠ کەسیان دەرچوبوون و بەرەو دەشتی کۆیە هاتبوون لەگەڵ (حاجی ئەبوعەلی) لە دەشتی کۆیەش ٤ ـ ٥ چەکداری تریان کوژرابوو کە خۆم دیمن. دوای ئەوە شەو لە قۆپیەوە بەڕێ کەوتین بە پشتی دێی (سەرکۆ)، شەوێکی زۆر تاریك و باراناوی بوو چاوچاوی نەئەدی، کورد وتەنی. زۆر جار دەستی یەکمان ئەگرت بۆ ئەوەی لەیەك گوم نەبین. ئا لەو شەوە شومەدا پێشمەرگە زۆر خۆی ئەدزیەوە و ئەگەڕایەوە، دواتر تەسلیم ئەبوەوە، یەکێك

لەوانە (حەمە ئاشتی) فەرماندەی کەرت کە پێشمەرگەیەکی کۆن و ئازا بوو، بە جیهاز (کاك قادر)ی ئاگادار کردەوە کە ناتوانێت بێت، و لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگە تەسلیم بوونەوە، پێشمەرگەیەکی زۆر شارەزا و ئازا و ڕوح سوکمان لەگەڵدا بوو کە خەڵکی دێی سەرکۆ بوو، بوە دەلیل و چاو ساغ لەو شاخ و داخەدا دواتر لە شەڕی (کونەکۆتر) شەهید بوو کە ناوی (فازیل شێخ عەلی ) بوو ، ئەو شەوە ئەگەر شارەزایی ئەو نەبوایە پێشمەرگە زۆر لە شاخ هەڵئەدێرا. دواتر گەیشتینە (قازانقایە و خاوێ و مێوڵی) و ئەو دێهاتانە و بۆ پشوودانماینەوە، دواتر جاش لە چەند لایەکەوە نزیك بووبوونەوە، کاك عومەر فتاح و عومەر غەریب و خێزانەکەی لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك لەژێر ئەشکەوتێکدا بوون و جاش چووە سەریان، بووە شەڕ و جاشێك کوژرا و ڕەوفی برای کاك عومەر غەریب و خالید ماوەتی ، کەپێشمەرگەی کاك عومەر فەتاح بوون بریندار بوون، جاشەکان ڕایان کرد و شیرازەی هێزەکە پچڕابوو، هەندێك (٣ ـ ٤ )یان زیاتر بەیەکەوە ئەڕۆیشتن بۆ ئەوەی بپەڕنەوە لە جادەی (ئەڵلایی) و بەرەو دەشتی کۆیە بڕۆن، بەو نیازە تا بگەنە بناری چیای قەندیل، کورد وتەنی کەس بە کەس بوو. پاشان ئەوی لەگەڵ هێزەکەدا مایەوە بوون بە چەند بەشێك، تیپی ١٧ی زمناکۆ لەگەڵ کاك قادر و کاك عومەر فەتاح بەرەو بازیان کەوتینە ڕێ. ئا لەو کاتەی کە پشومان ئەدا و شەڕ دەستی پێ کرد لەگەڵ جاش ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٧ ، (ملازم بەختیار) کە کادری شۆڕشگێڕان بوو لەگەڵ پێشمەرگەیەك کە ناوی (لەتیف) بوو لەلای (مێوڵی) جاش گرتبوونی، ئیتر ئێمە ئاگامان لێ ی نەما. زۆر بە نارەحەتی و ماندووبونێکی زۆر نزیك جادەی ئەڵلایی لە دەم بەرەو ژورەکە وەستاین بۆ تاقیکردنەوەی جادەکە، پێشمەرگە ئەوەندە ماندوو بوو هەر بە دانیشتنەوە خەویان لێ

ئەکەوت. چاکم لە یادە ئەوکاتە کە لە جادەکە ئەپەڕینەوە ڕەمەزان بوو تەپڵی پارشێوی لێ ئەدا، هێشتا ئەو هێزە بەتەواوی لە جادەی (ئەڵڵاێی ـ سلێمانی) نەپەڕیبوەوە. لە ناوەڕاستی جادەکەدا یەکێك دەموچاوی داپۆشی بوو بۆ ئەوەی کەس نەیناسێت، دیاربوو چاوساخ بوو یان دەلیل بوو، هەر ئەیوت: دەی برام باوکم خێراکەن بپەڕنەوە درەنگە، زۆرمان بێ ئەوەی بزانین بۆ کوێ ئەچین تا گەیشتنە (زایەر و تەڕەمار) و ئەو ناوە ئەوەندە هیلاك بوین پێشمەرگە خۆی دا بە ئەرزا و ئەخەوت، هێشتا هەندێك پێشمەرگە بەدیوی بازیاندا بوون بەسەر ئەو شاخەوە کاتێك ڕۆژ بوەوە، لەو دێهاتانەی ئەو دیو و ماینەوە و بە ڕۆژ خۆمان ئەشاردەوە، و بە شەو ڕێگەمان ئەبڕی. لەبەر تەیارە و کەشف نەبوون. ئەبوایە زۆر وریا بووینایە چونکە لەهەر شوێنێك هەندێك پێشمەرگە تەسلیم ئەبۆوە نەك چەکەکەت بەرن یان زەرەرت لێ بدەن، پێشمەرگە هەوڵی ئەدا وەك ئاماژەم پێ کرد بە پۆلی گەورە و بچوك بگەنە بناری قەندیل، ئەوەندە هیلاك و ماندوو بوین و شەڕ کرابوو و شکابووین بیر لە بەرگری نەئەکرایەوە، بۆیە پێشمەرگە زۆر پەلەی بوو هیچ نەبێ لەوێ وە خۆڕێکخستنەوە دەست پێ بکات، بەرەو دەشتی کۆیە و دێهاتەکانی بەڕێ کەوتین بەرەو (زێ) یەکە واتا ڕوبارەکە کە بەناو زۆربەی دێهاتەکاندا دەڕوات. گەیشتینە دێی (قزلو) لە مزگەوتەکەدا مەقەڕ دانرا بەرانبەر دێی (گۆپتەپە) بوو. بۆ بەیانی تەیارە هات و بە چەکی کیمیاوی لە دێی گۆپتەپە و دەوروبەری دا. چەندە پێشمەرگە بەڕێوە بوو ئەوەندەش لەو بەر زێیەکە گیریان خواردبوو، ڕژێم ئاوی زێیەکەی بەردابۆوە و بەلەمەکانیشی سووتاندبوو، بۆ ئەوەی ڕێگای پەڕینەوە بگرێت. چەند ڕۆژێك لەو دێهاتانە ماینەوە بۆ ئەوەی پشوو بدەین، هەرچەندە بەڕای من مانەوە کارێکی خراپ بوو، چونکە ڕژێم

زۆر به وردی چاودێری ئـەكردین و بـە دوامانـەوە بـوو. بـەو مانەوەیـە زەرەری گیانی زۆرمان كرد و پێشمەرگەی زۆر شەهید بوو.بۆیە لە دەشتی كۆیـە ڕژێمی داگیرکـەر هێزێكـی زۆری جـاش و سـەربازی كـۆكردەوە و خـۆی ئامـادەكرد بـۆ پەلاماردان. هەندێك پێشمەرگە لـە زێیەكـەدا مەلـەیان دەكـرد و توانـای خۆیـان تاقیـــدەكردەوە كـــە كـــێ ئـــەتوانێت دووجـــار بچـــێتە ئەوبـــەر و بێتەوە.پێشمەرگەیەكی قارەمان و هـەرگیز نـەمر كـە خـەڵكی دێـی دیوانـە بـوو نـاوی سـتار بـوو ، دوو ئەمبـەر و ئەوبـەری كـرد سـەری سـێیەم نقـووم بـوو و خنكا.تومەز ئاوەكە ئەوەنـدە ساردبوو خوێنی وەستا بـوو، چـەند سـەد مـەترێك ئاوەكە بردی و تەرمەكەیمان گرتەوە و هەر لەوێ بە خاكمان سپارد.لە ڕۆژی ٤-٥-١٩٨٨ لە چەند لایەكەوە ڕژێم دەستی كرد بە پەلاماردانی ئاسمانیی و زەمینـی تۆپخانەكانی. پێشمەرگەش بـە ناچاری خـۆی ئامـادەكرد بـۆ شـەڕ و بـە زنجـیرە شاخەكانی پشتی دێی (ناصرئاغا و تەكەڵتو) لەلایەك ئـەیرِوانی بەسـەر كۆیـەدا و لەڕووی ئەمدیویشی ئەیڕوانی بەسەر دێهاتەكانی سـەر زێیەكـەدا. هەرچـەندە لـە قـەرەداغ شـكابووین و لـە گـەرمیان شـكابووین دوایـی مـن زانـیم كـە كـاك نەوشیروان بروسكەی بۆ كاك قادر و كاك عومەر فەتاح كـردووە كـە بـەزووترین كات پێشمەرگەكان بگەیەننە بنار، چونكە پاش ئەو هـەموو شـكانە شـەڕیان پـێ ناكرێت. بەڵام دیار نەبوو لەبەرچ هۆیەك بـووە بەقسـەیان نـەكردووە. تووشـی ئەو هەموو شەڕ و شكسـتە بـوون، شـەوی ٣/٤ــــ٥-١٩٨٨ كـاك شـێخ جەعفـەر بـە كـاك جـەمیلی وتبـوو زنجیرە گردێـك هەیـە بەرامبـەر دێـی ناصـر ئاغـا و ڕیـزە شاخەكەی پشتی، لەو بەینەوە ڕێگایەك هەبوو نیاز وابوو شەو پاشەكشە بكـەین و لەو ڕێگە و دۆڵەوە بڕۆین بەرەو دەشتی هەولێر، كاك جـەمیل گـەڕا كەسـێكی وا نـەبوو كـە پێـی بڵـێ هەنـدێك پێشـمەرگە بـەرێت و ئـەو شـوێنە پارێزگـاریی

بكات. بۆیە من کە زۆر نارەحەت بووم سێ جار کیمیاوی لێی دابووم چاوم بـاش نەی ئەبینی بڕیارم دا و وتم من ئەچم، هەرچەندە ئەو شوێنە گـرد بـوو بـەرد و پـەنای نـەبوو و سـەنگەری پێـوە هەڵنەکەنـدرابوو، تـەنها بڕێـك گـژوگیای پێوەبوو. ئەوەی بیرم بێت ئـەم پێشـمەرگانەم بـرد و ڕۆیشـتین بـۆ شـوێنەکە:١-سەردار عەینەك.٢-عەتا حاجی حەمە ئەمین.٣-کوردۆ ئەندام پۆل بوو.٤-بـەکری حاجی عەبدوڵڵا. ٥-مدرك و چەند پێشـمەرگەیەکی تـر داوای لێبـووردن ئەکـەم کە ناویانم لە یاد نەماوە و ژمارەمان ١١ کـەس بـوو، ئێمـە نـەجیهاز نـە خـواردن هیچمان لا نـەبوو، (کـاك جـەمیل) وتـی بـەیانی زوو خـواردن و فیشـەکتان بـۆ ئەنێرین. بەیانی زوو ١٩٨٨/٥/٤ هجووم بۆ لای برادەرانـی سـەر شـاخ دەسـتی پـێ کرد، ٧ هێلیکۆپتەر بەسـەریانەوە بـوو لەگـەڵ تۆپبـارانی چڕ و هجومی جاش و سەرباز، لە ئەرزەوە ئەو شاخە لـە ڕووی ئێمـەوە چـوار قووتـەی هـەبوو، ئـەخیر قوتـە ئـەیڕوانی بەسـەر دێـی ناصـر ئاغـادا. لـە یەکـەم هجوومـدا بیکەیسیەکە شـکابوو، کـاك جـەمیل لـە خـوارەوە بـوو بـە دوو پێشـمەرگەدا بیکەیسـی بـۆ نـاردبووین، ئـەوانیش کـاك جـەمال دیمـوکرات ئـەوکات لێپرسـراوی ڕێکخسـتنی کۆمەڵە بوو لە تیپ، وە مام وریـا کـە ئـامر مـەفرەزە و پێشـمەرگەیەکی ئـازابوو هاتبوونـە خـوارێ، بـەلام فریـای گەڕانـەوە نەکـەوتبوون بـەهۆی قەصـفی زۆر و گرتنی شاخەکەوە، دوای شـکانی بیکەیسـیەکە ئاربیچیەکەشـی شـکابوو بەڕاسـتی زۆرە حەوت تەیارە بۆردوومان بکات لە زنجیرە شاخێك و کلاشنکۆفیش هیـچ بـە کۆپتـەر ناکـات. بۆیـە پـاش بەرگریـەکی قارەمانانـە و بـێ وێنـە و بـە خـوێنی خۆیـان سـەنگەرەکانی چـیای تەکـەڵتویان نەخشـان، دوای ئـەوە دوژمـن تـوانی کـۆنترۆڵی شـاخەکە بکـات، ژمـارەی شـەهیدەکانیش ٩ شـەهیدی هـەرگیز نـەمر بـوون، تـەرمی ٨ پێشـمەرگەی قارەمـان دەسـتی ڕژێمـی بـەعس کـەوتبوون.

برادەران و کاك جەمیل نزیکەی کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆ بوو کشابوونەوە ئەو دۆڵەی بەردەمی ناصر ئاغا. ئێمە ئاگامان لە پاشەکشە و شەهید نیە تەنها پارێزگاری لەو ڕێگەیە ئەکەین ئەگەر بیانەوێ بیگرن، چونکە وەك وتم ئامێری پەیوەندیمان نەبوو. بە داخەوە تەنها یەك کەسیان نە نارد کە ئاگادارمان بکەن کە ئێمەش لەگەڵ ئەوان پاشەکشێ بکەین ، تا دوای ئەوەی کە بینیمان زنجیرە شاخەکە گیراوەو کۆپتەر بەسەر شاخەکەوە دەنیشتەوە و وتیان با ئێمە ئینسحاب بکەین، وتم برادەران با بەتەواوی دڵنیا بین کە برادەران شکاون و شاخەکە گیراوە ئەوسا ئێرە چۆڵ دەکەین، چونکە ئەو شوێنە زۆر گرنگە کە ئەبێ شەو لێرەوە پاشەکشە بکەین. کاتێ کۆپتەرەکان بەسەر شاخەکەوە نیشتنەوە دڵنیابوین کە گیراوە ئەوسا جاشەکانمان دی بەرەو دێی (ناصرئاغا) شۆڕ ئەبوونەوە، وتم دەی وەرن زوو ڕاکەن بۆ ناو دێیەکە، ٧ کۆپتەریش بەسەرمانەوە بوو، لەو کاتەدا گوێم لە دەنگێك بوو وامزانی دەنگی ڕادوێیە و لە سەردار تورەبووم، وتم کەی کاتی کردنەوەی ڕادوێیە، تومەز کۆپتەرێکە موکەبەرەی شۆڕکردۆتەوە ئەڵێ خۆتان تەسلیم بکەن لێتان ئەبوورین. کاتژمێر ٣-٤ بڕیاری پاشەکشەماندا و وتم ئەگەر دوو کۆپتەریش بەرەو ڕووتان بێت ئەبێت هەر بڕۆن خوار گردەکە گەنم بوو و زۆر باش بوو بە کورەکوڕ دەڕۆیشتن و نەدەبینران. وەك وتم جاشەکان خەریك بوو ئەگەیشتنە ناو دێ و ئەگەر ناو دێ بگیرایە بواری دەرچوونمان زۆر کەم ئەبوو، بۆیە وتم بەکر تەقەیان لێ بکە ، بەکر باشی ئەپێکا بۆیە وتم عەتا خۆت چەند شریتێك بی کەی سی یان پێوەبنێن، گەڕانەوە بۆ سەر شاخ ، ئێمەش دوو دوو خێرا خۆمان گەیاندە ناو دێیەکە، بەڵام جۆرێك تۆپیان پێوەناین ئەفلاقی کرد خەریك بوو بمانکوژێ، بۆیە هەر زوو وتم ڕاکەن بۆ چەمەکە، بەردەمی دێ زۆر

چڕ و قوڵ بوو، تەیارەکان چەند ساروخێکیان پێوەناین دارەکانی ئەبڕیەوە بەسەرماندا، باش بوو نە شەهید و نە برینداری نەکردین. پاش ماوەیەك ڕۆیشتین بە چەمەکەدا چەند کوژراوێکمان بینی وابزانم ٤ کەس دەبوون. بۆمان دەرکەوت ئەمانە لەوانەی حیزبی دەعوەن لە قەرەداغ ڕایان کردبوو بۆ دەشتی کۆیە، تومەز دوای ئێمە کە کشابووینەوە لە قەرەداغ حکومەت هجومی بۆ کردبوون، ژمارەیەکی کەمیان بەنەخشە گەیشتبوونە دەشتی کۆیە و لە نزیك تیپی ١٧ بەیەکەوە بوون لەو چەمەدا و دوایی ڕۆیشتبوون نە ئێران و نە ئیمام بەهانایانەوە نەهاتبوون، بۆیە ئەبێت هەموو حیزبێك یان گەلێك لە پەیوەندی ئەملاولا زۆر وردبین بێت، ئەمانە عەرەب و شیعەش بوون قوڕ بەسەر ئێمەی کورد. لە کوژراوەکان قەناسێکی پێ بوو، کوردۆ وتی: کاك حەمە ڕەزا ئەتوانم ئەو قەناسە بهێنم خۆ تازە کوژراوە و بەجێ ئەمینێ؟ منیش وتم: فەرموو، کوردۆ کوڕێکی زۆر باش و دڵسۆز بوو، سەعات ٥ی ئێوارە لە ناو ئەو هەموو دۆڵ و شیوەدا برادەرانمان دۆزیەوە لەگەڵ خەڵکێکی زۆری ئەو دێهاتانە. واتە پاش ٣ سەعات دوای پاشەکشێی ئەوان ئێمە ئەوانمان دۆزیەوە. وایان زانی بوو کە ئێمە شەهید بووین، وا بڕیار بوو خواردن و فیشەکمان بۆ بێنن، بەلام هیچ دیار نەبوو، هەرلەوێدا کاك جەمیل قەناسەکەی لەکوردۆ سەند، کاتێك برادەران نزیك لە چەمەکە بەرەو بەرزایی ئەڕۆیشتن تەماشا ئەکەن جاش بەسەرمانەوەیە و کۆپتەر بەسەر شاخەکەوە نیشتۆتەوە. لەو شەڕە نابەرامبەرەدا ٩ پێشمەرگەی قارەمان و ماندوونەناس شەهید بوون، و تەرمی ئەو پۆلە قارەمانانەش دەست داگیرکەر کەوتن:

١- شەهید ئەنوەر خەلیفە خورشید کادێری پێشکەوتووی شۆڕشگێڕان.

٢- شەهید محمد غەریب برای مەلا ئەحمەدی دسکەرە بەلاّم بە واصیتە کاك سەرحەد تەرمەکەی وەری گرتبۆوە کە ئاغای زاوای چووبووە سەر شاخ و هاوردبۆیەوە خوارەوە.

٣- مەناف کادری کۆمەلاّیەتی کادرێکی زۆر باش بوو.

٤- مامە قالە ف.ك کە بەڕاستی فەرماندەیەکی زۆر ئازا و کەم وێنە بوو.

٥- ئەحمەد کوردە خەڵکی دێی باوە خۆشێن ، پێشمەرگەیەکی ئازا و چاونەترس بوو، ئەوەندە ئازا بوو کە جاشەکان باسی ئازاییان کردبوو، شوێنی ئەم زۆر قایم بووە لە تلّیشە بەردێکدا تا فیشەکی پێبووە شەڕێکی زۆر قارەمانانەی کردبوو، جاشێکی زۆری کوشتبوو تا گیانی پاکی سپاردبوو و شەهید بوو بوو.

٦- شەهید وشیار کە گەنجێکی زۆر ئازا و گوێڕایەڵ بوو.

٧- شەهید ڕێبوار عومەر کە بەڕاستی پێشمەرگە بوو و ناوەکەی گوم نەکردبوو.

٨- شەهید ئەمیر پیاوێکی زۆر ئازا و دڵسۆز بوو و خەڵکی کەرکوك بوو.

٩- شەهید ستار دێوانەیی وەك لە پێشەوە ئاماژەم بۆ کرد، کە لەئاوەکەدا خنکا.

١٠- شەهید وەستا تایەر فەرماندەی کەرت.

بەڕاستی فەرماندەیەکی زۆر قارەمان بوو، ئەمیش لە شاخی پشتی دێی موخەڕەس شەهید بوو...پێش شەهید بوونی بریندار بوو، ولاّخمان حازر کرد کە بیگوێزینەوە و لەگەڵ خۆمان بیبەین. کاتێك خستمانە سەر ئێسترەکە گیانی سپارد، سەیرم کرد ناجولّێ، وتم برادەران دایبگرن شەهید بووە. ئێمەش دامانە دەست ئەو هاولاّتیانەی کە لەژێر ئەشکەوت و

چەمەکەدا بوون ئەوانیش بە خاکیان سپاردبوو. شەو ئێمە بەڕێ کەوتین پاش ئێمە ٢٠٠-٣٠٠ ژن و منداڵ و لاو و پیر، (قاسم ئاغا)ی کۆیە ئەنفالی کردبوون و تا ئێستاش بێ سەروشوێنن، کەوتینە ڕێ بەرەو دەشتی هەولێر، جاش و سەربازێکی زۆر لە ناوچەکەدا هەبوو و بە شوێنمانەوە بوون. دوو گەنج لەوانەی لەگەڵ ژن و منداڵەکاندا بوون چاکم لە یادە بە کاک جەمیلیان وت ئەگەر جاش و جەیش دوو هێندە زۆر بن دەرتان ئەکەین بە سەلامەتی، لە جادەی قیر ئەتانپەڕێنینەوە، بەڕاستی لەگەڵمان هاتن و پێشمانکەوتن، زۆر شارەزابوون لە مەترسی دەریان کردین، و گەڕانەوە و کاک جەمیل یەکی مزەلیەکی دانێ، بە داخەوە ناوەکانیان نازانم. ئەوانە پێشمەرگەی گومناون، کەس باسی ئەو جۆرە پێشمەرگانە ناکات. لەوە بەدواوە بەشەو ئەڕۆیشتین و بە ڕۆژ خۆمان حەشار ئەدا. وەزعەکە زۆر خراپ بوو، کاتێك لە شوێنێك لامان ئەدا بۆ پشوو چەند جارێك پێشمەرگەیە یەك یەك و دوو دوو خۆیان ئەشاردەوە و تەسلیم ئەبوونەوە. هەرکەس بۆ خۆی بوو، ئێمە کۆمەڵێك لەدەوری یەك کۆبوینەوە بۆ ئەوەی ئاگامان لە خۆمان بێت، بەڕاستی سیقە کەم بوەوە (من و کاك جەمال دیموکرات و مام وریا و عەتا حاجی حەمە ئەمین و عەدالەت سێوسێنانی و عومەر مەسۆیی و نەوزادی حاجی ئەحمەدو سابیرە بچکۆل) هەندێك پێشمەرگەی تر کە ناویانم لەیاد نەماوە داوای لێبوردن دەکەم، بەیەکەوە ئەڕۆیشتین و ئەخەوتین و نانمان دەخوارد و حەرەسیاتمان دەکرد.

**(جەمالی خوشکەزام)** کە لەشەڕی (دووداره) بریندار بوو پارچە لوغم چوبوە سەری وەزعی ڕۆیشتنی تەواو نەبوو، بەو شەڕ و پاشەکشە و باران و

شەڕی قەرەداغ و گەرمیان و تا دەشتی کۆیە بە سواری ئێستر هاوردم، زۆرم خۆشدەویست عەزابی زۆرم کێشا لەگەڵیدا تا لەو ناڕەحەتیانە ڕزگارم کرد.

ڕۆژێك پێش هجومی دەشتی کۆیە واتە ١٩٨٨/٥/٣ لەگەڵ کاك مەلا ئەحمەدی دەلوجە و مامۆستا سۆران و مامۆستا عوسمان و بورهانە ڕیشە کاتی خۆی ماڵیان لە دێی فەقێرە لە قەرەداغ بوو. بە ئەمانەت دامە دەستیان چونکە وەك گوتم خەڵك تاقم تاقم ئەڕۆیشتن. لەگەڵ ئەوان بەڕێم کرد بە هەموویانم ڕاگەیاند کە ئەبێت زۆر ئاگاداری بن چونکە ناتوانێت بەباشی بڕوات، وەعد وابوو لەگەڵ خۆیان تا بناری قەندیل بیبەن. لە ڕێگە کە ڕۆیشتبوون (**شەهید نەجم**)ی خوشکەزام لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك ئەیبینن کە ئەوان لەشەڕی هەڵەبجە بوون و لە ئێران گەڕابوونەوە، (شەهید نەجم) کیمیاوی لێی دابوو و وتبوویان ئێمە بەرەو ئێران نایەینەوە، ئەو برادەرانە بە (جەمال)یان وتبوو، بۆ لەگەڵ (نەجم) و ئەو برادەرانە ناڕۆیت، نەجیمیش پێی باش بوو وەك ئەوان ئەگێڕنەوە، بەڵام جەمال دەڵێت: من خاڵم زۆر عەزیەتی بەمنەوە کێشاوە تا لە ترس دەری کردم و تا ئەو نەڵێت ناڕۆمەوە. کەس دەنگ و دەستی ناگاتە من تا پرسم پێبکەن. کاك مەلا ئەحمەد دەڵێت: من لەجیاتی خاڵت ئەڵێم بڕۆرەوە، جەمالیش کاك مەلا ئەحمەد دەلوجەیی زۆر خۆش دەویست، بۆیە بەقسەی کردبوو، بە داخەوە ئیتر من هیچیانم نەبینیەوە، هەردووکیان گیرابوون و سجن کرابوون، دوای ئەوە دیار بوو ڕەمی کرابوون ، تا ئێستاش ئەسەریان نەبووە بە داخەوە.

شەوێك لە دەشتی هەولێر بەڕێکەوتین ڕەبایە و عەسکەری زۆر نزیك بوو، پێیان وتین کە قسە نەکەین و کەسیش جگەرە نەکێشێت بۆ ئەوەی تووشی شەڕ نەبین و زیانمان بەرنەکەوێت، نازانم چ پێشمەرگەیەك جگەرەی

داگیرساندبوو ئیتر نازانم لە نەزانین بووە یان بەمەبەست، (مامۆستا عەلی گەرمیانی) وتی: ئەوە کێبوو؟ کەس قسەی نەکرد! دەستی کرد بە جنێودان، لایتێکی پێبوو دایگیرسان و وتی دەی دەبا هەموومان بکوژن، هەر نازانم چۆن بوو تەقەیان نەکرد لێمان و ڕەنگە بە شوان و شتی وایان زانیبێت. وردە وردە تا گەیشتینە بناری قەندیل لە نزیک (سورەدێ) بڕیار وابوو لەوێ پشوو بدەین و خۆمان ڕێک بخەینەوە بۆ بەرگری کردن. **(کاک فەرەیدوون عبدالقادر)** کۆبوونەوەیەکی پێ کردین بەلاّم هێزەکەمان زۆر ماندوو بوو، بەدەم خۆشە بڕینی ئەو هەموو ڕێگەیە و بە شەڕ و تێک شکان لە قەرەداغەوە بۆ گەرمیان، دووبارە گەڕانەوە بۆ ناو قۆپی قەرەداغ و دەشتی کۆیە و شەڕ وشکانی دەشتی هەولێر تا بناری قەندیل، هەر خۆڕاگریی و توانای پێشمەرگە بەرگەی ئەم هەموو تەنگ و چەڵەمەیە ئەگرێت، هەزاران سلاّو لە پێشمەرگە. کاک فەرەیدوون ڕوی دەمی کردە من و وتی: حەمە ڕەزا ئەتوانین بەرگری بکەین؟ منیش لە وەلاّمدا وتم: ئەگەر پشوویەکی باش بدەین و خۆمان ڕێک بخەینەوە لەم بناری قەندیلەدا ئەتوانین بەرگری بکەین، ئەگەر ناچاریش کراین ئەچینە دیوی ئێران بۆ مانەوەی پێشمەرگە. ئاگام لێ بوو هەندێك لە برادەران زۆریان پێ ناخۆش بوو کە وتم ئەتوانین بەرگری بکەین. شەڕ گەیشتبووە (باڵەیان و کونەکۆتر)، هەرچەندە من وەزعی چاو و مێشکم باش نەبوو بەبۆنەی کیمیاویەوە. چووم عەیادەیەکی دکتۆرەکانی حیزبی دیموکراتم کرد کە لە (سوورەدێ) بوو، دکتۆرێکی فەڕەنسی لێ بوو، پاش پشکنین و سەیرکردنم سەرێکی ڕاوەشاند، دکتۆرێکی کوردی لێ بوو ناوی (محەمەد) بوو. لێم پرسی کاك محەمەد ئەو دکتۆرە بۆ سەری ڕاوەشاند، ئەڵێ چی؟ لێم مەشارنەوە پێم بڵێن، لە وەلاّمدا وتی: بڕێکی

زۆر کیمیاوی لێیدا وە سەیرە ماوە، ئەو بڕە ئەگەر لەسێ کەسی ئاسایی بدایە ئەیکوشت بە ڕێکەوت بەزیندویی ماوەتەوە. دیار بوو ورە بەرزی خۆم و خۆڕاگری دەوری هەبووە لەڕووی نەفسیەوە. مەقەڕەکەمان لە سوورە دێ دانا بە کاك عومەر فەتاحم وت کە وەزعم باش نی یە و ڕەوانەی ئێرانم بکات بۆ چاوم ، بەلاَم ئەو وتی تەنها ئەو کەسانە ئەنێرین کە بریندار بوبن و خوێنیان لەبەر بڕوات. وەك ئەوەی من لەجیاتی کیمیاوی عەتر و بوغورد لێیان دابم! خۆ منیش وەك ئەو ژمارە زۆرە پێشمەرگە و فەرماندانەی جیا لە هێزەکان چوونە ئێران ئەمتوانی بچم بەلاَم من ویستم لەگەڵ برادەرەکانم و تیپەکەم کە ١٧ ی زمناکۆ بوو بمێنمەوە بەمان و نەمان، پاش ماوەیەك کاك عومەر گورچیلەی دایە ئازار زۆر ناڕەحەت بوو چووە ئێران بێ ئەوەی بریندار ببێت و خوێنی لەبەر بڕوات، بازنەی شەڕەکان تا ئەهات تەسك دەبووەوە و هجومەکان گەورەتر و قورس تر ئەبوون. لە کۆتایی شەڕەکاندا کاك (ئازاد هەورامی) بریندار بوو بە قەسفی تەیارە کەدواتر شەهید بوو، (شەهید ئەکرەم ناسراو بە ئیمام و فازیل سەرکۆیی) ئەوانەی بیرم بێت شەهید بوون، لەگەڵ کۆمەڵێك شەهید و بریندار تر. ئیتر پێشمەرگە وردە وردە لە بناری قەندیل لە سورەدێ و شوێنەکانی ترەوە جوابی ئەنارد بۆ هاتنی ماڵ و منداڵ ، زۆر کەسیش لە ڕێگەی حیزبی دیموکراتەوە هاوکاری زۆریان کرد و ماڵ و پێشمەرگەشیان لە شارەکانەوە ئەهێنا. منیش یەکێك بووم لەو پێشمەرگانەی ناردم ژن و منداڵم بۆ بێت، خوشکە گەورەکەم دایکی (شەهید نەجم لەگەڵ حاجی ئەحمەد باوکی شەهید عەتا و نەوزاد) کە پێشمەرگە بوون لای خۆم. پاش چەن ڕۆژێك گەیشتن.

ڕۆژێـك (كـاك قـادری حـاجی عـەلی) پێـی وتم: بـڕۆرەوە بـۆ سـورەدێ چونكە منداڵەكانت هاتوون و چاوەڕێی تۆن، منیش لە دەوروبـەری كونـەكۆتر بووم گەڕامەوە سورەدێ لای منداڵـەكان، هەفتەیـەك ماینـەوە ئـیتر وردە وردە لە شێخ ئایشەوە كەوتینە ڕێ بـەرەو ئـەودیوی ئێـران، لـە ڕاسـتی بـادین ئـاوێ كەسەر بە خانە بوو. كاك جەمال دیموكراتیش لـەوێ بـوو چاوەڕێی ئـەكرد و زۆربـەی ئەوانـەی كـە ژن و منـداڵیان هـەبوو چـاوەڕوان بوون.شـەو و ڕۆژێـك بەڕێوە بووین ، شەو لە شاخ لە نزیك ڕەشماڵەكان ماینەوە هەمووی بەفر بوو، ماڵی ئێمە و عەلی حسێن و حاجی فایەق برای شەهید مەحمودی مامـە عـەزە تـا گەیشـتینە ئـەڵۆەتان لـەوێوە سـواری سـەیارەیەك بـووین بـۆ بـادین ئـاوێ. یەكەم دێ یە لە بنـاری قەنـدیل بـەدیوی ئێـران سـەر بـە پـیران شـارە، كاتێـك گەیشـتین خـەڵكێكی زۆر لـەوێ بـوون، هـەمووی لەسـەر قەبرانەكـە جێگایـان گرتبـوو كـە داری هـەرمێی زۆر گـەورە لـە قەبرسـانەكە بـوو، ئێمـەش لـەبن دارەكان جێگامان چاك كرد و لێی دانیشتین. مەڵبەندی یەك و سێ هاتبوونـە ئەو ناوچەیە ، چاكم لە یادە ١٩٨٨/٧/٢٠ یەك تەرزە باری كە زۆر گـەورە بـوو كۆتر و چۆلەكەی كوشـتبوو و سـەری ئینسـانی شـكاندبوو، لافـاوێ هەڵسـا دوو سێ ماڵ ئاو بردی و (هەڵمەت)یـش لەگـەڵمان بـوو لـە تـاودا تەشـتە فـافۆنێكی كردبـوو بـە سـەریا، هـەر منداڵـەی شـتێكمان دابـوو بەسـەریا لەترسـی تـەرزە لەژێر دارەكاندا، ئەم بەسەرهاتەش بەدەم و نووسین ئاسانە. منداڵەكانم لـەوێ دانا و خۆم گەڕامەوە بۆ دۆڵی باڵەیان تا ماوەیەكی تر، ئیتر بەتـەواوی ئـەمری ئینسـحاب درا بـۆ ئێـران. منـیش گەڕامـەوە چـوومە فرۆشـگاكەی دیمـوكرات هەنـدێك بـرنج و ڕۆن و شـەكر و دۆشـاو و هەنـدێك شـتی تـرم كـڕی، بـیرم كردەوە ئەم شتانە بە گوێدرێژ نەبێت ناڕوات و ناگات چونكە بـادین ئـاوێ ١٦

سەعات لە (سوورەدێ)وە دوور بوو و بەفریش زۆر بوو. گەڕام گوێدرێژێکم دۆزیەوە، گەڕام تا کۆپانە شڕەیەکیشم دۆزیەوە و ئەشیاکانم خستە گوێنیەوە و لە گوێدرێژەکەم بارکرد و بڕیارم دا بگەڕێمەوە. ئەبو لەلای ڕەشماڵەکان بماینایەتەوە و بەیانی بەڕێ بکەوتینایە، من زوو هەڵسام بۆ ئەوەی بەیەك ڕۆژ ئەو ڕێگەیە ببڕم، سەعات چواری بەیانی بەڕێ کەوتم گەیشتمە سەر شاخ یەك زریان هەڵی کرد کە ماوەیەکی زۆری خایاند. بەفرێکی زۆری ڕاپێچی سەر ڕێگاکە کردبوو، بۆیە زۆر هیلاك بووم زۆر ساردیش بوو، لەترسی بەفر لەپاڵ گابەردێك لەگەڵ گوێدرێژەکە ماینەوە، تا تەواو بوو نزیکەی دوو سەعات دواکەوتم، بەلاّم من گوێم نەدایە و درێژەم بە ڕۆیشتن دا تا دوای بانگی ئێوارە، بەو هەموو بەفر و سەرماوە ڕێگە دوورە و ناڕەحەتیە، گەیشتمە ڕەبایەکەی پشتی بادیناوێ لەو بازگەیە چەکەکەیان لێ وەرئەگرتین و بەیانی عیلاقات وەری ئەگرتەوە.

کاتێك گەیشتمەوە منداڵەکان زۆریان پێ خۆش بوو کە ئەو هەموو شتەم هاوردووە ، ئەو کات ماڵی چەند پێشمەرگەیەکی ناسیاو وەك ماڵی جوامێر دەرەویانی و عەبدوڵلاّ ناسراو بە عەبدوڵلاّی کادر لەگەڵ ماڵی (کاك عادل نادر) کە ئەڵێم ماڵ یانی بن داری قەبرستانەکە. ئەوەندەم زانی (کاك جەبار)ی ڕەحمەتی ئەویش هات چووم بەرەو پیری خوڵکم کرد کە لە ماڵی ئێمە بێت، وتی: باشە، ڕووناك خان چێشتی لێنا سفرەیەکمان پەیدا کردبوو دامانخست و مەنجەڵەکانی هێنا ، سێ قاپی شلەمان هەبوو قاپی برنجی نەبوو، ڕووناك نەی ئەزانی برنجەکە بکاتە ناو چی یەوە ، کاك جەبار وتی ڕووناك بۆ برنجەکە تێناکەیت، بە پێکەنینەوە وتی وەڵلاّ کاك جەبار قاپ نی یە مەگەر بچم قاپ قەرز بکەم. کاك جەباری ڕەحمەتی وتی ئەو مەنجەڵە

برنجەم بۆ بێنە لە دەستی وەرگرت و کردیە سەر سفرەکە و وتی دەی، لە هەر چوار لاوە دەستمان کرد بە نان خواردن، ئەمەش نانخواردنێکی ئاوارەیی لە بادیناوێ، هێشتا شەڕی ئێران و عێراق تەواو نەبوو بوو، ئۆردوگایەکیان بۆ کردینەوە لەوێ کە ناوی (دزڵی) بوو، زۆر جار تۆپی عێراق سەری ئەکرد و لەنزیك ئۆردوگاکە ئەیدا بە ئەرزدا، لێرەش وەزع باش نەبوو و ئەترساین لە تۆپ، لەوەش ئەترساین ئەو شاخەی پشتی (پیرانشار) بگرن و دووبارە ئاوارە ببینەوە، چەند مانگێك لەوێ ماینەوە و شەڕی ئێران و عێرایش تەواو بوو، ئیتر بڕیار درا مەڵبەندی یەك بچێتە (مەریوان و دێی دزڵی)، و ئیتر وردە وردە بەرەو ئەوێ ملمان نا، من لەگەڵ (عەلی حسێن) چووینە کانی زەرد نزیکەی مانگێك بۆ ٤٠ شەو لەوێش ماینەوە، دوای ئەوە بەرەو (کانی دینار) بەڕێ کەوتین چونکە زۆربەی پێشمەرگەکانی گەرمیان و شارەزوور و قەرەداغ لە (کانی دینار و جوجەسازی) ئەو دەوروبەرە بوون. چوینە کانی دینار خانوویەکم بە کرێ گرت کە خاوەنەکەی ناوی (حاجی عارف) بوو لە مەریوان بازرگان بوو ماڵیشی هەر لەوێ بوو. کانی دینار و جوجەسازی پێشتر چۆڵ بووە ئاوەدان نەبووە بەلأم لە کاتی شەڕی نەگریسی عێراق و ئێران کە عێراق بە چەکی کیمیاوی لە مەریوانی داوە. خەڵك بەناچاری هاتوون ئەو شوێنانەیان ئاوەدان کردۆتەوە بۆ پاراستنی ماڵ و منداڵیان. لە کانی دینار خوێندنگەی فارسی لێ بوو منداڵەکان بە ناز و شاخەوان و دڵسۆز و ڕەنجدەرم خستە مەکتەب، بەناز زۆر زیرەك بوو لەگەڵ شاخەوان، من هەر ڕابەری سیاسی ١٧ی زمناکۆ بووم. بەلأم پاش ساڵێك بوومە لێپرسراوی عیلاقاتی مەریوان، ئەو کات (کاك شێخ عەلی) لێپرسراوی مەڵبەند بوو، پیاوێکی زۆر نەرم و نیان و لەسەرخۆ بوو، بەڕاستی پیاوێکی زۆر بەڕێز بوو، ڕێزی لە

هـەموو کەسـێك ئـەگرت، بەتایبـەتی لەگـەڵ مـن چـونکە لـە (قـەرەداغ)یـش لێپرسراوی مەڵبەند بوو. ئەو کات (ئاغای حورمەتی) لە قـەرەداغ بـوو لەگـەڵ (ئاغـای حـاجی مەسـعودیی) لێپرسـراوی قـەرارگای ڕەمـەزان بـوون باشـم ئەناسین، بۆ یە هاوکاری باشیان ئەکردم لە کارەکاندا و کارئاسانیشیان ئـەکرد، بەتایبەت لە پێدانی پسووڵەی هاتوچۆ و نـاردن و گەڕانـەوەی پێشمەرگە بـۆ کوردسـتان و گەڕانـەوەیان بـۆ ئێـران، مامۆسـتا جەوهـەریش کـرا بـە یارمەتیدەرم. بەڕاستی مامۆستا جەوهەر یارمەتی زۆری ئەدام لـە ڕاپەڕانـدنی کارەکانمدا، ماوەیەکی دوورو درێژ ماینەوە نزیکی دوو سـاڵ، مـن زۆرم ڕێـز لـە کۆمەڵێك گەنجی بێ خێـزان دەگـرت، زۆرجـار بـانگم ئـەکردن بـۆ ماڵـەوەو کـۆ ئەبوینەوە، پاش نـان خـواردن دەسـتمان ئـەکرد بـە سـوعبەت و قسـەی خـۆش لەوانە:کاك بەهزاد کـە خێزانـی نـەهاتبوو وکـاك سوهادو کـاك ماجیـد و کـاك ئازاد فازیل وکاك صـەباح و کـاك جـەبار حـاجی مامەنـدی و شـەهید یاسـین و جوهـەرو مـام وریـای گـەرمیان و عـەتای حـاجی حەمـە ئـەمین و چـەند پێشمەرگەیەکی تر.

بارەگـای سـەرەکی مەڵبەنـدو هێزەکـان لـە دزڵـی بـوو لـە ئێـران ، هێزەکانمان کرابوون بـە سـێ بـەش، بەشـی یەکـەم پارتیزانـەکان کـە بەڕاسـتی شایەنی ڕێزو تەقدیرو حورمەتن، ئەوانەی زۆر مانـدوو هـیلاك بـوون، ئەوانـە کـوڕانی ڕۆژی تەنگانـە بـوون وەك لـەدوای ئـەنفال و چـۆڵکردنی دێهاتـەکان ئەمان توانیان تاکاتی ڕاپـەڕین زۆر سـەربەرزانە بـەردوام بمێننـەوە، بەشـداری کاریگەریشـیان لـە ڕاپەڕینـدا کـرد، بەشـی دووەم ئـەو پێشـمەرگەو فەرماندانـە بوون کـە لـە ڕەبایـەکانی سـەر سـنورەکاندا پاسـەوان بـوون و ئـاڵو گۆڕیـان پـێ ئـەکرا. سـێهەم گـروپیش پێشـمەرگەی نـاو شـارو شارۆچـکەکان و بارەگاکـان

بوون.لــە ئێــران یارمــەتی پێشــمەرگە زۆر کــەم بــوو، خێزانــدار ٣٠٠٠ ســێ هەزاروسەڵتیش ٢٠٠٠ دوو هەزار تمەنی وەردەگرت ، زۆر لە پێشمەرگەکان کە برینداربوون یان بەر کیمییاوی کەوتبوون خۆیـان ئـەدا بـە لیژنـەی پزیشکی، هەندێك وەك (جانبازی جەنـگ) هەویـەی بۆ ئـەکرا، واتـە: وەك کـەم ئەنـدام ٣٠٠٠ سێ هەزار تمەنیان ئەدایە، ئەو لیژنەیەش لە شاری سنە بوو، من یەکێك بووم لەوانەی کەخۆم دا بەلیژنەو بەکەم ئەنـدام دانـرام واتـە جانبـاز، چونکە سـێ جـار کیمیـایی لێـی دابـووم چـاوم زۆر زەعیـف بـوو بـوو قاچـی ڕاستیشـم شکابوو، دوو پارچە پلاتینی تیا بوو، تا ئێستاش ئەو ناسنامەیەم مـاوە، کاتێـك ماڵمـان چـووە کـانی دینـار خـاوەنی شـەش منـداڵ بـووم. واتـە ٨ سـەر خێـزان بووین، خێزانی وا گەورە کەم بـوو لـە نێـو بـرا پێشـمەرگەکاندا، بۆیـە ژیانمـان باش نەبوو زۆر کولە مەرگی و مەژی نەمری بەسەرمان دەبرد، کاتێکی کـارتی سـپیان بـۆ کـردین و ئازوقــەیان داپێمـان وەزعمـان زۆر باشـتر بـوو، مانگانــە وەرمان دەگرت، زۆربەی مەوادە خۆراکیەکانیان ئەدا پێمان، (کـاك شـێخ تـەها) کە کادری کۆمەڵایەتی بوو ئـەویش لـەوێ بـوو، بەچکە ورچی پەیـدا کردبـوو دەستی کرد بە بەخێوکردنی تا گەورە بوون. زیاتر هێلکەی ئەخوارد ورچـەکە خۆی بەدەستەکانی هێلکەکـەی ئەشـکاندو هـەڵی ئەقوڕانـد، نزیکـەی دوو سـاڵ لای بوو تا تەواو گەورە بوو، تا کاتی ڕاپەڕین بـەریان دا لـە دزڵـی ، بـۆ ئـەوەی بڕوات بردیان بۆ سەر شاخ، بەڵام دوایی بـە بـۆڕە بـۆڕ خـۆی ئـەکردەوە بـەناو خێمەکانـدا و ئەگەڕایـەوە نـاو بـرادەران، حـەزی لـەناو خـەڵك ئـەکردوو ڕقـی لەتەنیایی بوو، ماوەیـەك پـێش ڕاپـەڕین بەچـەند ڕۆژێـك بەناچاری سـەریان بڕیبـوو پارچـە پارچـەیان کردبـوو دابەشـیان کردبـوو بەسەرپێشـمەرگەکاندا، نزیکــەی ٤ کیلۆشــیان بــۆ مــن نــاردبوو. وای لێهــاتبوو ســوعبەتی لەگــەڵ

پێشمەرگەکاندا ئەکردوو زۆرانی ئەگرت و باوەشی پیا ئەکردن، بێ ئەوەی ئازاری کەسیشمان بدات، کاتێك گۆشتەکەیان بۆ هاوردم بانگیان کردم ئەم برادەرانە لە ماڵی ئێمە بوون، نەم هێشت بزانن کە گۆشتی ورچەکەیە، هەندێکیشی کرابوو بە قیمەو بەشیش برژاندمن و پێکەوە خواردمان. کاك جەلال کوڵکن و مام هیدایەت گەرمیانی و مامۆستا جەوهەر ئازاد فازیل ئەوەی بیرم بێت تێریان خوارد، دوای تێرخواردن پێم وتن ئەزانن ئەوە گۆشتی چی بوو وتیان نەوەڵا ئەی هی حەیوان نەبوو؟ وتم نەخێر ورچەکەیان سەربڕی بوو ئەوە بەشەکەی خۆم بوو واتە گۆشتی ورچەکەبوو ، زۆریان پێ ناخۆش بوو بەتایبەتی (مام هیدایەت) برای مام سابیر چونکە ئەو نوێژی ئەکردوو بەحەرامی ئەزانی. بەزمانی گەرمیانی ووتی: بەحەق خوای گەورە حەمە ڕەزا ئەم حەقەت لێ بکەمەوە مادام گۆشتی ورچت دەرخوارد دام.

لەناو ئەو برا پێشمەرگانەدا پێشمەرگەی وا هەبوو وەزعی ماڵی زۆر خراپ بوو، چەند جار پارەیان بۆ کۆ ئەکردنەوە، بەڵام ئێستا ئەبینم وەزعی هەندێکیان زۆر باشەو ئەو حاڵەتەیان بیر چۆتەوەو بەناشەرعیش پێگەیشتوون. چونکە سەروەت و سامانیان نەهی مەعاشەو نەهی کاسبیە.

لە مانگی ١٩٩٠/٨ کاتێك (عێراق) پەلاماری (کوێت)ی داو داگیری کرد، ئەمریکاو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەئاگا هێنایەوە کە ڕەنگە عێراق دوای کوێت پەلاماری چەند وڵاتێکی تر بدات، بۆ ڕاوەستانی ئەو داگیرکارییە ئەمریکا بڕیاریدا بەزەبری هێز عێراق لە کوێت دەربکات، بۆیە ئەمریکا داوای هاوکاری نێودەوڵەتی کرد بۆ شەڕی عێراق، زۆربەی وڵاتانی ئەوروپی و عەرەبیش هاوپەیمانەتیەکیان پێك هێنا بۆ لێدانی عێراق لە ڕۆژی ١٩٩١/١/١٧ ئەمریکاو

هاوپەیمانان زەبرێکی گورچکبڕیان لەهێزەکانی عێراق وەشاند، زۆربەی شوێنە ئابووریەکانی عێراقیان بۆردوومان کرد، بەناچاری ئەوەی مایەوە پاشەکشەیان کردوو هێزی عێراقی زۆر لاوازبوو، بۆیە ڕاپەڕین لەسەرتاسەری عێراق بە کوردستانیشەوە سەری هەڵدا، ئا لەو کاتەدا (**مام جەلال**) لە ئەوروپا بوو بۆیە (**نەوشیروان مستەفا**) پێش ڕاپەڕین (**سرك**) ی دروست کرد بۆ واتە (سوپای ڕزگاری کوردستان) و شانە چەك دارەکان بەناوی (شالاو)، ئامادە بوون ڕاپەڕین نەخشە بۆ کێشراو بوو بۆ هەموو ئەگەرێك ، واتە کاك نەوشیروان نەخشەی ڕاپەڕینی کوردستانی خوارووی داڕشت، گفتوگۆی لەگەڵ بەرەی کوردستان کردبوو بە پارتیشەوە نەخشەکەیان بەلاوە پەسەند بوو، بۆیە هەموو لایەك ئامادەکاریان بۆ کرد، هەر هێزو حیزبەی لەشوێنی خۆیانەوە. یەکێك لە پێشنیارەکانی (کاك نەوشیروان) ئاگاداریکردنی سەرۆك هۆزو مستەشارەکان بووبۆ ئەوەی هاوکاریمان بکەن و دژایەتی ڕاپەڕین نەکەن. بەسەدان نامەی مۆرکراوی مەکتەبی سیاسی نێردرا بۆیان، من لەگەڵ (کاك کەمال شاکیرو کاك شەوکەت هەورامی) ٢٠٠ نامەی مۆرکراومان بردو چوینە مەرزی باشماخ، کە ئەوکات ئاڵوگۆڕی بازرگانی لێوە ئەکراو خێمەی لێ هەڵدرابوو، خەڵکی زۆری لێبوو لەوێ چەند برادەرێکمان بینی یەکێك لەوانە کە پێویستە باسی بکەم پیاوێکی بەهەڵوێست و چاونەترس ئەویش (عوسمانی سۆفی حەمە کەریم)، دامانە دەست ئەو بەڕێزە، هەر نامەیەك ناوی سەرۆك عەشیرەتێك یان موستەشارێك یان ئامر مەفرەزەیەکی پێوە بوو، زۆر بەجوانی و یەك یەك گەیاندبوویە دەستیان لەسنوری سلێمانی و گەرمیان. کاك عوسمان سۆفی حەمە کەریم لەزمانی خۆیەوە بەم شێوەیە دەیگێڕێتەوە:

(دوای دابەشـکردنی نامـەکان گەڕامـەوە لەبازگـەی کـانی سـپیکەی لای سـەید سادق، نەقیب ماجید گرتمیو بردمیان بۆ ئەمنـە سورەکە  چونکە لـەو کاتـەی کـەئێوە نامـەکانتان بـۆ هێنـابووم بـۆ خێمەکـەی سیروان لـە گـۆخلان پیـاوێکی ئێرانی سـەر بەموخابـەراتی عێراقـی گـوێی لـەگفتو گۆکانتـان بـووە و ئیخبـاری کـردوم. موستەشـارێك کـەناوی ناسـیح بـوو گـیرا چـونکە بـە سـەیارەکەی ئـەو نامەکانم دابەشـکردبوو. پـاش لێـدان و ئەشـکەنجەیەکی زۆر هیچمان نەدرکانـد، بەڕێوەبـەری ئـەمن پێـی ووتم کەموستەشارەکە وەعـدی داوە کەلـەم سـێ کـادرە یـەکێکیان بکوژن دواتـر ئازادتـان دەکـەین. ئـەوانیش کـاك حەمـەڕەزا یـان کـاك کەمال شاکیر یان کاك جەمیل هەورامی ، وتم باشە بـەس لەبـەر ئـەوەی بگەمـە لای ئێوەو ڕزگارم بێت ، ووتیان ئەبێت ژن و منداڵەکانت لای ئێمـە دابنێیـت تـا ئەگەڕێنـەوە منـیش ووتم مـن پیـاوێکی عەشـایەرم لـەناو ئێمـەدا دانـانی ژن و منداڵ عەیبەیە. هەرچی دەڵێن مـاڵ و سـەروەت و دەواجـن کـەفیل بێـت بـەڵام ڕازی نەبوون بۆیە دوای ئەوەی ئەشکەنجەیەکی زۆر یـان دام بـاش بـوو ڕاپـەڕین نزیك بوو لەکاتی ڕاپەڕیندا منیش وەك باقی زیندانییەکان ڕزگارم بوو).

دواتـر(کـاك نەوشـیروان) کۆبوونـەوەی بەهـەموو هێزەکـان لەسـەرجەم میحوەرەکان دەست پێ کرد، ڕێنمایی ئەکردن بۆ چۆنێتی گەڕانەوەو مامەڵەیان لەگەڵ خەڵك و چەکدارەکاندا بـۆ ئـەوەی شـتی خـراپ ڕوو نـەدات، ڕاپەڕینەکـە شکسـت نـەهێنێ. بڕیـاری لێبـوردنی گشـتی بـۆ چـەکدارەکان دەرکـرا، گیـانی تۆڵەسـەندنەوەی قەدەغـە کـرد لـە پێنـاو سـەرکەوتندا، بـێ لـەو مـەفرەزە پارتیزانانـەی کـە لـە خـوارەوە بـوون لەناوچـەکانی سـلێمانی و گـەرمیان و شـوێنەکانی تـر، پـێش ڕاپـەڕین بەچـەند مانگێـك مـەفرەزەی تـر بـەنهێنی نێرابوونە نزیك شارو شارۆچەکەو ئۆردووگا زۆرەملێکان ، ڕادیۆی (دەنگی گـەلی

کوردستان)یش دەورێکی باڵای هەبوو لە وشیارکردنەوەی خەڵك و گەیاندنی جفرەو ورە ڕوخانی داگیرکەراندا.

تا ئەو کاتەی کە ١٩٩١/٣/٧ بەڕۆژی ڕاپەڕین دیاری کرا بەڵام دوو ڕۆژ پێش ئەوکاتە واتە ١٩٩١/٣/٥ ڕاپەڕین لە دەروازەی ڕاپەڕینەوە زۆر سەرکەوتوانە دەستی پێکردو لەماوەیەکی کورتدا ڕانییەو دەورو پشتی ئازادکرا. بەشێك لەهێزەکانی مەڵبەندی یەك لەگەڵ کاك حامید حاجی غالی ، ڕۆژی ١٩٩١/٣/٥ دابەزین و گەیشتبوونە شارەزوور، پاشان ڕۆژی ١٩٩١/٣/٦ هێزەکانی ئێمە کە کاك کەمال شاکیرو کاك جەمیل هەورامیمان لەگەڵدا بوو و چەند مەفرەزەیەکی برادەرانی سۆسیالیست لە شاخی سورێنەوە کەوتینە ڕێگا، بەڵام دیوی ئێران بەفرێکی زۆری لێ باری بوو چەند کەسێك بەکرێ گیرابوون بەفریان ئەشکاند.

(دکتۆر گۆران) لە پێش منەوە بوو قاچی داچووە خوارەوە بۆ ناو بەفرەکە و گیری خوارد منیش زۆر قایم قاچیم ڕاکێشاو هەرچۆنێك بوو دەرم هاورد، لە دوو سێ جێگا قاچی بریندار بوو تومەز قاچی کەوتۆتە بەینی بەردەوە. قاچی خوێنی پیا هاتە خوارەوە بەڵام پەکی ڕۆیشتنی نەخست، بەفرەکە زۆر بوو ئەو برادەرانەی ڕێگاکەیان ئەشکاند شەبەکەیان لە قاچیان بەستبوو، لەپێش ئێمەوە ئەیان کوتایەوە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین بڕۆین ، هەرچۆنێك بوو سەرکەوتین و گەیشتینە سەر شاخ و لە ڕاستی کانی خەیاران بەدیوی ئەشکەوتی هەورامی هاتینە خوارێ، ڕەبایەك دیاربوو بەشێك لە هێزەکە جیا کرایەوە بۆ ئەوەی پەلامار بدرێت ، بەڵام کاتێك چووین چۆڵ کرابوو تومەز ڕۆژی پێشتر هەرچی هێزو ڕەبایەی ڕژێمی داگیر کەر هەیە

زۆربـەی ژن و منـداڵ ڕاوی نـابوون و گیرابـوون، بـە هاوکـاری ئـەو هێزانـەی کـە پێشتر هاتبون بەهاوکاری شانە چەکدارەکان.

هێزەکـەمان ١٩٩١/٣/٧ گەیشـتە (عەربـەت) مـن کـرام بـە لێپرسـراوی ئۆردوگای نەسر وەك بەرەی کوردستانی خـەڵکێکی زۆرمـان لـێ کۆبـوەوە، بـەڵام هەنـدێك پێشـمەرگەو کـادر وەك پێویسـت کاریـان نەئـەکرد وەك ئـەوەی لـە بەرنامەدا بوو، ئەمە یەکێك بوو لەو هۆکارانـەی لـە یەکـەم هەڵبژاردنـدا پـارتی دەنگـی زیـاتری بەدەسـت هێنـا ، زۆربـەی چـەکدارەکان کـە ژمارەیـان زۆر بوونزیکـەی ٣٠٠ فـەوجی خەفیفـە لـە کوردسـتان هـەبوو زۆربـەیان پەیوەنـدی بەوانەوە کرد.

لەو ڕاپەڕینەدا زۆربەی شارو شارۆچکەکان ڕزگار کران بەکەرکوکیشەوە، بـەڵام لـە ناوەڕاسـت و خـواری عێـراق شکسـتی هێنـا. چـونکە ڕاپەڕینەکـەی ئـەوێ بەرنامـە داڕێژراونـەبوو، و پێشـتر خـۆی بـۆ ئامادەنـەکرابوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا هێزەکانی ئەوان یەك نەبوون. لەگەڵ هێزەکان چووم بـۆ کفـری لـەوێوە چومە دێی سەید جەژنی نزیکی سەر قەڵا شەڕ گەرم بوو بـەڵام بەوەسـتانی ئـەمریکاو هاوپـەیمانان لـە لێدانی هێزەکـانی عێـراق. بۆیـە عێـراق تـوانی هێزەکـانی کۆ بکاتـەوەو پـەلاماری ڕاپەڕینەکـەی داو لـە ناوەڕاسـت و خـواری عێـراق تـوانی سەرتاسەری ڕاپەڕینەکە تەواو بکات و خـوێنێکی زۆری ڕشـت، لـە کوردسـتانیش دەستی بە پەلاماردان کردوو هەندێك شوێنی داگیر کردەوە ئـا لـەو کاتـەدا مـن هێشـتا لـە (سـیدجەژنی) بـووم کـاك حامیـدیش هـات بـۆ لام لـە مـاڵی حـاجی غەفوور، تومەز بە کاك حامید وتراوە کە پاشەکشە بکەن ڕاسـتەخۆ بـە حـاجی غەفوری نەوت بەڵام وتی حاجی بۆ بەیانی ماڵیاتەکەت واتـە حەیوانـەکانت کـە

بڕێکی زۆری هەبوو نایبەیت بۆ ئەو بنارە و دوورکەویتەوە، نەك حکومەت هجوم بێنێت. ئیتر بەیانی گەڕاینەوە وردە وردە کۆڕەو دەستی پێکرد.

من گەڕامەوە بەرەو عەربەت ویستم بچم بۆ سلێمانی . بەڵام سلێمانی مەترسی لەسەر بوو حکومەت نزیك بوەوە ئیتر نەچوومە سلێمانی لە عەربەت ماڵی خوشکێکم دی کە بە پێ ئەهاتن سوارم کردن. تابردمنە سەیدسادق لەوێشەوە بۆ پێنجوێن، خزمەکانم ویستیان بچن بۆ ئێران من نەمهێشت، هەر ماڵەیان لە کەلاوەیەکدا جێی بۆ خۆی چاك کرد. ئیتر خەڵك بەرەو ئێران کەوتنە ڕێ زۆربەشیان چەکداربوون. من کەوتمە چەك کڕین زیاد لە ٥٠ کلاشینکۆفم کڕی و کۆکردەوە و بیکەیسیەکیشم کڕی بە ٢٥٠ دینار زۆر تازە بوو ٦ ئاربیجیشم کڕی کۆمەڵێك چەکی چاکم نا بەیەکەوە، ماڵی دوو خوشکم لە پێنجوێن بوو لای ئەوان دامنا، چونکە هێشتا ماڵی خۆمان لە ئێران بوو، نەمان پەرژا بوو بێینەوە، خەڵك برسی بوو شت زۆر کەم دەس ئەکەوت، خۆراك لە ئێرانەوە گەیشت من کرام بە لێپرساو بۆ دابەش کردنی. لیژنەمان دانا هەتا دێهاتەکانیش ناونوس کران ، کەمێك وەزعی خەڵك باش بوو شەوێك ٥٠ تەنەکە پەنیر هات لە ماڵێك دامنا کە زۆر جێی متمانە بوو، بەیانی کە چوومەوە ٢٠ تەنەکەی دیارنەمابوو، لەبەر شەخسیەتی ناوی نابەم چونکە هەموو کەس ئەیناسێ. ئیتر بڕیارمدا وازبهێنم بۆ ئەوەی تیا ناشرین نەبم، چونکە ئەتوانرا شتی نایاسایی بکەیت و قوتی دەمی خەڵکی بخۆیت من ویژدانم قبوڵی نەئەکرد وەك وتم باشتر وابوو وازبهێنم.

بەتالیۆنی ٧ کە (مامۆستا جەمال) سەرپەرشتی ئەکرد لەگەڵ (کاك ئەنوەر دۆلانی) و زۆرێك پێشمەرگەی تر توانیان بەرگری لە شاخی گۆیژە بکەن و چەندین هجومی داگیرکەر تێك بشکێنن و چەندین پێشمەرگەی

قارەمانیش شەهید و برینداربوون، دواتر لای ئێمەشەوە واتـە خـوار سیدصادق و رێگای عەربەت پەلاماردرا، تەنها یەك دوو ڕەبایە نەگیرا پێش ئەوەی بگەیتـە عەربەت ئیتر شەڕ لەو شوێنە وەستاو پشتێنەی ئەمنی دروستکرا.

دواتــر حکومــەت داوای گفتوگــۆی کردبــوو، دواتــر لیژنــەی تەنســیق دروسـتکرا، هـەر لـەدوای کۆڕەوەکـەوە گفتوگـۆ دەسـتی پـێ کـردەوە، دەسـت کـرا بەدروسـت کردنــی بــەتالیۆن، لەگشـت ناوچـەکانی کوردسـتان لـە نـاو یــەکێتی نیشـتیمانیدا منـیش یـەکێك بـووم لەوانـەی کـە کرامـە فەرمانـدەی بـەتالیۆن لەناوچەی شارەزوور، چەند بەتالیۆنێك دروست کرا ئـەوەی یـادم بێـت ١- فـەلاح حەمە بۆر ٢- کاك جەلال کولکنی ٣- شـەهید تایـەرە بچکۆل ٤- مـەلا ئەحمـەدی دسکەرە ٥- کاك سوهاد خانەقینی ٦ – مەحموی فەتاح ٧- بەنـدە، ئـەوەی لـەیادم بێت ئەوەندە بوو بەڵام بەتالیۆنەکەی مـن تایبـەت بـوو بـەوەی یـەك چەکداری نوێی تیانەبوو، زۆربەیان پێشمەرگە دێرینـەکان ورێکخسـتنە دێرینـەکان بـوون، ئـەویش بـەهاوکاری پیـاوی تێکۆشـەرو مانـدوو نـەناس و کـوڕی ڕۆژی تەنگانـە، خوالێخـۆش بـوو (کـاك مــەلا ڕەشـیدی باریکـە) زۆر هاوکـاری کـردم ، نـاوی بەتالیۆنەکەشم بەناوی بەتالیۆنی یەکی ڕێکخستنی شـارەزوور بـوو، گرنگیـەکی تری بەتالیۆنەکەی من کە جیا ئەکرایـەوە لـەوانی تـر فەرمانـدەکانی وەك ووتم فەرمانده دێرینەکان بوو، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:-

١- لێپرسراوی بەتالیۆن بەندە (حەمە ڕەزای کادر)
٢- ڕابەری سیاسی مامۆستا عەلی بچکۆل پێنجوێنی
٣- جێگری بەتالیۆن جەبار غەریب
٤- لێپرسراوی ئیدارە محەمەد ئابلاّخی

بەتاليۆنەکـــە پێـــك هـــاتبوو لـــە ٧ تيـــپ بـــەم شـــێوەيەی لای خـــوارەوە:
١-غەفور عەريف حەمە ئەمين فەرماندەی دێرين ومادوو نـەناس و فەرمانـدەی تيپ.
٢- شەهيدی هەرگيز نەمرو پياوی ڕۆژی تەنگانە کاك عوسمان نەمەڵی ف.ت.
٣- خاليـد قـادر بـرای شـەهيدی قارەمـان و سـەروەر و فەرمانـدە شـەهيد والـی باريکەيی کە ئەويش پياوێکی دڵسۆزو بنەماڵەيەکی تێکۆشەر ف-ت.
٤- نەجمەدين نوری (نەجمە بچکۆل) ئەو قارەمانەی کە لەتەمەنی ١٦ ساڵيەوە بوو بە پ.م و فەرماندەی دێرين و ئازاو دڵسۆز ف-ت.
٥- پێشـمەرگەی ئـەيلول و نـویٚ يـەکێك لـە پيـاوە ئازاکـان و ڕێکخسـتنە دێرينەکان خواليٚخۆش بوو کاك (حسێن وێلەکەيی) ف-ت.
٦-فەرمانـــــدەی دێـــــرين دڵســـــۆز وبـــــەوەفا ســـــەردار فـــــەرەج ف-ت.
٧- مەهدی کاکەولاٚ خـەراجيانی هاوڕێی خۆشەويست و پياوی ڕۆژی تەنگانـە و لەبنەماڵەيەکی شۆڕشگێڕو ف-ت. ئەم تێکۆشەرە دووژمن بەزێنەو و کادری کۆن و فەرماندەی ئازا جێگری تيپ بوون.
١-کـــاك محمـــد سەيدصـــادقی فەرمانـــدەی کـــۆن و نـــویٚ بـــەوەفا ج-ف-ت
٢- کاك ئەحمەد خەمگين پێنجوێنی کادری کۆن و دڵسۆزو بەهەڵوێست ج-ف-ت
٣- کـاك عوسمـان عـەلی ناسـراو بـە (عوسمـان عەسـکەری) لـە چاونەترسـی و ئـــازايی خـــۆی ئـــەو نازنـــاوەی بـــۆ خـــۆی تۆمـــارکرد ج-ف-ت.
٤- ئەنوەر ڕەشيد سۆران پياوێکی دڵسۆزو ئازاو چاونەترس ج-ف-ت
٥- حەمـە ڕەشـيد عەبـدوڵڵا (حەمـەلاو) پێشـمەرگەی دێـرين و ڕێکخسـتنی دێـــــرين و قارەمـــــان بـــــرای (شـــــەهيد نـــــەجم) ج-ف-ت.

٦- ئەحمەد خوشکەزای کاك جەبار غەریب پیاوێکی بەهەڵوێست و ئازاو چاونەترس برای (شەهید هەژار) ج.ف.ت.

بێجگە لە کۆمەڵێك ف. کەرتی لێهاتوو و ئازاو کە بڕبڕەی پشتی بەتالیۆنەکە بوو.

لەو سەردەمەدا هیچ بەتالیۆنێك لە ڕووی ژمارەو جۆریەوە نە ئەگەیشتە بەتالیۆنی یەك- کە ژمارەمان ٤٥٣ پێشمەرگەو فەرماندە بوو. زۆر بەزوویی بەتالیۆنەکەمان دروست کردوو هۆی یەکەم ئەو کۆمەڵە فەرماندەو پێشمەرگە قارەمانانەم لەدەور کۆبوەوە و کۆمەڵێك چەکی زۆرم کڕی بوو ٦٠ـ٥٠ پارچە چەك بوو. ڕۆژێك کاك عەدنان پێی وتم: ئەمری م.س وەرئەگرم بۆ بەتالیۆنەکەت کە خاڵە سنوریەکانی پێنجوێن و دەوروپشتی وەربگرن و بی پارێزن چونکە خەڵکانێکی زۆر چاك و ئازات لەگەڵدایە. بەڵام من قبوڵم نەکرد چونکە ئەو کات هەرکەسێك لەو سنورانە بووایە پێیان ئەوت دز و گەندەڵ، ئەگەر واش نەبوایە ناوبانگێکی خراپی دەرکردبوو، ئەوی لەو سنورانە بووایە وتیشی هەرتیپێك سەیارەیەکیان بۆ ئەکڕم و سەیارەیەکی جوانیش بۆ خۆت بەڵام من ووتم: دووبارە داوای لێ بووردن ئەکەم، سومعەی خۆم و برادەرەکانم زۆر بەلاوە گرنگە، زۆر شت هەبوو ئەمانتوانی بیکەین لەو پاشا گەردانی و دزی و ڕاو ڕووتەی کە ئەکرا، بەتایبەتی بەهێزێکی ئاوا گەورەشەوە. من نەم ئەهێشت و مەجالی کاری نایاسایم نەئەدا. بارەگای بەتالیۆنەکەمان لە (سەرای سوبحان ئاغا) بوو کاك حامید و مەلا ئەحمەدی دسکەرەش بارەگایان هەر لەوێ بوو.

ڕێکخستنی تیپەکان بەم جۆرە بوو، بارەگای تیپێك لە باریکە کاك خالید، تیپێك لە نەصر شەهید عوسمان نەمەڵی، تیپێك لە ڕاپەڕین کاکە نەجم

بچكۆل، تیپێك له كانی ماسی خوالێخۆش بوو كاك حسێن ویلەكەیی، تیپێك لەنزیك ژاڵه تیپی بەتالیۆن. له ڕاپەڕینی دووەم واته ۱۹۹۱/۷/۱۸ كه پەلاماری داگیركەران درایەوه تیپەكانی ئێمەش هەر تیپەی لای خۆیەوه پەلاماری مولگه داگیركەرانیان داو سەركەوتنی گەرەیان تۆماركرد له ڕاپەڕین ، عەربەت، باریكه، نەسر، سلێمانی و كانی ماسی. سەركەوتنەكانی ئەو ڕۆژەی بەتالیۆنەكەمان بەخوێنی سێ شەهیدی قارەمان تۆمار كرا. پێشمەرگەیەكیان لەتیپەكەی كاك عوسمان نەمەڵی بوو كەناوی شەهید حەسەن تۆفیق بوو. ۲- شەهیدێك لەكانی ماسی له تیپەكەی كاك حسێن ویلەكەیی كه ناوی محەمەد ساڵح پیاوێكی قارەمان و پێشمەرگەیەكی ئازابوو. ۳- ف-ك دڵشاد ئەحمەد كه پێشمەرگەیەكی زۆر ئازاو قارەمان بوو لەگەڵ كاك عوسمان و چەند پێشمەرگەیەكی تر پەلاماری سەرایان دابوو، سەد مەخابن پێش ئەوەی ئەو ناوچەیه پاك بكرێتەوه شەهید دڵشاد گیانی پاكی كرد بەقوربانی بۆ كوردو كوردستان.

دەستكەوتەكان لەو شەڕانەدا دوو زیلی عەسكەری و جیبێك و دۆشكەیەكی ۲۳ ملم و كۆمەڵێك چەكی كلاشینكۆف و سەیارەیەك كه مەتبەخ بوو هی چێشت لێنان و سەیارەیەكی ئالیات وەك دوكانی فیتەری بەهەموو پێداویستیەكانیەوە، لەو كاتەدا كاك عوسمان حاجی مەحمود فەرماندەی هێزبوو و ئاواتی شێخ جەناب ج-ه بوو.

بارەگای هێز له (زرگوێزی خوارو) بوو چەند بینایەك له نزیك جادەكەوه بوو كرابوون به بارەگا. ئەو دوو سەیارەی مەتبەخەكەو سەیارەی ئالیاتەكەم برد دام به كاك عوسمان زۆری پێ خۆش بوو.

له ڕاپەڕینی دووەم زۆر فەرماندەو لێپرسراوی بالآم ئەدی بەرەو دەرەوەی شار ئەڕۆیشتین و شاریان چۆڵ ئەکردوو لای منەوە ئەهاتن، چونکە بارەگایەکم بردبووە لای (قرگە و کانی با) لە لای جادە قیرەکە، چونکە وەزعەکە زۆر گرژو ئالۆز بوو. کاك شەوکەتی خوالێخۆش بوو کاك حامیدو کاك شێخ جەعفەرو کاك جەمیل لای منەوە لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگە چوونە دەرەوەی شار، پاش کەمێك کاك سیروانی سەعە جوقلّی و نوری حاجی عەلی هاتن بەهەمان ڕێگەدا لە شار دەرچوون، چەند دەبابەیەك لەژێر پردەکەی حاجی ئاواو بەرەو ژوورتر وەستا بوون کەلێمانەوە دیاربوون، ئەو دوو برادەرە ماون و شایەتن وتیان کاك حەمە ڕەزا هەرچی لێپرسراوی ئەم شارەیە زۆربەیان لێرەوە هاتن و چۆڵیان کردو وەزعەکە زۆر خراپە، سەیرکە چواردەور دەبابەیەو سەربازە و ئێوەش بەتەنیا لێرە هیچتان پێ ناکرێت. بەلآم من چۆڵم نەکرد لە جادەی شەستیەوە لەگەڵ سەیارەیەك پێشمەرگە چووم بۆ ناو شار، شەڕێکێکی زۆر قارەمانانەو ئازایانە کرابوو( ۲۱ ناقیلە و مدەرەعە) تێك شکابوو بەتایبەتی لای نادی موهەندیسینەوە نزیك مەڵبەند. نادی مهندیسین کرابوو بەبارەگا، ئەوەی دیم لەوێ شەماڵ عبدالوەفا و خالیدڕەزا بوو لەگەڵ هەندێك کەسی تر، من خۆم لاندکرۆزرێکی ۱۹۸۱ م پێ بوو، شار چۆڵ بوو بۆنی خوێنی لێ ئەهات، وتیان کاکە گیان ئەتوانی هەندێك پێشمەرگەی تر بهێنیت و تا دەمەو بەیان بەناو شاردا بگەڕێیت بۆ ئەوەی نەك دووکان و بازاڕ تالآن بکرێت چونکە زۆر چۆڵە. ووتم باشە بەلآم من ئێستا دوو سەیارەم پێیە، وتی کاکە ئەوە سێ سەیارەی زیلە  یەکێکیان بەرە بۆ خۆت، کە سەیرم کرد سەیارەیەکیان هەندێك ئازوقەو پێداویستی تیا بوو ئەوەم برد، (کاك حەمە صدیق) کە فەرماندەی کەرت و پیاوێکی ئازا بوو بووە شۆفێر، (کاك غەفور)و هەندێك برادەری ترم لەگەڵدا

بوون تا بەیانی ئێمە بەو دوو سێ سەیارەیەوە ئەگەڕاین، جادەو بازاڕ باش بوو هیچ شتێکی خراپ ڕووی نەدا، و دواتر بەهۆی لیژنەی تەنسیقەوە کە خوالێخۆش بوو **(کاك جەبار فەرمان)** ئەیبرد بەڕێوە وەزعەکە هێوەر بووەوە، هەر لای نادی موهەندیسین دۆشکەیەکی( ١٢.٥ ملیم) لەسەر ناقیلەیەك بوو لێمان کردەوەو بردمان. دواتر گەڕاینەوە بۆ بارەگای بەتالیۆن لە سەرای سوبحان ئاغا، لەدرێژەی ڕاپەڕینی دووهەمدا دووبارە بارگرژی دەستی پێ کردەوە ، لەگشت لایەکەوە پەلاماری بنکەو بارەگاکانی ڕژێم لەسەرتاسەری کوردستان دەستی پێ کردەوە، ئیتر دوای ئەو پەلامارە حکومەت زۆر لاواز بوو، لەو شەڕانەشدا کۆمەڵێك چەك و تەقەمەنی دەست هێزی پێشمەرگەی کوردستان کەوت. لای دەواجینەکەی خەراجیان مەعەسکەرێکی لێبوو ٦ تۆپی ١٣.٥ ملم لەناویا بوو ، پاش شەڕێکی قورس دەست گیرا بەسەریا، تۆپەکانمان بەش کردوو دوو تۆپ بەر بەتالیۆنەکەی من کەوت، بەشدارییەکی قارەمانانەمان تیا کرد، و لەو پەلامارەشدا برای فەرماندەو خۆشەویستم کاك ماجید فەیلی ئەویشی لێ بوو ئەو کات ج.گ بەتالیۆن بوو لەگەڵ سوهاد خانەقینی، بەڕاستی دەوری سەرەکی تیا بینی. بەڵام من دوو پێشمەرگەم بەدیار تۆپەکانەوە بەجێهێشتبوو تا چووم سەیارە بهێنم و ڕایکێشم، بیبەم بۆ قەڵاچوالان نەك لیژنەی تەنسیق لێمان وەربگرێتەوە، تا گەڕامەوە تایەی تۆپەکانیان دەرهێنا بوو و بردبوویان ، وتم ئەوە کێ دەریهێنا وتیان: وەڵا (حسێن مەساح) بەکۆمەڵێك چەکدارەوە هات و تایەکانی دەرهێنا، وابزانم ئێستا بە عەمید خانەنشین کراوە، دووبارە گەڕامەوە تایەی زیلەکەی خۆم چوار تایەم هاوردوو لە بازاڕی سلێمانی لە فولکەی نالی دوکانێکی برغوی لێبوو ٢٠ بڕغوشم کڕی چونکە بڕغوەکانیشی بردبوو، ئینجا گەڕامەوە تایەکانم لێ

بەستو سەیارەیەکم بەکرێ گرت بە (٤٠٠) دینار ئەوی تریشیان بەزیل بردم بەرەو (قەڵاچوالان)، لە دووکانیانەوە لەوێ تەسلیم بەبرای خوالێخۆش بوو **(کاك جەبار)**م کردوو ئەویش زۆری پێخۆش بوو و سوپاسی کردین، بارو دۆخ هێوەر بووەوەو شەڕو شۆڕ نەما، دەورەیەك لە(مەیدان) بۆ مەشقی سەربازی کرایەوە کۆمەڵێك بەتالیۆن بانگکران بۆ ئەوبەری (مەیدان)، لای بینایەکی کۆنی گەورەی عسکری زەمانی بەعس، چەند ئەفسەرێکی زۆر باشی لێبوو، ئەوەی ناوەکەیم لەیاد بێت :

١- کاك مستەفا پیاوێکی زۆر بەهیمەت بوو، زۆر خۆی ماندوو ئەکرد بۆ پێگەیاندن و فێری مەشقی سەربازیمان بکات، لەگەڵ برادەرەکانی تری کە ئەوانیش ئەفسەر بوون

٢- ملازم نیعمەت عەلی

٣- ملازم حەمە سابیر کە شەهید بوە.

٤- ملازم ڕەحیم سۆفی کەریم.

٥- ملازم سیروان کەشەهید بوە.

ئەو دەورەیە ٤٥ ڕۆژ بەردەوام بوو، سودێکی باشمان لێ وەرگرت و دواتر حەفلەیەکی بچوکیشیان بۆ کردین کە تەواو بوو، ئەوەی یادم بێت ئەو بەتالیۆنانەی کەبەشدار بوون بە بەتالیۆنی ئێمە کاك ئەنوەر دۆلانی و شەهید مەحمودی مامە عەزە، بەتالیۆنی مەلا ئەحمەد چاوشینی گەرمیان، بەتالیونی شەهید سەید جەوهەر وەبەتالیونی بازیان کاك ئاوات شێخ جەناب هەرئەوەندەم لەیادە داوای لێبوردن لە بەتالیۆنە بەشداربوەکانی تر ئەکەم ئەگەر بەشداربوون ناویانم لەیاد نەماوە. لە کۆتایدا نمایشێکی جوانمان کردوو خەڵکێکی زۆریش بۆ سەیرکردنی تیپی مۆسیقاو گۆرانیش هاتبوون. لەوکاتەدا

(**شاخەوانی کوڕم**) تەمەنی ١٥ پانزە ساڵ ئەبوو گۆرانییەکی خوالێخۆش بوو مامڵێی چڕی، هەموو برادەران هاتن و دەوریان لێدا، دەنگی زۆر خۆش بوو، گۆرانی (تۆ بەڵێنم پێ بدە)ی ووت. پاش گەڕانەوەمان بۆ بارەگاکانمان داوایان کردین بچین بۆ کفری بۆ خەتی تەماس بۆ حەرەسیات، بۆ ماوەیەك لە (باوەشاسوار)و ئەو دەورە ماینەوە، دیاربوو ئەو ناوە لوغم ڕێژ کرابوو، ئێمە نەمان زانی بوو کەسیش پێی نەوتین، پێشمەرگەیەکمان لوغم پیاتەقی بەناوی شێرزادو شەهید بوو هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی شەهید شێرزادو سەرجەم شەهیدانی کوردستان. پاش تەواو بوونمان لە گەرمیان گەڕاینەوە مەقەر لەسەرای سوبحان ئاغا.

دوای ئەوە لە ١٩٩١/١٠/٧ پێشمەرگە پەلاماری بنکەو بارەگاکانی داگیرکەری دا لەگشت شارو شارۆچکەو ئۆردوگاکانەوە. ئەم جارە جاری کۆتای بوو گشت شوێنەکان پاك کرانەوەو بەتالیۆنەکەشمان هەر تیپە لەشوێنی خۆیەوە دەورێکی قارەمانانەیان دیبوو، لەگەڕەکی ڕاپەڕین (نەجمە بچکۆل)ی لێبووە، لە شارەزوور کە تیپەکانی تری لێبوو. وە لەدەوری ژاڵەو هوانەش کاك غەفورو کاك سەردار و برادەرەکانیان لەوێ بوون کە دەوری باشیان هەبوو. بەڕاستی ئەو بەتالیۆنە تا من فەرماندەی بووم زۆر لە فەرماندەو پێشمەرگەکان ڕازی بووم چونکە کاری نایاساییان نەدەکرد وەك پێشمەرگەو بەتالیۆنەکانی تر. لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٢ دەست کرا بە دروست کردنەوەی مەڵبەندەکان، (کاك عومەر فەتاح) ناردی بەشوێنمدا چووم و سەردانم کرد، وتی: وەرە بۆ مەڵبەند دەوام بکەو ئەتکەین بە لێپرسراوی کۆمیتە، زۆر بەشان و باڵمدا هات کە من شارەزایی کاری ڕێکخراوەی و جەماوەریم، منیش قایل بووم کە بگەڕێمەوە مەڵبەند، کۆبوونەوەیەکم بە بەتالیۆن کردوو (جەبار

غريـب) وەك ج.ف.ب بەتاليۆنەكـەی ئـەبرد بـەڕێوە، ئـيتر نـازانم وەزعـی بەتاليۆنەكە چی لێ هات، بەڕاستی ئێستا مـن شانازی بـەو بەتاليۆنـەوە ئەكـەم كە ئەوكۆمەڵە فەرماندە ماندوو نەناس و قارەمانانـەی تيـابوو ، بەڕاسـتی ئـيش كردن لەگەڵ پياوی ئازاو پاكدا زۆر خۆشە. سوپاسی يەكە بەيەكەی پێشمەرگەو فەرماندەكانی ئەكەم لەهەرشوێنێك بن هيوای تەمـەن درێـژی و لـەش ساغيان بۆ دەخوازم. سەيارەيەكی زيلی تازەم هەبوو نەم دا بە بەتاليۆنەكە نـە بـۆ خـۆم دانا لەگەڵ خۆم بردم بۆ مەڵبەند بـۆ ئـيش و كار، هـەر بـە بەرچاوی خۆمـەوە بێ بەرامبەر دايان بە (كاك مەلا ئەحمەدی دسكەرە)، لەبەر ماڵی خۆمان وەسـتا بـووم لـە گـەڕەكی ئاشـتی، شـەش تايـەی تـازەی لـە ژێردابـوو، پێشـەكی ئـەويش تايـەكانی گۆڕی و ٦ تايـەی كـۆنی خسـتە ژێـرو دواتـر فرۆشـتی. وابـزانم بـە ٣٥ هەزار. من بەخۆم ڕەوانەبينی بەو هەموو منداڵەوە كە زۆر گرانی بـوو وەزعـی ئابوری خراپ و شت زۆر گـران بـوو بـە خيانـەتم ئـەزانی ئەگـەر بمفرۆشـتايە و منداڵەكانم پێ بەخێوكردايە، بەلاّم من خەتای ئەو نـاگرم كـە فرۆشـتی خـەتای مەڵبەند ئەگرم لەو كاتەدا كـە خـەڵكمان فێـری گەنـدەڵی ئـەكردوو لـە كەسـيان نەئەپرسـيەوە . منـيش وەك ئەنـدام مەڵبەنـد ٥٠٠ دينـارم وەرگـرت كـە تـەنها فەردەيـەك ئـاردی ٥٠ كغـم بـە ٨٠٠ ـ١٠٠٠ هـەزار دينـار بـوو، عەدالـەت ئاوايـە و ئاواش سەيری ئەكەن.

جا خوێنەری بەڕێز ئێـوە حكوم بـدەن لـەو ڕووداوەو ئـەوانی تـريش كـە لـەم ناميلكەيەدا ئاماژەم پێكردووە ، بۆيە يـەكێتی بـە بـەردەوامی لـە سـاڵی ١٩٩١ لـە ڕاپەڕينـــەوە ١٩٩٢ لـــە يەكـــەم هەڵبژاردنـــدا هـــەر بـــەرەو دواوە ئـــەهات، و بەبـەردەوامی تـا ئێسـتاش جـەماوەری بـەرەو دابـەزين ئـەڕوات، چـونكە نـە چاكسازی و نە پاكسازی و نە نوێگەری تيا نە كراوە. وەزۆربەی ئـەو هەڤاڵانـەی

كه پلەو پۆست وەر ئەگرن بۆ خزمەتی گەل و نیشتیمان نییه بەڵكو بۆ گیرفان پڕكردن و خۆ دەوڵەمەند كردنه، وەك زۆرجار له ئاستی بەرزیشداخۆیان پێی لێ ئەنێن، بەلاَم هەر ناتوانن چارەسەری بكەن، چونكه ئەوەی باسی ئەكات ئەبێت لەخۆیەوە دەست پێ بكات، بەلاَم نه دەستی تێ ئەچێ نەگەرەكیەتی بیكا، بۆیه ئەویش وەك خۆی سەری ئەنێتەوەو ئیرادە نییه بۆ چاككردنی. یەكەم جار ناردمییان به لێپرسراوی كۆمیتەی (هەڵەبجەی شەهید)، كه چووم كۆمەڵێك برادەری زۆر باشی لێ بوو بەلاَم پاش قسەكردن لەگەڵیان دیاربوو زۆر دژایەتی یەكتریان ئەكرد، به ئاشكرا باڵ باڵێنی تیا بوو لەو سەردەمەدا، بۆیه گەڕامەوە به مەڵبەندم ووت و تێم گەیاندن كه وەزعەكه چۆنەو وتم: من لەناو ئەو برادارانەدا كارم پێ ناكرێت، بۆیه ڕۆژی ١٩٩٢/٢/١ فەرمانێكی تریان بۆ دەركردم بۆ لێپرسراوی كۆمیتەی دەربەندیخان، كه ئەو كات (مامۆستا مەحمود قەرەداغی) سەرپەرشتیاری بوو، زۆربەی پێشمەرگەو كادرەكانی (دەربەندیخان)م ئەناسی كه كاتی خۆی بەیەكەوە بوین بۆیه زۆرم پێ خۆش بوو.

لەو كاتەدا له كوردستان له مەرزەكاندا باوی سەیارەو شۆفڵ و مەكینه ئاودیوكردن بوو بۆ ئێران به قاچاخ یان بەرێكەوتن لەگەڵ هەندێك له بازگەكاندا، كه بەدزیەوە برێك پارەیان وەرئەگرت بەرامبەر دەربازكردنی ئەو سەیارەو شۆفلاَنه، سەیرم كرد هەندێك له فەرماندە عەسكەری و كادرەكانیش سەرقاڵی ئەوەن چەند جارێك به بەڵگەوە ناوی هەندێك برادەری عەسكەری و سیاسیم گەیاندە مەڵبەند، بەلاَم بێسوود بوو ئیجرائات نەئەكرا، لەوە ئەچوو به ئاگاداری هەندێك برادەری سیاسی و عەسكەری له ئاستی سەركردایەتی یەكێتی ئاگاداربێت و ڕەنگه بڵێم شەریك بووبن ، بۆیه بەهیچ جۆرێك

لێپرسینەوە نەبوو ، بەنهێنی یەك دوو جار سەری ئەو شوێنانەم ئەدا و هەندێك لەو کەسانەم ئەدی کەسەیارەیان ئاودیو ئەکرد.

من لەو سەردەمە گرانیەدا کە فەردەی ئارد زۆرجارنزیك ئەبووەوە لە ١٠٠٠ هەزار دینارو ٨ سەر خێزان بووین ٥٠٠ دینارم وەر ئەگرت وەك لێپرساوی کۆمیتە. سەیارەیەکیشم هەبوو کە ئەویش مەسروفی ئەویست و مانگانە٢٠ ـ ٢٥ ڕۆژ دەوامم ئەکرد. لەو سەردەمەدا باوی تەلی کارەبا بڕین بوو چونکە فافۆن بوو ئەیان فرۆشت بۆیە بە ناچاری شەوانە دوو کەمینمان دەرئەکرد، یەکیان لە دەربەندیخان بەرەو زەڕایەن ئەوی تریان لە دەربەند بەرەو باوەنور، بۆ پارێزگاریکردنی تەل و عەمودی کارەبا، زۆر جار توشی تەقەش ئەبوین چونکە ئەوانیش چەکیان پێ بوو. کۆمەڵێك پیاوی زۆر دڵسۆزو بەهیممەت لەدەربەندیخان هەبوو چ لەناو بەتەمەنەکان و چ لەناو گەنجەکاندا.

وەساڵی ١٩٩٢ دەورەیەکی کادرانیان بۆ کردینەوە لەهەولێر بەشداری ئەو دەورەیەشم کرد جیاواز لە دەورەی پێشوو چونکە ئەم دەورەیە لەدوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی خەڵکی کوردستان و لەپایتەختی هەرێمی کوردستان بوو لەکەش و هەوایەکی ئازاد دا، بەڵام دەورەی پێشوو لەشاخ و لەجەوێکی بەرگری و شۆڕشگێڕانەدا بوو ئەم دەورەیەش ٤٥ ڕۆژی خایاند و تەنها ناوی ئەم برادەرانەم لەبیرە داوای لێبوردن دەکەم کەناوی هەر کەسێکم لەبیر چوو بێت:

١- صەلاح شێخ شەرەف
٢- مەلا ئەحمەدی دەلوجە
٣- مەحمود حاجی صاح
٤- دڵشاد قرگەیی

٥- عەلی فەتاح

٦- مام سۆران

٧- حەمە ڕەزای کادر

ئـەم دەورەیـە دەورەیـەکی پـەروەردەیی کۆمـەڵێك کـادرانی یـەکێتی بـوو سودێکی زۆر باشمان لـێ بینـی . لـەو سـەردەمەدا کۆمیتـە لـە دەربەنـدیخان بـوو پارتی لقی هـەبوو، ڕۆژێـك کـاك عومـەر فـەتاح لەگـەڵ کـاك ئاسۆی شـێخ نـوری سـەردانی کۆمیتـەیان کـردو ئەنجومـەنی کۆمیتـە ئـەوی حـازربوو کۆبوینـەوە، کۆبونەوەی کۆمیتە کـراو هەنـدێك شـتمان بـاس کـرد دەربـارەی سـنورو وەزعـی ڕێکخسـتن، دواتـر کـاك عومـەر وتـی: ئـەبێت تـۆ مـانگی ٢٠ ڕۆژ دەوام بکـەیت ئەیکـەم بـە بڕیـار، وەك وتم مـن زۆر لـەوە زیـاتر دەوامـم ئـەکرد. وتم: ئەمـە بڕیاری جەنابتە بەڵام بەشایەتی بـرادەران لـەوە زیـاتر دەوام ئەکـەم وتـی: مـن ئەوە نازانم ئەوە بڕیارە. دیاربوو ئەو ڕاپۆڕتانەی کە ئەمـدا بـە مەڵبەنـد باسـی هەندێك بـرادەرم ئـەکرد کـە سـەیارەو شـتی شـۆفلێیان ئـاودیوو ئـەکرد ئـەم پێـی نـاخۆش بـوو، ڕەنگـە ئاگـاداریش بووبێـت بۆیـە ئەیویسـت وابکـات مـن ئـەوێ جێبهێڵم . بەڕاستی ژیان لەو سەردەمەدا بەتایبەتی بۆ مـن زۆر ناڕەحـەت بـوو، ئـەو بەتوڕەبوونـەوە هـەردووبارەی ئـەکردەوە وتم: ئـەوە مۆرەکـەت و چـوومە دەرەوە، بەدوای منـدا ئەنجومـەنی کۆمیتـە زۆربـەیان هاتنـە دەرەوە، دوای ئـەوە کـە زانیـان زۆربـەی بـرادەران لایـەنگری مـن ئەکـەن و دژی گەنـدەڵین بانگیـان کردمـەوە بـۆ ژوورەوە، مـن پێشـنیارم کـرد بـۆ ئـەوەی هـەم بەبـەردەوامی لـە کۆمیتە بم و هەم لەم هاتوچۆیەش ڕزگاربم، لەجیاتی ئەوە ٣٠ ڕۆژ دەوام ئەکەم وماڵەکەم ئەهێنم بۆ ئێرە. کاك عومـەر وتـی: زۆر باشـە بـا برادەرانـی کۆمیتـە خانوویەکت بۆ بدۆزنەوە منیش وتم: تـەنیا دوو هـۆدەش بێـت بەسمـە. ووتیـان

ڕەنگە بە ٢٠٠ دینار دەست بکەوێت  کاك عومەر فەتاح ووتی: زۆر باشە کەواتە ماڵەکەت بێنە بۆ ئێرە وتم: بەسەر چاو ڕێککەوتین.

لە کۆتاییا بەهەموو ویژدانەوە بەو گرانیەو ئەو بێدەرامەتی منە ووتی ئەبێت خۆت کرێی خانووەکە بدەیت. ووتم یانی ٥٠٠ وەردەگرم و ٢٠٠ بۆ کرێ ئەی چی بۆ ژیانی ئەو هەموو منداڵە. زۆر تورە بووم هەڵسامە سەرپێ قیژاندم وتم کەی ئەمە ویژدانە وتم کاك عومەر تۆ خۆت بۆخەڵکی تر بە هەزاران دینارئەدەن بەکرێ بەڕەوای نابینی ٢٠٠ بۆ من بدەن، کاك عومەر ووتی هەر ئەوەیە هەوڵ بدە خۆت بژیەنە، ئیتر ئەوان ڕۆیشتن و منیش لەوێ مامەوە، دوایی تێگەیشتم کە کاك عومەر بەمنی ووت خۆت بژیەنە ئەی ویست منیش وەك ئەو خەڵکە سەیارەو شتی تر دەربکەم بە نایاسایی خۆم بژێنم، ئەم قسانە ئەوە ئەگەیەنێت کە ئەیان ویست بەزۆر توشی گەندەڵیت بکەن و دواتر تۆش سەرشۆڕ بیت لەبەردەمیاندا، بۆ ئەوەی هەمیشە هەرچی کرا چاوپۆشی بکەیت وەك ئەوان، بەڵام من خۆم بەدوور گرت چونکە هەمیشە من دژی ئەو جۆرە کارانە بووم و تا بۆم بکرایەوە بەرهەڵستیم ئەکرد هەربۆیە لە مەڵبەند ناویان نابووم (**پیاوە ڕەخنە گرەکە**)، بەس لەبەر ئەوەی ناحەقی و ناعەدالەتیم قبوڵ نەدەکرد. ساڵی ١٩٩٢ یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەستی پێ کرد دەستمان کرد بەکۆڕو کۆبوونەوە و خۆ ئامادەکردن و سەردانی خەڵك، ڕۆژێك (**کاك نەوشیروان**) سەردانی کردین و کۆبوونەوەی لەگەڵ کردین، ئەخیر قسەی ووتی: ئەم هەڵبژاردنە چارەنوسسازو یەکلاکەرەوەیە لەگەڵ ڕکابەرەکانمان، بۆیە پێویستە ڕێز لەهەموو ئینسانێك بگرن و سەردانی هەموو کەس بکەن و کەس پەراوێز مەخەن، چونکە دەنگی هەر پیاوێك مەرد و نامەرد وەك یەك وایە. دوای کۆبونەوەکە بەرەو گەرمیان کەوتە ڕێ منیش ویستم لەگەڵیا بچین

و چـوار پێـنـج سـەیارەم پـڕ کـرد لـە بـرادەران و بەدوایـدا کەوتینـە ڕێ، لای مەعمەلی ئاوەکەی بانی خێڵاَن وەستا هات و وتی ئەوە چییە کاك حەمـە ڕەزا، وتم ئەمانەوێت لەگـەڵ جـەنابتان بـێین وتـی بـۆ بـووك ئەبـەن دەی بگەڕێنـەوە بـەلای ئیشـوکارەکانتان، تـەنها مـەلا ڕەشـیدی ڕەحمـەتی لەگـەڵ خـۆی بـردوو ئێمـەش گەڕاینـەوە. **بـۆ مێـژوو ئـەو پیـاوە قـەت حـەزی لـەو جـۆرە شـتانەو فەرەباڵغی و خۆدەرخستن نەکردوەو هەمیشە سادەو سـاکار ژیـاوە ، بۆیـە هـەر بەسەربەرزی و سەرکەوتوویی ماوەتەوە.**

تــا کۆتــای ســاڵی ١٩٩٣ مامــەوە. دوای داوایــەکم دا بــە مەڵبەنــد بــۆ گواستنەوەم بۆ سلێمانی داوایەکـەیان قبـولکردوو گەڕامـەوە، پـاش یـەك هەفتـە وتیان ئەبێت بچیت بۆ لێپرسراوی (کۆمیتەی دووی کاسبکاران) کـە ئـەوسا سێ کۆمیتــەی کاســب کــاران هــەبوون. بارەگاکــانی لــە بینــای نەقابــە بــوو لای جامیعەکەو ٦ کۆمیتەی تیا بـوو. بەڕاسـتی ئـەبێت ڕۆڵـی (کـاك حەمـە ڕەشـیدی باریکـە) بەهەنـدو گـرنگ وەربگـرم کەلـەو کـاتی گرانـی و نەبوونیـەدا هاوکـاری زۆری ئـەکردم لـەڕووی خـواردن و گـەنم و جـل و بـەرگی منـداڵ، کـە ئـەوسـا کۆمــەڵێك ڕێکخــراوی خێرخــوازی هــەبوو کۆمــەکیان ئەگەیانــدە کوردســتان. بەڕاستی کاك حەمە ڕەشید لـە هەشـتاکاندا ئەمناسـی پیـاوێکی قسـەخۆش بـوو، زۆر تێکۆشەرو نەترس و کاتێك کە (کاك ئازادی سـەگرمە)ش برینـدار کـرا ئـەم لەگـەڵی چـوو بـۆ بەغـداد چارەسـەریان بـۆ کـرد، لەگـەڵ خوالێخـۆش بـوو (کـاك حەمە نوری) ئەویش هیچی کەمتر نەبوو لـە ڕەنـج و تێکۆشـان لـە کـاك حەمـە ڕەشــید بەتایبــەتی دوای ئــەنفال و گەیانــدنی خــواردن و پێویســتی بــۆ مەفرەزەکانی قەرەداغ و گەرمیان.

کاتێك کاك عومەر سەید عـەلی لەگـەڵ شـەماڵ و تەحسین چووین بـۆ دەورو تەسلیم لە کۆمیتەی دووی ئەو سـەردەمە خوالێخۆش بـوو کـاك کـەمال کوردی لێپرسراوی بوو، ئەویان گواستەوە بـۆ مەڵبەنـدوو مـنیش کـرام بـە لێپرسـراوی کۆمیتەی دووی کاسبکاران . یەکەم کۆبونەوەی ئەنجومەنی کۆمیتـەمان کردلـەو سـەردەمەدا کۆمیتـە کـە کۆمـەڵێك ڕای جیـاوازو بـاڵی جیـاوازی وەك کۆمەڵـەو شۆڕشـگێڕان و توشـی شـەلەل بـوو بـوو کارەکـانی بـاش ئـەنجام نەئـەدرا، وتم بەڕێزان بەمەرجێك ئیش ئەکەم هەر برادەرێك بەو ڕۆحیەتـەی پـێش مـن کـار بکـات بەنامەیەکـەوە ئـەی نێرمـەوە مەڵبەنـد ووتیـان زۆر چـاکە، لەکۆمیتـەی دووش ئاشنا بووم بە کۆمەڵێك خـەڵکی وشیارو تێکۆشـەرو مانـدوو نـەناس. لـە ئەنجامی کارکردن بەیـەك ڕۆحیـەت و یـەك بۆچوون وردە وردە ئـەو جیاوازیـە پێشوو زۆر زۆر کەمی کردو بەیەکجارەکی لەسەردەمی مندا بنەبڕ کرا.

هەروەها ئەوەی بیرم بێت لەگەڵ ئەم هەڤاڵانەدا ئەنجومەنی کۆمیتـەمان پێـك ئەهێنا، بێجگە لەکۆمەڵێك خەڵکی ماندونەناس و شۆڕشگێڕ وەك ئەندام کـەرت و ئەنـدام پـۆل کاریـان ئـەکرد سـەرکەوتنەکەمان هـی هـەمووومان بـوو، چـونکە هەموومان گوێ ڕایـەڵی ئـەوە بـووین کـار بـۆ یـەکڕیزی و تـەبایی و نەهێشـتنی جیـاوازی کـار بکـەین، کۆمیتـەی دووی کاسـبکاران نزیکـەی ٤٠٠٠ چـوار هـەزار ئەندامی ئەبوو لەسەر ئاستی مەڵبەندی یەك دووهەم کۆمیتـە بـووین لـە ڕووی ژمارەو لە ڕووی چالاکیەوە، ناوچەیەکی بەرفراوانمان هەبوو وەك گەڕەکـەکانی ئازادی و گۆیـژەو هـەوارە بـەرزە و چـەند گـەڕەکێکی تـر بێجگـە لـە ژمارەیـەکی زۆری کاسب کارانی ناوبازاڕ.

١-بەندە حەمە ڕەزای کادر لێپرسراوی کۆمیتە.
٢-مامۆستا محەمەد وەك کارگێڕی کۆمیتە کە لە شەستەکاندا مامۆستای کیمیام بوولەناوەندی جمهوری.
٣- سەرکاری حەسەن بەگ.
٤- مەلا مەحمود.
٥-کوردە خان.
٦- مامۆستا محەمەدی سید قادر.
ئەندام کۆمیتەکانیش ئـەوەی بـیرم بێـت ئـەم خوشـکو برایانـە داوای لێبـوردن ئەکەم ئەوەی ناویم بیر چوبێت، چونکە زۆرجار لێیان ئەگوێزرایەوە و هی تـازە ئەهات.
١- مامۆستا محەمەد زڕگوێزی کە لەشەڕی ئیسلامیەکاندا شەهید بوو پیاوێکی بەتواناو کادرێکی لێهاتوو بوو، لە هەشتاکانیش هەرپەیوەندی بەخۆمەوە هەبوو و برای کاك (هەژار) پێشمەرگەی دێرین بوو.
٢- کاك نەوزادی حاجی عەبدوڵڵا ناسراو بە نەوزادی ئاسنگەر پیاوێکی تێکۆشەرو بەتوانا و کەرتێکی زۆر چالاکی لابوو لە ئاسنگەرەکان.
٣- کاك نەوزادی موهەندیس پیاوێکی ڕۆشنبیرو بەتوانا کە دانرابوو بۆ بەشی ڕۆشنبیری کۆمیتەکەمان.
٤- کاك بەختیاری قەساب کە ئەم پیاوەش یەکێك بوو لە پیاوە تێکۆشەرو ماندوو نەناسەکان کەزۆربەی قەسابەکانی سلێمانی لای ئەوبوون.
٥- کاك ئەحمەد کەریم. پیاوێکی ڕۆشنبیرو دڵسۆز بوو
٦- کاك سامالْ کە لێپرسراوی کەرتێکی فەرمانبەران بوون زۆر چالاك و ڕۆشنبیر بوو.

٧- فەرهادە سور کەرتێکی زۆر چالاك بوو.
٨- عوسمان کەبەشی شەهیدانی کۆمیتەکەی زۆر باش ئەبرد بەڕێوە.
٩-حەمە ئەمین محەمەد مروەت کە پێشمەرگەیەکی دێرین و چالاك بوو.
١٠—مامۆستا ئیحسان مامۆستایەکی زاناو ڕۆشنبیر بوو.
١١- بەرزان محمد سعید خوشکەزای خوالێ خۆشبوو کەمال کوردی بوو.
١٢- مامۆستا شێخ محمد.

کۆمیتەکەمان لەبەر فراوانیی و زۆری ژمارەی ژنان دوو کەرتی ژنانمان هەبوو

١- مهاباد خان خوشکی کوردە خان کە کەرتێکی چالاکی لابوو دەوری باشیان هەبوو.

٢- جەمیلە خان کە ئەویش زۆر چالاك بوو هەمیشە بەتەنگ ڕێکخستنەکانەوە بوو. لەو دواییانەدا هەڤاڵ جەبار قادر (جەبارە شەل) بە خۆی و کەرتێکی زۆر چالاکەوە گوازرایەوە لامان کە یەکێك بوو لە ڕێکخستنە کۆنەکانی حەفتاکان لەکەرتی شەهید ئاشتی.

لەماوەی دوو ساڵدا کە لێپرسراوی ئەو کۆمیتەیە بووم توانیم دوو خولی ڕۆشنبیری بکەمەوە بە هاوکاری و توانای کۆمەڵێك ڕۆشنبیری ناو کۆمیتەکەو هەندێکیش لە مەڵبەندەوە ئەمهێنان بۆ ئەندام کەرت و ئەندام پۆلەکانی، بەڕاستی من خۆم زۆر لە ئەنجومەنی کۆمیتەو سەرجەم برادەران ڕازی بووم لەماوەی کارکردنمدا، وەك وتم هاوکاری و تەبایی زۆر ڕەنگی دابووەوە ببوو بەنمونە بە شایەتی مەڵبەندیش وەهەر لەسەرەتای گواستنەوەم لەکۆمیتەی دەربەندیخانەوە بۆ کۆمیتەی ٢ی کاسبکاران واتە لەبەهاری ١٩٩٣ دا کاتێك قیادەی مەنتیقە دروست کرا قیادەی مەنتیقەی کەرکوك بەشی یەکێتی بوو لێپرسراوەکەی خوالێخوش بوو (هەڤاڵ جەبار فەرمان) بوو.

قیادەی مەنتیقەی سلێمانی بەشی پارتی بوو ، پۆستەکان بەم جۆرە دابەش دەکران ئەگەر سەرۆك یەکێتی بوایە جێگرەکەی پارتی دەبوو بەلام بەهەمان پلەی سەربازی من بووم بە جێگری حەرەکاتی قیادەی مەنتیقە لەگەڵ خوالێ خۆش بوو (شێخ تۆفیقی سۆسیالیست) کەلێپرسراوەکەمان ناوی (عەمید بێستون) بوو کە پارتی بوو تا قیادەی منتیقە مابوو دەوامی ئەویشم دەکرد، دوای دوو ساڵ مانەوەم گوێزرامەوە مەڵبەندی شارەزوور لەسەر داوای خۆم ئەو کات (کاك شۆڕش ئیسماعیل) لێپرسراوی مەڵبەند بوو دوو جێگری هەبوو ١- کەمال شاکیر ٢- جەلال کوڵکنی، و کرامە لێپرسراوی کۆمیتەی پێنجوێن. لەو سەردەمەشدا مامۆستا (جەمال جەلال) قایمقام بوو زۆر سەردانی یەکمان ئەکردو بەیەکەوە گونجاو بووین. ماڵی (کاك بەکری حاجی سەفەر)یش لەوێ بوو کەم کەم سەردانی ئەکردین. شەهیدی فەرماندە و هەرگیز نەمر شەهید (شێخ حسێنە سور) لەوێ بوو، کە فەرماندەی هێز بوو هاوڕێیەتیمان زۆر خۆش بوو، و هاوکاری زۆری ئەکردین و تەنسیقێکی باش لە بەینماندا هەبوو. کۆمیتەکەمان سێ کەرتی گەورەی هەبوو کە: ١- کەرتی ناو پێنجوێن. ٢- کەرتی ناڵ پارێز. ٣- کەرتی گەرمك، ئەمانە وەك ناحیە. کەرتی ژنان و کەرتی فەرمانبەران و خوێندکاران. کەرتێکیشمان لە ڕاوگان هەبوو کە شێخ عومەر لێپرسراوی بوو وە ئەم بەڕێزانەش کاك هەڵۆو کاك قادر بێستانی کارگێڕی کۆمیتە بوون بەیەکەوە کارەکانمان ڕائەپەڕاندوو زۆر سەرکەتوو بوین.

هەر لەو ساڵەدا بوو کە چوومە پێنجوێن لە مەڵبەندەوە ئاگاداریان کردم کە گوایە مەفرەزەیەکی پارتی لە دۆڵی شلێرن و جەولە ئەکەن ئاگاداربن، منیش جوابم نارد بۆ مەڵبەندو پێم ڕاگەیاندن کە چەند پێشمەرگەیەك ئەبەم و ئەچم بزانم چی ڕوو ئەدات ئەو هەواڵە ڕاستە یان نا وتیان بڕۆ. ئەو

برادەرانە من کە بردمن لەگەڵ خۆم خزمی خۆم بوون و خەڵکی شارەزا بوون بەتایبەتی کاك عوسمان ئەمین لەگەڵ سالح مام عومەر کە خوشکەزای کاك عوسمان بوو زۆر چاو نەترس بوون، هەرچیم بوتایە بەگوێ یان ئەکردم (کاك تایەر حاجی حەمە امین) کە ئاوەڵزاوای خۆم بوو پیاوێکی بەهیمەت و لەسەرخۆ بوو، چوارەمیان خالیدی خولەی خوا کەرەم کە خەڵکی پێنجوێن برای شەهیدی فەرماندە شەهید صدیق بوو، پێنج قۆڵی خۆمان ئامادە کردوو لە باشماخەوە ڕیزمان پیا گرت، کۆمەڵێك خەڵکی دڵسۆزو زۆر باش لە دێهاتەکانی دۆڵی شلێر دابوون، ئەچوویتە هەردێیەك زۆر بەجوانی ئەهاتن بەدەممانەوە ڕێزی زۆریان لێ ئەگرتین و کۆمەڵێکی باش ئەندامان هەبوو. لەهەموو دێهاتەکان هەواڵم لە ڕێکخستنەکان پرسی ئەم ووت ڕاستە مەفرەزەی پارتی هاتوونەتە ئەم ناوە ئەیان ووت نەخێر ڕاست نییە، بەڵام چوونەکەمان زۆر باش بوو، هەموو شەوێك کۆبوونەوەی دێهاتم ئەکرد، ئەگەر دێهاتەکان بچوك بوایە ونزیك یەك بوونایە دوو تا سێ دێم ئەکرد بەیەك کۆبوونەوەم پێ ئەکردن، زۆر دڵخۆش بوون بەوتەی ئەوان لە ساڵەکانی ١٩٧٨ بەدواوە هیچ کادرێکی یەکێتی بەو جۆرە کۆبوونەوەی جەماوەریی ئەنجام نەداوە ، دوای کۆبوونەوە جەماوەریەکە کۆبوونەوەی ڕێکخستنم ئەنجام دا ، بەم جۆرە ٢٥ ڕۆژ مامەوە و کۆبوونەوەم بەسەرجەم دێهاتەکانی ئەو دۆڵە کرد. لە هەرشوێنێکیش بمانیایەتەوە حەرەسیاتیشیان بۆ ئەگرتین. ناوچەی شلێر یەکەم جاربوو بەو شێوەیە لەنزیکەوە ببینم کە بەشانازییەوە جێگەی بابو باپیرانم بوو، ناوچەیەکی کوێستانی و سەوزایی سەرنجڕاکێش بوو بەڕاستی خۆشترین شوێنی گەشتیارییە تا هاوینیش سەوزایی ئەما ئەوەندە کوێستان بوو، ئەو دۆڵە لە سێ لاوە چۆتە ناو ئێرانەوەو هاو سنورە.

که گەڕاینەوە بیستم هەندێك برادەر لە ئەنجومەنی مەڵبەند وتبوویان بۆ سەردانی خزمەکانی چووە نەك جەولە زۆرم پێ ناخۆش بوو چونکە کەسی تر ئامادە نەبوو کە بچێت کە ناوی مەفرەزەی پارتیان هێنا بوو ، ئەو هەموو هیلاکی و نارەحەتییەی کە ٢٥ ڕۆژ مانەوە و کۆبوونەوەی سەرجەم دێهاتەکانم کرد. لەگەڵ ئەوەشدا گریمان بۆ سەردان چوو بووم خۆ کورد واتەنی بە تیرێك دوو نیشانەم شکاندووە یەك سەردان کردن و دوو بەجێهێنانی ئەرکی کادری.

دواتر ١٩٩٦/٨/٣١ ی هات بەسەردا کە پارتی بە پاڵپشتی سەربازو تانکەکانی عێراق پەلاماری زۆربەی شوێنەکانی داو بە هەولێری پایتەختیشەوە یەکەم تۆپی دەبابە بە یەکەم پەرلەمانی کوردستانەوە نرا، دواتر بە ناچاری لەزۆربەی شوێنەکان کشاینەوە ناو خاکی کوردستانی ڕۆژهەڵات وە من لە ماڵ و منداڵم نەپرسی لەوێشا بیرم لە کەرەسەو مستەمسکی کۆمیتەو بەڵگەکان ئەکردەوە، بۆیە زۆر بەجوانی هیچ شتێکم بەجێ نەهێشت . سێ جیهازی راکاڵیش لە خوارەوە هاوردبویان بەڵام لە بارەگای کۆمیتە بەجێیان هێشتبوو بارم کرد و لەگەڵ چەند پاسەوانێکی خۆم بەڕێ کەوتین بەرەو سەیران بەند، شتەکانم گەیاند بە سەلامەتی و دام بە برادەران لە سەیران بەند. لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك گەڕامەوە بچم بۆ سلێمانی ئەمجارەیان بەشوێن منداڵەکانمدا. واتە منداڵەکانم کرد بەقوربانی جیهازو شتەکانی کۆمیتە بەپێچەوانەی شوێنەکانی ترو بەرپرسەکانی ترەوە، زۆربەی چەك و بەڵگەنامەکان و کەل و پەلیان بەجێ هێشت بوو ماڵ و منداڵیان دەرباز کردبوو، کاتێك گەیشتمە سلێمانی گەڕەك چۆڵ هۆڵ بوو. هەندێك لە خوشك و خوشکەزاکانم کۆکردەوەو بردمن بەرەو قەڵاچوالان، زۆری نەبرد دوای من چەکدارەکانی پارتی گەیشتبونە ناو شارو ملیان نابوو بەرەو دەرەوەی شار، کاتێك سەیری

قەلاْچـوالانم كـرد گـڕی تـێ بـەر دراوەو زۆربـەی شـتەكانیان سـوتاندوە، دوای ماوەیەكی زۆریش پارتی نەگەیشتبوونە ئەو ناوە، مـن لـە قەلاْچـوالانەوە بـەرەو ناڵپارێز كەوتمە ڕێ لەوێوە بەرەو پێنجوێن ئینجا بۆ سەیران بەند، جادە چۆڵ و هۆڵ كـەس نـەمابوو هـاتو چۆ بكـات. مـن لـە قەلاْچوالان بـووم وتیـان پـارتی لە(ناڵپارێز)ەوە هاتووە ئەو دیعایەیە كرا بوو  بۆیە لە قەلاْچوالان شپرزە بـوون و زۆربــەی شــتەكانیان ســوتاندبوو. بــەلاْم مــن كۆمــەڵێك خــەڵكم دی وتم لــە قەلاْچوالانەوە ئەچـم كۆمـەڵێك سـەیارە لەگـەڵ مـن هـاتن، چـوومەوە ناڵپـارێزو لـەوێوە بـۆ پێنجـوێن كەسـی لـێ نـەبوو چـوومە سـەیران بەنـد، پـاش ١١ ڕۆژ منداڵەكانم دۆزیەوە بەیەك گەیشتینەوە لەگـەڵ منداڵـەكانی (كـاك فـەلاح) مـن زۆر مــەمنونیانم، وەك خێزانێــك بــێ جیــاوازی ســەیارەیەكیان هــەبوو هــەموو سواربوون و گەیشتبنونە سەیران بەند، هێزەكانی پارتی بەرەو سنورەكان ملیان ئەناو ئەیان ویست لەناو سەیران بەندو باشماخ و شوێنەكانی تر پەلامار بدەن.

زۆر بــێ شــەرمانە دەســتڕێژیان ئــەكرد بــەناو منــداڵ و ژن و پیرەكانــدا لــە ئەنجامدا چەند منالْ و ژنێك گیانیان لەدەست داو زۆریـش برینـداربوون. پـاش ماوەیەكی كەم پێشمەرگە خـۆی كـۆكردەوەو پـەلاماری چەكدارەكانی پـارتی درا بەتایبــەت لای ئێمــەوە لەمــەرزی ســەیران بەنــد، پــاش شــەڕێكی خوێنــاوی دەسـتەویەخە ڕاومانـنـان تـا نزیكـی گـەرمك و چـەندین كوژراویـان لـێ بـەجێ مابوو دەیان برینداریان هەبوو. بەو جـۆرە لـەنزیك ئۆردوگاكـە دوور كەوتنـەوە لە سەیران بەند كۆمەڵێك فەرماندەی پێشمەرگەو پێشمەرگەی زۆر بەهێمـەتی لـێ بـوو كـە بەشـداری پەلاماردانەكـەیان كـرد، ئـەوەی بـیرم بێـت شـەهیدی فەرمانـدە و كۆڵنـەدەر چاونەترس شـەهید سـەید جەوهـەر، شـەهیدی هـەرگیز نـەمر و فەرمانـدە شـەهید شـێخ حسێن كـە فەرمانـدەی لەشـكر بـوو. كـە ئـەم

برادەرانــە كۆمــەڵێك فەرمانــدەو پێشمەرگەی ئازاو بەهیمــەتیان لەگەڵدا بــوو، داوای لێبوردن دەكەم كە نــاوی كەسی تــر نانوسـم چونكە ئەوەنــدە فەرمانــدەو كادرو پێشمەرگەی لێبــوو كــە نــاتوانرێ نــاوی گشتیان بنوسـین، شــەڕێكی مــان و نــەمان كــرا بەتایبــەتی بــۆ پارێزگــاری لــەو هــەموو ژن و منــداڵ و خەڵكەی كــە لــەناو ئۆردوگاكــەدا بــوو ، ئێــرانیش لــەو كاتــەدا خــۆی كردبــوو بــە (كــەرەی شــەربەت)، ئــەوەی لــە یــادم بێــت كــاك بــەكری حــاجی ســەفەرو چــەند پێشمەرگەیەك بریندارببوون، ئەوانــەی كوژرابــوون كۆمــەڵێك فەرمانــدەی پــارتی بوون كە تەرمەكانیان بــەجێ مــابوون، دواتــر زۆر بــەڕێزەوە نێردرانــەوە بــەرەو گەرمك و پێنجوێن، ئیتر ئەو مەترسیە ڕەوایەوە.

لەو سـەر دەمـە ناخۆشـەی ﴿٣١﴾ی ئابـدا كـە لێپرسـراوی كۆمیتـەی پێنجوێن بــووم تــا ئــەو كاتــەی جگــەرەم دەكێشـا كەماوەكــەی ﴿٢٧﴾ ســاڵ بــوو ئــا لــەو ناخۆشییەدا بڕیاری جگەرە تەرك كردنم دا تائێستاش بەردەوامم لــە نەكێشانی واتە تائیستا ﴿١٩﴾ ساڵە هیـوادارم هــەموو جگەرەكێشـەكان وەك مـن ئیرادەیـان هەبێت و زاڵ بن بەسەر نەفسی خۆیاندا و جگەرە تەرك بكەن.

دواتر وەك مەڵبەند كۆبوونەوەیەكمان كرد لەسەر بارودۆخی ئەو كاتەو هاتن و نــەهاتنی هەنــدێك لــە كــادرانی كۆمیتــەكان و ڕێكخســتنەكان، مــن لــە كۆبونەوەكاندا بەتوندی وتم برادەران تا ئێستا كێ لەو كادرانە ئەندام كۆمیتـەو خوارترو كادری كۆمەڵایەتی پەیوەندی پێوە كردن و ناویان بنوسـن، بــۆ ئــەوەی كــە گەڕاینــەوە جیاوازییــەك هــەبێت لەبــەینی ئــەو هەڤاڵانــەی كــە دەسـتیان لــە خۆیان و كەسوكاریان شۆردووەو لەگــەڵ ئەوانــەی كــە لەبــەر بەرژەوەنــدی تــری شەخصــی نــەهاتوون. بــەڵام بەداخــەوە كــە گەڕاینــەوە وانــەبوو هەرچــەندە مەكتەبی ڕێكخستن لیژنەی دروست كردبوو بۆ ئــەو مەبەسـتە، بــەڵام ئەوانــەی

هاتبوون وئەوانـەی نـەهاتبوون وەك یـەك وابـوون كۆمـەڵێك كـادر كـە نامـەیان ناردبوو بۆ (ئەحمەد قەدەفەری) كە تەسلیم بوەوە چوبوە ناو پارتی، و نامەكـە لەگیرفانی چەكدارێكی پارتیدا دۆزرایەوە كە كوژرابوو نـاوی (ئەحمـەد قاچـری) بوو ئەمانیش داوای تەسلیم بوونەوەیان كردبوو ئێستاش بەپرسن لەحكومـەت و حزبدا.

ئەوساو ئێستاش ڕێزی ئـەوان زیـاتر گـیرا لەوانـەی كـە تەسـلیم بوونـەوە یان هەر نەهاتبوون پلەو پایەیان بەرز كرایەوە لە جیاتی لێپرسینەوە، بۆیـە تـا ئێستاش یەكێتی بەو دەردە چووەو خەریكە لەبەریـەك هەڵئەوەشێت، زۆر جـار دەیـان جار (مـام جـەلال) باسـی چاكسازی و پاكسازی كـرد بـەلام ئـیرادەی جـێ بـەجێ كردنەكـەی زۆر لاواز بـوو، ئەبوایـە بـۆ لێپرسـینەوە لـە گەنـدەڵكاران و كەمتەرخەمەكان و ئەوەی پارەی خەڵك بەهەدەر ئـەدات لـەدەورو پشـتی خـۆی و كەسەكانی خۆی دەستی پێ بكردایە، بۆیە نەیئەتوانی یا نەی ئەكرد.

دوای ١٩٩٦/٨/٣١ هێـزی پێشـمەرگە لەگشـت سـنورەكان و میحوەرەكانـەوە ئامادەكرا. ئاگاداری ئەو پێشمەرگانەش كرابونـەوە كـە بـەنهێنی لـە شـوێنەكانی خۆیان یان هەندێك لەناوچە كاندا مابوونەوە، دواتر بڕیاردرا شەوی ١٩٩٦/١٠/١٢ چوینە ئەودیوی سنورو خۆمان ئامادەكرد بۆ پەلاماردان و ڕامالێنی چـەكدارانی پارتی لە ناوچەكەدا، هێـزی پێشمەرگە دابەشـكرا بەچـەند قۆڵێكـەوە لـە پشـتی نەرزەنەوە كاك كەمال شاكیرو هێزێكی پێوە بوو بە شـاخەكەوە كـاك دلاوەریـش بەهێزێكەوە. ئێمەش بەشی سێهەم بەپشتی گەرمكـەوە بەهێزێكـەوە ئـەو شـەوە پـەلامار نـەدرا، ئێمـە ئـەو سـێ هێـزە تـا ئێـوارە تاریـك ماینـەوە چـونكە ئەگـەر بەڕۆژ جموجۆڵمان بكردایە نزیك و دیـار ئـەبوین. بـۆ شـەوی دوایـی پـەلاماردرا ڕۆژەكـەی زۆر گـەرم بـوو ئـاو و نانیشـمان لانـەبوو دیـاربوو شـەوی یەكـەم

تۆپخانەی ئێران ئامادە نەبوو بۆیە دواخرا بۆ شەوی دوایی لەگەڵ پەلاماردانـدا تۆپخانەکانی ئێران کەوتنە تۆپ بارانی بنکەو بارەگاو ڕەبایـەکانی چەکدارانی پارتی، بەڕاستی پشتیوانیەکی زۆر چاك بوو بۆیە بەئاسانی دەستمان گەیشتەوە ناو پێنجوێن و دەوروپشتی پاك کرایەوەو ڕاونران، ئەو قۆڵەی کە پـەلامارمان دا (شەهید شەوکەتی حاجی موشیر) سەرپەرشتیاری یەکەم بوو لەگشت ناوچـەکان پـەلاماردران و لـەماوەی سێ ڕۆژدا گـەرمیان وسلێمانیان لێ پاککرایـەوە، بۆیـە ڕۆژی ١٠/١٤ (کـاك فەرەیـدون عبـدوالقادر) هاتـە پێنجـوێن وابـزانم لـە ئێرانـەوە هاتبوو وتی: ئەمەوێت یەکێك بێت لەگەڵمدا بەرەو چوارتا و قەڵاچوالان ئەچـم کە هێشتا شەڕی تیامابوو، هەرچی گەڕام کەس نەبوو وتم برام کەس نیـە خـۆم دێـم لەگـەڵتا وB.K.C م دابەسـت وتـی زۆر باشـە، پیکـابێکم هـەبوو چـوار پێشـمەرگەم سـوارکردوو خۆیشـم لەگـەڵ لاندگرۆزەرەکـەی کـاك فەرەیـدون سواربووم، ڕێگەیـەکی زۆر سـەخت و دوور بـوو ئـەو ڕێگـەی کـە لێـوەی چووین، کەمێك ڕۆیشتین پیکابێکی خۆمـانم دی کـە هـی ئاسایش بـوو کـە ئێمـەیان دی ڕایـان کـردوو سـەیارەکەیان بەجێهێشت. مـن ئەمناسـین بـانگم کـردن وتم بـرام وەرن ڕامەکـەن مـن (**حەمـە ڕەزا**)م لێپرسـراوی کۆمیتـەی پێنجـوێن بـەڵام نـەهاتن، ئێسـتا یـەکێکیان عەمیـدە لـە ئاسـایش، سـەیارەکە راجیمەیـەکی ١٢ ی لەسـەر بـوو لەگـەڵ چـەند گوللەیـەك، هەرچـەندە لای ئـەوان ئـازاد کـراو بـۆ پێشمەرگە زۆر لەپێشەوە بوو لە (کانی‌مانگا) شـەڕ بـوو، کـاك فەرەیـدون وتـی: ئـەوە کـێ بـوو وتم فـلاًن کەسـەو ئەفسـەری ئاسایشـە. هەرچـۆنێك بێـت کـاك فەرەیدون و هاوڕێکانیم گەیاندە چوارتا. کاك فەرەیـدون وتـی: کـاك حەمـەڕەزا تۆ ئەرکی خۆتت بەزیادەوە جێ بـەجێ کـرد هـەتا مـاوم ئەمـەم بـیر ناچـێتەوە. منـیش وتم: بـرام ئـەوە ئـەرکی سەرشـانم بـوو نـەك پیـاوەتی، تـەرکیزی زۆر

کرابووه سەر قەڵاچوالان و لە چەند لایەکەوە هجوم ئـەکراو تـۆپ بـاران ئـەکرا، بۆیە ئەو شەوە بەتەواوەتی قەڵاچوالان پاك کرایەوەو لەویَ شکان، ئەو شەوە لە سلێمانیش خۆیان نەگرتەوە. ئەو شەوە چاوم بە کاك کۆسرەت و کاك سـالار کـە پارێزگاربوو کـەوت، وتیـان ئێمـە بـەرەو سـلێمانی ئـەڕۆین منـیش خـۆم و چـوار پێشـمەرگەکە بـە پیکابەکـەی خـۆم لەگـەڵ کـاروانی سـەیارەکانی ئەوانـدا بـەرەو سـلێمانی بەڕێکـەوتین، کـاك کۆسـرەت سـێ سـەیارەو کـاك سـالاریش دووان و منـیش پیکابەکـەم. سـەعات ٣، ٥ بـەیانی گەیشـتینە ناوشـار، پێشـەکی چـوینە پارێزگا ئیتر لەدوایدا من جێمهێشتن و بەرەو مـاڵی خۆمـان ڕۆیشـتم لەگـەڕەکی ئاشتی. شار شڵەژابو و خەڵکانی پارتی ئەترسان و یەکێتییەکانیش زەماوەنـدیان ئەکرد.

هیوادارم بەگشـتی نـەفرەت لـە شـەڕی خۆکـوژی بکـەین. کاتێـك گەیشـتم بـانگی بـەیانی دابـوو دنیـا ڕوونـاك بـوەوە ، دەرگـای حەوشـەم کـردەوە پیـاوێکی بەتەمەنی لێ بوو خەریکی نوێژ کردن بـوو کـە لـێ بـوەوە بـە پێکەنینـەوە وتم خاڵە گیان ئەم ماڵە هی کێیە؟ وتی هـی خۆمـە، وتم مـن ئێسـتا ئـەڕۆم تـۆ هـەر لەماڵی خۆت بە بەلاَم تەسکەرەکەتم بەرێ. دوایی سەرت لێ ئەدەمـەوە. بـەیانی دوای نان خواردن کە چوومەوە پرسیارم لێ کرد زانیم کە خۆیشـی خانوویـەکی سێ ڤاتی هەیە و سێ کوڕی چەکداری پـارتی بـوون کـە زانـی ئەمـە مـاڵی منـەو داگیریان کردووە زۆرترسا، پێم ووت: مامە گیان هیچ مەترسە خوا ئەوە بگرێت کە ئەم ڕۆژەی دروست کـردووە، کورد کورد بکوژێت ماڵەکەشـم داگیر بکات و تالاَنیشی بکات و بـە حەلاَڵیشـی بزانێـت، وتم: مامـە گیـان ئـەی شـتەکانی ئێمـە لەکوێ یە وتی: من نازانم کە هاتم هیچی لێ نەبوو، وتم ئێستا تۆی تیـا ئـەبینم کەواتە تۆ بەرپرسیاری لە کەل و پەل و ناو ماڵی من وتی وایە. وتی: کوڕم چـی

شتی من لەمماڵەدایە هەمووی بۆ تۆ بەجێ ئەهێڵم چونکە قسەکانت هەمووی ڕاستە من بەرپرسیارم، دوبارە وتم: مامە گیان ماڵی کەس بە کەس حەڵاڵ نییە بەیانی سەیارەیەك بێنەو شتەکانی خۆت باربکە، بەیانی هات عەرەبانەو مەکینەیەکی هاوردو خۆم و پێشمەرگەکان شتەکانمان لەگەڵ بارکردو بەڕێمان کرد، ئەویش زۆر مەمنون بوو، پاش گەڕانەوەمان لە سەیران بەند بۆ ماڵی خۆمان من لە مەڵبەند بووم لە هەڵەبجەی شەهید چونکە دوای گەڕانەوەمان لە ١٩٩٦/٨/٣١ بارەگای مەڵبەند لە هەڵەبجەی شەهید دانرا. کابرا مەنجەڵێك ماستی بردبوو بۆ منداڵەکان لە ماڵەوە نەیان وێرابوو دەستی لێبدەن نەك زەهری تێکرابێ، کاتێك گەڕامەوە وتیان ئەو پیاوەی لەم ماڵەدا بووە ئەم مەنجەڵە ماستەی هێناوەو منیش دەستم کرد بە خواردنی، پێش ئەوان وتم: تۆ بڵێی لەجیاتی پیاوەتی بیەوێت لەناومان بەرێت باش بوو هیچ نەبوو. ئەمەش ئەنجامی شەڕی ناوخۆ، ئەوەندەی پێشمەرگەی قارەمان و خۆبەخش و چاونەترس لەشەڕە نەگریسەکانی ناوخۆدا شەهید بوون لە ٦٦ ــ ٩٦ ئەوەندە شەهید بەرامبەر ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان نەدراوە، جگەلەو هەموو تالآنی و ڕاوڕوت کردن وسوکایەتی کردنە بەیەك.

دوای گەڕاندنەوەی مەڵبەند بارەگامان بردە هەڵەبجەی شەهید، شەڕی نەگریسی یەکێتی و پارتی لە ٣١ ی ئاب ئەوەی من ئاگاداربم بەو شێوەیە کۆتایی هات، هیوادارم بەهیچ جۆرێك شەڕی ناوخۆ لەنێوان هیچ لایەنێکدا ڕوو نەدات، بەڕاستی شەڕ ماڵوێرانی و سەرگەردانی و خوێن ڕشتن نەبێت هیچ بەرهەمی نییە، ئەو شەڕانەش ئەوەی من بیرم بێت لە ٦٦ و دواتر ٧٦ و دواتر هەکاری و ئینجا شارباژێڕ ١٩٨١ دواتر ١٩٩٤ بۆ ١٩٩٧ تەنها لەسەر قۆرخ کردنی دەسەڵات و پلەو پۆست و پاوەنخوازی بووە لەسەر بەڕێوەبەری حکومەت

وناوچـەو شـاخ و دۆڵ نـەبووە کـە لـە لایـەك بیـەوێت بەشـێوەیەکی عادلانـە و دیموکراتییانـە حکومڕان بێـت و لاکـەی تـری ڕێگـر بوبێـت و ئـەو شـەڕانە لـەو سۆنگەیەوە سەری هەڵدابێت.

دوای ٣١ی ئـابیش ناوچـەی هەڵەبجـەو شـارەزوور هـەر شـوێنی گـەرم بـوو واتــە شــوێنی ململانــێ و زۆر جــاریش پیاهــەڵپرژان بــووە. چــونکە ناوچــەی هەورامان و هەڵەبجە هێزە ئیسلامیەکانی لێ بوو، ئەوان زیـاتر بالأدەسـت بـوون بەڕاستی کاتێکی ناخۆشمان لە هەڵەبجە ئەبردە سەر هـەرجارێك بـە بیانوویـەك ئیسلامیەکان هێزیان کۆئەکردەوە خۆیان ئامادە ئەکرد بۆ پەلاماردان و ئێمـەش ئەکەوتینە حاڵەتی ئامادەباشی.

دوای کاك شۆڕش، کـاك عـەدنانی حەمـەی مینـا هـات بووبـە لێپرسـراوی مەڵبەند، پاش گەڕانەوەمان بۆ هەڵەبجە (مام جەلال) هات و سەردانێکی کردین و کۆبوونەوەی مەڵبەندی ئەنجامدا، داوایان لەگشت بەشـەکان کـرد کـە ڕاپـۆرتی خۆیان بنوسن، ئێمەش وەك بەشی ڕێکخستن دەستمان کـرد بەنوسـینی ڕاپـۆرت، نزیکەی ٨٠٠٠ ڕیکخستنمان هەبوو بە شارەزور و هەڵەبجەو ناوچەی هەورامان و پێنجوێن، کاك شۆڕش و برادەران وتیـان ١٢٠٠٠ هـەزار بنوسـە ئـەو ژمارەیـە زۆر دووربوو لە ڕاستییەوە، وتم من لەوە زیاتر نانوسـم دیـاربوو ئـەیان ویسـت (مـام جـەلال) بـەوە دڵخـۆش بکـەن، وتم بـرادەران (مـام جـەلال) کـە دێتـە ئێـرە واتـە مەڵبەند سیاسەت و کاری داهـاتووی لەسـەر ١٢٠٠٠ هـەزار ئەنـدام دائەڕێـژێ، کـە فەشـەل ئـەهێنێ و سـەرکەوتو نـابێ، مـن گـوێم نـەدانێ وەك خـۆی چـۆن بـوو واباسم کرد، من ڕاستگۆیی خۆمم سەلماند.

لەگەڵ ئیسلامیەکان کەم وزۆر شەڕ ڕووی ئەداو ئـەوان شـەڕیان پـێ ئـەگێڕاین و ئـەو ناوچـەیان بـەهی خۆیـان ئـەزانی، وئێمـەیان بـەهێزێکی دەرەکـی دائـەنا،

ئەیان ویست خۆیان حوکمڕان بن له ناوچەکەدا. هەرایەك له زەڵم ڕووی دابوو وابزانم دووانیان لێ کوژرابوو من لەگەڵ (کاك کەمال شاکیر) له مەڵبەند بوو وەك یەکێتی و (مەلا عبدالرحمان) لێپرسراوی مەڵبەندی بزوتنەوە بوو چوین بۆ لێکۆڵینەوە لای سەیتەرەکەی زەڵم کە بەدەست ئەوانەوە بوو، کاتێك گەیشتین مەلا عبدالرحمان وتی: ئێوە جارێ دامەبەزن پیاوێکی زۆر کەلە ڕەقی لێ بوو وابزانم سەرتیپ بوو، خراپ هەڕەشەی ئەکرد بە مەلا عبدالرحمانم وت: تۆش لێیخۆش بیت من لێی خۆش نابم، ئەگەر پێی بزانینایە دڵنیام لەسەر ئەو تووڕەییە ڕەنگە بیکوشتینایە، بۆیە مەلا عبدالرحمان زوو گەڕایەوە وتی بابگەڕێینەوە بۆ هەڵەبجە بێ ئەوەی بە ئێمە بزانێت کە لەگەڵیا بووین، چونکە زۆر تاریکە شەو بوو بەکوردی و بەکورتی لە مردن ڕزگارمان بوو. بەزمێکی تر ڕووی دا من و کاك کەمال لەگەڵ عەبدوڵڵای مامە چوین بۆ بیارە بۆ حەل کردنی ئەشکالێك کە ڕووی دابوو لەگەڵ وەفدی بزوتنەوە زۆر قسەمان کرد. زۆر تووڕە بوون لێمان و خۆم بەزەلیل ئەدی کە نەمان ئەتوانی وەك پێویست وەڵامیان بدەینەوە، (کاك عەبدوڵڵای مامە) کۆنە کادری شیوعی دیاربوو زۆریان پێ ناخۆش بوو کە لەگەڵ مان بوو قسەیەکیان کرد کاك عەبدوڵڵا وتی: پڕ ئەم مزگەوتە قورئان بێت وانەبووە، یەکێکیان زۆر بە تووڕەیی وتی حا کەی تۆ باوەڕت بە قورئان هەیە، پاش ماوەیەك لەگەڵ مەلا عەبدالڕەحمان کە پیاوێکی مجامل بوو گیانمان بەوە بوو گەڕاینەوە. مەلا عبد الڕەحمان ووتی با لەخورماڵەوە بگەڕێینەوە بۆ دووهەم جار ڕزگارمان بوو، دووبارە گرژی دەستی پێ کردەوەو ئەوان زۆر تووڕەبوون و خۆیان ئامادە کرد، ئێمەش بەهەمان شێوەو برادەران وتیان وابزانم ئەم جارە بەڕاستی شەڕ ڕوو ئەدات. کاتێك سەیری حەوشەو بەردەمی مەڵبەندم کرد یەك سەیارەی لێ

نەماوە تەنها سەیارەکەی من نەبێت کە پیکابێکی دەبڵی مۆدێل ١٩٩٣ بوو هەر یەکەی سەیارەی شاردبوەوە یەکێ لای حسك و یەکێ بۆلای حیزبی شیوعی و یەکێ لە ماڵاندا شاردبویەوە، من دڵنیام ئەگەر ئەو ڕۆژە شەڕ بوایە هەرمن و حیمایەکانم و چەند برادەرێك کە وەك من بووین تیا ئەچووین، چونکە هەمویان تەکبیری خۆیان کردبوو، خوا ڕەحمی کرد ئەم جارەش شەڕ نەبوو، ڕۆژمان تەواو نەبوو بوو، کاتێك دڵنیابووین کە شەڕ نابێت هەموو گەڕاینەوە ناو مەڵبەندو فڕکو هوڕ سەیارەش گشتی گەڕایەوە، کاك سەلاح شێخ سدیق کارگێڕی مەڵبەندبوو، بەدەنکی بەرز بە برادەرانی ووت: حەقە مەدالیای ئازایەتی بکەنە ملی سەیارەکەی کاك حەمە ڕەزا چونکە بەس ئەو مەڵبەندی بەجێنەهێشت، و چۆڵی نەکرد جا کاك سەلاح پیاوێکی سوعبەتچی و کەیفخۆشە. دواتر گرژیەکان زۆر قورس و بەرەو ترسناکی ئەڕۆیشت، بۆیە بڕیار درا پاشەکشە بکەین و چۆڵی بکەین، وهەروەها نەیان ئەهێشت یەکێتی هێزی زیاد بێنن کە بەرگری لەخۆمان بکەین، پاش ماوەیەك دووبارە گەڕاینەوە و ئەوان سەردانی ئێمەیان کردوو دواتر ئێمەش سەردانی ئەوانمان کردەوەو لەگەڵ کاك کەمال چوینە مەڵبەندوو مەلا عبدالرحمانی لێ بوو. مەلا عەبدالڕەحمان وتی کاك کەمال برادەرانی ئێمە لەشکرێکی غەیبیمان لەپشتە و هاوکاریان کردین و بۆیە سەرکەتو بووین، زۆر بەجدی باسی ئەوەی بۆ کردین، کاك کەمالیش زۆر لەسەرخۆ بەهێواشی وتی وەلا ڕاست دەکەیت، چونکە لەکاتی پاشەکشەدا زلەیان ئەدا بە پەنا گوێمدا لام ئەکردەوە کەسم لێ نزیك نەبوو دیاربوو یەکێك لە لەشکرە غەیبییەکەی ئێوە بوو، هەموو دەستمان کرد بە پێکەنین بەڵام ئەوان زۆر بەجدی باسیان ئەکرد.

لەساڵی ١٩٩٧ كاك شەوكەتی ڕەحمەتی بوە لێپرسراوی مەڵبەند پیاوێكی گونجاو و هێمن بوو بەڕەسمیش من كرام بە كارگێڕی مەڵبەند بەشی ڕێكخستن. لەو ماوەیەدا توشی فەقەرات بووم و زۆر نەم ئەتوانی دەوام بكەم بۆیە داوای گواستنەوەم كرد بۆ سلێمانی ، ئەوانیش كتابی گواستنەوەیان بۆ كردم بە ژمارە ٨٠٠ لە بەرواری ١٩٩٧/٨/١١ بۆ مەكتەبی ڕێكخستن.

دواتر چوومە فەرماندەی گشتی ئەو كات خوالێخۆش بوو (كاك جەبار فەرمان) لێپرسراوی فەرماندەیی بوو، یارمەتی پێشمەرگەو فەرماندەییەكان، ئەوكات بەلیژنە دابەش ئەكران بۆیە بەشێكیان بۆ كردەمەوە بەناوی لێپرسراوی لیژنەكان، كە نزیكەی ٢٠ برادەرم لابوو. چونكە خەڵكێكی زۆری بندیوار و ناوی وەهمی هەبوو یان زۆر كەس نوسرابوو دەوامیان نەئەكرد، لەناو خۆیاندا لە لێپرسراوی ف.ج.ت تاسەرتیپەكان و ج.ت بەڕێژەیەك پێشمەرگەی بندیواری هەبوو لەوكاتەدا فەرماندەییەكان ژمارەیان ١٧ فەرماندەیی بوو، بەڕاستی هەوڵێكی زۆر باشمان ئەدا بۆ كەم كردنەوەی ئەو ناوە وەهمیانە، جاری واهەبوو لە فەرماندەیەك ٢٥ ــ ٣٠ ناوی زیادەمان ئەدۆزیەوە و ئەمان كوژانە، وامان كرد كەس نەتوانێ یارمەتی بۆ كەس وەربگرێت، ئەبێ بەتەسكەرەو خۆی ئامادەبێت، مانگی وابووە(٥٠٠.٠٠٠) نیو ملیۆن دیناری ئەو كاتەمان ئەگەڕاندەوە، بەڕاستی لیژنەكان زۆر ماندوو ئەبوین و ئەبوایە بچوینایەتە گشت ڕەبایەكانی سەر شاخ، كە ئەوسا بەهۆی شەڕی ناوخۆوە زۆربەی شاخەكانی نێوانیان ڕەبایە بوو، لەگەڵ ئەوەی یارمەتی فەرماندەییەكانم لابوو پارەی دیوەخانەی ئاغاو كوێخاش هەر لای من بوو، بۆ نمونە كاك سەرحەد خەلیفە یونس ٦٠٠٠ شەش هەزار ٨ حیمایە وە كاك مارف ئاغای گلاڵی (٤٠٠٠) ٦ حیمایە، كاك ئەكبەر برای كاك سەرحەد (١٥٠٠)،

بەڕاستی وەك لەزۆر شوێنی تر باسم كردووە تەخشان و پەخشان بە پارەی یەكێتی و خەڵكەوە زۆر كراوە بێ ئەوەی پلەی حیزبی یان حكومیان هەبێت، پارەیەكی زۆر ئەدرایە خەڵكانێك رەنگە شایستەی ئەوەش نەبووبن، تا ئێستاش هەر بەردەوام هەیە پلەی سەربازی جۆراوجۆر لە پیاو ژن كە شایستە نین، یان بە پلەی تایبەت ٢ ملیۆن و بەرەوژوور كە ڕۆژێك پێشمەرگە نەبوون، لەو كاتەدا منیش پاش ئەو هەموو خەبات و ماندووبونەو ٢٦ ڕۆژ بەردەوام ١٠ سەرخێزان و سەیارەیەك و لێپرسراوی بەشێك ١٥٠٠دینارم وەرئەگرت، بەقەد پارەی ئامر سریەیەك كە ١٥٠٠ دینار خۆم ئەمدایە. چەند جارێك چوومە لای كاك جەبارو پێم ووت: كاك جەبار (١٥٠٠)( ١٠) سەر خێزان و مەسروفاتی سەیارەیەك زۆر كەمە بەشكو یارمەتیەكەم زیاد بكەیت هیچ سوودی نەبوو، بە كاك دلێرم ووت: ئەویش سوودی نەبوو، دواتر چووم بۆلای (**كاك نەوشیروان**) وەزعی خۆم بۆ گێڕایەوە ئەویش بە (كاك ڕزگاری حاجی كامیل)ی وتبوو چوو بوو بۆ لای (كاك دلێر) هیچ نەبێت ١٥٠٠ بكرێت بە ٢٠٠٠ تەنها ٥٠٠ دینارم بۆ زیاد بكەن، وتبووی زۆر باشە خۆم باشی ئەناسم گەلێك بەشان و باڵمدا هاتبوو.

لە پشت مێزو كورسیەكەمەوە دێڕێك شیعرم بەگەورەیی نوسیبوو هەڵم واسیبوو، شیعركە هی (مامۆستا قانع)ی نەمرە، برادەرێكی مەسئول هات سەیری كرد وتی ئەوە چییە نوسیووتە ووتم بۆ، وتی بەسەری تۆ لەم شوێنە هەڵ ناكەیت و دەرت ئەكەن، شیعرەكەش ئەو ڕاستیە بوو كە تا ئێستا ئەمەویێت پەیڕەوی بكەم.

**﴿لە سایەی عیزەتی نەفسم سەر شۆڕ ناكەم بۆ هیچ كەسێك﴾**

**﴿سەربەرزیمە كە نایەڵێت دەمم بەرم بۆ هیچ دەستێك﴾**

دیاربوو ئـەم هۆنرایـەوە و چـونم بـۆ لای (**کاك نەوشیروان**) بـۆ سـکاڵای وەزعـی خـۆم بونـە هۆکـاری لابـردنم لـەو شـوێنە، لـەجیاتی پلـە یـان یارمـەتی زیـادکردن. بەیانییـەك وەك ڕۆژانـی تـر چـووم بـۆ دەوام. لـەناکاو ئـەمرێکی ئیدارییان دایە دەستم بە عینوانی کاتب تابیعە ئەمرم بۆ دەرکرابوو کە بـەهیچ جۆرێك لێم نەئەزانی.

ئەمەیـە ڕیـزو حورمـەتی لێپرسـراوی نامەسـئول بـۆ پێشـمەرگەیەکی مانـدوو نـەناس ، ئـەیان زانـی قـەت بەقسـەیان ناکـەم لـەکاری نایاسـایداو بـەوان نەرم نابم تا کاری شەخصیان بۆ بکەمەوو سەرم شۆڕ بکەم، دوای ئەوە چوومەوە بۆ لای کاك نەوشیروان پەنـدێکی کوردیم بـۆ گێڕایـەوە، وتم (کـاك نەوشـیروان) پیاوێك هەبوو تـەنها کـوڕێکی هـەبوو، توشـی نەخۆشـی بـوو بـوو میـزی ئـەکرد بەخۆیدا، وتیان بیبە بۆ لای مەلاو شێخ نوشتەیەکی بۆ بکە ئـەویش بەناچـاری بردی نوشتەی بۆ کرد، بەڵام کاتێك گەڕایەوە لەجیاتی میز پیسایشی ئەکرد بـە خۆیدا، دەستی کرد بە پێکەنین وتی بۆ چی بووە وتم وەڵا دەریان کـردم. **بۆیـە بەناچاری بڕیارم دا کە سەفەری دەرەوەی وڵات بکەم.**

خوێنەری بەڕێز ئێوە بڕیار بدەن حەکەم بن ئـەم هـەموو ناعەدالەتییـە کە کراوەو ئەکرێت نەتیجەی بەخراپی نەشکاوەتەوە بەسەر یەکێتیـدا، کـە بـەم دەردەی بـردووە و بەسـەدەهای وەك مـن هـەن کـە سـەریان شـۆڕ نـەکردووەو بەسـەربەرزی ماونەتـەوە ، کـەپارەو پۆسـت سـەری پـێ شـۆڕ نـەکردوون بـەڵکو لەهەرشوێنێك بۆم کرابێت راستیەکانم وتووە.

لەگـەڵ ئـەم بـرادەرە پێشـمەرگەو خۆشەویسـت و بەئەمەکانـەدا یارمـەتیمان دابـەش ئـەکرد بەڕاسـتی لەهـەموویان ڕازیـم و زۆربـاش گونجـاوبووین، بەمشێوەیە:

١- لێپرسراوی بەش حەمە ڕەزا ناسراو بە حەمە ڕەزای کادر.

٢- جەمال هادی پێشمەرگەی دێرین و کوڕێکی زۆر ڕووخۆش وئیشکەر

٣- ڕزگار کەمال پێشمەرگەی دێرین و ڕاستگۆو خۆشمەشرەب.

٤- شێخ فەتاح پێشمەرگەی دێرین و ماندوو نەناس کە زۆر گونجاو بوو.

٥- شێخ نوری شێخ موستەفا پێشمەرگەو کادری دێرین و بەوەفا.

٦- شێخ جەمال کە ئێستا ئەندام مەکتەبەو ١٩٧٥ ئەندامی سەرکردایەتی ناوخۆی کۆمەڵە بوو وە مسئولی مەسئولەکەم بوو لەناوشاردا.

٧- ڕەمەزان هەولێری کوڕێکی زۆر چاك و ڕووخۆش .

٨- هەوراز پیاوێکی گوێڕایەڵ.

٩- عەباس پیاوێکی ئیش کەروو بەوەفا.

١٠- کامیل گەنجێکی لەسەرخۆو وشیار کەدوایی چووە دەورەی ئەفسەری و بووە ئەفسەر.

١١- یاسین کۆیی کوڕێکی زۆر چاك و ئەمین.

١٢- یاسین عەواڵی کوڕێکی بە ئیلتیزام و ئیشکەر.

١٣- جەواد خانەقینی پیاوێکی ئیشکەر و ڕووخۆش و دڵسۆز.

١٤-عوسمان ئاغا پیاوێکی لەسەرخۆو ڕۆح سوك.

١٥- صلاح شێرە خانەقینی ژن برای خوالێخۆش بوو کاك جەبار فەرمان پاوێکی سوعبەت چی و ئیش کەر بوو.

١٦-هادی پێشمەرگە بوو لامان کوڕێکی زۆر باش بوو.

١٧- کەمالە خڕە کوڕێکی دڵسۆزو گوێڕایەڵ و لەسەرخۆ بوو

داوای لێبوردن ئەکەم ئەگەر ناوی یەکێکم لەیاد چوو بێت، چونکە ماوەیەکی دورو درێژە تا ئێستا ڕەنگە ناوەکان و کاتەکان وەك خۆی نەبێت، و هەندێك لەم برادەرانە ناوی باوکیم نەنوسی بێت داوای لێبوردن ئەکەم.

لەکۆتایدا زۆر سوپاسی (کاك جەمال هادی) ئەکەم کە هاوکاری کردم بۆ نوسینەوەو دۆزینەوەی ئەم ١٧ پیاوە قارەمانە کە لە لیژنەکە بەیەکەوە بووین و کارمان کردووە.

لەدوای ئەوە بڕیاری ئەوەم دا کە بەرەو تاراوگە بڕۆم، پاش ئەو هەموو ناعەدالەتی و ئیهانەیە بە من کرا لەلایەن (کاك دلێر)و دارو دەستەکەیەوە، لەجیاتی ئەوەی هاوکاریم بکەن دەریان پەڕاندم چووم بەدوای قاچاخچیدا گەڕام، سالار فەرەج برای کاك سەردار فەرەج کە زۆریشم خۆش ئەویست وتی بەسەرچاو من تا تورکیا دێم لەگەڵتان، مانگی ٢٠٠٠/١٠ خۆم ئامادەکردو کاك مەلا ئەحمەدی دەلوجەش بڕیاریدا بێت، سەیارەکەم فرۆشت و هەندێك قەرزو قۆڵەم کردو کاك کۆسرەتیش هەزار دولار واتە ١٠ وەرەقەی داپێم و بەڕێ کەوتین، بەڕاستی کوڕێکی وریاو چالاك بوو ڕێزی زۆری لێ ئەگرتین چونکە لە قەرەداغیش کە پێشمەرگە بوو هەر بەیەکەوە بوین بەرەو ئێران بەڕێکەوتین و لەسنوری شاری (ئورمیە)وە کە هاوسنوری تورکیایە لە دێیەك ماینەوە، شەو بەڕێکەوتین بۆ ئەوەی سنور ببڕین، ئێمە لە دوو سەیارەدا بووین کاتێکمان زانی دوو سەیارەی پاسدار کەوتنە سەرمان ، ماوەیەك زۆر بەخێرایی و شاخ و داخ دابەرەو خوار ئەهاتن بەشوێنماندا، دەستیان کرد بەتەقە لەسەیارەکەی دوای ئێمە، برادەرێك بریندار‌بوو پڕ بوو لە ژن و منداڵیش دەستیان کرد بەگریان و هات و هاوار، بەڵام سەیارەکانی ئێمە هەر نەئەوەستان سەیارەکەی

ئێمـە لەپێشـەوە بـوو دوورکەوتینـەوەو لەپێچـێك دایبـەزانین وتـی خۆتـان بشارنەوە، ئێمەش یەك یەك دوو دوو لـە شـوێنێکدا خۆمـان قـایم کـرد، ڕێگاکـە زۆر خـراپ و گڵ و پێچاو پـێچ، سـەیارەی پاسدارەکان پەنچـەر بـوو وازیـان لـێ هێناین ، کـە زانیشـیان یـەکێك برینـداربووە تـا گەیاندینیانـە دێیـەك ڕزگارمـان بـوو. دوای ئـەوە قۆنـاغ بـە قۆنـاغ بەسـەیارەو جارێـك بـە وڵاغـی بـەرزە تـا گەیشتینە نزیك شاری (وان)، یاخوا کەس ئەو هیلاکی و بەسـەرهاتانەی بەسـەر نەیەت. لە خانووە چۆڵێك ئێمەیان دانا هەرچۆنێك بوو نانێکمان خوارد. بـەڵام پێش ئەوەی بگەینە سنور وتیان ئەوەی پارەی پێیە ئـەبێت بیشارێتەوە ئەگـەر بمان گرن ڕووتمـان ئەکەنـەوە و پـارەو شتمان لـێ ئەسـەنن. دەسـتمان کـرد بـە شـاردنەوەی پـارە، سـەد دۆلاری لـول ئـەکرا وەك حـەبی گـولاج بـەتیپی ئـاوی ئەپێچرایەوەو ئینجا ئەگەر زۆرمان بۆهات قوتی بدەین، هەنـدێك هـەر لەجێـدا قـوتی دا، بـەڵام مـن قـوتم نـەدا، لـەکونی بەنـەخوێنی دەرپێکـەم شـاردمەوە وهەندێك شوێنی تر، کردم بەدوو بەش بۆ ئەوەی ئەگەر بەشێك گیرا بەشەکەی تـر بمێنێـت، تـەنها نزیکـەی ٥٠ دۆلارم لـە گیرفانمـدا شـاردەوە . زۆر ڕێگـای ناخۆشمـان بـڕی تـا گەیشـتینە ئەسـتەمبوڵ، چـەند شـوێنێك هـەبوو کـە قاچاخچـیەکانی لـێ بـوو هەنـدێك مـاڵ و سـەیارەیان بـەکرێ گرتبـوو بـۆ گواسـتنەوەی نەفـەرەکان، بـە کۆمەڵـەکانیان ئـەوت وەجبـە، بـۆ ئـەوە وەجبـە وەجبە ڕەوانەمان بکەن یان بە پێ لەگەڵ شارەزادا یان بە تەیارە، ئـەو شـوێنەی ئێمە بۆی چوین ناوی (تەقسیم) بوو، گەڕەکێك بـوو خـانوو گیرابـوو بەدزیـەوە خەڵك ئەمایەوە تا ڕەوانە ئەکرا، وەك وتم بە ڕێگەیـەك لـەو ڕێگایانـە. کوڕێکی باش لەوێ بوو ناوی (ڕزگار) بوو پێیان ئـەوت (ڕزە لـوت پاپـای) ئـەویش چـەند کەسێکی لەگەڵدا بـوو بـۆ هەڵسوڕاندنی ئیشـەکان و شت کـڕین بـۆ نەفـەرەکان

نەئەبوایە  ئێمە زۆر خۆمان دەربخستایە ، نەوەك جەندرمە بمان گرێت، من و کاك مەلا ئەحمەد هەربەیەکەوە بووین، کە زانییان کادری یەکێتی وپێشمەرگەین ڕزگار ڕێزی زۆری لێ ئەگرتین، زیاد لە مانگێك ماینەوە، ڕۆژێك سواری دوو پاسی بچوکیان کردین ئەوان پێیان ئەوت (دۆڵمش)، بردینیان بەدزیەوە سواری دوو لۆری گەورەی سەرگیراویان کردین، کە پڕ بوو لە لۆکە وتیان لە سنوری (پاترا) بەرەو (یۆنان) ڕەوانەتان ئەکەین، ٣٦ سەعات ئەم سەرەو سەر لەو لۆریەدا بووین کاتێك گەیشتین وتیان کەمین هەیە و زانراوە ئەبێت بگەڕێنەوەو دوو بارە گەڕاینەوە. لە ڕێگەدا بسکیت و شەربەتمان ئەخوارد ئەوەی میزی بهاتایە سەروو دەبەی ساردی گەورەمان پێ بوو ئەبوایە بمان کردایەتە دەبەکەوە ، چوینە وە (تەقسیم) شوێنە کۆنەکە، ڕۆژێك وتیان خۆتان ئامادە بکەن لە (ئەزمیر)ەوە ئەڕۆین، لە (ئیزمیر)ەوە بەڕێك کەوتین بەرەو  یۆنان لە ئاوێك پەڕینەوە پۆلیسی یۆنان دەست بەسەریان کردین، بەزۆر ڕەوانەی بەری تورکیایان کردینەوە، بوینە دوو بەش و بەڕێکەوتین بە نەشارەزایی تا چوینە دێییەکی کوردی، کورد بوون زۆر ڕێزیان لێ گرتین، لە چایخانەیەکدا نانمان ئەخوارد ئەوان پارەکەیان دا، کاتێکمان زانی جەندرمە هات گرتینیان، بە خەڵکەکەمان وت بۆ ئەخباریتان کردین، وتیان پێویستە هەرکەسێکی غەریب ڕووبکاتە دێهاتەکانمان ئاگاداری حکومەت بکەین ، ئەگەر ئاگاداریان نەکەین و پێمان بزانن سجنمان ئەکەن و لێمان ئەدەن، سواری سەیارەی پۆلیسیان کردین تا گەیشتینەوە (ئەزمیر) و هەردوو بەشەکە لەوێ یەکمان گرتەوە.لەوێ یەکی ١٠ دۆلاریان لێ وەرگرتین و (مەنشەئە)یەکیان بۆ گرتین بەرەو ئەستەمبوڵ.

زۆر دڵخۆش بووین کـه سنورداشـی عێـراقیـان نەکردینـەوە، بـە تەلـەفون ئاگاداری ڕزگارمان کرد کە گیراوین و بەرەو ئەسـتـەمبوڵ بـەڕێوەین، ئـەویش لـە گـەراج چـەند سـەیارەیەکی ئامـادەکردبوو هـەر چـوار زۆر بـەخێرایی ئـەیانکردین بەسـەیارەیەکداو بـەرەو تەقسـیم، ئەگـەر لـەو گـەراج و دەورو پشتەبگیرایانیە بەقسەی ئەوان (سنورداش)ی عێراقیان ئەکردینـەوە، بەتایبـەت بـۆ مـن و کـاك مـەلا ئەحمـەد زۆر خـراپ بـوو چـونکە لای پارتییـەوە تەسلیم ئەکراینەوە و خوا ئەزانێ چیان لێ ئەکردین. پاش چەند ڕۆژێك وتیـان خۆتـان ئامادە بکەن و سواری (دۆڵمش)یان کردین و وتیـان لـە (بولغاریـا)وە ئەتانبـەین، بردینیان بـۆ سـنوری تورکیـاو بولغاریـا ڕێگەیـەکی زۆر نـاخۆش، ماوەیـەکی زۆر بەپێ ڕێمان کردتا تاریك بوو بەناو دارستان و چەم وشیو ئەبوایە بـێ چـرکەش بڕۆیشتینایە، دەلیل لەپێشەوە ئەڕۆیشت تا گەیشتە سنور، سنوری چی تەلبەنـد بەتەلی دڕکاوی بەبەرزی ٣ مەتر. کونێك کرابووە تەلبەندەکە ئـەبو یـەك یـەك زۆر بەهێواشی و سکە خشێ بـڕۆین بـۆ ئـەوەی گیانمـان بەرتەلەکـە نەکـەوێت، چـونکە لـەوێ کـۆنترۆڵ ئـەیان بـینی، کـۆنترۆڵ خرابـووە سەرسـیمەکە بـەس بجولایە پێیان ئەزانی، وەشـوێنی دەسـت لێیانەکـە یـان جولاوەکـە دیـاری ئـەکرا. کونەکە زۆر بچوك بوو ئەبوو زۆر بەهێواشی بۆ ئەوەی بـەر سـیمەکە نەکـەویت جلەکانت تەلە دڕکاویەکە نەی گرێت و ئاشـکرابیت ، دیـاربوو هەنـدێك بـرادەر دەترسـان و قەڵـەویش بـوون بەرتەلەکـە کـەوتبوون، زۆر دوور نەکەوتینـەوە هاتنە سەرمان و ئێمەش ڕامـان کـرد، کـاك مـەلا ئەحمـەد زۆر لـەمن نزیـك بـوو چونکە ئـەمان ویست لەیـەك دانـەبڕێین، سـەربازێکی بولغـاری تێیخـوڕیم یـەك فیشەکی پێوە نام بەلای سەرمدا گیڤەی کردوو ڕۆیشت، بـەلام ئێمـە هـەر ڕامـان ئەکرد خۆمان لەوێ دەرکـردوو لێیـان گوم بـووین، دەلیلەکـە تـەنها یـەك کوری

بردبوو خۆی لەئێمـە شاردبوەوە کـەزانی بوی بـە ئێمـەیان زانیـوە، هەنـدێکیان گرتبـوو ئـەوەی کـە مـابوو پـێم وتـن بەشـوێن منـدا وەرن، نزیکـەی ١٠ کـەس ئــەبووین منــیش بەناشــارەزایی بــۆ ئــەوەی پــەرەوازە نــەبین لــەناو چــەم و بێشەیەکدا خۆمان شاردەوە تا بەیانی ڕووناك بوەوە بزانین بەرەو کوێ بڕۆین ، تومـەز سـەربازەکان هـەر لەشـەوەوە بەشـوێنمادا ئەگـەڕێن و زۆر هـیلاك بـوون دواتر چوون سەگیان هاوردووە بـۆ ئـەوەی بماندۆزنـەوە ئـەو سـەگانەش مەشق پێ کراوبوون و زۆر بەئاسانی خەڵکیان ئەدۆزیەوە، وەك وتم دەمـەو بـەیان بـوو بەکاك مەلا ئەحمەدم وت تۆ لەگەڵ دوو کەس بچۆ بۆ ئەم دێیـە کـەمێك نزیـك بوو لێمان پانتۆڵێکی پاکی کردە پێـی و بـۆ ئـەوەی بچێتە دێ کە شتێکمان لێ مەعلوم بێت، ئالـەو کاتـەدا کـە خۆیـان ئامـادە ئـەکرد بـڕۆن چواردەورمان گیرا بەسـەربازو سـەگ پـەلاماریان دایـن، کـورد واتـەنی کارێکیـان پـێ کـردین بابـە دەواری دۆمی نەکا، کوڕینە یاخوا دۆست و دوژمن ئـەو ساتە نـەبینێت کەچۆن سەگیان تێ بەردابن و لەو ئەرزەدا کە پـڕ بـوو لـەدڕك و داڵ ڕایـان ئەکێشاین و سەربازەکانیش لێ یان ئەدابن بەدارو بەشەق زۆر تـەرکیزیان ئـەکردە سـەر مـن و زۆر ئەزیەتیان دام، زۆر جار بەدوو سێ کەس لێیان ئەدام، منیـان بەدەلیلەکـە ئــەزانی و بــەو ســەرو سمێڵــەوە، ئاگــام لــێ بــوو ســەربازێك زۆری لــە کــاك مــەلا ئەحمـەد ئـەدا یـەك ئـەژنۆی دا بەپەراسـویا هەناسـەی وەسـتا، زۆر ئـازاری پـێ گەیشت، دواتر زانیمان پەراسوی شکاندبوو، گیانمان زۆربەی خوێنی لـێ ئـەهات. دوو سـێ بـرادەری تیـا بـوو گـەنج بـون زۆر هاواریـان ئـەکرد ئـەگریان، بـەهیچ شێوەیەك ڕەحمی ئینسانیەتی لەدڵ و دەرونیانـدا نـەبوو، لەچیرۆکیشا شـتی وام نەبیسـتووە، دوای ئــەوە ســەگەکانیان لــێ دوور خسـتینەوە، بـەڕێیان خسـتین سـەربازێك لەپێشـەوە و سـەربازێك لـەدواوەو ئـەوانی تـریش ئـەم لاو ئـەولایان

گرتبووین تا گەیاندینیانە (مەخفەر)ێکی سەرسنوری دوو ڕۆژە بێ نان و ئاو، بەو هیلاکیە بێ لادان بێ ئەوەی بوەستن، کاتێك بەئاوەدانیا ئەیانبردین لەناو خەڵکدا زۆریان لێ ئەداین و ئیهانەیان ئەکردین، ئەو خەڵکەش پێمان پێ ئەکەنین وایان ئەزانی ئێمە جاسوسین و گیراوین یان دیلی شەڕین، قسەیان لەگەڵ خەڵکەکەدا ئەکردوو پێمان پێ ئەکەنین، ئەوەندەیان بەدار دابوو بەسەرمدا هەموی ئاوسابوو، وەك دەرابەی دەرگای دوکان گرێ گرێ و هەمووی خوێنی لێدەهات .

پێش ئەوەی بگەینە مەرکەزەکەی سەر سنور هەر سەربازێك ئەچووە لای برادەرێك بەئیشارەت پێی ئەوت ئەگەر بچینە ئەوێ هەرچی پارەو سەعاتە لێتان ئەسەنن بیدە بەمن بابۆت هەلگرم دوایی ئەت دەمەوە، ئەمان وەك پیاوەتی بەحساب پێیان ئەوتین هەرزوو هاوارم ئەکرد ئەمانە درۆ ئەکەن کەس پارەنەدات بەم سەربازانە، چونکە بۆ خۆیانەو درۆتان لەگەڵ ئەکەن.

من ٣٠ دۆلارم وردە پێ بوو بەزۆر لێی سەندم. کاتێك گەیشتینە مەرکەزەکە لەحەوشەکەدا دایاننـاین ئەفسەرەکە یان لەپشتەوە قسەی ئەکرد لەدواوە بەشەق ئەیان دا لە پشت و پەراسومان، یەکێك لەکوڕەکان بورایەوە وەئەو زاڵمە ئەوەندە بەقوەت دابووی لەپەراسووی ئازاری گەیاندبووە گورچیلەی، زۆربەمان میزەکانمان بوو بوو بەخوێن، ئەم جارەش ئەڵێم یاخوا کەس ئەو حاڵە نەبینێت و بەسەرکەس نەیەت، شەو داهات دووبارە بەپێ زۆریان بردین وەستان وتیان ئالەم ئاوە بپەڕینەوە ئەوە سنوری تورکیایەو مەرکەزێك نزیکە، هەرچۆنێك هەبوو دەست تورکیا کەوتینەوە. (جەندرمە)ی تورکیا زۆر بێ ڕەحم و دڵڕەقن کاتێك ئێمەیان بینی بەرەو مەرکەزەکە بردینیان حاڵمان زۆر خراپ و هەموو گیانمان خوێن بوو، سەرو چاومان ئاوسابوو شین هەڵگەڕابوو.

مەسەلەیەك هەیە ئەڵێت: قوڕ بەسەر ئەو كەسەی فیرعەون پێی ئەڵێت كافر. كاتێك جەندرمە ئێمەی بەو وەزعە بینی وتیان ئەوە چ بێویژدانێك وای لێكردوون یەكسەر ناردیان دكتۆر هات و هەندێك تەداوی سەرەتاییان بۆ كردین، حاكمێك هات و تەحقیقی لەگەڵ كردین و زۆر بەزەییان پیامانا ئەهاتەوە. ئەم جارەش سەیارەیان پێ گرتین بەرەو ئەستەمبوڵ باش بوو ئەم جارەش سنورداش نەكراینەوە، چووینەوە كۆنە هەواران بۆ تەقسیم و لای كاك ڕزگار.

ئەم جارەش وتیان خۆتان ئامادە بكەن ئەڕۆین بەبەلەم پێ یان ئەوت (یەخت) بە دۆڵمش بردینیان، یەختەكە جێگای ٨ كەس بوو چوار ژووری بچوك ژووری دوو كەسی لەگەڵ هۆڵێك. ئەو یەختە هی سیاحەت بوو. قاچاخچی بێ ئەوەی گوێ بە ژیانی خەڵكی بدەن و بیان پارێزن ٧٤ نەفەریان تێ كرد لە پیاو ژن و منداڵ، كە لەكێشی خۆی زۆر زیاتر بوو كە ئەمەش كارێكی ترسناكە.

جێگای دانیشتن زۆر كەم بوو زۆربەی هەر بەپێوە بوو، من و كاك مەلا ئەحمەد باش بوو لە هۆڵە بچوكەكەدا دوو تاك قەنەفەی لێ بوو لەسەر ئەوە دانیشتین، ئەوەندە قورس بوو كەسەیری دەرەوەمان ئەكرد شەپۆلی ئاوەكە زۆر جار (یەخت)ەكەی دائەپۆشی و زۆر ئەترساین، بەئاوی دەریای ناوەڕاستدا ئەڕۆیشتین دڵنیام ئەگەر بشكایە یەك نەفەر بەساغی دەرنەئەچوو. هەرچۆنێك بێت ئەوشەوە ماوەیەكی زۆر بەڕێگاوە بووین و گەیشتینە سنوری یۆنان، لەناو ئاوەكەدا (دەوریە)ی پۆلیسی لێ بوو بەبەلەم ئەگەڕان توشمان بوو بەتوشیانەوە و ڕایان گرتین، هەرچەندە لەو بڕوایەدا بووین ئەگەر یەختەكە چەند سەعاتێكی تر بڕوات ئەشكێت و غەرق ئەبێت، لەكاتی وەستانی دا ئاگام

له یەختەوانەکە بوو کەدوو سێ کەس بوون هەندێك شتیان فڕێ دایە ناو ئاوەکەوە کە زانیان توشی (نەجدە)کان بووین، پێم وابێ شتی قاچاغ و دەرمان لەو بابەتە بوبێت. ئەم جارەش گیراین بردینیان بۆ شارۆچکەیەکی بچوك لە گوێ ئاوەکە بردینیان خانویەك قاتی سەرەوە کەناڵی تەلەفزیۆنی یۆنانی لەو شارە هات بۆ وێنەگرتن و مقابەلەکردنمان، کە زانییان کوردین زۆر ڕێزیان لێگرتین و خزمەتیان کردین، خەڵك زۆر ئەهات بۆ بینینمان هەرچی ئەهات خواردنی بۆ ئەهاوردین، دووبارە ئەویش بەهۆی سمێڵەوە بوو، مقابەلەی منیان کردوو وێنەیان گرتم لەکاتی وێنە گرتنەکەدا (مەلا ئەحمەد)م بردە لای خۆم بۆ ئەوەی ئەویش دەربچێت، تەنها هەندێك وشەی ئینگلیزیم ئەزانی ئەویش هی ساڵەکانی شەستەکان بوو کە لە قوتابخانە فێر بووم لەناوەندی، تێم گەیاندن کە تورکیاو عێراق دکتاتۆرو تیرۆریستن سنورداشمان بکەن ئەمان کوژن، ئەم وێنەیە لە کەناڵەکانی ئەو سەردەمەوە لە ساڵی ٢٠١٠ بوو بڵاو کرایەوە وبینرا بوو خزمێکی خۆم کە ناوی (قاسم) بوو بینیبونی و هاتبوو بە ماڵومنداڵی وتبوو کە (خاڵە حەمە ڕەزا)م بینیوە لە تەلەفیزیۆن. هەرکەس بگەیشتایەتە ئەسینا کە پایتەختی یۆنان بوو تەسلیمیان نەئەکردینەوە، بەلاّم لەدەرەوەی سنوری پایتەخت ئەیان ناردەوە بۆ تورکیا. بەلاّم بەداخەوە ئەم جارەش نەگەیشتینە ئەسینا. سەیارەمان بۆ گیراو گەڕاینەوە ئەستەمبوڵ بۆ گەڕەکی تەقسیم بۆ ژوورە تاریکەکەی خۆمان، ڕزگار زۆری پێ ناخۆش بوو بەتایبەتی بۆ من و کاك مەلا ئەحمەد، مەبەستی بوو دەربازمان بکات و بمان گەیەنێتە یۆنان، پاش ماوەیەك هات بۆ لامان و وتی خۆتان ئامادە بکەن، ئەم جارە دوا جارە شتێکی نوێمان دروستکردووە بۆ دەرچوون، ئێوەی پێ تاقی ئەکەمەوە، سەیارەیەکی لۆری گەورە شانسیەکەی واتە ئەو دوو شێلمانە

گەورەی کە بۆدیەکەی لەسەر دانراوە نزیکەی ٥٠ سم بەرز بوو هەموو لایـەکانی و ژێرەکەیشی بـە ئاسـن گیرابـوو، وەك تـونێلکی بچـووك جێگـای ١٠ کەسـی تیـا ئـەبووەوە زۆر بەنارەحـەتی بـەهیچ جۆرێـك نـەت ئـەتوانی سـەر و پشـت بـەرز بکەیتەوە و زۆر نزم بوو، هەندێك کونی بچوکیان تێ کردبـوو بـۆ هـاتنی هـەواو ئاڵو گۆڕی هەوا، شوێنی چونە ژوورەوەش زۆر بچوك و نارەحـەت بـوو، یـەکێك ئەگەر تۆزێك قەڵەو بوایە بەزەحمەت ئەیتوانی بچێتە ژوورەوە. ئـەو شـوێنەش سندوقی ئەدەواتە کە پێوەی ڕەبت کرابـوو لـەو شانسیە بـۆ ئـەوەی هەسـت پـێ نـەکرێت لای دەرگـای سـایەقەوە یـەك یـەك لـەوێوە کردینیانـە ژورەوە، کـابرای سایەق دەرگاکەی داخستەوەو وەك جاران قفلێکی لێدا وەك ئەوەی کە ئـەدەواتی سەیارەکەی تیابێت بۆ ئەوەی هەستی پێ نـەکرێت، لۆریەکـە لـە یۆنانـەوە بـاری هاوردبوو بۆ تورکیاو بە بەتاڵی ئەگەڕایەوە یۆنان. ئەو تەرتیباتە بەدزیـەوە لـە گـەراجێکی ئەسـتەمبوڵ دروسـت کرابـوو. یـەکی هەنـدێك بسـکیت و ئـاو و دەبەیەکی بەتاڵ بۆ میز کردن. بەڕێ کەوتین تا گەیشتینە ئەخیر خاڵی سنوری (تورکیا ـ یۆنان) بازگـە بـوو بـە هەسـت ئاگامـان لـێ بـوو کـە چـەند سـەربازێك سـەرکەوتنە نـاو لۆریەکـە کـە زانییـان بەتاڵـە دابـەزین، بـاش بـوو ئـەم جـارە ڕزگارمان بوو، بـەو جـۆرە لـە تورکیـاوە بـۆ ئەسـینا ئێمـە ئـەو مـاوە درێـژە لـەو شـوێنە بچـوکە دابـووین، زۆر ڕۆیشـتین چـەند سـەعاتێك لـەپڕا وەسـتا، ئێمـە هیچمان نەئەدی زۆر ترساین کاتێـك لای دا لـە قـەراغ جادەیـەك شـوێنێکی نـزم بوو لە جادە سەرەکیەکە وتی دابەزن، دەرگاکەی کردەوە باوەڕمان نەئـەکرد زۆر بەنارەحەتی و سکە خشە ئەهاتینە دەرێ ، وتی ئیتر مەترسن کـەس لێـرە ئێـوە ناگرێت، ئەوە ئەسینایە پاش ئەو هەموو لێدان و دەردەسەری و برسێتی و شـەو نخونییـە ڕزگارمـان بـوو، کەنزیکـەی ٣ ـــ ٤ مـانگی خایانـد، دیـاربوو یـەکێك

چاوەڕوان بوو بەتەلەفون دۆزیمانەوە ژمارەکەی لامان بوو، هات بۆ لامان دوای ئەوە بردینیان بۆ ناو بازاڕ و چێشتخانەی (عەبدوڵلا) کە بەناوبانگ بوو، هی کوڕێکی کورد بوو، وابزانم ئامۆزای (کاك مستەفا ئاوەکەڵە) بوو.

ئەسینا یەکێك بوو لەشارە خۆشەکان و زۆر جوان بوو، خەڵکی کوردیان خۆش ئەویست، ڕێزی زۆری لێ ئەگرتین، ناڕەحەتی و زەحمەت تەواو بوو، یەکی ٢٧٠٠ دۆلارمان دابوو بە قاچاخچییەکە. لە ئەسینا کوردێکی زۆری لێ بوو، کۆمەڵێك خزم و برادەرم دۆزیەوە کە ئەوانیش چاوەڕوانی دەرچوون بوون بەرەو ئیتاڵیا.

ئەبوایە لە هەموو وڵاتێك بمایتایەتەوە تا قاچاخچی دەری ئەکردی بۆ وڵاتێکی تر، بەو جۆرە تا ئەگەیشتیتە ئەو شوێنەی کە مەبەستت بوو. خاڵۆزایەکی خێزانەکەم لەوێ بوو ئیشی ئەکرد لای کابرایەك خانوویەکی دابوویە کە تیا بژی، جێگەی من و کاك مەلاشی کردەوە، دواتر برایەکی خۆیشی و برایەکی خێزانەکەی هاتن کە ئەوانیش ئەیان ویست بەرەو بەریتانیا بڕۆن، بەڕاستی (عومەر) زۆر خزمەتی کردین تا ڕۆیشتین شەو لای ئەبوین، دواتر کەویستم بڕۆم گەڕام برادەرێکم دۆزیەوە (خالید حاجی عەزیز) کە خەڵکی دەربەندیخان بوو، زۆر هاوکاری کردم بۆ ئەوەی ڕەوانەی ئیتاڵیام بکات، من نیازم سوید بوو چونکە وڵاتی سوید لە گشت وڵاتەکان زیاتر کار ئاسانی بۆ ماڵ و منداڵ ئەکرد، منیش ئەم هەموو ڕێگەیەم بڕی و ئەو زەحمەت و دەردەسەریە لەبەر خاتری منداڵ بوو نەك خۆم.

خالید ڕۆژێك بانگی کردم وتی سەیارەیەك هەیە بۆ ئیتاڵیا لەوێ دوو جۆرە دەرچوون هەبوو دوای لۆری و پشتی سایەق دواکەی هەرزانتر بوو لەپشتی شاحینە. دواکەی پڕ بوو لە ئەشیا بەدزیەوە خێمەکەیان لائەبرد تۆیان

ئەخستە ناوی بێ ئەوەی سایەق پێی بزانێت ، بەڵام پشتی سایەق شوێنی خەوی سایەقەکە بوو، وا ڕێکەوت من و کوڕێکی منالکار لە پشتی سایەقەوە سواربووین، وتی ئەبێت پاڵ بکەون نەجولێن بەبەتانی شاردینیەوە و دایپۆشین، چەند سندوقێك پرتەقاڵی لەسەرمان داناو هەندێکیشی هەڵڕشت لەبەرئەوەی بازگەکان هەستمان پێ نەکەن ، چونکە سەیری ناو سەیارەکەیان دەکرد بزانن خەڵکی تیایە یان نا، دوایی وتیان ئەو پرتەقاڵە بۆ ئەوە بوە گوایە پۆلیسەکان جیهازێکیان پێیە هەناسە وەرئەگرێت و کەشفی ئەکات. ئەگەر خەڵك لەپشتی سەیارەکەوە بێت بەڵام بۆنی پرتەقاڵەکە مەنعی ئەکات و بۆی نادۆزرێتەوە. پێش ئەوەی سواری ئەم شاحینەیە بم بەکاك مەلام وت: برام جێگەی دوو نەفەر هەیە بابەیەکەوە بڕۆین و جیانەبینەوە وتی: من لەگەڵ کوڕەکەی شەهید عەلی ئەشیعە دێم، ئێوە خواحافیزتان بێت . دوایی نازانم ئەو چۆن گەیشتە سوید.

بە شاحینەکەوە چوینە ناو باخیرەیەکی گەورە بە دەیان شاحینەو سەیارەی بچوکی تیا بوو، ماوەی ١٠ ـ ١٢ سەعات لەناو باخیرەکەدا ماینەوە، نەئەبوایە لەسەیارەکە دابەزیتایە بۆئەوەی کەشف نەبیت، دەستمان کرد بە پرتەقاڵ خواردن بەپاڵ کەوتنەوە، تەنها یەك دەبەی (میز)مان پێبوو، کات تەواو بوو لە باخیرەکە هاتینە دەرێ و ماوەیەك ڕۆیشتین لەنزیك وێستگەی شەمەندەفەر وەستا وتی: بڕۆن، ئەوە وێستگەی شەمەندەفەرە بلیت ببڕن و بڕۆن. لەو پێش پێیان وتین کە بلیت چۆن ئەبڕێ من لەپێش ئەوەی بەرەو ئیتاڵیا بەڕێ بکەوم وەك وتم بە کاك مەلام وت نەهات چونکە ئەم سەفەرە بەبێ ئەزیەت گەیشتینە ئیتاڵیا، چوینە ڕۆمای پایتەخت گەڕاین شوێنی قاچاخچیەکانمان دۆزیەوە، خۆمان ناساند کە ئەمانەوێت بەرەو ئەڵمانیا بڕۆین

لەوێش بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ ماینەوە تابەڕێ کەوتین شەو لەسەر کارتۆن لەژێر پردا ئەخەوتم، بەڵام لە ڕۆما بەڕاستی کەنیسە دەوری ئینسانی زۆری ئەدی بۆ پەنابەران لەوسەردەمەدا، بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارە خواردنیان ئامادە ئەکردوو ئەچویت نانت ئەخواردوو هەفتەی دوو جاریش حەمامیان بۆ ئامادە ئەکردین، بەڕاستی ئەوە خزمەت بوو، کرێی یۆنان بۆ ئیتاڵیا ١٩٠٠ واتە ١٩ وەرەقەیان لێ سەندم ماوەیەك لەوێ ماینەوە واتە لە ڕۆما چووم سەردانی لای بینای پەرلەمانم کردوو قەلا گەورەکەی کەهێشتا زۆری ماوە ئەویشم دی، ڕۆماش شارێکی پێش کەوتوو جوان و کلتوریە قاچاخچیەکان بە ڕۆژ لە پارکێکدا بوون نزیکی کەنیسەکە، پاش ماوەیەك قاچاخچیەکم دۆزییەوە کە بلیتی شەمەندەفەری ئەبرِی، بلیتی بۆ بڕیم و سەرکەوت لەگەڵم و پێی ووتم ئەگەر گیرای بەهیچ جۆرێك من ناناسیت و ناوم نابەیت.

ماڵی کوڕێکی خوشکەزام لە ئەڵمانیا بوو لەشاری (منشن) بە تەلەفون ئاگادارم کرد کە لەوێستگەی شەمەندەفەری فلان شوێن چاوەڕوانم بکەن، ئیتر بەڕێ کەوتین بەسواری شەمەندەفەر پاش چەند سەعاتێك گەیشتینە ئەوێ، هەر لەگەڵمدا بوو دوای ڕۆیشت، پاش کەمێك لەوێستگە عوسمان و بەکر کە هەردووکیان خوشکەزام بوون یەکترمان بینی، و بەرەو ماڵی ئەوان بەڕێ کەوتین، ئەو قاچاخچییە تەنها بۆ بڕینی بلیتەکە و هاتن لەگەڵمدا ٥٠٠ دۆلاری وەرگرت، چەند شەوێك لای ئەوان مامەوە من ئەمویست بەرەو سوید بڕۆم وەك لەپێشدا وتم، هەرچەندە ئیش لە سوید کەمە بەڵام بۆ ماڵ و منداڵ زۆرباشە. من ماڵی کچێکم لە سوید بوو لە (ستۆکهۆڵم) کە ژنی خوشکەزایەکم بوو، دوای چەند ڕۆژێك کوڕەکانی خوشکەکەم هاتن لەگەڵمداو بلیتی شەمەندەفەریان بۆ بڕیم، بەڕێ کەوتم بەرەو سوید بەرەو ستۆکهۆڵم، ئەوان

پێش دابەزینم چاوەڕوانم بوون و زۆر دڵخۆش بووم بەبینینی ئەوان ، دووەم گەیشتمە (سوید)و ئیتر لەگشت نارەحەتی و ڕەزالەتیەك ڕزگارم بوو. چەند ڕۆژێك وەستام تا ماندوێتیم دەرچوو، تەلەفونێکی (کاك لوقمان شاسوار)م لابوو تەلەفونێکم بۆ کرد هات لە گەڵمدابێت بۆ (میگراخون) واتە (دایەرەی کۆچبەران)، ئەو ڕۆژەی کەچووم مقابەلەم کرا ٢٠٠١/٢/٢ بەڕاستی زۆر سوپاسی (کاك لوقمان) ئەکەم کە هات بۆ لام و ماندوو بوو لەگەڵمدا، کۆمەڵێك پرسیارم لێکراو منیش جوابم دایەوە، دیاربوو هەر لەیەکەم دیداردا گەیشتبوونە ئەو بڕوایەی کە مۆڵەتی مانەوەم بدەنێ، کاتێك ووتیان ساڵی چەند لەدایك بوویت ١٩٥٠/٧/١ وتیان ئەکرێت ئەو یەك و حەوتە بگۆڕێت ئەگەر زەحمەت نەبێت چونکە ئەوەندە ٧/١ زۆرە لە داتاکەدا کە ئیتر قبوڵی ناکات ، منیش بیرم کردەوە کە ڕۆژی چاوپێکەوتنەکە واتە ٢/٢ لەجیاتی ٧/١ دابنێم پێم وتن وتیان زۆرباشە بۆیە ئێستا لە سوید موالیدی من ١٩٥٠/٢/٢ یە نزیکەی دوو مانگ لە ماڵی کچەکەم بووم . ڕۆژێك لە سەنتەر (کاك شێخ مەحمودی برای کاك شێخ ئەحمەد)م بینی زۆرم پێخۆش بوو، باسی هاتن و وەزعی خۆم بۆ کرد، پێشمەرگەیەکی دێرینی خۆمان بوو لە دێی (بەلەکجاڕ)یش پێکەوە بووین ئاماژەم پێکردووە لە شەڕی عێراق و کوێت بەدیل گیرابوو، خۆیان تەسلیم کردبوو دواتر پێیان وتبوون چی ولاتێك هەڵئەبژێرن بتان نێرن ئەویش سویدی هەڵبژارد بوو، چونکە ئەمریکا هەرچی دیلی بگرتایە لەسەر داوای خۆیان ئەیان نارد، بەڕاستی زۆرم پێ خۆش بوو وتی من بەتەنیا لە گەڕەکێك ئەژیم لەگەڵ کوڕێکی خوشکەزام ناوی ئاریە برایەکیشم ناوی برایمە، ماڵو ژنەکەشی هاتبوو ئیقامەی وەرگرتبوو گواستبویەوە ماڵی خۆی، وتم شێخ مەحمود من لە ماڵی کچەکەم ئەژیم و هێشتا مۆڵەتی مانەوەم وەرنەگرتووە.

ووتی بۆنایەی بەیەکەوە بین لەشوێنەکەی (برای)مـی بـرام بەراسـتی ئەوەنـدەم پێخۆش بـوو خـەریك بـوو شاگەشـکە بـبم، وتم ماڵت ئاوابێـت و زۆر مـەمنونت ئەبم، جانتاکەم پێچایەوەو لەماڵی کچەکەمەوە بـۆ مـاڵی کـاك (شـێخ مـەحمود) شوێنی بۆ دیاری کردم لەماڵەکەدا، هەندێك جلی نوستن هەبوو کـە پێچـرابوەوە وتی: ئەم دەستە نوێنە بـۆ تـۆ، ناویـان لێنـابوو نـوێنی (ئیقامـە) چـونکە چـەند کەسێکی وەك من پێی خـەوتبوو، دواتـر ئیقامـەی وەرگرتبـوو ڕۆیشـتبوون، مـن چوارەم کەس بووم کـە مۆڵـەتی مانـەوەم لـەژێر ئـەو دەسـتە نوێنـەدا وەربگـرم، وابـزانم کـەمتر لـە شـەش مـانگ مامـەوە، منـیش ئیقامـەم وەرگـرت کاتێـك لەسەنتەر بووم کە گەڕامـەوە شـێخە پێبکـەنی وتـی: مـن ئـەم ووت ئـەم دەسـتە نوێنە هی ئیقامەیە تۆ گاڵتەت لێ ئەهات، وتی: فەرموو ئەوە نوسـخەی مۆڵـەتی مانەوە .

بەڕاسـتی شـێخ مـەحمود و ئـاری خوشکەزاشـی ڕێـزی زۆریـان لـێ گـرتم، هـەتا مـاوم مـن سوپاسـیان ئەکـەم، قـەرزاریانم چـونکە ئـەی ووت تـۆم لـەجیاتی کـاکم دانـاوە، دوای ئـەوە کۆمـەڵێك بـرادەری تـرم دۆزیـەوە لـە سـتۆکهۆڵم. هـەر لەوێ (کاك عادل) کەپێشـمەرگەو کـادرێکی عەسـکەری کـۆنی خۆمـان بـوو بـرای (مامۆسـتا جەوهـەر و بـرایم) خـەریکی دروسـتکردنی قەنەفـە بـوو کارگـەی دروسـتکردنیان هـەبوو، لەیـەکێك لەگەڕەکـەکانی دەرەوەی سـتۆکهۆڵم وتـی بۆنایەی لای مـن ئـیش بکـەی هـەم هاوکـاریم بکـەیت وتم بـۆ نـا زۆرباشـە، هـەر لەوکاتـەدا (کـاك مـەلا ئەحمـەد)م دۆزیـەوە بەیـەك شـادبووینەوە (کـاك عـادل) ئەویشـی ئەناسـی و بـرادەری بـوو لـە پێشـمەرگایەتیدا بەیەکـەوە بـوین، کاتێـك لەگەڵ (کاك مەلا ئەحمەد) چوین بۆ شوێنی کارەکە. چەند کەسێکی تریشی لـێ بوو لەوانە( کاك سەلام)ی خاڵۆزای کاك عادل و دوو بـرادەری هـەولێری (نیـاز و

نەبەز) لەوێ لەگەڵ ژن و مێردێکی خەڵکی سلێمانی، پیاوەکە ناوی (ڕێبوار) بوو کاتی خۆی پۆلیس بوو ژنەکە ناوی (تارا)خان بوو خوشکی (کاك فەرهاد) ئامۆزای (ئاسۆ قەڵەو) بوو، بەڕاستی ژن و مێردێکی زۆر باش و ئاقڵ و زیرەك بوون، دەستمان کرد بە ئیش کردن، دواتر (کاك نەبەز) ڕۆیشت گەڕایەوە بۆ (یورۆس) تەنها نەبەز مایەوە، نەبەز کوڕێکی سوعبەت چی و ڕووخۆش و زیرەك و ئیشکەر بوون، بەبەردەوامی قسەی خۆشی بۆ ئەکردین، نەبەزو ڕێبوار تەختەکەیان بۆ قەنەفەکان ئامادە ئەکرد و دایان ئەکوتا واتە هەیکەلی تاقمەکە کە زۆرتر(١، ٢، ٣) بوو زۆر جاریش لەسەر داوای خەڵك دروستمان ئەکرد، کاك مەلا ئەحمەد لەگەڵ ژنەکەی ڕێبوار چەرم و قوماشەکەیان ئەبڕی و کاك سەلامیش خەیات بوو چەرم و قوماشەکەی ئەدووری، هەمووی بەقیاس بوو ئەبوایە زۆر ئاگاداری بڕین ودورینەکە بوینایە، ئەوەی مایەوە مەرحەلەی کۆتایی بوو کە کاك عادل خۆی ئەیکرد و بەدوو ڕۆژ منی فێرکرد، داپۆشینی تەختەکە بەئیسفەنج و لۆکە، ئەویش بەقیاس ئەبوایە زۆر جوانی تێ هەڵکێشایەو سفت بوایە و لۆچی تیا نەبوایە، سەلیقەی زۆری ئەویست، بۆ ڕۆژی سێهەم عادل ڕۆیشت بەتەنیا تێم ئەگرت و جوانکاریم بۆ ئەکرد، کەسی تر ئیشەکەی منی نەئەزانی، تەنیا خۆی نەبێت، کاتێك هاتەوە تاقمێکم تەواو کردبوو وەك خۆی وتی: بە شایەتی برادەرەکانی تریش لەخۆی چاکترو جوانتر تێم گرتبوو، زۆری پێ خۆش بوو. خۆی نەیئەتوانی ڕۆژی تاقمێك تەواو بکات بەڵام من تاقمێکی ١-١-٢-٣ تەواو ئەکرد زۆر بەباشی، ڕۆژانە هەر لە کارگەکە نانمان ئەخوارد چونکە خۆمان دروستمان ئەکرد، ڕۆژی ٨ ـ ٩ سەعات کارمان ئەکردو هەر لەوێش ئەخەوتین ، ئەوکەسەی شوێنی نەبوایە. ڕۆژانە بە ٢٠٠ کرۆن، ئەم ئیشە پێیان ئەوت ئیشی ڕەش، خەڵکانی وەك ئێمە کە ئیقامەمان

نـەبووپێی ڕازی بـووین، ئـەم ئیشـکردنەش هۆکـارێکی بـاش بـوو بـۆ ناردنـەوەی هەنـدێك پـارە مانگانـە بـۆ مـاڵ و منـداڵ، دوای ماوەیـەك بانگیـان کـردم کـە لـە قوتابخانـەی (ئەسـەڤی) بـۆ فێربـوونی زمـان بخـوێنم، بـەڵام تـەنها ٢ ـ ٣ دوو سـێ مانگ بوو شتێکی کەم فێر بووم، بەهۆی نەخۆشی فەقەرات و جومگەوە وازیـان لێهێنام، **بەڵام ئێستا زۆر پەشیمانم کە درێژەم بـەو خوێندنـە نـەدا بـۆ ئـەوەی بەباشی زمان فێربم.**

ورده ورده نزیـك بـوەوە کـە مـاڵ و منـداڵ بـێن، چـونکە لـەپاش پێـدانی ئیقامـە معامەلـەی هـاتنم بـۆ کـردن، زۆر گـەڕام بـۆ خـانووی (کۆمـۆن) واتـە (شارەوانی) وتی لەناو ستۆکهۆڵم خانوو نیە ئـەبێت بچیتە دەرەوەی ئێـرە واتـە شارەکانی تر خانوو بگریت، بەڕەزامەندی کۆمۆنی ئەو شارە ماڵی کاك عادل لـە شاری (بۆرس) بوون بەسەیارە ٥ سـەعات دووربـوو لـە (سـتۆکهۆڵم)ەوە، وتـی بـۆ نایەی بۆ ئەو شارەی ئێمە چونکە چەند ماڵێکی تری کوردی لێ بوون، مـن پـێم باش بوو بۆیە بڕیارم دا بچمە ئەوێ، لەڕۆژی ٢٠٠٢/٢/١٠ گەڕاینەوە بۆ (بـۆرس) و چـوینەوە (کۆمـۆن)، کـاك عـادل پیـاوێکی ئەناسـی نـاوی شـەریف بـوو زۆر پیاوێکی چاك بـوو هاوکـاری کـردم کـە لـە بـۆروس خـانووم بـدەنێ و بمێنمـەوە، سـەرەتا خانوویـەکی بچـوکم وەرگـرت تـا منداڵـەکان هـاتن، لـە (میگراخـون) لەدایـەرەی کۆچـبەران بانگیـان کـردم پێیـان ووتم ٣ منـداڵیان تەمـەنیان لـە ١٨ ساڵ زیاترە نـاتوانین بـۆت بهێـنین چونکە یاسای پەنابـەری سوید ڕێگـە نـادات هەرچـەندە مـن هـەموویانم لـە ١٨ سـاڵ کـەمتر نوسـیبوو بـەڵام لـە (تـاران) لـە سەفارەتی سویدی لەکاتی مقابەلە کردندا بـە (بـەنازو شاخەوان وڕەنجـدەر)یـان وتبوو ئێوە تەمەنتان لە ١٨ ساڵ زیاترە ئەمەش بۆ من و دایکیان بووە خەمێکی

زۆر گـەورە (٥) منـدالّ بێـت و (٣) سـیانیان لـە کوردسـتان بـەجێ بمـێنێ و لـە بـــەرواری ٧-٢-٢٠٠٢ ئەوانـــەی ڕێگـــەیان پێـــدرابوو گەیشـــتن ودوای ئـــەوە خانوویەکی گەورەترم بۆ گرتن.

سـەیرکەن ئـەبێت حالّمـان چـۆنبێت پێـنج منـدالّ هاتبێـت و سـیانیان بەجێ مابێت، ئیتر لەو کاتەشـدا دەنگی لێـدانی عێـراق لەلایـەن ئـەمریکاو هـاو پەیمانانــەوە هــەبوو و دەنگـۆی ئــەوە هــەبوو لــەو کاتــەدا (صــەدام) بەچــەکی کیمیاوی بەتایبەتی لە سلێمانی ئەدات. (کاك مەلا ئەحمەد)یش لەگـەڵمان هاتـە (بۆرس) لە مالّی خۆمان ژورێکم بۆ چاککرد، ٧-٨ مـانگ لەگـەڵمان ژیـاو مایـەوە، بەهۆی ئەوەی ئیقامەیان لە سوید پێ نەدا دواتر ڕووی لە ولاّتی بـەریتانیا کـرد و ئیقامەی وەرگرت.

کـاك عـادل کارگـەی دروسـت کردنـی قەنەفـەی هێنایـە(بـۆرس)، لێـرەش دەستمان کرد بە ئیش کردن لەگـەڵ کـاك مـەلا ئـەحمـەد، داواکـاری بـاش هـەبوو لەسەر قەنەفەکان لەشارەکانی تریشەوە ئەهاتن بۆی، بۆ هاتنی ٣ منداڵەکەی تر زۆر گەڕام چـەندین ڕێکخـراوی مـرۆڤ دۆسـت و شـوێنی تـر بۆئـەوەی ڕێگایـەکی تــرم بـۆ بدۆزنــەوە و هاوکـاریم بکـەن بـۆ هـاوردنی منداڵـەکانی تـر. چـووینە ڕێکخراوێـك لـە سـتۆکهۆڵم کـوڕێکی گـەنجی لـێ بـوو نـاوی (کـیم)( KIM )بـوو یاداشتێکمان نووسی زۆر پاڕاینەوە و شـیکردنەوەی وەزعـی عێـراق و کوردسـتان مـان تیـا کردبـوو، کـە عێـراق ئەیـەوێت کیمیـایی بـدات لـە کوردسـتان هاوکـاری زۆری کردم. پاش چەند مانگێك ڕێگەیان پێدرا ئەوانیش بـێن واتـە ئیقامـەیان وەرگرت باوەڕمان نەدەکردو دەستمان لێ شۆردبوو، چونکە تـا ئـەو کاتـە ئـەوەی تەمەنی لە١٨ سالّ بەرەو ژوور بێت باوك و دایك ناتوانن بیهێنن و لەسەر ئەوان ئیقامـەیان بـدەنێ. هـەروەها لـە نوسـراوەکەدا نوسـرابوو هەرچـەندە ئـەزانین

تەمـەنیان لـە ١٨ سـاڵ زیـاترە بـەڵام لەبـەر حاڵـەتی دایـك و بـاوكی مۆڵـەتی مانەوەمان پێدان، ئێمەش زۆر سوپاسی كۆچبەرانی سویدمان كـرد كـە ئەوەنـدە مرۆڤ دۆست بوون. پاش ماوەیەك معامەلەشمان بۆ ئەوان كردوو مقابەلەیان لـە تاران تەواو كرد، ئەوانیش لە ڕێگەی ئەردەنـەوە سـواری تـەیارە بـوون و مـانگی ٢٠٠٣/٣ گەیشتنە فڕۆكەخانەی (یەتۆبۆری) دوای ڕووخانـی (صـەدام)، ئێمـەش و ئەوانیش لەدابڕان و خەم و خەفەت ڕزگارمان بوو.

گێڕانەوەی ئەم سەفەرەی من بەرەو تاراوگەو ئـەم هـەموو مانـدوو بـوون و شەونخونی و برسێتی و لێدان و ئیهانـە كردنـە بـەس بـەدەم خۆشـە. لـە ڕێگـا بووم بەرەو ئەسـینا پـارەم لێبـڕا جوابم نـارد بـۆ (كـەمال)ی خوشـكەزام و هـەم زاوام، كە كاك مەلا ئەحمەدیشم لەگەڵ بـوو ئاگـاداربوو ٤٤ وەرەقـەی بـۆ حەواڵـە كردم و چووم وەرمگـرت، بەڕاسـتی فریـام كـەوت و كـارێكی باشـی كـرد. ڕۆژێـك كاك مـەلا ئەحمـەدم لەگەڵدا بـوو كـەمال وتـی: خاڵـە لەبـەر خـاتری وەسـتاكەم شتێك بنوسەو بە شایەتی دوو كەس واژۆی بكە. با لامان بێت، ئەمە هێشـتا ٢-٣ مـانگ بـوو گەیشـتبوومە سـوید، زۆرم بـەلاوە ئاسـایی بـوو بـۆم نووسـی و دوو شـایەت ئـەوانیش واژۆیـان كـرد. هێنـدەی پـێ نەچـوو وتـی وەسـتاكەم داوای پارەكەم لێ ئەكات بەشكو هەولێكم بۆ بدەیت، ئێ لـە ئـەوروپا بـەكێ بڵێم. وتم بوەستە بەم نزیكانە منداڵەكان دێن (كۆمۆن) ٣٠ هەزار كرۆن ئەدات بەقەرز بـۆ كڕینی ناومالّ من هیچ ناكرم بۆ ئێوەی ئەنێرم كاتێك هاتن و وەرم گرت یەكەم قیسـت ٢٠.٠٠٠ كـرۆنم بـۆ خسـتنە سـەر ژمـارە حساب لـە (هانـدل بانـك) كـاك مەلایشم لەگەڵ بوو بەیەكەوە چوین بۆ بانك، بەكورتی بـە ٣ قیسـت بـۆم نـارد، هەندێك پارەشم لە كاك دڵشادی دوكاندار قەرز كردبوو بۆ ئەوەی تەواو بێـت . ئەو ٤٤ وەرەقەیە بە حسابی ئەوان بوو بـوو بـە (٥٦) واتـە (١٢) وەرەقـەیان زیـاد

لێ سەندم هەرچۆنێك بێت لە كۆڵم بوەوە ، سەفەرێكی (ستۆكهۆڵم)ـم كردوو چومە دوكان و سەرم لێدان و سوپاسم كردن كە لەوكاتەدا هاوكاریان كردم ، بەلاّم من لەدڵ ساڤ خۆم بەوانم نەوت ئێوەیش نامەیەك بدەن بەمن كە قەرزەكەم داوەتەوە پێتان و هیچم لانەماوە، وتم: لەبەینی خاڵ و خوشكەزا ئەوەی بۆ چییە. بەلاّم ئەو ساڵی ٢٠٠٨ ـ ٢٠٠٩ شكاتی لێ كردم پاش ئەوەی لە (دڵسۆز)ی كچم جیابوەوە، نوسراوەكەی دابووە دادگا گوایە من پارەكەم نەداوەتەوە پاش پێنج ساڵ چونكە من هیچی ترم پێ نەبوو بیسەلمێنم كە پارەكەم داوەتەوە، حاكم دای بەسەر منداو خۆ من حاشام لەو بەڵگەیە نەكرد كە ئەو هاوردبووی كاتێك حسابیان كرد گوایە ئەو ٤٤ كە ببووە ٥٦ ئەو ٥٦ ڕیبای چۆتە سەر بووە بە ١٠٠ هەزار كرۆن لە ناحەق و لە دڵساڤی خۆم سەد هەزار كرۆن هاتە سەرم، لێرەدا داوا لەو كەسانە ئەكەم ئەگەر براشت بن لە معامەلەی پارەو شتدا با نوسراو لە بەینا هەبێت سود لەو هەڵەیەی من وەربگرن.

لەكاتی گەیشتن بە سوید پاش چەند مانگێك پرسیم تا كۆمیتەی ڕێكخستنم دۆزیەوە، بەردەوام بووم لە هاوكاری كۆمیتەی ستۆكهۆڵم كاتێك ماڵ و منداڵ هاتن و چوینە (بۆرس) كەرتێكی ڕێكخستنم دروست كرد، ئەنجومەنی كۆمیتە هاتن بەسەرپەرشتی ئەوان هەڵبژاردنی ئەنجومەنی كەرتم كردوو نزیكەی ٦٠-٧٠ ژن و پیاو ئامادە بوون، ئەو سەردەمە خەڵك زۆر دڵسۆز بوو بۆ یەكێتی و هیوای پێ ی بوو، زۆر دڵسۆزانە كاری ئەكرد، من بە لێپرسراوی كەرت هەڵبژێردرام و بەڕاستی كەرتێكی زۆر چالاك و باش بوو، نزیكەی دوای ساڵێك هەڵبژاردنی كۆمیتە كراو خۆم پالاْوت بۆ ئەنجومەنی كۆمیتە دواتر بۆ دیاریكردنی لێپرسراوی كۆمیتە ٧ كەس بۆ ئەنجومەنی

کۆمیتــه دیـاری کـرا، لـەناو ئـەو ٧ کەسـەدا هەڵبـژاردن ئـەکرا بـۆ لێپرسـراوی کۆمیتــه ئـەوانی تـر وەك کـارگێڕ بـەمنیان وت بۆئـەوەی هـەڵم ببـژێرن بـۆ لێپرسـراوی کۆمیتـه ووتیـان پێویسـته ماڵت لـه ستۆکهۆڵم بێت ، منـیش نـەم ئـەتوانی ئـەوە بکـەم و پاشەکشـەم کـرد، بۆیـه مـن پشـتگیری (کـاك ئـاری شـێخ نـوری)م کـرد بـۆ لێپرسـراوی و ئـەومان دانـا و منـیش بوومـه کـارگێڕی بەشـی ڕێکخسـتن، کارەکانمـان دابـەش کـرد لـەو ماوەیـەدا دەسـتم کـرد بەکۆبوونـەوەی کەرتەکان و چەندین کەرتی ترم دروست کـرد سـەر لـەنوێ، کـه هەنـدێك تـازەو هەنـدێك کەلەبـەر یـەك هەڵوەشـابون بنیاتمـان نایـەوە، بـەهاوکاری کۆمـەڵێك بـرادەری دڵسـۆزو مانـدوو نـەناس، لـەو سـەردەمەدا (کـاك ئـازاد مـاوەتی) لێپرسـراوی کـەرتی (یـەتوبوری) بـوو زۆر چـالاکانه کارەکـانی ئـەکرد، وەك هەمیشەو ئێستاش کۆمەڵێك هاوڕێی کارامەو بەتوانایی لێ بوو.

٢- دروسـتکردنەوەی کـەرتی (ترۆلیتـان) و کۆبوونـەوەی فـراوان و دەستنیشانکردنی (کاك وریا) بە لێپرسراوی کەرت لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە.

٣-کەرتی (ڤێ خوێ) (کاك شێرزاد) کـرا بـه لێپرسـراو و کۆبونـەوەی کـەرتمان کرد.

٤- کۆبوونـەوە بـە کـەرتی (مـالمیۆ) و نوێکردنـەوەی ئەنجومـەنی کـەرت.

٥- کەرتی (هاڵمستاد)

٦- کەرتی (کارلستاد) کۆبوونـەوەی کـەرتمان کـردوو لێپرسـراوی نـوێ مـان بـۆ هەڵبژارد.

٧- کەرتی (کاڵمار).

٨-کەرتی (بۆرس).

کۆبوونەوەی فراوانی کەرتەکانم ئەنجام د او زۆربەشیان وەك باسم کرد سەر لەنویٚ تازەکرانەوە. بۆ هەموو کۆبوونەوەکان (کاك عەدنان فەیلی)م لەگەلٚ بووە وەك کارگێڕی پەیوەندییەکان.

دواتر لەساڵی ٢٠٠٦ کۆنفرانسی کۆمیتە بەڕێوە چوو باڵی ڕیفۆڕم تازە سەری هەڵدابوو کاری باشمان بۆ کرد، (مامۆستا جەمالی حاجی محەمەد)یش لێپرسراوی مەڵبەندی دەرەوە بوو ئەویش ئامادەبوو من ئیتر خۆم کاندید نەکردەوە و توانیمان کۆمیتەیەکی باش دروست بکەین. من بەتەما بووم بچمەوە کوردستان و دەست بەکاربووم، پشتگیری مەڵبەندی ئەوروپاشم بردەوە بۆ مەکتەبی ڕێکخستن ، ئەو کات (کاك ئەرسەلان بایز) لێپرسراوی بوو، چەند مانگێك چاوەڕوانم کردوو سەردانم کرد هیچ جوابێك نەبوو، دیاربوو ئەیان زانی چیمان کردووە لەناو ڕێکخستنەکانی (ئەوروپا) ئیتر منیش دەستم لیٚ هەلگرت و لەبیرم کرد کاتی ڕۆیشتنەوەم لە ساڵی ٢٠٠٦ بۆ کوردستان لە ڕێگەی (ئێران)ەوە گەڕامەوە ، کاتم گرتبوو بەهۆی (کاك دکتۆر مەنصور)ەوە بۆ لێدانی (لێزەر) لە چاوم، چونکە بەهۆی لێدانی کیمیایەوە ٣ جار چاوم بوو بوو بە (-٧)(-٨) ناقص حەوت و هەشت، وە سوپاس بۆ خوا نەشتەرگەریەکی زۆر باش بوو. ئیتر پێویستم بە عەینەك نەما تەنها بۆ خوێندنەوەی شتی وورد نەبێت.

کاتێك لەناو (یەکێتی)دا بووین بڕیاردرا کە (ڕیفۆڕم) بکرێت و هەڵبژاردن لەگشت مەڵبەندوو کۆمیتەکاندا بکرێت، زۆربەی سەرکردایەتی مەکتەبی سیاسی و کادرەکان زۆریان پیٚ باش بوو بەڕابەریی **(کاك نەوشیروان)**. بۆ ئەوەی بتوانرێت لەو ڕێگەیەوە ڕیفۆرمێکی باش لەناو ڕێکخستن و دام و دەزگاکانی حکومەتیش بکرێت و پایەکانی دیموکراتیەت بچەسپێت، لەبواری

نەزەرییــەوە بچـێتە بـواری عەمــەلی ئــەو کـات ٣٦ مەڵبەنــد هــەبوو منــیش لەشارەزوور بەشداریم کرد بۆ ئەنجومەنی مەڵبەند. ئەگـەر مەڵبەنـد بەرینـەوە وەك ج.گ دەست بەکار بم. چونکە ئەو کات بەڕەسمی (مەحمودی حاجی سالح) دەسـت نیشـان کرابـوو لەلایـەن بـاڵی ڕیفۆرمـەوە، سـتاف ئێمـە بـەم جـۆرە بـوو ئـەوەی بـیرم بێـت ١- مـەحمودی حـاجی سـالح ٢- حەمـە ڕەزای کـادر ٣- جـەبار جـەلال ٤- عومـەر حـاجی حەمەئـەمین ٥- عومـەر حـاجی ئەحمـەد ٦-ئـەکرەم شـەریف ٧- شـاخەوان ڕەوف بـەگ ٨- مامۆسـتا عـەزیز. داوای لێبـوردن ئەگـەم ئەگـەر نـاوی بـرادەرێکم بـیر چووبێت، دواتـر بڕیارێـك دەرچـوو ئـەوەی خـۆی هەڵدەبژێرێت بۆ مەڵبەند ئەگەر دەرنەچوو ئەو ئیشەی کە هەیـەتی لەدەسـتی ئەدات، بۆیـە کـاك مـەحمود ئینسیحابی کـرد ئەوسا جێگری مەکتـەب بـوو لای (کاك کوردۆ قاسم).

کـاك مـەحمود وتـی ئەگـەر وابێـت مـن خـۆم ناپـاڵێوم بـۆ مەڵبەنـد. چـوین سەردانی (کاك عوسمانی حاجی مەحمودو کاك مستەفای سـەید قـادر)مـان کـرد زۆربەی ستافەکە ئەو بەڕێزانە هەردووکیان و برادەرانی تـریش بڕیاریانـدا مـن خۆم بـۆ لێپرسـراوی مەڵبەنـد بپـاڵێوم. منـیش ڕازی بـووم. دەستنیشان کـرام و دوای ماوەیـەك ئـەو بڕیـارە هەڵوەشـایەوە دووبـارە (مـەحمودی حـاجی سـالح) دانرایــەوە. کـۆڕو کۆبوونــەوەی زۆرمــان کــرد لــە ســەید صــادق و عەربــەت و هەڵەبجـەی تـازەو ئۆردوگاکـان بـۆ گەیانـدنی سوودو بەرهـەمی ڕیفـۆرم بـۆ ئـەم قۆناغەی کوردستان. وەمن لە پۆلێکدا خۆم هەڵبژارد بـۆ ئـەوەی ببمـە ئەنـدامی کۆنفرانس و بۆم هـەبێ خـۆم بپـاڵێوم بـۆ ئۆرگانـە حیزبیـەکان. سـتاف ئـەولاش ئەحمەد قەدەفەری کاندید بوو بـۆ لێپرسـراوی مەڵبەنـد لەگـەڵ سـتافێك. کـاك مــەحمود و کــاك حــامی و کــاك عــدنان و مامۆســتا عــەلی و مــەلا ئەحمــەدی

دسـكەرەو چـەندین بەرپرسـی تـر دژایـەتی زۆری سـتافەکەی ئێمـەیان کـرد، بەتایبەتی من کەوەك پێشمەرگەیەك و کادرێکی دێرین لەو ناوچەیەدا ٥-٦ساڵ کـادر بـووم و هەمیشـە لەگـەڵ ئەوانـدا بـووم وە ئاگامـان لەیـەکترببووە. زۆریـان پێوتم کە وازببهێنم چیم بوێت بۆم بکەن، نامەیەکیشیان نوسی بـۆ مەکتـەبی سیاسی بۆ ئەوەی بمکەنە ئەندامی مەکتەب لەکوێ کە خـۆم بمـەوێت بـەلام مـن قبوڵم نەکردوو نامەکەم نـەبرد، ئـەوکات (کـاك عـەدنان) لێپرسـراوی مەکتـەبی کۆمەلایەتی بوو بـەلام مـن ئـەو ناعەدالـەتی و گەندەڵیانـەی کەلـەناو یەکێتیـدا ئـەکران ئەمانویست گۆڕانکاریـەکی ڕیشـەیی بکـەین، نـەك مـن غـەدرم لێکـراوە پاداشتم بدەنـەوە، زۆری وەك مـن غـەدرلێکراویش هـەبوو. بۆیـە وەك کـادرێکی یەکێتی و باڵی ڕیفۆرم لەوکاتەدا شەوم ئەخستە سەر ڕۆژ لەگـەڵ هاوڕێکانم بـۆ ئـەو مەبەسـتە، مەگـەر خـەڵکی بـێ ئاگـا یـا پـول وپۆسـت پەرسـت هەسـتی بـەو هـەموو گەنـدەڵی و ناعەدالەتیـەی نەکردایـە و گـوێی خـۆی لـێ بخەواندایـە، لـەپێناو دەسـتکەوتی شەخصـی خۆیـدا، ئـەوەتا نەتیجەکـەی زوو دەرکـەوت، دروستبوونی (**بزوتنەوەی گۆڕان**) وەك بزوتنـەوەیـەکی جـەماوەریی فـراوان، کـە لە چوار هەڵبژاردندا لـە هـەرێمی کوردسـتان بـووە دووەم حیزبـی سیاسـی سـەر ساحەی کوردستان، دوای ئەوە سەیر کەن ئێستاش یەکێتی بەدەسـت باڵباڵێنـەوە چۆن ئەناڵێنێ و مەرجەعی بڕیـار نـەماوەو دەسـەلاتەکان چۆن قـۆرخ کـراون و ئەیانەوێت یەکێتی بکەنە حیزبی بنەماڵە.

ئەوسا ئەیانووت (**نەوشیروان موستەفا**) بووە هۆی باڵ بـاڵێن و جیاکـاری. خـۆ ئەوە ٦-٧ ساڵە لەدەرەوەی یەکێتییەو ئەو برادەرانەی مەکتەبی سیاسی ئێسـتا چ معاناتێکیـان هەیـەو ئەیانـەوێت یـەکێتی بەیـەك ڕیـزی بمێنێتـەوە، مەرجـەعی قـەرار مەکتـەبی سیاسـی بێـت، ئـەوکاتیش (نەوشـیروان موسـتەفا) هـەر داوای

ئـەوەی کـرد کـە نـەکرا، بۆیـە لـەناو یـەکێتی هاتـە دەرەوەو بەهـەوڵ و هیمـەتی کۆمــەڵێك ســەرکردەی کــۆنی یــەکێتی و کــادری سیاســی و عەســکەری دڵسۆزوکۆمەڵێك خەڵکی ڕۆشنبیرو گەنج کە لەدەرەوەی پـارتی و یـەکێتی بـوون بزوتنەوەی گـۆڕان لـەدایك بـوو، و ئیعلانـی چاکسازی ڕیشـەیی لـەناو حکومـەت داوا کـرد، ئێسـتا لـە ڕێگـەی بەشـداری حکومەتـەوە بەپشـتیوانی خـواو خـەڵك ئەیـەوێت بەرنامەکـە بچەسـپێنێت ، لایـەنگرانی عەشـرەت و عەشـیرەتگەری (مەڵبەنـدی شـارەزور)یـان بـردەوە، هەڵبـژاردن لەقوتابخانەیـەکی شارۆچـکەی عەربەت دەستی پێکرد، هەڵبژاردن بۆ لێپرسـراوی مەڵبەنـدەکان بـەجیا ئـەکراو دواتر بۆ ستاف مەڵبەند. مەحمودی حاجی ساڵح دەنگێکی کـەمی هـاورد لەچاو ئەحمەد قەدەفەری، دواتر هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی مەڵبەند کرا. لـەناو سـتاف خۆماندا من دەنگێکی باشم بـوو دوای مـن کـاك عومـەر حـاجی حەمـە ئـەمین، مەحمود لە ئێمە کەمتر دەنگی هاورد. خەڵکی زۆریان بە پـارەو سـەیارە ئـەکڕی هەندێکی تر بەهەڕەشەو ترساندن، نەیان ئەهێلا بێـت بـۆ دەنگـدان تـا گەیشـتە لێدان و ئیهانـەکردنی لایـەنگرانی ئێمـە، کـە نەیـەڵن بچـن بـۆ دەنگـدان، لەگـەڵ ئەوەشدا باڵی ڕیفۆڕم کۆمەڵێك مەڵبەندی باشی بردەوە. وا بڕیاری یەکێتی بـوو (نە مام جەلال و نە کاك نەوشیروان) ڕاستەوخۆ بەشداری نەکەن، وەك حەکـەم سەیری هەڵبژاردنەکە بکەن. بەلام کـەزانیان وەزعیـان بـاش نیـە دوو ڕۆژ پـێش هەڵبژاردنـەکان بەتایبـەتی لەمەڵبەنـدی سلێمانی زۆریـان مەبەسـت بـوو، بۆیـە لێپرسراوی کۆمیتەکانیان بانگ کردبـوو (**مـام جـەلال**) قسـەی لەگـەڵ کردبـوون وەعدی زۆری دابونێ لەلایەك، وەلای دووهـەمیش وەك هەڕەشە.چـونکە هـەموو برادەرانی مەڵبەند سەربە باڵی ڕیفۆرم دڵنیا بووین کە سلێمانی ئەبەینـەوە، لـە ڕۆژی پێش کۆتای ئەو بانگکردنـە تـای تەرازووەکـەی گـۆڕی. سـەبەبێکی تـریش

کـە ئـەویش هۆکارەکـەی هـەر(مـام جـەلال) بـوو بـانگ کرابـوون و پەشـیمان ببونەوە لە مستەوای مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیش کە واژۆشیان کردبـوو. بەتایبـەت ئـەو برادەرانـەی لەگـەڵ (کـاك کۆسـرەت) بـوون کـە گەڕانـەوە تـای تەرازووەکەی لاسەنگ کرد.

وەك پێشـتر ئامـاژەم بـۆ کـرد ئەگـەر ئـەو برادەرانـە هـەلی ڕیفۆڕمیـان لەدەست نەدایەو پاشگەز نەبونایەتەوە ئێستا حاڵیان بەم حاڵـە نەئـەبوو، کـەس حسابیان بۆ ناکات و قسە بەناوی مەکتەبی سیاسـی ئـەکرێت و تەسـریح ئـەدەن کە هەر ئاگاشـیان لـێ نیـە  پرسیشـیان پـێ ناکرێـت، دامـاون بەدەسـت بنەماڵـەو نارەزاییـەکانی نـاو یـەکێتی لەسـەرەوە بـۆ خـوارەوە ئەوەنـە یـەکگرتوو نـین کـە بتوانن ئەوانەی ڕکابەر ناچار بکەن کە مل بۆ چاکسازی شەرعیەتی م.س کەیان بگێڕنەوە ، و ئاگاداری داهات و سەروەت و سامانی یەکێتی بن، بەڕاستی قۆناغی هەڵبژاردنی ڕیفۆڕم قۆناغێکی زێڕین بوو ئەگـەر بـۆ ئـەو هەڤاڵانـەی لەسـەرەوە بـۆ خـوارەوە کـە ئـەیان ویست چاکسـازی بکـەن لـە حیـزب و حکومەتـدا. بـەڵام بەداخەوە ئیرادەو لێبڕان لای هەموو کەس نیەو بڕیاریش ئیرادەی ئەوێت.

سەیرکەن خوێنەری بەڕێز ناکۆکیەکان چۆن قوڵ بونەتەوەو نـەك لـەناو حیزبدا خەڵکی سـادەش هەسـتی پـێ دەکـات گەیشـتۆتە حاڵـەتێکی مەترسـیدار، ئەگەر بەئەقڵ و مەنتیق معامەلەی لەگەڵ نەکرێت و هـەموو لایـەکیان کـار بـۆ نــەمانی ناکۆکیــەکان نەکــەن نــەك هــەر یــەکێتی زەرەر مەنــد دەبێــت، بــزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەشمان زەرەرمەندی یەکەم دەبێت. بەتایبـەتی دوای نـەمانی **(مام جەلال)** لەسەر ساحەی سیاسی و نەمانی توانای بڕیاردانی چی ڕووئەدات.

من ئـەوەی دروشـمم بـووە قـەت کەرامـەت و هەیبـەتی خـۆم نەخسـتۆتە ژێرپێـوەو بـۆ گەیشـتن بـە پایـەو دەسـەڵات، هەمیشـە پایـەو پـول و دەسـەڵاتم

خستۆته ژێر پێوەو پیا سەرکەوتوم بۆ زیاتر کردنی کەرامەت و شەخصیەتی خۆم ، پیاوەتی لەکوێ بێ بۆی چوم و خزمەتی خەڵك و خاك نیشتیمان لەکوێ بوو بۆی چووم، دزی و گەندەڵی و ناعەدالەتی لەکوێ بوبێت بەئاشکرا هەوڵی ئاشکرا کردن و بن بڕکردنم داوە.

بەش بەحاڵی خۆم لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٢ بومەتە ئەندام مەڵبەندو لێپرسراوی کۆمیتە لەسەرجەم کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی مەڵبەنددا بەشداربووم ، مەگەر نەمتوانی بێت و بڕیارێك درابێت ناڕاست بوبێت یان لەبەرژەوەندی خەڵکدا نەبوبێت، بەگوێرەی توانای خۆم بەرهەڵستیم کردووە، زۆر جار هاوڕێکانم بەخۆم و منداڵەکانمیان ووتوە تا تۆ یان باوکتان خاوەنی ئەو زمانە بێت هیچی بەهیچ نابێت و ڕەخنەگرتن هیچ بە هیچ ناکات، من نەمویستووە دەستەمۆی کەس ببم لەپێناوی پۆست و پارە. بۆیە لەگەڵ باڵی ڕیفۆرم کرا یەکێکم کە هەر لەسەرەتاوە بەشداریم کرد، چونکە ئاواتم بوو زۆر لەمێژەوە دەرکم بەوە کردبوو کە ئەبێت چاکسای و پاکسازی بکرێت و عەدالەتی کۆمەلآیەتی دەستەبەر بکرێت. دوای ئەوەش (کاك نەوشیروان) ئیعلانی هاتنە دەرەوەی کرد لەناو یەکێتی، منیش یەکێك بووم هەر لەسەرەتاوە بەشداریەکی کارام کرد بۆ چەسپاندن و بەدیهێنانی ئامانجەکانی گۆڕان، و ناوی بزوتنەوەکە نرا (بزوتنەوەی گۆڕان).

لە ٢٠٠٩/٣/٢٧ بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانمان کردوو ٢٥ کورسی پەرلەمانمان بەدەست هێنا. و ئەو ڕۆژە کرایە ڕۆژی لەدایك بوونی بزوتنەوەی گۆڕان ، وە چۆن توانیبێتم چ لەکوردستان یان ئەوروپا بووبم بەشداریەکی کاریگەرم کردووەو زۆربەی لێپرسراوەکانی یەکێتی و لایەنەکانی تریش ئەیانوت ئەم دەنگەی کە گۆڕان هێناویەتی کەفوکولێکە ئەنیشێتەوە،

بەلاّم لە ٤ هەڵبژاردنی یەك لەدوای یەك لەهەرێمی كوردستاندا گۆڕان بووە حیزبی دووەم و دەنگەكانی بەرەو زیاد بوون ئەڕوات. هەر لەدوای ساڵێك لە ٢٠١٠/٧/٢٥ نزیكەی (٥٠٠,٠٠٠) نیو ملیۆن دەنگمان هاورد وەلە ٢٠١٣/٣/٢١ هەڵبژاردنی پەرلەمان كرایەوەو ٢٤ كورسی پەرلەمانمان هاورد و نزیكەی ٦٠-٧٠ هەزار دەنگمان زیادی كرد بێ ئەو هەموو تەزویرەی كە پارتی و یەكێتی كردیان لە سلێمانی و هەولێرو بادینان.

ئیتر دوای ئەوە گۆڕان بۆ دۆست و نەیارەكانی سەلماند كە هێنانی ڕێژەی دەنگەكانی كەفوكوڵ نیەو دەنگی ڕاستەقینەی خەڵكەكە ئەیانەوێت لەڕێگەی گۆڕانەوە گۆڕانگاری ڕیشەیی بكرێت و كارو چالاكیەكانی و بەرنامەكەی بۆتە جێگەی ڕەزامەندی خەڵكی كوردستان. لە هەڵبژاردنی پارێزگاكانیشدا ڕونتر دەركەوت كە دەنگی گۆڕان چەندە زیادی كردووە بەتەزویرەكانی لایەنە دەسەڵاتدارەكانیشەوە، ودەنگی زۆربەی حیزبەكانی تری پارچەكانی تری كوردستان بۆ یەكێتی و هەندێك لە حیزبە وردەكانی تری ناو كوردستانی خوارویش، بەو حاڵەش یەكێتی بەقەد (هەڤاڵ ئەبوبەكر) دەنگی هێنا كە ٢٥٤ هەزار دەنگ بوو، من لێرەوە تەمەننا ئەكەم بەشداری گۆڕان لەحكومەتی هەرێمی كوردستان و وەرگرتنی پەرلەمان و چەندین وەزارەت و بەڕێوەبەری گشتیەكان بتوانێت گۆڕانكاریەكی باشی ئەوتۆ بكات كە ببێتە جێگەی ڕەزامەندی خەڵكی كوردستان و دەنگدەرەكانی بزوتنەوەكە. هەروەها ئەو كارە باش و چاكسازییانە و هەنگاوە باشانەش لە حكومەتی خۆجێیەكەی سلێمانیشدا ڕەنگ بداتەوە، ئیتر كۆتای بەدەسەڵاتی بنەماڵەی حیزبی قۆرخكاری بهێنرێت، و دەسەڵاتەكان بگەڕێنەوە بۆ خەڵك ، كە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەم وڵاتەن نەك كۆمەڵێك قۆرخكاری بنەماڵەیی داپڵۆسێنەر و

خواردنی قوتی خـەڵکی لەبەرژەوەنـدی خۆیـان. ئێسـتاش وەك ئەنـدامی جڤـاتی گشـتی بزوتنـەوەی گـۆڕان کـار دەکـەم . وەبەشـانازی یـەوە بەشـداری ئاهـەنگی ڕێکــەوتننا مــەی سیاســی نێــوان بزوتنــەوەی گــۆڕان و یــەکێتی نیشــتمانی کوردستانم کردوە لەڕێکەوتی ١٧ ـ ٥ ـ ٢٠١٦ .

لـە کۆتاییـدا ئەمــەوێت ڕۆڵـی شۆڕشـگێڕانەو دڵسـۆزانەی هاوسـەرەکەم فەرامۆش نەکەم کەچۆن لە شۆڕشی کۆن و نویٚ دا هاوکارو پشتیوانم بـووەو بـە ئـازایی و لێهـاتووی ئـەو توانیومـە سـەرکەوتن بەدەسـت بهێـنم و لـە خـەباتی شارو شاخدا پشتیوانی تەواوی کردوم.

هـەر لـەدوای گفتوگـۆی ١٩٧٤ کـە شـەڕ دەسـتی پێکـردەوە چـوینە قـەرەداغ و دواتـر کـە قـەرەداغ گـیرا چـوینە پێنجـوێن و لـەوێوە بـۆ سـەولاٚوە و دواتـر بـۆ ئۆردگــای کامیــاران وە دایکیشــم لــە گــەڵمان بــوو ئــەویش پشــت و پــەنای خێزانەکـەم بـوو، هـەتا هەرەسـی ١٩٧٥ لـەوێ ماینـەوە . دواتـر دوای هـەرەس و گەڕانەوەمان بۆ سلێمانی پەیوەندیم کرد بە کۆمەڵەوە لە ساڵی ١٩٧٥.

لەساڵی ١٩٧٦ کۆمەڵەم بەخێزانم ناساندو بۆ ئـەوەی هاوکـاریم بکـات. چـەندین کۆڕ و کۆبوونەوە لە ماڵەوە ئەکرا ئەو حەرەسی بـەردەرگا بـوو چـی بـەیانات و شـتی تـر هەیـە کـە ئـەم هـاورد ئـەمبرد لەگـەڵ خـۆم ئەمـدا بـەو بـۆ گەیانـدنی بەشوێنی مەبەست، چەندین جار چاودێری ئـەکردم لـە دیـوار نوسـین. تـا سـاڵی ١٩٨١ خەباتی شارو شاخمان پێکەوە گرێدا بردمنە دێی دوکانی قەرەداغ کـە ئـەو کاتە ٤ منداڵم هەبوو، دایك و باوکیشم بردە ئەوێ چونکە کەسی وانـەبوو دایـك و بــاوکمی لــە شــار لا بــەجێبهێڵم چــونکە ترســی گرتنیــانم هــەبوو. ئــەرکی هاوسەرەکەم (ڕووناك خان) قورس تر بوو. منداڵی بەخێو دەکرد باوك و دایکم

ئەمجا ئەرکی هاوکاری (پ.م) بۆ جل و بەرگ شتن و نان دروست کردن بۆیان و زۆر جار لە سلێمانی یەك دوو هێڵی کۆمەڵەمان هەبوو کە ئەبوایە ئەو بلاّو کراوەو جوابی ڕاپۆرتی مانگانەشی بگەیاندایە دەستی لێپرسراوی هێڵەکان کە ئەمەش کارێکی سەخت و ترسناك بوو دواتر بوومە ڕابەری سیاسی ، ماڵمان چووە دێی (بەلەکجاڕ) ئەرکی گرانتر بوو چونکە منداڵەکان بوون بە ٦ منداڵ و دایکم لە ساڵی ١٩٨٤ وەفاتی کرد ئەم بە تەنیا مایەوە.

هەر لە بەلەکجاڕ دوو جار کیمیاوی لەخۆی و منداڵەکانی داو زۆر ناڕەحەتی کردبوون تا ئەنفالە بەد ناوەکە دواتر من بەجیا لەگەڵ پێشمەرگە و تا گەیشتینە گوندی سورەدێ لەبناری قەندیل، لەوێ جوابم نارد خێزان و منداڵەکانم بۆ هات کە خوشکە گەورەکەم لەگەڵ (حاجی ئەحمەد باوکی شەهید عەتا) دەیان سەعات بە پێی و بەسواری ولاّخ بە شەش منداڵەوە ئەمە هەمووی ماندوو بوون و زەحمەتە و خۆڕاگری ئەوێت دواتر چوینە کانی دینار وە ساڵی ١٩٩٠ (هێرۆ خان) هاتە ئەوێ بۆ دروست کردنی (یەکێتی ژنانی شاخ) هاوسەرەکەم و کچە گەورەکەم بەشداربوون لەپێك هێنانی (یەکێتی ژنانی شاخ) تا ڕاپەڕینە مەزنەکە و گەڕانەوەمان.

بەڕاستی ئالێرەدا دووبارە و سەد بارە سوپاسی ئەرك و ماندووبوونی ئەکەم و بەڕاستی هاوکارو پشت و پەنام بوو خۆ ئەگەر خۆڕاگری و توانای ئەو نەبوایە ڕەنگە نەم توانییایە وەك پێویست درێژە بە خەباتی ٥٠ ساڵەم بدایە. سەرباری ئەو هەموو هیلاکی و ماندوو بوونە دوو براشی شەهید بووە. ١- شەهید فایق کە ساڵی ١٩٨٦ شەهید بوو لەنزیك دێی (زێ کە) لە بناری بازیان ٥ منداڵی لە پاش بەجێماوە. ٢- شەهید حەسەن ناسراو بە (حەسەن سەرکۆیی). ئەندامی کەرتی ڕێکخستنی قەرەداغ و پێشمەرگەی پاسەوانی (دەنگی گەلی

کوردستان) لە گەڕەکی خەبات لەساڵی ١٩٩٥ چوونە سەریان و لە شەڕێکی دەستە و یەخەدا کاك حەسەن شەهید بوو و ئەویش کوڕێك و کچێکی دوای خۆی بەجێهێشتووە، ڕووحیان بە بەهەشتی شەهیدان شاد بێت.

**ناوی منداڵەکان لەپەخشانێکدا.**

**بەناز دەڵێت شاخەوان ڕەنج ئەدا بەدڵسۆزی**

**لەشاخی سارادا ئاسرەوێ تاسەر دەکەوێ**

**گەرشەهید یش بێت ، شەهید سۆمای چاوە**

**کام دواڕۆژ دورە ئەی بینێت .**

**( دوبارە هەڵەچنین و ئامادەکردنی بۆ سەر تۆڕی ئەنتەرنێت**

**زریان سەرچناری / خوشکەزای نوسەر ٢٠١٨ )**

ژیانی منداڵی و نیوسەدە خەبات

حەمە ڕەزا ئیبراهیم

٢٠١٧



## نووسەر لەچەند دێڕێکدا

★ حەمە ڕەزا ئیبراهیم ئەحمەد قەرەداغی ناسراوە بە حەمەڕەزای کادر .

★ ساڵی ١٩٥٠ لەقەرەداغ لەدایك بووم .

★ ساڵی ١٩٦٦ پەیوەندیم کردوە بەڕێکخراوی قوتابیان .

★ ساڵی ١٩٧٠ بووم بە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان .

★ ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندیم کردوە بە کۆمەڵەی ڕەنجەدانی کوردستانەوە .

★ ساڵی ١٩٨١ بووم بە پێشمەرگە لەهەرێمی (٥) ی قەرەداغ .

★ ساڵی ١٩٨٦ بووم بەڕابەری سیاسی تیپی (١٧) ی زمناکۆ .

★ ساڵی ١٩٨٩ بووم بە لێپرسراوەی پەیوەندێکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەمەریوان .

★ ساڵی ١٩٩١ بووم بەلێپرسراوی بەتالیۆنی (١) ڕێکخستن .

★ ساڵی ١٩٩٢ بوم بەلێپرسراوی کۆمیتەی دەربەندیخان .

★ ساڵی ١٩٩٣ بووم بەجێگری حەرەکاتی قیادەی ناوچەی کەرکوك .

★ ساڵی ١٩٩٤ بووم بەلێپرسراوە کۆمیتەی (٢) ی کاسبکاران .

★ ساڵی ١٩٩٥ بووم بەلێپرسراوی کۆمیتەی پێنجوێن .

★ ساڵی ١٩٩٧ بووم بە کارگێری مەڵبەندی شارەزوور .

★ ساڵی ١٩٩٧ گوازاومەتەوە فەرماندەی گشتی بووم بەلێپرسراوی مالیەی فەرماندەییەکان .

★ ساڵی ٢٠٠٦ پالێوراو بووم بۆمەڵبەندی شارەزوور لەسەر لیستی ڕیفرۆم .